www.pertwk.com

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕوەبەری   شتیی خانەی وەر    یڕان
زنجیرە ( 42 )

# خەناوکەیەك بۆ سەرميناز

نووسینی
ئەحمەدخان ئەبوبەکر

وەر   یڕانی
ئەبوبەکر خۆشناو

## ردنبندی برای سرمینازمن

PDF4Kurd

* أحمد خان ابوبكر
* مترجم: یوسف حمزەلو
* چاپ أول ,چاپخانه مهر
* 1362
* انتشارات میر ( وتتبرگ)

www.pertwk.com

**بەڕێوەبەرایەتیی خانەی وەرگێڕان**
. www.roshnbiri org
khanaywargeran@yahoo.com

- ناوی کتێب: خەناوکەیەک بۆ سەرمیناز
- نووسینی: ئەحمە دخان ئەبوبەکر
- وەرگێڕانی: ئەبوبەکر خۆشناو
- نەخشەسازیی کۆمپیوتەری: شیلان نوری
- نەخشەسازیی بەرگ: نازەنین سالّح
- زنجیرە: 42
- تیراژ: 1500 دانە
- چاپ: چاپخانەی کارۆ
- ژمارەی سپاردنی (164) ی ساڵی (2004)ی وەزارەتی ڕۆشنبیریی پێدراوە
- چاپی یەکەم: 2004- سلێمانی

## ژیاننامەی نوسەر



*** ئەحمەد خان ئەبوبەکر**

*** لەساڵی 1931 لەگوندی کووباچی لەداغستان لەدایک بووە.**

*** بێجگە لەم ڕۆمانە گەلێ شانۆنامەو چیرۆک و ڕۆمانی دیکەی نووسیون:**

**سێ دۆست, یاخوا ئومێد دڵت پڕ لە ڕووناکی کا, کیژی قەڵا.**

*** ئەحمەد خان نەک هەر لەداغستان, بەڵکو بەهۆی شێوازو گاڵتە نەرمەکەی لەتەواوی رووسیاش ناسراوە.**

*** ڕەسووڵ حەمزاتۆف دەربارەی ئەو دەڵێ:**

**((من خوێنەران ڕادەسپێرم ڕۆمانەکانی ئەحمەد خان بخوێننەوە... پڕاوپڕن لە خۆشیو زەردەخەنەی نەرمو نیانو پلارو توانجی چیاییەکان)).**

www.pertwk.com

# 1 دەستپێکی هەموو شتێک، ڕێگایە

## 1

مامم –تەمەنی درێژبێ– مگێزی لێیە بڵێ: **"هیچ شتێك بەبێسەرەتا نییەو دەستپێکی هەموو شتێکیش، ڕێگایە!"**. ئەو، لەگەڵ ئەم قسانەدا، بەپەنجە ئەستوورەکانی دەستی چەپی، سمێڵێ لای ڕاستی بەشێوەیەك بادەدا کە گوێگرەکانی دەفکر دەباتەوە.

بەڵێ، ئەگەرچی، من خۆم تەمەنێکی زۆریشم لەم دنیایەدا بەسەر نەبردووە، بەڵام ئەم ڕاستییەم تاقیکردۆتەوە، وەکو ئەو ئاسنگەرە "ئاموزکی"یەی کە تیژیی خەنجەری مشتومالکراو بەبڕینی تاڵە موویێکی ڕیشی لەهەوادا، تاقیدەکاتەوە، هەڵبەت ئەگەر ڕدێنی هەبێ. لەکوێستانەکانی ئێمەدا، ئەمڕۆ بەدەگمەن خەڵکی بە ڕدێن دەبینی. پێشینان باوەڕیان وابوو، ڕدێن، شکۆ بەمرۆ دەبەخشێو ڕێزی دەوروبەریش کێشدەکا. بەڵام ئێستا، نازانم لەبەر چییە سەرنجەدرێ کە تەنیا مرۆ نییە ڕدێن دەهێڵێتەوە، بەڵکو بزنو هەتا کەرەکانیش ڕیشیان هەیە. باشە ئەگەر، ئاسنگەرێك ڕدێنی نەبێ؟، تاڵەموویێك لە کاکۆڵی دەکاتەوە –ئەگەر



کاکۆڵی نەبێ،– چونکە لەسەردەمی پڕ لەحیکمەتی ئێمەدا، پیاوەکان بەزوویی سەریان دەڕووتێتەوە– ئەودەم لەسمێڵی دەکاتەوە. بەشێوەیەك خۆتان دەتوانن دڵنیابن، هەر ئاسنگەرێکی کوێستانێ لەزەمانی "عەلی ئەسحاب"ی چەکوشلێدەری ئەفسانەیی، کە مامم لەپیاوچاکانی خۆی دادەنێ، سمێڵ دەهێڵێتەوە.

مامم، خودا، یەك تاڵە مووی لەسەری کەمنەکاتەوە (بەڵام، ئەم پاڕانەوەیە زیادە، چونکە سەری، هەتا یەك داوە موویشی پێوە نەماوە، وەك بڵێی ئاگاداری پرچی بووە، هەڵنەوەرێ). –حەز دەکا ڕەچەڵەکی خۆی بگەینێتە کەسانێك، نەتەنیا لەرابردوو، بەڵکو ئێستاش، بەناوبانگن. ڕێبوارەکانیش بەم شێوەیە درەختەکانی سەر گۆڕی پیاوە ئازاکان بەدەستماڵو پارچەی ڕەنگاو ڕەنگ دەڕازێننەوە –گومان نەکەی ئەم خووە، لەپایەی مامم دادەشکێنێ– نەخێر، ئەم کارەی لەنیشتمانپەروەری ڕەسەنەوە سەرچاوە دەگرێ، هەرچەندە هەندێ جار خۆپەرستیشی تێدایە. بەڵام زۆربەی ئەم دیاردانە، لەخوێی نانەوەنینو نانی بێخوێ –ئێوە خۆتان دەزانن– هێشتا لە گندۆرەی بێتامی دەشتی (کۆمیك) باشترە.

هەروابوو، ئەگەر کەسێك بەهۆی کارە باشەکانیەوە، لەلایەن خەڵکەوە ڕێزی لێدەگیرا، لەئاکامدا دەبووە یەکێك لەتیرەکەمان. مامم بەزمانە شیرینەکەی، پەیدابوونی لکی نوێو نوێتری درەختی ڕەچەڵەکمانی، دەسەلماند. لەلای ئەو، جیاوازی نەبوو هەتا ئەگەر نەتەوەکانی "ئاڤار"، "کۆمیك"، "لەك"، "لەزگی"، دارگین" یان (نوگای) ش، بان. مەگەر بەخەڵکی سەرزەمینی کوێستانەکەمان دەژمێردرێن؟

لەخۆڕا نییە دەڵێن: **ئەو فریشتەیەی بۆ دابەشینی زمانەکان بەسەر خەڵکانی رووی زەوی، نێردرابوو، لەشاخە سەختو پڕ هەڵدێرەکانی ئێمەدا،** پێی خۆی دەشکێنێو

www.pertwk.com

**بەتوورەییەوە هەگبەکەی خاڵیدەکاو فەرماندەدا: (خۆتـان, هەریەکـەی یـەکێك هـەڵگرن!)**,و هەڵیانگرت. لەم وڵاتە کوێستانییە بچووکەدا, ئەوەندە زۆر زمان پەیدابوون, ئەگەر دە کیلـۆ مـەتر بـۆ هـەر لایـەك بـڕۆی, دەبـیٚ بەیارمـەتی دەسـت و چـاوو بـرۆ هەڵتەکاندن, بدوێی. جاری وایە لەمسەرو ئەوسەری یەك گوندیش, بە شێوەی جودا قسـاندەکەن: لـەژوور, بـەخێرایی وەك بڵێـی لەبەرزاییـەوە گلـۆر دەبنـەوەو لـەژێریش وا بەهێواشـی, وەك بڵێی بارێکی گران دەبەنە سەرشاخ. ئێـوە خۆتـان بێننە بەرچاو ئەم بابەتە بۆ رێبوارێکی ونبوو تا چ راددەیەك هۆی دەردەسەرە, بەتایبەتی ئەوەندە جادەو چوارڕیان و نیشانەی هاتوچۆ دروستکراون, بزربوون لەئاو خواردنەوەش ئاسانترە.

مـامم, لـەقوڵایی گیانیـدا, فەیلەسـووفێکی گەورەیـە, ئەگـەر چـی (بەداخـەوە) ئەندێشەکانی نەچوونەتە ناو هیچ کتێبێکیشەوە.

بەڵام زۆر حەکیمیش هەروابوون: تەنیا بەتێپەڕبوونی کات, نەوەکان توانیویانە دانەگەوهـەری قسـەکانیان, جیابکەنـەوە. زۆر لـەو کەسـانەی, مـامم بـەخزمی خۆمانیـان لەقەڵەمـدەدا, هـەتا لـەتیرەی ئێمـەش نـین و ئەمـەش بـەهیچ شـێوەیەك تەریقیناکەنەوە. ئەگەر کەسێك دەمبکاتەوە, ئەو تفەنگ دەتەقێنیٚ: **(بەڕاستی, دیارە زۆر بەئاوەزی, -سیٚ جاران سیٚ- نۆ! هەموومان هـاووڵاتیی یـەکترین و بـەس! مـن شـانازیم ئەوەیەکە لەم کوێستانەدا لەدایکبووم!).**

بەگشتی, وەبیر خستنەوەی ناپێویستی سنووری نەتەوایـەتی کەلەساڵەکانی دەسەڵاتی سۆڤیەتیدا نەماوە, ئەویان زۆر تووڕە دەکرد. ئەم سنوورانە وەك چیلە بـەردو داری کونکـون کـە کێڵگـەی چـیاییەکانیان لێـك جـودا دەکـردەوە, پاکبوونەتـەوە. ئـەم کێڵگانـە هەنـدیٚ جار ئەوەنـدە گچکەبوون, ئەگـەر لبادێکیـان لێڕاخسـتبا, جووتیـاری کڵـۆڵ پارچـە زەوییەکـەی لێبـزر دەبـوو. کـاتیٚ خـەڵك, چوارمەشـقی لەدەوروبـەری سـفرەی خـواردن دادەنیشـتن, یـان لەکارخانـە لـەنك

خـەڕەك یـان هـەتا لەبـەردەم تـابلۆی ناوەنـدی رێنـوێنی دەزگـای (کیبریتیـك) راوەسـتاون -مەگـەر کەسـێك لـەو دەمـەدا بیر لـە رەچـەڵەکەکەی دەکاتـەوە؟ مەگـەر پێگەکـەی لەکۆبوونـەوەدا بـەو پێیـە دیـار دەکـریٚ؟ بـەڵام ئـەوەی پەیوەنـدی بەکەسێتییە مەزنەکانی رابردووەوە هەیە, بۆ دەبیٚ ریٚ لە مامم بگیریٚ بڵیٚ, گوایـە: (**شـامیل**)ی ئەفسـانەیی کـە بـۆ یەکـەمین جـار گیـانی ئـازادیی لـەنێو چـیاییەکاندا ژیانـدەوە, ئـامۆزای بـاب بـرای بـاپیرە گـەورەی بـووەو (**حـاجی مـوراد**) کـە بـووە قارەمانی چیرۆکێکی (لیو تۆلستۆی)ی مـەزن -یـەکێك لەلکە دوورەکـانی درەختـی باپیرە گەورەی پێکدێنیٚ.

ئەگـەر لەمامیشـم بپرسـن, (**ئـەبو سـەمەد**)ی (مـوغرا) کەلـە لێدانی (چـوگور) دا کارامەیـەو ئـاوازی جـوان و قەشـەنگ, هـەزاران دۆڵ و هـەزاران دۆنـد لەچـوار داوی باریکـەوە دەردەکێشـیٚ و هێشـتاش سـاغ و سـەلامەتە, خزمیـەتی؟ بـەبیٚ چـاو تروکانـدن, وەرامدەداتـەوە, مـن و بـابی (ئـەبو سـەمەد), (ئیـبراهیم خـەلیل) کـوڕە خـاڵین و (باتیمـای) گۆینـدەی گۆینـدان -تـا دەژی هـەر بـەناوبانگ بـیٚ- نـزیکترین خانەخوێی بابم بوو ...)

بەهـەرحاڵ وابـزانم کـەمێك لەباسـەکە دوور کەوتینـەوە. ئەگەرچـی منـیش هـەر لەهـەمان درەختـی خزمایەتیـدام, بۆیـە دەبـیٚ بڵـێم: بیسـتنی حیکایەتـەکانی مـامم لەمەڕ خزمە گەورە- بەڵام دوورەکانمانم- پیٚ خۆشە.

لەگەڵ هەندێش, سەیرە, بەڵام ئەمن هەمیشە بەحیکمەت بوونی,قسەکانی مامم کـەهـیچ شـتێك بـیٚ **سـەرەتانییەو دەسـتپێکی هەمووشـتێك رێگایـە**, باوەڕدەکـەم. هـەتا لەدایکبوونیشـم پەیوەنـدی بـە رێگـاوە هەیـە. دایکـم -قـەت ئـاگری لەئاگردانێـدا نەکوژێتەوە- کاتیٚ دوای ماڵئاوایی مێردە لاوەکەی, -کە بابی من بوو- بۆ شەڕ, بـەرەو گونـدە کوێسـتانییەکەی خۆیـان دەگەڕایـەوە, منـی هێنایـە سـەر دنیـا. راستیش ئەوەیە, نە ئەو نە مامیشم هـەرگیز لـەم بارەیـەوە شتێکیان نـەدەگوت,

www.pertwk.com

کەچی زمانی ژنە چەنەبازەکانی دراوسێمان, لەدەرگای هەموو گوێیەکی دەدا. بێهودە نییە دەڵێن: **زمان هەرچەندە بێ هێسکە, بەڵام هێسکان دەشکێنێ!**.

من بابی خۆم تەنیا لەو تاکە وێنەیەدا دیوە کەپێش شەهیدبوونی, لە بەرەکانی شەڕەوە بۆ دایکمی ناردبوو. ئەو نە مەدالیای هەیەو نە نیشان, ئەمما من بە قارەمانی دەزانم, مامیشم وەك پیاوێکی ئازای باسدەکا. کاتێ گوللەی دوژمن, سترانەکەی لێبڕی, تەمەنی کەمێك لەتەمەنی ئێستای من زیاتر دەبوو, هەمووش دەڵێن, من, کتومت, ئەوم.

بەڵام ئێمە لەمەڕ ڕێگا قسەمان دەکرد ... ڕێگام بدەن, بگەڕێمەوە ئەو جێگایەی ئەم ڕێگایەی لێوە دەستپێدەکا...

## 2

## ڕۆژێك لەگۆدەکان

تکادەکەم, بمبەخشن, ئێستا, کە ناوی گۆدەکانمان هێنا, با باسیشی بکەین. لەوە دڵنیام, زۆرتان, مانای گۆدەکان دەزانن, بەڵام زۆریشتان نایزانن. هەڵبەت, ئەمن دەمتوانی بەراحەتی, درێژەی نەدەمێ و بڵێم ئەوەی دەیزانێ با بەوانە بڵێ کە نایزانن, ئاخر, ئەو دەمە رووتان لێ وەردەگێڕام. ئەمن بۆ خۆم زۆرم پێخۆشە گوێگرەکانم بڕواننە چاوەکانم و بەوردی گوێم لێبگرن, بەتایبەتی, هەوڵدەدەم لەناو شتەکاندا, ئەو شتە ببینم کە هێشتا کەس نەیدیوەو بەمەیلی خۆم لەهەموو شتێك بدوێم. ئەدی, ئەو مگێز لێ بوونەم چۆن لاپەیدا بوو؟, پاشان دەیزانن.



**(هەمووی, لەناو سینییەکدا جێی نابێتەوە!)** –پیرترین کەسی گوندەکەمان (حەسبولات)ی بەڕێزی کوڕی (عەلی بولات) لەتیرەی (تەیموور بولات), وا دەڵێ.

لەکوێستانەکەماندا, گوندی زۆر هەیە کە لەدوورەوە لەشانە هەنگ دەچن – هەندێکیان لەدۆڵە شاخاوییە سەختەکاندا هەڵواسراون و بەسیمای– ڕۆشنو نارنجی و شینی ئاسمانی خۆیان, چاوان ڕۆشندەکەنەوە, هەندێکی دیکە لەترۆپکی سەختا, بەڵام جوان یان بەسادەیی لەبەرجەستەبوونی بەردەکان, باڵاتر لەهەڵفڕینی هەڵۆکان, لانەیان کردووەو سێیەمیش لەناو سەوزاییدا نقووم, لەکەناری ئەو ڕوبارانەی لەناو دەربەندەکاندا دەخرۆشێن, خۆیان حەشارداوە. ئێوە دەتوانن بەپێ, بەسواری ئەسپێکی ڕەسەن بەناویاندا بگەڕێن, یان بە ترومبێل بچن یان بەهەلیکۆپتەر بۆیان هەڵفڕن– بەڵام هیچ گوندێکی, بێ گۆدەکان نابینی و گۆدەکانیش نابینی, خەڵکی بەڕێزی تێدا, بۆ کات بەسەر بردن, کۆنەبووبنەوە. بەزۆری, گۆدەکان لەناوەندی گوند دروست کراون کەلە کۆنەوە تاشەبەردی لووسیان لێ داناون, بۆیە بەراحەتی دەتوانی لەسەریان دانیشی و لەهەمان کاتیشدا پاڵ بەیادی پێشینە بەشکۆکانت بدەی. ئێواران, ئەگەر یەکەمین دەستە لە پێشەنگە هەمیشەییەکانی گۆدەکان کۆدەبنەوە, گۆڕینەوەی هەواڵ و یادگاری و بیرکردنەوەی حیکمەت– ئامێز لەمەڕ رابردوو, هەنووکەو داهاتوو, دەست پێدەکا...

ئەم ئاکارە, پیاهەڵدانی کوێستانەکەمان, لەپێشینانمان ئەلبانییە بەردتراشەکانەوە, پەیدابووە کەئەمڕۆش دەتوانرێ لەسەر دۆندی دەربەند –شاری مۆم کەبەمانای (شاری مۆمەکان)ـە, لەمەڕ هونەرمەندی وەستایانەیان, حوکم بدرێ.

**گۆدەکان**, قەت بێزاری تێدا نابینرێ. ئێرە هەتا لەسەرمای سەختدا, گەرمو رووناك بووەو بۆیە دڵنیشین و ئارامە. تەنیا لێرەدا, دەکرێ پەندی **(لەگەڵ خەڵکی**

www.pertwk.com

دا، رۆژانی سەختیش، جەژنە)، پەیدابێ. بەڵێ، دابەشینی شادیو خەم لەناو خەڵكدا، ڕێو شوێنی پیرۆزی گۆدەكانە. لەكوێی دی، ئاوازی خۆشی چوگوری لەدارتوو دروست كراو، وا بەشادمانی گوێ دەلاوێنێتەوە؟ لە كوێ، هەموو ئەو ڕووداوانەی لەدنیادا ڕوودەدەن، بەم جۆرە لێیان كۆڵراوەتەوە؟ لەكوێ، ئەو گاڵتەو تیز پێكردنانەی وەك بیبەر تیژو وەك گەزگەزۆك سووتێنەرن، پەیدا دەبێ؟ لەكوێ گۆرانی خۆشو بەشكۆ دەگوترێ؟ هەموو ئەمانە لە گۆدەكان، ڕوودەدەنو لەوێوە بۆ دۆڵو كێوەكان دەبرێن:

**ئەوكاتەی بەخت رووت تێدەكا**
**روو بەڕووی بەختیاریت دەكاتەوە**
**بۆ دانیشتوانی گۆدەكانی باس كە**
**خۆشبەختی خۆتیان لێ مەشارەوە**
**تا شادیت زیاتر بێو**
**دەردو مەینەتت لە لەشدا بچێتە دەرێ**
**ئەو كاتەی لەهیكەوە، بەختی خراپ وەدەردەكەوێو**
**خەمو خەفەتو بەلا زۆر بێ**
**دیسان هەر بۆ دانیشتوانی گۆدەكانی باس كە**
**ئەوان بارت لەسەر ملان دێننەخوار**
**دەردت لەت لەت دەكەنو**
**لەناو خۆ، دابەشی دەكەن**
**گوێ بدەن قسان، بەلام كرێش دامەنیشە**
**سەبر بگرە، تێ بفكرەو وایان پێ بلێ:**
**حیكمەتی جیهانی، بەری چەندان سەدەیەو**
**سروشتی مرۆڤایەتیش لەدڵی سەدەكان دایە!**



ڕۆژێك لەگۆدەكان، مشتو مڕێكی توند دەست پێدەكا: كامەیان پێشتر پەیدابوون– درەخت یان میوە؟

هەندێك لەگەڵ داكوتانی هەر وشەیەكدا، وەك بزمار، دەڵێن: میوە، چونكە درەخت لەناوكەوە شین دەبێ!.

ئەوانی دی، وا ڕەسمییانە ناڕەزایی دەردەبڕن، وەك بڵێی بەزێڕ بەڵگەكانیان لەسەر شمشێرەكانیان هەڵبكەنن: درەخت! چونكە درەخت میوە دەداو درەختی دی لێوە شین دەبن.

تەنیا یەك كەس بەشداری ئەو مشتو مڕە ناكا. ئەویش مامی من بوو كە بە ئارامییەكی داخ لەدڵانەوە، قەننە دەكێشێو لەبەر دووكەڵو نیكوتین وەك كارەبا زەرد هەڵدەگەڕێ. مامە بەڕێزەكەی من دەڵێ: **پیاوەكان دەبێ هەمیشە دووكەڵیان لەسەر سەریدا بەرزبێتەوە– دووكەڵی سیگار یان دووكەڵی بارووت، دەنا ئەمە چ پیاوێكە!**، بەلام با لەنێوان خۆماندا بێ، ئەو، دووكەڵی ڕەژووی، كە كەبابی شیری لەسەر سۆر دەكرێتەوە، لەهی دیكە پێ باشترە. (بۆیە پێی دەڵێن كەبابی شیری، چونكە كابانە باشەكان، گۆشتی كاوڕ، شەو و ڕۆژێك دەخەنە ناو شیرەوە).

مشتو مڕ هەتا دێ توندتر دەبێ، لەپڕ دانیشتوان تەماشا دەكەن مامم بێ دەنگە.

هەموویان بەسەر سووڕمانەوە بێ دەنگ دەبن، چونكە قەت رووی نەدابوو، ئەو لەگۆدەكان بێو دەنگی نەیێ. یەكێك بەهەڵچوونەوە دەپرسێ:

(دایان – دۆڵدوروم)، نەخۆش نی؟

هیچ كەس لەخەڵكی گوندە كوێستانییەكەمان ناوی ڕاستەقینەی مامم نازانێ. مسۆگەر خۆیشی لەبیری چۆتەوە. بەلام ناوی (**دایان – دۆڵدوروم**) وەك گای قەشەی ئاوایی بەناوبانگە. مسۆگەر ئێوەش سەرنجتان داوە كەناوی (دایان – دۆڵدوروم) چ ناوێكی خۆش ئاوازە! لەوانەیە بیریشیان كردبێتەوە كەچ ناوێكی

www.pertwk.com

چاکیشە! بەڵام پەلە مەکەن, چونکە (دایان – دوڵدوروم) واتە: **(سەبرکە تا تفەنگەکەم پڕدەکەم!)**و چیاییەکان لەودەمەوە کە چەکی نوێ پەیدابوون, تفەنگی ئاگریان واناوبرد.

مامی من لەشەوی نێوان دووسەدە, لەدایك بووە, پێیەکی لەسەدەی نۆزدەو پێیەکەی دیکەی, راستەوخۆ کەوتۆتە سەدەی بیستەم. –بەڵام نازانرێ, کامە پێی لەسەدەی نۆزدەو کامە پێی لەسەدەی بیستەمە!. هەمان شەو, بابی, واتە باپیری من, کەبەهۆی نارەحەتی ژنەکەی, تیٚ گەیشتبوو, وەختیەتی! تفەنگە ئاگرەکەی لەدیوار دادەگرێو بەلەزە لەشانازی یەکەم رۆڵەی دا, تەقە بکا, هاوار دەکاتە ژنەکەی کە لەهێنانە دنیای منداڵەکەیدا, کەمێ سەبر بگرێ تا تفەنگە کۆنەکەی پڕ دەکا: (دایان – دۆڵدوروم).

لەوکاتەوە, ناوی دایان–دۆڵدوروم وەك ئەو داغەی لەتەرۆکی ئەسپانی دەدەن, بەمامەوە نووساوە. ئەویش خوی پێوەگرتووەو ئەگەر یەکێك بەناوێکی دیکەی بانگ بکا, سەری سووڕدەمێنیٚ.

دایان– دۆڵدوروم, مامی بەڕێزی من, هەر لەمنداڵیەوە کاری کردووە. لە کەرەوانییەوە دەستی پێکردووە. خۆشتان دەزانن ئەمە چ جۆرە کارێکە! کەرەکان رانەمەڕ! یان رەوە ئەسپ نین, بەڵکو رەوەی کەرانن, خۆ کەری تێر لەشەیتانیش بەدترە. ئایا لەبەر هەندێ نەبوو کە نە لەناو مێرگان, بەڵکو لەناو بەردەڵانەکانی (کایدیش) دەیلەوەڕاندن؟

مامم سەربازیشی کردووەو لاشی ئاسان نەبووە. جووتیاریش بووە, لەپەتاتە چاندندا کارامەبووە. ئاسنگەریشی کردووە –بەپێی داواکاری رۆژ هەموو شتێکی دروست دەکرد: هەم داس و هەم شمشێر. دارشکێنی, بەرد تراشی و هەتا سەفارچێتیشی کردووە. بەڵیٚ, وەختیٚ لە کوێستانەکەمان قاپ و ئامانی سفر زۆر بوون, سەفارچێتی دەکرد– ئاخر بەبیٚ سەفارچی‌یەکی کارامە, قاپ و ئامانی



سفر, ژەهراوی دەبن. مامم, بەزیرەکی خۆی, گیرفانی دراوسێکانی خاڵی دەکرد چونکە چاودێری تەندروستییان بوو. بەڵام نازانیٚ پارە پاشەکەوت بکا, حەز دەکا سەر لەدۆستەکانی بداو دۆستەکانیشی داوەت بکا. بەژمارەی گوندەکانی کوێستانیٚ, دۆست و برادەری هەن.

بەڵیٚ, دایام – دۆڵدوروم, تەماشا دەکا, مشت و مڕ توندتر دەبیٚ و هەردوولا وابە پەرۆشەوە پاڵ بە وشەکانیانەوە دەنێن, گوایە پێمەڕەیەو دەتوانن چاڵەکە تا ناوەندی زەوی, قووڵ کەن, بۆیە گۆپاڵەکەی دەستی رادەوەشێنێو روو دەکاتە دانیشتووە بەڕێزەکان:

–جەماعەت, وەرن ئەم دۆڵە پڕکەینەوە, بیکەینە باغی ئاڵباڵو!

ئەو لەگەڵ ئەم قسەیەدا, قووڵترین دۆڵی (سولوکونت)ی نیشاندا کە هەموو رووبارو زستاناوەکانی کوێستانی (قاراچان)ی بەهەراو زەناوە پێدا رەت دەبیٚ.

خەڵکەکە مشت و مڕ دەبڕیننەوەو بەسەر سووڕمانەوە لە مامم دەڕوانن و نازانن قسەکانی بەراستییە یان گاڵتە دەکا.

مامم بەشایی لەخۆبوونێکی تەواوەوە دەپرسیٚ: ئێوە قسەی منتان گوێ لیٚ بوو؟

(جیهاندار)– کەسێك کە لەمامم بیٚ ڕێزترنەبوو, دەڵیٚ:

–بەڵێ, بەڵام (دایان – دۆڵدوروم) ی بەڕێز, ئێمە, ئەوە خەریکی مشت و مڕین و گاڵتەش ناکەین.

بەڵیٚ, (جیهاندار), چیاییە, (جیهاندار) پیاوەو من ئاوازی قسە گەرمەکانیم پێخۆشە کە وەك بەفری سپی دەکەونە سەر کڵاوە لەپێست دروستکراوەکەی, بەتایبەتیش وەختیٚ ناوی کیژەکەی بکەوێتە سەر زاران. هەڵبەتە ئێوە ئامادەن بپرسن: بۆچی؟ ئەمنیش لەبیٚ حەوسەڵەییتان دەگەم, جارێ لێگەڕێن پاشان قسەتان بۆ دەکەم, پەلەمەکەن بابزانین مامم لەوەڵامی (جیهاندار)دا چ دەڵیٚ:

www.pertwk.com

–گاڵتـە ناکـەم! – بـە ویـێك هێنانـەوەی ئـەبرۆکانی, سـیمای کەسـێك بـەخۆوە دەگرێ کەبتوانێ جڵەوی خەڵکێکی ورووژاو بگرێ– دووبارەی دەکەمەوە:

–وەرن, ئەو دۆڵە بەخۆڵ پڕکەینەوە– دەبینن؟

(جیهاندار), ناڕازی دەبێ: –بەڵام ئەم سەرگەرمییە بێ مانایە!

–سێ جاران سێ– نۆ (دایان – دۆڵدوروم) بانگ دەکا:

–بێ ماناش بێ, دۆڵەکە پڕ دەکەینەوە, باغێکی وا دروست دەکەین, بەرلـەوەی ئێـوە مشـتو مـڕە بـێ بەرەکـەی خۆتـان تەواوکـەن, چـای خەسـتی دەربەنـدی بـە موڕەبای ئاڵباڵوەکەی دەخۆینەوە!.

مامم قسەی بێهودەی پێخۆش نییـەو حـەزناکا خـۆی بـەزانا لەقەڵـەم بدا, بـەڵام پێی وابوو خەریك بوونی ئەوان, ئەو شتە نییە کەبۆ ژیانمان پێویست بێ, بەڵکو بە زرنگی, دوان دەربارەی مەسەلە بێ نرخە جۆراوجۆرەکان داوی داپیرۆچکەی تـەماوی چنینە. هـەرکاتێك ئـەوان, هۆیـەك دژ بە ناتەباییـەکانی ئێمـە بدۆزنـەوەو بەکاری نەهێنن‌و یـان هـەتا مـەیلی بەکارهێنانیان نـەبێ –ئەوکاتـە دەکرێ پێیـان بگـوترێ زانـا؟ مەگـەر نـازانی شـتی بێهـودە, هـەتا ئەگـەر بـەداوی زێـڕینی داپیرۆچکەش بچنرێ, هـەر بێهودە دەردەچێ. هەندێ توێژینـەوە لەمـەڕ جۆرەها مەگـەزی لادێ یـان پەیوەنـدی کـەمی شـیر بەدرێـژی کلکـی مانگـاوە, چ سـوودێکی هەیە بۆمان؟

لـەم بارەیـەوە, دایکـم لایـەنگیری زانسـتەو لەگـەڵ مـامم مشـتو مڕیانـە: بۆچـی مانگـا کلـك بڕاوەکـەمان بـەیانیان تـەنیا لـیترە شـیرێك دەدا, کەچـی مانگـای ژنـی دراوسـێمان سـێ لـیترە شیر دەدا؟ (لەبەرامبـەر ئـەوەدا, شیری مانگـای ئێمـە, سـێ جـاران لەشـیری ئـەوان چـەورترە)– دایکـم, درێـژە بەقسـەکانی دەداو بەمـەش لایەنگیری خۆی بۆ زانست, دەگەیەنێتە سفر.

بەڵام, لەحوکم دانەکەی, بەدوای ناکۆکیدا مەگەڕێ. هەوڵدە قوڵتر بزانـی‌و ئێـوە خۆتان دەبینن هەموو شتێك لێرە, وەك هەر جۆرە هێلکەیەکی باڵندەکان لـەجێگای خۆیدایـــە: ڕێـــك لەناوەڕاســـتی, زەردێنـــە, پاشـــان ســـپێنەو لەســـەرەوەش توێکڵەکەیـەتی. لەمـەڕ مەسـەلە کۆنەکـەی یەکـەم جـار پەیـدابوونی هێلکـە یـان مریشك, مامم حەز دەکا لـەناو تـاوەدا چارەسـەری بکـاو بـۆ روونکردنـەوەی زیـاتر, چـاوتێرانە دوای خـواردنی گۆشـتی جووجەڵـە, شـەرابی (گجـوخ)ی سـۆری تـرێ کێویلکەی بەسەردا بڕێژێ.

خواردن, بە مڵچەمڵچ و مگێزەوە دەخـواو لـەبیر ناکا, هـەر پارچـەیەکی لەبیبـەر وەرداو دوای خواردنەوەش, سمێڵی خۆی پاك بکاتەوە.

دوای چارەســەرکردنی ئاشــکرای ئــەم ئــاڵۆزترین مەســەلەی بوونــەوەرە, بەئاوازێکی فەیلەسووفانە درێژەی پێدەدا:

–هەموو ژیان, خزمینە, جگە لە ڕێگا شتێکی دیکە نی‌یە!.

مـن دژایـەتی بـاوەڕی ئـەو ناکـەم. ئەمـە دووبارەبونـەوەی شەخسـی‌و بانگـە تایبەتی‌یەکەتی لەبەرامبـەر هـاواری یۆنانییـەکی رووتەڵـە کە رایـدەکردە کۆڵان تـا بەڕێبوارانی سەر سوڕماو بڵێ: (دۆزیمەوە!).

# 3

دەڵـێن زۆر گوتنــەوەی دوعـا, دەبێتــەهۆی قبووڵبــوونی. بــەڵام قســەی مـامم, هەستێ کە بەهۆی وشەی (ئەشق)ـەوە دەردەبڕدرێ, لـەو دەمـەیوە قسـەیان لەمـەڕ دەست پێکرد, شکستی خواردووە.

ڕێك دەکەوێ (دایان – دۆڵدوروم) ئامۆژگاری خەڵك بکا: **(باوەڕ بەوکەسە مەکە کە ڕووبەڕوو پێت دەڵـێ: تـۆم خـۆش دەوێ!)**. ئەشـقی واقیعـی پێویسـتی بـە گـوتن نییـە. دەتـوانرێ زۆرتـرین راسـتی لـە (**زۆرم رك لـێ دەبێتــەوە**!)دا دەرك بکـرێ –(چـونکە دووڕوویی‌و ساختەچێتی‌و فێڵ لە رك لێ بوونەوەدا نییە).

(ئەشق لەهـەر تەمەنێکدا ئازادە) ئێـوە گـوێ گرانـی خۆشەویست لەبیرتانـە کـە ئەم چەند وشانە هـی (دایـان – دۆڵـدوروم) نین. بـەڵام ئەگـەر پێویسـت بـێ, ئـەقڵی خۆی تاقی بکاتەوە, بەبێ شەرمی‌و تەریق بوونەوە دەست بۆ هەگبەی غەریبانیش درێژ دەکا.

لەراستیدا, هەقیـەتی ... ئەگـەر نا, ئێمـە, من‌و مامم دەمانتوانی هـەنگاوی وا گێلانـە هـەڵێنین‌و ڕێگا بدەین دەمبێنمان بکەنـە دەم‌و لـە عارەبانـەمان قایم بکـەن. سەرتان سووڕ دەمێنێ کەباسی عارەبانە دەکەم؟ روونـی دەکەمـەوە کـە قسـە لەمـەڕ ئەو عارەبانە پڕ لە نیگەرانییەیە, کەبەناوی دیاری هێنـان بـۆ دەزگیران, لێتـی قایم دەکەن.

www.pertwk.com

لەگوندەکەی ئێمەدا, کـاتێ قسـە لەمـەڕ زەماوەنـد دەکـرێ, هەمیشـە دەگێڕنـەوە مامم لەزەماوەندی خۆیدا, چی گوتـوە: **(کاتێ رەبەن بووم, سوڵتان بووم, بە دەزگـیران بووم –بوومەخان‌و کاتێ زەماوەندم کرد- بوومە مـاڵوێران!)** راسـتییەکەی ئەوەیـە, لـەکن دایکم, هەمیشە دەیگوت: بەگاڵتەم بووە.

من مـامۆژنی خـۆم نـەدیوە, ئـەو لەگوندەکـەمان نـەماوە. هێشـتا لـەدایك نـەبوو بووم, ماممی بەجێ هێشتووەو مەعلومیش نییە بۆ کوێ چووە. گەورەترین نەنگی بـۆ خـەڵکی چیا ژن رۆیشـتنە. هەرچـەندە, (دایـان – دۆڵـدوروم) بـە شایسـتەییەوە بەرگـەی ئـەو عەیبـەی گرتـووەو هەمیشـە دەڵـێ: خـۆم دەرم کـردووە. بـەڵام ژنـە دراوســێکانی دەزانــن ئــەو لــەتیرەی (لیونیــد)و هــاریش بــووە. مــامۆژنم, دوای لێکۆڵینەوەی یاسای بنچینەیی و پێزانینی ئەو مافانەی بەئافرەتی چیایی دراون, لـەماڵێ دەبێتـە سـەرۆك. مـامم هـەموو ئـەو کارانـەی ئـەنجام دەدا کـە دەبـا کابـان بیانکا, هەتا دەرپێشی دەشوشت. خوا نەکا, حوکم بکەوێتە دەست ژنان.

ئایـا قـەت بینـراوە لـەرۆژی رۆشـندا, پیاوێـك کـڵاوی لەپێسـتە دروسـتکراوی لەسـەربێ, بەگۆزەیـەك ئـاوو نـۆ گـۆزە شـەرابەوە بچێتە سـەر کـانی؟ لەبـەر هەنـدێ مامميان بەمردوو لەقەڵەم دەدا. بەڵام ئەو بۆیە ئەو کارەی دەکرد تا ژنە جوانەکەی کەدەیتوانی زمانی وەك قامچی بەکاربهێنێ, تووڕە نـەبێ, (**سیباتس**), نـاوی وابـوو, واتــە (مــانگی نــوێ)– تــەنیا تــا گواســتنەوەی بــۆ مــامم نــوێ بــوو. دەڵــێن کــاتی رۆیشـتنی, مـامم بەخۆشـییەوە ئاهێـك هەڵدەکێشـێ و یەکسـەر دەچێتە گۆدەکـان. (چونکە هەر لەکاتی زەماوەندەکەیانەوە لەترسی قسەو گاڵتەی خـەڵك نەچووبوو). لەوێ بـانگ دەکا: **(خزمینە, ڕێزی ژنان بگرن, چاوتان لێیان بێ و لەسەر دەستیان دانـێن, بەڵام ئەوان خۆیان دەچنە سەر سەرتان!)**.

لەوەبـەدوا, مـامی ژنـی نـەهێناوە. خـەڵکی سـەریان سـووڕما: ئایـا چـاوەڕوانی ژنەکەیەتی.

www.pertwk.com

–خۆ من ئاگام لێیه, هەر کەناوی دێ, ددانی جیڕەکاتەوەو مست بەرزدەکاتەوە –یان شتێکی دیکەی لەژێر سەردایە؟ لەوانەیە ...

18
4

من, تەمەنم بیست ساڵە, وابزانم ئێوە, دۆستانی خۆشەویستم, یەك بەیەکیان دەزانن, بیست ساڵی مانای چییە. کەچی, –شتێکی سەیرە– هێشتا تووشی هیچ کەس نەبوویمە, بەبێ داخو خەفەت یادی بیست ساڵەیی خۆی بکاتەوە. خەڵکی بەڕێزی گوندەکەمان و هەتا مامیشم بەردەوام دەڵێن: **(ئاه, ئەی بیست ساڵەیی من لەکوێی!...)** وەك بڵێی, بکرێ ئەم سنوورە گرنگەی ژیانی, کە وەك رووبارێك بەدەوری تاشەبەردێکی بێبایەخدا دەسووڕێتەوە, نەبینیٚ.

دانی پێدا دەنێم, هەندێ جار هەتا تووشی گومانو دوودڵی دەبم, ئایا من تەنیا کەسیٚ نیم کە بەڕاستی هەست بەم تەمەنە دەکەم؟ یان لەوانەیە هەموو ئەو کەسانەی لەگەورەیی تەمەنی بیست ساڵی خۆیان نەگەیشتوون, داخم بۆ دەخۆن کەئێستا لەتەمەنی بیست ساڵی دام؟ ئەم تێفکرینە نارەحەتم دەکاو دڵم پڕ دەبیٚ لەهەستێکی سەرسووڕمانی نادیار. لەدڵی خۆمدا دەڵێم, مەگەر دەکرێ لەسەر زەویدا کەسێکی وانەبیٚ کە بەشایستەییو بەشێوەیەك پاشان پەشیمان نەبێتەوە, ئەم رۆژانەی گوزەراندبیٚ؟ ئایا بەڕاستی وادەبیٚ, تەمەنم بگاتە شێست ساڵیو, وەك مامم خەمی بیست ساڵی خۆم بخۆم؟ دەبیٚ چۆن؟ دەبیٚ چیبکەم؟ ئاخر مرۆ تەنیا یەك جار دەگاتە ئەم تەمەنە! نەخێر, هیچ شتێك نازانم, جگە لەوەی بیست ساڵەمو لاوو بەگوڕمو دڵم پڕ لەمێگزو ئارەزوو, حەزەو لەوانەشە زۆریان وەدی نێن.



من لەساڵی 1944دا لەدایك بوویمە, بەڵام لەگوندەکەمان, رۆژی لەدایك بوون ئەو رۆژە نییە کەمنداڵ پێدەنێتە دنیاوە, بەڵکو ئەو رۆژەیە ئەگەر لەلای وەستا لەپشت دەزگای کارکردن دادەنیشیٚ. لەحەوت ساڵیدا, لەنك مامم بۆفێربوونی هونەرەکەی دانیشتمو هەر لەهەمان ساڵیشدا چوومە قوتابخانە, لەحەڤدە ساڵیدا خوێندنی ئامادەییم تەواو کردو هەمان رۆژ بڕوانامەی مامۆستای کۆڵێنەرم لەپەیمانگای هونەری گوندی کوباچیی کوێستانیٚ, وەرگرت. کەمێك رەسم دەکەمو کەمێکیش بەنووسین سەرگەرمم, بەڵام ئەو کارانە بەنهێنی دەکەم, چونکە خەڵکی (کوباچی) هەر لادانێك لەهونەری سەرەکی زێڕنگەری بەخیانەت لەباوو باپیران دەزاننو مەحکوومی دەکەن. بۆیە من ناوی خوازراوی **(چاوتیژ)**م بۆخۆم هەڵبژارد کەمسۆگەر زۆر ئاسایی نییەو بەوناوە یەکەمین چیرۆکی خۆم لەرۆژنامەدا بڵاوکردەوە. چیرۆکی "داشۆری", کەناوی (ئاژەڵ) بوو, هەراو هۆریایەکی زۆری بەرپاکرد. بەڕاستیش قارەمانی چیرۆکەکەم, ئەگەرچی ناوی مرۆی پێوەبوو, بەڵام جگە لەئاژەڵ نەدەکرا ناوێکی دیکەی لێبنرێ. ئاخر من ئەوم لەخەڵکی دیکە باشتر دەناسی –لەکوێستانی ئێمەدا, ئەمە جۆرێکی نوێیە– ئێمە قەت پیاوی بێشەرەفو بێویژدانی وەکو ئەومان کە هەنگوین دەخاتە سەر لێوو دڵیشی پڕ لەژەهرە, نەبووە. ئەویش زێڕنگەرەو تا ئەمڕۆش لەیەك جێگا کار دەکەین. بەڵام لەهەموو شتێك زیاتر, حەزدەکا بوختان هەڵبەستێو نامەی بێناو بنووسیٚو ناخۆشی لەنێوان دۆستاندا دۆست بکا. من نازانم, ئەو بەم کارانەی چ قازانجێك دەکا, بۆیە هەرچیم لەبارەیەوە دەزانی, نووسیمو دیارە تووڕەییە رەواکەم, پڕاوپڕی نووسینەکەم دەرچوو.

ئەگەر ناوی ئەوم لەخوێنەران شاردەوە, دادوەری ناوچەکەمان کە لەئەدەبیاتدا زۆر بەئەزموون نییە, بەخوێندنەوەی چیرۆکەکە, بڕیاریدا, مرۆی واهیچو پووچ بداتە دادگا تا خەڵکی دیکەش چاوی لێنەکەن. دوای ئاگاداری لێکۆڵینەوە, کاتیٚ

www.pertwk.com

پشـكنینەكەی بـێ ئـەنجام دەرچـوو, دادوەر بڕیاریـدا نووسـەرەكە بدۆزێتـەوە. بەدبەختانـە, نـاوە خوازراوەكـەم, نەلەلایـەن دادگـاوە, بـەڵكو ژمێریـاری ڕۆژنامەكـە بەهەوڵێكی زۆرتر لە دادوەر, بەدوای نووسەردا دەگەڕا تا هەقدەستی چیرۆكەكەی بداتێ, ئاشكرای كرد.

دوای ئەم دۆزینەوەیە, ڕێگای دەزگای دادپەروەری ڕاحەت تر بوو, لەم ڕووەوە بێ درەنگ بەناردنی نامەیەك منیان بۆ دادگا داواكرد. دایكم لەگـەڵ خوێندنـەوەی نامەی دادگا هەگبەكەمی پڕ لەنانی سوخاری كردو دوو دەستە دەرپـێو فانیلـەی بۆ دانامو بەچاوانی پڕ لە ڕۆندكەوە گوتی:

–ئەمن دەمزانی وات بەسەردێ! چەند جارانم پـێ گوتی, ئاگات لـەخۆت بـێ, ئەم شتانە مەنووسە, ئاكامی باش نابێ!.

دڵسۆزیی دایكە بەڕێزەكەم, هەمیشە كاری تێدەكردم, كەچی ئەمجارە زیاتری دەترساندم. لەحاڵەتی وادا, كەوتمە بەردەم دەزگایەكی دادپەروەریی سەیرەوە.

دادوەر, پێش هەمووشتێك داوای لێكردم, ئەو هیچو پووچەی لەچیرۆكەكەم دا باسم كردووە بناسێنمو ناونیشانەكەی پێ بڵێم.

من بەدڵنیاییـەوە گوتم, قارەمانەكە خەیاڵـەو, زادەی خـەیاڵ بـووە. لەراستیدا, بوونی نییە. بەڵام لەوانەیە كەسانی وەكو ئەو هـەبن. ئەگەرچی لەئەنجامـدا, گوێی لەئەقڵ گرت, بەڵام ئامۆژگاریشی كردم كەلەمەودوا هەرگیز بەخەیاڵ شت دروست نەكەمو بەگشتی, بابەتەكەم بەئاشكراو ڕاستەوخۆو بێ ناوی خـوازراوبێ. تـەنیا ئـەودەم, دەتـوانم خزمـەتی دادپـەروەری بكـەمو لەپاككردنـەوەی كۆمەڵگاكـەمان لەهیچو پووچو ساختە چییەكان, دەورم هـەبێ. هەڵبەتـە, گفتمـدا ئاقڵتر بم, بـەڵام دوای بانگ كردنم رووم كردە شیعرو بەلاسایی كردنـەوەی چوارینەی خـەڵكی بـێ زیان, غەزەلی ئاشقانەم دەست پێكرد.

هەنـدێ جـار, شـیعرەكانم ئەوەنـدەش خـراپ دەرنەدەچـوون, دەكـرێ هـەتا نموونەیەكیش بهێنمەوە:

**چووم چاوە جوانەكانت ڕامووسم**

**توند بووی لەگەڵم**

**پێلەقەی تۆم نۆشی**

**ئێستا حەز دەكەم, بەسەرتدا بباریێ**

**بارانی هەنگوینی نایاب**

**تا ئەوەندەی لێ بخۆیتەوە**

**هێزو توانات لەبەر ببڕێ**

ئەگـەر مامـە بەڕێزەكـەم (دایـان – دۆڵـدوروم), زانـی شـاعیرم, ڕێـك لـەپێش دەروجیرانا قسەی پێ دەگوتمو دایكیشم زۆرتر كەوتە سەرزەنشت كردنم, هـەموو كتێبـەكانی مـاڵێی دایـە كتێبخانـەی گونـد, كاغـەزو قەڵەمەكانیشـی بەسـەر منداڵـە دراوسێكان دابەشیو مەرەكەبە شینەكەی لەگەڵ بۆیاخی دیوار تێكـەڵ كرد. بۆیـە ئێسـتا هەیوانەكـەمان لـە ڕۆژئـاوابوونی كوێسـتان دەچـێ. تـەنیا ئـەلبومی ڕەسـم كردنـو هێڵكـاریو ئـەو ڕەسـمو وێنانـەی بەكـەڵكی وەسـتایەكی كۆڵێنـەر دێـن, لەماڵێدا هێشتەوە.

بـەڵام چ بكـەم, هەمیشـە خـووم وابـوو: ئـەو كـارەم دەكـرد كـەدایكم لێـی قەدەغەكردبام. وەبیرم دێ, لەمنداڵیم, قەت دەستم لـە شقارتە نـەدەدا, بـەڵام دایكم كەگوتی: (دەست لە شقارتە مەدە!) –هەمان ڕۆژ شقارتەكەیم بردو زۆری نـەمابوو ئاگر لەماڵێ بەردەم. نازانم بۆ چ بوو, جارێك گوتی: **(نەچیە ژێـر زەمینـێ, گۆزەكـان دەشكێنی!)** –منـیش بـێ دواكـەوتن چوومە خوارێو بەپارچە نانێكـەوە سـەرتووی هەموو گۆزەكانم خوارد.

www.pertwk.com

ئەم جارەش, هەروای لێهات. هەموو قەدەغەکان, تەنیا حەزیان بەهێزتر دەکردم. ئێستا تەنیا گومانم, ئاشکرابوون بوو, بۆیە لەکاتی بێکاریدا, لەماڵێ وەدەرکەوتمو دەچوومە سەر شاخ.

بەرای خۆم, پێش ئەمە, شتێکی دیکەم لەمەڕ خۆم هەیە. ئاها, بەراستی, بیرم کەوتەوە: پار لەچەندان پێشانگای جیهانیی هونەری ئارایشدا, بەشدار بووم. لە پێشانگادا, یەك دەستە خشڵی ژنانە کە زیوی قەڵەمکارو داری هەڵکەنراو: ئەنگوستیلە, گوارە, بازن, ملوانکەو نیشانەی سەرزەمینی شاخەکان کە بزنەکێوی داغستان لەسەر بەردێکی قیت دایە, خۆم دروستم کردوون, قبووڵ کرا.



ئەمن هەتا بیریشم لێنەکردبۆوە ڕۆژێك ئەم دەستکارانە نیشان بدرێن. دەمویست بەم هۆیەوە سەری (**سەرميناز**)– ئەو کیژەی لەکارگەکەی ئێمەدا بەناوونیشانی سەرپەرشتی دەستکارەکان کاردەکا, بسوڕێنم. لەو سەردەمە نائاساییانەدا, شتێك, کەتا ئەوکات لەلام نادیاربوو. بەڵێ, ئێوە تەنیا گوێ لەناوەکەی بگرن (سەرمینان)!, بەوردی گوێ بگرن, چ ناوێکی خۆشە: (سەرمینان), ئەوکات, هەموو ڕۆژێ لەتەنیاییدا, لێوم چەندان جار ناوەکەی دەڵێتەوەو گوێم دەیکێشێ: سەرميناز: (سولوکونت), بەژنو باڵا جوانە, چاوەکانی وەك شەو ڕەشنو بەنیگای, دڵم ڕۆشن دەکەنەوە وبسکی ئەستوورو ڕەشی قەیتانین, وەك لافاوێکی سەنگین بەسەر شانەکانیدا دەڕژێن. هێڵی ئەندامەکانی بەشێوەیەکن, دەڵێی هونەرمەندێکی گەورە, وێڕای قەدەغەی پاکدامەنەکانیش, دروستی کردووە.

بەڵێ, بەو دەستە خشڵەم, حەزم لێ بوو سەرنجی بۆلای خۆم رابکێشم. بەڵام وای لێهات, ئەو هەتا کارەکەمی شایستەی یەك نیگاش نەزانی, ئەگەرچی پاشان زۆر کچی دنیا, وەسفیان کردو پێیاندا هەڵگوت. ئەمەشم بەهۆی ئەو دەفتەری یادگارییەوە بۆ دەرکەوت کە لەگەڵ پێشانگادا شار بەشار دەگەڕاو هەروەها بەهۆی ئەو نامانەی لەزۆر وڵاتەوە پێم دەگەیشتن. کیژێك بەناوی (ئانریتا) لەپاریسەوە بۆی نووسیبوم: **(ئەم دەسکارانە بێ وێنەن, ئەگەر هی من بان, دەمتوانی دڵی هەموو پۆشتەکان وەدەستخەم)** بەنامەیەك لە (ئوکلاهوما) کچێکی ناو (مری), داوای کردبوو, وێنەیەکی خۆمی بۆ بنێرم, تا بتوانێ لەوێنەی ئەو هونەرمەندە بڕوانێ کە بەوردی توانیویەتی زەوقی کچانی هاوچەرخ, دیاری بکا. کچە قوتابی (فوساکو) لەشاری (توکیو) بەپێچەوانەوە لەگەڵ وێنەیەکی خۆیدا, نوسیبووی: **ئارەزووم ئەوەیە, لەڕۆژی زەماوەندمدا, شتێکی کوباچیم هەبێ**" کچە قوتابی (ناتاشا) لەمۆسکۆوە, پرسیبووی: "لەچ کاتێکی ساڵدا, (کوباچی) خۆشترە, تا سەردانی بکا, منیش وەڵامیم دابۆوە, هەرکاتێك ئەو حەزبکا. بەم شێوەیە لەتەواوی دنیادا, کچەکان ئاشقی دەستکارەکانم بوونو ئارەزووی وەدەست خستنیان کردووە, کەچی (سەرمینان)ی کووباچیم کە ئامادەم هەموو بوونو تەواوی کارەکانمو هونەرمەندیو ئەندێشەکانمی بخەمە بەردەست, هەتا زەردەیەکیشی بۆ نەکردم ....... لەوانەیە سەرنج نەدانی لەبەرئەوە بێ کە من تەنیا مەدالیای برۆنزم وەرگرت, لەکاتێکدا (عەزین)ی کوڕی (قلیان), هاوڕێو برادەرم– مەدالیای (بنونوتوچلین)ـە زێڕی وەرگرت؟ لەوانەیە زەردەخەنەکەی پێشکەش کردبێ؟ تەنیا بیرکردنەوەم لەمەڕ ئەو بابەتە, بەشی ئەوەی دەکرد هەست بکەم, چۆن دڵم دەبێتە بەرداش, چونکە سەختترین شت لەژیاندا –بینینی دوژمن لە سیمای دۆست دایە ... بەڵام ئێستا قسە لەمەڕ هەندێ نییە!.

بەڵێ, ڕێدەکەوێ کچانی دوور منیان قبووڵ بێ, بەڵام کیژی گوندەکەمان, کە هەستو نەستم وەك دەریایەکی خرۆشاو هەڵدەچێ, مەیلی بینینی منی نەبێ. بەڵێ, ئاشکرایە, بێ هۆنییە گوتراوە: **مریشکی دراوسێ قازە!.**

www.pertwk.com

لەگەڵ هەندێش، تەمەنم بیستساڵەو دڵنیام لەبەر چاواندا وەك كتێبێكی جادویی سەرەتاكەی ترسناكەو، كە دەتەوێ لەززەتی زیاتر لەو شتەی بەردەمت بكەی، هەڵدەگەڕێتەوە.

بیست ساڵ! وەكو ئەوەیە لەچوارڕیانێكدا راوەستابم كە هەزاران جادەی لێدەبێتەوەو نازانم روو بكەمە كوێ. بەڵام زەمانە لێم بەتالووكەیە، داوای بزوتن دەكاو بەدوای خۆیدا رامدەكێشێ. تەواوی ئەوشتانەی دەوروبەر، لەدۆڵی (سولوكونت)دان، بەنائاسایی، تەمو مژاویو وەكو دۆشەكێكی پەڕی قازی سپی، وەك بەفر، دێتە بەرچاو. باران وەك فرمێسكی شادییەو وادێتە بەرچاو، دووسەری پەلكەزێڕینە پاڵی بە دوو خانووەوە دابێ– خانووی ئێمەو خانووی سەرمیناز: هەمووشتێك بۆمن شادی خوڵقێنە:

هەم ئەو سەگەی ئێستا لەهەیوان راوەستاوەو سەری بۆ پێشەوە شۆڕكردۆتەوەو لە چاوەڕوانی بەخششێكدا، بەوردی دەڕوانێتە دایكمو هەم مامیشم كە هەرئێستا یەك باڕۆكەی تەواوی خواردو بەدەستماڵ خەریكی پاكردنەوەی دەمو لچیەتی، دەنگیشی دێ:

–ئا چ باڕەكەیەكی باش بوو! هەتا پارچە هێسكێكیشی لێنەماوە بۆ سەگەكە. هەرگیز وا بەلەززەت نانم نەخواردبوو! بەڵێ، چێشتی وا، تەنیا بە دەستی (عەیشێ) دروست دەكرێ.





(عەیشێ)، دایكمە. مامم وەك كەسێك بیەوێ سەرنجی بۆلای خۆی رابكێشێ، قەت بواری پیاهەڵدانی لەدەست نادا. ئەوە، پازدە ساڵە، بەردەوامە –بەهەرحاڵ من لەپێنج ساڵیمەوە هەست دەكەم. هەركە (دایان – دۆڵدوروم) بەچاوی وەفاداری سەگەكەمان لەدایكم دەڕوانێ، هەستێكی نادیار ئازارم دەدا، بەڵام بێدەنگ دەبم. هێشتا هەوڵم نەداوە، تێ بفكرمو تێبگەم كەلەژێر ئەو تێڕوانینە خۆشەویستانەو سەرنجە سەیرانەدا چ رازێك هەیە و هێشتا كۆبەندی  توێژینەوەكەم تەواو نەبووە. لەوانەیە، مامم بەو شێوەیە هەستی خزمایەتی خۆی دەربخا. بەتایبەتی من بەپێی ڕێو شوێنی بابو باپیرانی بەشەرەڤ كوێستانێ گەورە كراومو رێگای پرسیار لەگەوران بەخۆم نادەم. لەگەڵ هەندێش، گەورەكان زۆرجار دەست لەشتەكانم وەردەدەن.

رەنگە واش بێ، ئەوان چەندی زۆرتر ڕێو شوێنی گەمەی خۆیان بەسەر مندا دەسەپێنن، بەهەمان ئەندازەش، من، بەپێچەوانە دەجوڵێمەوە.

www.pertwk.com

من پیاوێكی كەم دوو و شەرمنم. بەپێی باوەڕی مامم هەتا ناتوانم بڕوانمە چاوی كچێكیش. هەڵبەتە، ئەو زیاترم بۆ حساب دەكا. ئەگەر وابوایە، دەمتوانی لەنێو هاوڕێكانی خۆمدا باشترینیان هەڵبژێرم؟ هێشتا خزمەكانم هیچ شتێك نازانن– لەكاتێكدا یەكەمین سەوزیم لەسەر لێوان ڕوا، هەڵسوكەوتی دایكم لەگەڵم، وەك گەورانی لێهاتووە. بەڵام كەپووم لەلای ئەو ناشیرینەو نە تەنیا لەلای مامم، بەڵكو لەكن بێگانانیش دەڵێ:

–ئەگەر كەپووت وەك پەتاتە نەبوایە كەلەزەوی دێتە دەرێ، دەتتوانی وەك جوانترین لاوی كوێستانێ ناوبانگ دەركەی...



مامیشم بۆ پشتیوانی ئەو، لەپڕ بەدوو ئەنگوستی، كەپووم دەگرێو بێ ئەوەی گوێ بداتێ كە هەم دێشێو هەم شتێكی ناشیرینیشە، بانگ دەكا:

–بەڵێ، جوانووە ئەسپ ئیدی گەورە بووە، وەختی جڵەوكردنیەتی، ئەگەرنا هەر بزانە دیتت دەگەڵ رەوەی بێگانان كەوت.

هەرچیاییەك، لەمانای ئەمە دەگا: واتە كاتی ئەوەیە ژنم بۆ بهێننو لەدایكمم جودا بكەنەوە.

ئێستاش مامم، مەبەستی بوو لووتم بگرێ، بەڵام ئەمجارە خۆم بەدەستەوە نەدا. لە ئاكامدا چالاكی مەشق كردنم، بەهاناوە هات، یان مامم بە بەدمەستییەكەی دوای گۆشت باڕەكە، سەنگین ببوو... بەهەرحاڵ، نەیپێكا. ئەو دەم، دەستێكی لەشانمداو لەسەر كورسی‌یەك دانیشتو لێبڕاوانە پێی گوتم كاتی ئەوە هاتووە، دەزگیرانێك هەڵبژێری. ئەو دەمی تێگەیشتم، ئەمڕۆ دەیانەوێ ناو لەپم بخوێننەوە. راستیش بوو، دایكم دەستی بەژماردنی ناوی كیژە بێبەختەكانی گوند كردو بۆهەر یەكێكیان پێناسەیەكی وای دەكرد كەبەكەڵكی هەموو سەرۆكەكانی دەزگای هەڵبژاردن دەهات. مامیشم لەگەڵ گوتنی هەر ناوێكدا، یەكێك لە پەنجەكانی كەلەبەر كاركردن ئەستوور ببوون، بەلای ناولەپیدا دەنووشتاندەوەو دەیژمارد: (یەك، دوو، سێ...). بەم شێوەیە بەنۆرە (**بلا**)، (**زارمە**)، (**لەیلا**)، (**زوهرە**)، (**خەمیس**)، (**چغری**)، (**نینا**)، (**سەعیدە و جەمیلە**) ناویان هات. ئاه، چەند كیژی جوان لەگوندە كوێستانییەكەماندا هەن! هەندێكیان پۆلی دەیەمیشیان تەواو كردووە، هەندێكیان هێشتا قوتابین، ئەوانی دیكە ئەو كیژە شیردۆشانەن كەلەڕۆژنامەكەماندا وەسفیان كراوەو هەتا یەكێكیشیان، نوێنەری ئەنجوومەنی ناوچەیە.

بەكورتی، چاوت بنوقێنە، پەنجەت نوقمی ئاسمانكە، مسۆگەر تووشی ئەستێرەی دەزگیران دەبی. وەلێ، من كەلەمێژە مانگم لەئەستێران پێ باشترە. هەرچەندە، مانگیش دەگۆڕێو جێگیر نییە، بەڵام هەتا ئەم عەیبەش، سەرنج راكێش تری دەكا. من لێبڕاوانە گوتم:

بەخوێندنەوەی لیستی ناوی كیژەكان، زەحمەت مەكێشن. ئەمنیش لەئێوەیان باشتر دەناسم.

مامم بەسەرسوڕمانەوە، پرسی:

–ناتەوێ بڵێی یەكێكم هەڵبژاردووە؟

وەڵامم دایەوە:

–بەڵێ!

ئاه، ئەگەر ئەوكاتە سیمای ئەوانتان بینیبا! بە وشە ناتوانرێ بگوترێ چییان لێ بەسەرهات. تەنیا وێنەگر، ئەگەر ئامادەبا، دەیتوانی تۆماری بكا، چونكە دووبارە بوونەوەی زەحمەتە.

نواندن بەهێماو رەمز درێژەی كێشا. ڕووی دایكو مامم لەخۆشحاڵییان گەشایەوە، لەوە دەچوو، كارێكی نەكراوم ئەنجام دابێ: بۆ نموونە هەر ئێستا لەبەرامبەریان، لەئاسمان هاتبمە خوارێو پێم گوتبن، كیژێكم لەكیژەكانی مەریخ كردۆتە دەزگیران.

www.pertwk.com



ئەمن هەتا لەقولایی ناخمەوە بێزم لەخۆم بۆوە: تیوری ئەوان لەمەڕ دەست پەروەردەی خۆیان, شتێکی شایستە نییە! حەز ناکەم سادە نەبم و لەوانەیە نەشکرێ بەفیزم بزانن, کەچی بەم حاڵەشەوە, گەنجێکی سپۆرت دێمە بەرچاو, بەتایبەتی ئەگەر چاکەت و پانتۆڵە تازەکەم دەکەمەبەر. هەرچەندە, کەپووە ...

لێرەدا, تەنیا ئەوەندەم پێ دەکرێ خوا لێخۆشبووی بابم سەرزەنشت بکەم, چونکە ئەویش کەپووی, نائاسایی بووە.

برادەرە بەئەزموونەکانم, زۆر جاریان ئامۆژگاری دەکردم کە سەرلە پەیمانگای جوانکاری جادەی **گۆرکی** لەمۆسکۆ بدەم. ئەوان دەیانگوت: لەوێ کاری نەکراو دەکەن. من هەواڵی کارێکی لەوجۆرەم بیستووە, رەنگە ئەوەش دەربارەی کیژی بەرپرسێکمان کە لووتی وەك بەردێك لەنشێوێکەوە شۆڕ بووبێتەوە, شتێکتان بیستبێ. ئەویشیان ئامۆژگاری کردبوو, سەرلەو پەیمانگەیە بدا. چی بەسەر هات! یان نەشتەرگەر هەوڵی لەڕادەبەدەری داوە یان خودی کیژە, زۆر سوور بووە. بەهەرحاڵ بەکەپووێکی ئەوەندە بچووك و سەر بەهەواوە گەڕایەوە, دەم و چاوی لەو جوانی‌یە سرنج راکێشەی کوێستانیێ کە دەخوازێ کەپووی کیژان بە شێوەی کلاسیکی درێژووکانی و راست بێ, بێبەش بوو. بەدبەختە, پێشان کەم دەهاتە کۆڕو کۆبوونەوان, کەچی ئێستا, دەڵێن هەر بەتەواوی, خۆی لە کونجی ماڵێ زیندانی کردووە. لەهەمووشی ناخۆشتر, ئێستا هیچی پێ لەگەڵ ناکرێ: کورتکردنەوە کارێکی سادەیە, بەڵام تا هەنکووکە هیچ کەس لەدرێژکردنی لووتی‌دا, سەرنەکەوتووە. چاکەتیش هەروا: **چاکەتی باوك بۆ کوڕەکەی کورت دەکرێتەوە. بەڵام چاکەتی کوڕ بۆ باب ... بboورە**!.

لێگەڕێ با کەپووم وەك خۆی کە سروشت پێی بەخشیوم, بمێنێتەوە. خووم پێوە گرتووە. سەرباری هەندێش, برادەرەکانم, بەهۆیەوە, لەهەر قەرەباڵغییەکدا, دەمناسنەوە. کەپوو بۆ من, هەمان رۆڵ دەگێڕێ کەئەو کدوە بەتاڵەی تۆزێ نۆکی تێدابوو, بۆ مەلا نەسرەدین, دەیگێڕا. **ئەو, لەرۆژانی بازاڕ, لەپشتی خۆی دەبەستا تابزر نەبێ**. بێجگە لەوەش, زۆر بیرەوەریم لەبارەی کەپوومەوە هەیە. زۆرجار وەختێ لەپێش دەزگاوە دەبورژێم, قەڵەمی هەڵکۆڵینەری تێڕادەکەم: چەند جاریش لە دووری سێ کیلۆمەترەوە بۆنی (خینگاڵ) بەشیر دەکەم و لووتم بێ گوێدانە ویستم رێك و راست بۆلای هەمان ئەو بەردەم دەبا کە چێشتی لەسەر لێدەنێن.

باشە, ئەگەر هەر تەنیا بە کەپووی خۆمدا هەڵبڵێم, وەکوو (کیش)ی کوڕی (تائیل)ی هاوگوندییەکەی خۆمم لێدێ کەدەیویست مۆمدانی ئاسن داڕێژێ کەچی هاوەنی سیرکوتانی لێدەرچوو. بەهەرحاڵ دەگەڕێمەوە, سەر مەسەلەی بنچینەیی.

مامم بەدەنگی بەرز گوتی:

–برازای سەیر, سێ جاران سێ– نۆ! هەر لەبابی خۆی دەچێ!, لەبنەوە کاری خۆی دەکرد.

مامم وەك ژەنەراڵێك کە نەخشەی هەڵمەتی بڕینەرەوە لەمێشکیدا ئامادە دەکا, لەهەیوانێ پیاسەی دەکرد. بەڵام دەیویست هەڵمەت بکاتە سەرکێ؟ ئایا بەهۆی ئەوەی ئەوانم لەئازاری هەڵبژاردنی ناوی کیژەکان رزگار کردبوو, رازی بوو یان دەیویست لەبەر کەللەڕەقیم شەڕم لەگەڵدا بکا؟

لەوکاتەدا, لەبەرامبەرمدا راوەستا, هەنگاوێکی نا, سینگی دەرپەڕاندو هاواری کرد:

–ناکەس, ئەدی بۆچی قسەت نەکردووە؟

دەبێ بگوترێ وشەی (ناکەس) لەزمانی ئەودا, بۆمن–خۆشترین وشەیەو ماناکەی تەواو پێچەوانەیە, واتە –ئافەرین–. دەبێ دانی پێدابنێم کە ئەو وشەیەم لەوشەی (ئافەرین)ی بێگانان, پێ خۆشترە. لەم وشەیەدا هەم هەست بەخزمایەتی و هەم هەست بەچاودێری کە بێ باب گەورەبوویمە, دەکەم.

www.pertwk.com

بەهەرحاڵ, لەدنیادا زۆر وشە هەن, هەندێ جار مانای پێچەوانە دەگەیەنن. گوێ لەقسەی دراوسێکانتان بگرن– خۆتان تێدەگەن!.

بۆیە من زۆر بەسانایی نارەزابووم:

–هاواربکەم؟ هەرگیز مەبەستم نییە وەکو ئەو مریشکە پۆپیتە بەسەرەم لێبێ کە بەگارە گار حەوشە پڕ دەکا, گوایە لەباتی هێلکەی تویکڵ زەرد, ئەستێرەی کردووە.

–بەڵێ, دەبوایە هاوار بکەی, هەراو هۆریا بکەی تا هەموو بزانن تۆغیانتە! – مامم لەکاتێکدا بەخێرایی سمێڵی دەجووڵاندەوە, هەڵمەتی بۆ هێنام. بەڵام سمێڵە بەشکۆکەی, نەتەنیا لەبەر جوانی, بەڵکو لەکاریشدا یارمەتی دەری بوو. ئەو لەپەیمانگای هونەریدا, بەرپرسی رێکخستنی دەزگاکان بوو, وەستای لەو کارامەتر لەئامادەکردنی قەڵەمی ڕەش لەگوندە کوێستانییەکەمان پەیدا نەدەبوو. لێرەدا, نەخشی سمێڵی لە ئانتێنی تەلەفزیۆن, کەمتر نەبوو: کاتێك گیراوە بۆ قەڵەمی رەشی زیو, دەتوایەوە, دڵۆپە وردەکانی جیوەی لێ جودا دەبوونەوەو لەسەر سمێڵی دەوەستان. بەم شێوەیە, بەوەستای کارامە رادەگەیەنرا, ماددەی قەڵەمی رەش ئامادەیە.

ئەو درێژەی بەقسەکانیدا:

–بەڵێ, دەبوایە بەناو تەواوی دێدا بگەڕێی و بانگ رابهێڵی, تۆ برازامی, ئەگەر یەکێکت هەڵبژاردووە, پێویست بوو هەمووان ئاگادار کەیتەوە, تا کەس جورئەت نەکا پاشملە هەڵبژاردەکەت برەنجێنێ.

من کەئاکاری هەڵبژاردەی خۆمم دەزانی, گوتم:

–مامەگیان, نارەحەت مەبە, ئەو خۆی بەرگری لەخۆی دەکا!

دایکیشم, کەدوای مامم وەخۆ هاتبۆوە, پرسی:

–کێیە!؟

مامم قسەکەی بڕی:

–هەر کێ بێ, بۆ ئێمە گرنگ نییە.

دایکم پێی داگرت:

–نەخێر, گرنگە! ئەمن قەت پێم خۆش نییە, کوڕی من کیژی تیرەیەك بخوازێ کە لەلایەن ئێمەوە نەفرەت لێکراون.

من بەداماوییەوە, گوتم:

–(تیرەی نەفرەت لێکراو), بەو مانایەیە کەئێمەش لەکن ئەوان نەفرەت لێکراوین؟

دایکم بەخەمبارییەوە گوتی:

–هەروایە!–دایکم چارۆگە سپییە درێژەکەی سەری کە دامەنەکەی تا پاشنەی پێی شۆڕ بووبۆوە, رێك خست. لەوە دەچوو, چارۆگەکە لەبەر وشە توندەکانی, لەسەر سەری لاچووبێ. مامیشم لەژێرەوە دەیڕوانییە پرچە ئاڵۆزکاوەکەی.

–لەم سەردەمەدا ئێوە قسەی وا دەکەن؟ من خەیاڵی وام نەدەکرد کە هێشتا خزمەکانم لەسندووقی ژەنگ گرتووی دڵیاندا, هەستی ئەوەندە دژی مرۆڤایەتییان پاراستبێ! مامەگیان خۆ تۆ بەئاوەزترین کەسی...! هاوارم کرد, هەستم دەکرد هەر ئێستا بەڵایەکی ترسناکی ئاسمانیم بەسەردا دەکەوێ, وام دەزانی تەنیا (دایان – دۆڵدوروم) دەتوانێ لەو بەڵایەم بپارێزێ.

ئەو, کاتێ دەربارەی هۆش قسەدەکا, حەز دەکا –تۆکە لەچیاکانی (سالاتاو)و (شاداغ)یش بەناوبانگ تری, نەتتوانیوە ئەوە دەرك بکەی بۆچی ئەوە نزیکەی سەد ساڵێکە دووتیرەی گوندەکەمان نەفرەت لەیەکتر دەکەن و یەکتر دەبوغزێنن.

مامم بەپارێزەوە, پرسی:

–ئومێدەوارم, کەست لەتیرەی (مۆنگی) هەڵنەبژاردبێ!

–وادابنێین .........

www.pertwk.com

مامم بەهەڕەشەوە, گوتی:

–بۆخۆت وادابنێ‌و وەڵامی دایکت بدەوە, هەڵبژاردەکەت کێیە؟ –ئەو لەم بارەیەوە لایەنی دایکمی گرت, هەرچەندە بەزۆری پشتگیری منی دەکردو لەهەڵمەتەکانی دەیپاراستم.



# 6

لەوکاتەدا, من هەڵبژاردەی خۆم هێنایە بەرچاوو لەخەیاڵمدا جوانترم دەبینی, بەشێوەیەك لەتەکمدا وەستابێ.

مەگەر دەمتوانی یەکەمین ماچی ژیانم لەبیر بکەم؟

ئەمە, بیستو حەوت رۆژ بەر لەئێستا , دوای کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی هونەری کەلەنموونەی دەستکارە نوێکان‌و لەناویاندا لەملوانکەیەکی دەستکردی منیان دەکۆڵییەوە, روویدا.

(سەرمینان), ئەندامی ئەنجوومەنی هونەری, باشترین مامۆستای هەڵکۆڵینی دارعاج, ئێستا لەگرنگترین بەرپرسێتیدا, واتە وەرگری دەستکارەکان کاردەکاو زۆربەی ئەم دەستکارانە لەڕووی بیرۆکەو نموونەکانی خودی ئەوەوە, ئامادە دەکرێن.

من نازانم, تەمەنی چەندە, تەنیا ئەوەندە دەزانم, دوای تەواوکردنی خوێندنگا , دیپلۆمی بەرزی وەرگرت‌و پار گەڕایەوە (کووباچی).

هەنووکەش, سەرمینازی من لەتیرەی (مۆنگی)یەو نزیکەی سەد ساڵە لەلایەن تیرکەمانەوە نەفرەتیان لێ کراوە. کەسیش نازانێ هۆی ئەم نەفرەت لێکردنە, چ بووە؟.

تیرەی (مۆنگی)یش, ئەوەندەی تیرەی ئێمە بەناوبانگە. شاعیری بەناوبانگی (کووباچی) (**ئەحمەد مۆنگی**) کە لەکۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەمدا ژیاوە, لەخانەدانی (مۆنگی) بووە. (سەرمینان)یش کەخۆی ئەوەندە جوانە, دەتوانێ بەرجەستەی تەواوی شیعرەکانی وڵاتی کوێستان بێ.

لەو ئەنجوومەنە هونەرییەدا, پێش بیست‌و حەوت رۆژ, (سەرمینان), نموونەی نوێی ئەو خشڵانەی وەردەگرت کە وەستاکان ئامادەیان کردبوو. ئەو زۆربەیانی رەت کردەوەو دەربارەی هونەری واقیعی‌و ئەرکی هونەرمەند لەجوانکاریی ژیانی خەڵکیدا, گوتارێکی ئیلهامبەخشیدا. وەستاکان کەلەسەرەتادا, دەیانویست رەخنەی لێ بگرن, سەرسووڕماو, ئەنگاوتراوو بێدەنگ بوون, (سەرمینان)یش, وێڕای بەخۆوەکردنی نموونەکان, بەردەوام دەیپرسی:

–بەبێ شەرم کردن, بڵێن, ئایا ئەمانە من جوان دەکەن؟

لەودەمەدا, من خۆم پێ ڕانەگیرا:

–نەخێر, (سەرمینان), نەخێر! تۆ ئەوخشڵە ساختانە جوان دەکەی, ئەوان خۆیان هیچ نرخێکیان نی‌یە.

ئەویش بۆ یەکەمین جار پشتگیری کردم:

–راستە, ئەمانە هیچ نرخێکیان نییە! ئاخر دەبێ دەستکردی (کووباچی)یەکان کاری هونەری واقیعی‌بن, نەخشڵی ساختە.

دوای تەواوکردنی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی هونەری, هەموویان کە بەبێ دەنگی بە فکردا رووچووبوون, رۆیشتن‌و لەخەیاڵی خۆیاندا لەکارە نائاسایی‌و جوانەکانی (سەرمینان)یان دەکۆڵییەوە کەئەوانی بۆ داهێنان بانگ کردبوو. باوەڕو

www.pertwk.com

راشـكاوييەكەی وای سـيحراوی كردبـووم, خـۆم پێڕانـەگيراو هـەوڵم دا بيگرمـە باوەش. ئەويش وەك ئاسكێك كەلەچنگی گورگ ڕابكا, خۆی كێشاوە. هيچم بۆ نەماوە, ئەوەنەبیٚ بڵێم:

–(سەرمينان) ببورە, دەمويست ئەم خشڵە ساختانەت لـەمل بكەمـەوە كە بۆتـە مايەی شەرم بۆ من!

هەرچەندە ئەو هێشتا خۆی بەناڕازی نيشان دەدا, بەڵام بەزەردەخەنەيەكەوە گوتی:

–ئەمـە, شـتێكی ديكەيـە –لەگـەڵ ئەوەشـدا ڕێگـای دام ملوانكەكـەی لـە مـل بكەمەوەو لە هەمان كاتدا بوارم بۆ رەخسا, ئەو شوێنە ماچ بكەم كە ملوانكەكەی كەوتبووەسەر.

وەك شـێتێك تـێم رامـاو سـەری بـەفيزەوە بڵنـدكردو چـووە دەریٚ, بـەڵام لـەناو دەرگادا, ئاوڕی لیٚ دامەوەو گوتی:

بۆ ئەم كارانە, هێشتا پێويستت بەشايستەيی زۆرترە!

لەمەبەستی نەگەيشتم, بەڵام ئەو يەكەم ماچی منی بينیو لـەمانای كارەكەشم گەيشـت. لیٚ گـەڕیٚ باهەسـتو خرۆشمـان تـا ئـەو دەمـەی گەلەكـەمان زينـدووە, بمێنیٚ, چونكە پاكی‌ی سروشتی نێوان كيژو كوڕ, كە ناكاری ئێمەيە, هەستی پاكو والآی وا دەخولْقێنیٚ, هيچ شتێكی سەر زەوی تێكەڵ نابیٚ!.



# 7

(دايـان – دۆڵـدوروم), مامـە بـەڕێزو دووربينەكـەی مـن, لەهيكـەوە هەسـتی بەشتێك كرد. بیٚ حەوسەڵەيی من پێيان دەگوت: بەلاٚ بەتـەنيا بەسـەر سـەری منـدا ناباریٚ. ئەو بەماناوە كۆخەيەكی كردو بەئاوازێكی دی قسەكانی دەست پێكرد:

–باشـە, –ديسـان دەسـتێكی خسـتەوە سەرشـانم كـە دەتگـوت بەچـەكووش لەئاسن دەدا.

–چی باشە؟ –دايكم تیٚ نەگەيشت.

–كوڕەكـەت ئێسـتا هەڵبـژاردەی خـۆی هەيـەو ئێمـەی لـەزۆر دەردەسـەر رزگـار كرد.

–بەڵام من دەمەویٚ بزانم كێيە؟

www.pertwk.com

–عەیشێی خۆشەویست, ئەم مەسەلەیە لەهەموو شتێ کەمتر ناڕەحەتم دەکا – مامم بەتووندی گوتی: شتێکی دیکە, سەرم لێدەشێوێنێ: ئایا برازاکەی من و کوڕەکەی تۆ ئەو زانیاری و زیرەکییەی هەیە, دەربارەی (دیاری) بیری کردبێتەوە؟

–کامە دیاری؟ – من گوتم.

–ئاخ! چەند گێلی! ئەو دیارییەی کە تێگەیشتن لەهونەر, زەوق و سەلیقەت وەك هونەرمەندێك, زانینی ژیانت بەدەزگیرانەکەت بسەلمێنێ. لەهەمووی گرنگتر: "**ئەگەر تۆ عاشقی, ئاوارەی کوێستانێ بە!**" مەگەر لەبیرت چووە, ئەم وشانە لەسەر دەروازەی گوندەکەمان هەڵکەندراوە؟ باشە, ئەگەر ئەمانە بۆ شێرەپیاوی وەکوو تۆنەبن, ئەدی بۆ کێ نووسراون؟

–وەبیرمە!

–قاتی, ئەم خووە پێشێل ناکەی؟

–نەخێر, نەخێر مامەگیان!.



–ئیدی ئەمە قسەیە! ئەگەر جگە لەمە شتێکی دیکەت لەمێشك دایە, ئەوا بۆ هەمیشە گوند بەجێ بهێڵە!.

بەڵێ, مامم هەر هیچ نەبێ, ئاکارو خوڕەوشت و راسپاردەی باوو باپیرانمان بەوردو درشتی‌یەوە دەزانێ و ئێستاش نە دەربارەی کارێکی پڕوپووچ, بەڵکوو لەمەڕ پیرۆزترین ئەرکی زاوا, قسەدەکا.

نازانم لەگوندەکەی ئێوە ڕێو رەسمی زەماوەند چۆنە, بەڵام لەگوندی (کووباچی) زۆر دەردەسەری لەدوایە. لاوێك کە دانی پێدابنێ هەڵبژاردەی خۆی پەیداکردووەو ئامادەیە داخوازیکەران رەوان بکا, دەبێ بێ درەنگ توێشووی گەشتێکی دوورو درێژ هەڵگرێ تا دیارییەك بۆ دەزگیرانەکەی وەدەست بخا کە نەتەنیا نیگای, بەڵکو دڵیشی بۆلای خۆی رابکێشێ. هەندێ جار, سەرگەردانی وا, نە یەك دوومانگ, بەڵکو چەندان ساڵ درێژە دەکێشێ, چونکە لەدنیادا شتی جوان, نایابن. سەرباری ئەمەش, زاوا تینووی ئەوەیە لەزەوق و سەلیقەو هێزی خەیاڵەوە, لەهەموو زاواکانی رابردوو و ئایندەش جودابێ.

لەبەر هەندێ, ئەم خۆ دوورخستنەوەیە درێژە دەکێشێ و ماوەکەی دیارنییە. منیش هەندەی نەمابوو لەبیرم بچێ کەبەدان پێدانانی زۆرەکی, خۆم بەهەنگاو هەڵێنان مەحکووم دەکەم.

–باشە, ئەوکات ئامادەبە! –مامم فەرمانیدا.

–هەر ئێستا؟

–بەڵێ, هەر ئەمڕۆ!

–ئەدی کارەکەم چ لێ بکەم؟

–ناڕەحەت مەبە, ئەمن دەیسازێنم. ئەمڕۆ پشوودانە, سبەینێ لەگەڵ بەرپرسان قسە دەکەم. ئەوان تێم دەگەن. یەکێك کەبڕیاری دابێ ماڵ دامەزرێنێ, نابێ لەهیچ تەگەرەیەك بپرنگێتەوە.

(**ماڵ دامەزراندن**)!– ئەم وشانە چەندە بەسادەیی لەلێوی مامەوە دەردەچن. ئاه– ئەگەر ئەنجام دانیشی, وەك گوتنی ئاسان با! لەوانەیە ئەو دەم ئەوەندە سەرنج راکێش نەبێ؟ **چونکە خۆشترین شت, ئەوەیە کە بەزەحمەت و ئازارێکی زۆرەوە پەیدا دەبێ.**

بەڵام ئایا لەڕاستیدا, دەتوانم ئەو قەڵا لەگیران نەهاتووە بگرم و پشت بەوەی کە لەراستی‌دا سەر لەهونەر, چ کۆن و چ کاری وەستا هاوچەرخەکان دەردەکەم, ئەشقی خۆم لەدڵی (سەرمیناز)دا دایسێنم؟ لەم کاتەدا, بۆ یەکەمین جار بیرۆکەیەك ئاگری تێبەردام: ئایا دەتوانم دیارییەکی وا بۆ ئەشقەکەم پەیدا بکەم کەهەموو جوانی سەردەمە زوو تێپەڕەکانی تێدا دەربڕابێ؟ ئاه, ئەگەر دەمزانی دەبێ لەچ دێیەك و لەکامە ماڵدا بەدوای‌دا بگەڕێم!... ئەگەر نەتوانم داوی ئەشقی ئەو بەدەستەوە بگرم؟ ئەو دەمە, هەموو ژیانم کۆتایی دێ.

www.pertwk.com

بیری سەیرو پەرێشان، وایان گەمارۆ دابووم، لەخۆڕا هاوارم کرد:

–نەخێر، ناکرێ (سەرمیناز) ئەشقم رەتکاتەوە!

من کەهێشتا نەمزانیبوو چ دەستە گوڵێکم بەئاوێدا داوە،. کەچی لەبەر هاواری شێتانەو جوێنەکانی دایکم کەڕ بووم، بێجگە لەهەندێش ڕوانینە تووڕەکانی مامم، پشتیان شکاندم.

–ناوی کێت هێنا؟– دایکم هاواری کرد. "سەرمیناز"، کیژەکەی (جیهاندار)؟ چۆن جورئەت دەکەی لەبەرامبەرمدا ئەم ناوە لەعنەتی‌یە بهێنی؟ ئەمن دەمزانی ئەم بایتارمانە دەرگای ماڵمان ئاوەگڵ دەکا.

لەگەڵ گوتنی وشەی بایتارمان، کە مانای بێباك دەگەیەنێ، دایکم تەواوی تووڕەییەکەی دەردەخاو تێگەیشتم، دەبێ لە ئایندەدا کەندو کۆسپی زۆر ببوێرم. ئەو درێژەی پێدا:



–ئاه! ئەی کوێری شێت، لەتەواوی ملوانکەی مرواریدا، تەنیا داواکەت هەڵبژاردووە، باشە، سەبر بگرە، گەسك لەکوێیە؟ دایکم بەداماوی‌یەوە لەشتێکی گران دەگەڕا بتوانێ بیخێوێنێتە سەرم. یاریەکە نزیك بوو، خەریکبووم خودا حافیزی لەژیان بکەم، بەڵام وادیار بوو تێگەیشت ئەگەر باریەکەم لێبدا، تاقانەکەی لەدەست دەردەچێ. لەگەڵ دانانەوەی باریەکە، دەستەکانی لێکداو نیگایەکی دوژمنانەی مامی کرد کەبەخەمبارییەوە لەتەنیشتی راوەستابوو:

–ئەدی تۆ بۆچی راوەستاوی! ئاخر برازای تۆیە! دەیەوێ تیرەکەمان ڕیسوا بکا.

لەوکاتەدا، چاوی بەگەسك کەوت. پڕیدایەو وای هەڵمەت بۆ کردم، وەك بڵێی بیەوێ خشتو خاڵی هەیوان رابماڵێ!.

دایکم لەکاتی پەروەردە کردنمدا، ئەگەر بیویستبا ویستو توانای دایکایەتی خۆی بسەپێنێ، هەتا کەسێکیشی لەبیر نەدەکرد. ئەو بەهیچ شێوەیەك نازانێ، من ئێستا تەمەنم بیست ساڵەو بوومەتە پیاوو خاوەنی کەسایەتی‌یەکی سەربەخۆم. لەوانەیە لەبەر چاویدا هێشتا هەمان ئەو منداڵەبم کە شەڵوارم هەڵدەکردو سەبەتەم بەدەستەوە دەگرتو لە نشێوە بەردەلانەکانی شاخی (کایدیش) بەدوای تووترك، یان لەگەڵ (پادازرنوئە)دا بەدوای ترێی فەرەنگی و ترێ کێویلکەدا هەڕام دەکرد.لەوانەیە وابڕیار درابێ دایك لەکاتی ژیانی، منداڵەکانی لەهەر تەمەنێکدا بن، هەڵسووڕێنێ؟ ئەگەر وانییە، رەفتاری "میتسادای"ی پیرەژنی دراوسێمان (کەهەموو دەیناسن) بە چ لێك دەدرێتەوە: لەهەیوانێ، لەبەرچاوی خەڵك، کوڕە شەرابخۆرە بەساڵاچووەکەی، دەداتە بەر کوتەك؟

دەبێ ئەوەش بگوترێ، دایکە بەڕێزەکەم، بەکەمی، دەست لەم شێوە پەروەردە کردنە دەدا. مەعلوومە، ئەم جارە تووڕەییەکەی بێ راددەیە. هەڵبەتە، ئەگەر وێڕای گەورەبوونم، زیرەکی شایستەو چالاکیم وەدەست نەکەوتبا، وەك چەرمێکی خاو دەیکردمە پۆتین. هەر کە گەسکەکەی هەڵگرت، من بەدوو شاقاو خۆم گەیاندە نزیك ئەستووندەکەی هەیوان. ئەم ئەستووندەیە، بۆخاتری کاری هونەری – چونکە نە وایەری تەلەگراف یا ئانتینی تەلەفزیۆنی پێوە نەبەستراوەتەوە... سەری ئەم ئەستووندەیە سێلکەو هەر لکێکی کەلەشە مەڕێکیان داری خاچ ئاسا کەباریك باریك وردیان کردووە، خستۆتە سەر تا بۆ زستان وشك ببێتەوە. لەهەردوو سەری‌یەوە ریخۆڵەیەکی مەڕ کەپڕە لەقاورمە دڵو گۆشت بەگیای بۆن خۆشی گژنیژو شویدو جافری، هەڵواسراوە.

وەك مەیموونی لێڕەواران، باوەش لەئەستووندە وەردێنمو لەچاو قوچانێکدا، شۆڕ دەبمەوە حەوشەکە.

دایکم هاواری کرد: عەنتەر!

خۆم بیرم لەزیرەکی مەیموون دەکردەوە، کەمنی لەدارکاری رزگار کرد.

www.pertwk.com

–لێ گەڕێ! شایستەی لەچەك كردنە سەرم نەبێ ئەگەر گێلیەتیەكەت لەسەر دەرنەهێنم! ئاخر ئەمە سەد ساڵە، ئێمەو ئەوان یەكتر بەلەعنەت دەكەین!.





لەژێر كەپر راوەستابووم، بیرم دەكردەوە: پێش ئەوەی دڵی "سەرمیناز" وەدەست بخەم دەبێ چەندان تەگەرە لەسەر رێگام لابدەم. راوەستابووم و گوێم دابووە هاژەی ئەو لافاوە بێ بڕانەوەیەی جوێن و نەفرەتەی كەدایكم بەسەر من و تیرەی "مۆنگی"دا دەیباراندو بەتایبەتی ئەمڕۆ لەبەرخاتری من زۆرتربببوو. مەعلوومیشە سەردەمێك ئەم تیرەیە، گورزێكی سەختیان خێواندۆتە تیرەكەمان. مێگزی توێژینەوە، هەتا دەهات سەرتاپای دادەگرتم: بەهەرحاڵ هۆی ئەو نەفرەتە چ بووە؟ تا ئەمڕۆش هەستم نەدەكرد، لە نێوان ئێمەو تیرەی "مۆنگی"دا لێك ترازانێكی وا هەبێ –نەدایكم و نەمامیشم هەرگیز لەم بارەیەوە قسەیان نەكردووە. سەرباری هەندێش، هیچ دیارنەبوو: كاتێ بەیەك دەگەیشتن، چاك و خۆشییان دەكرد، پێكەوە دەچوونە سەركار، لەگۆدەكان لەنك یەكتر دادەنیشین و لەجەژن و كاتی شەڕەبەرانانددا پێكەوە هەڵسوكەوتیان دەكرد. وادیارە برینی گیانی تەنیا لەكاتێكدا وەدەردەكەوێ، ئەگەر بەرشتێكی تیژدەكەوێ. ئایا هەر بەو هۆیەوە نەبوو كە بەگوتنی ناوێكی نهێنی –ئامێز لەلایەن منەوە، ئەو هەموو ئازارە گیانییە بڕژێتە دەرێ؟.

بەلاّم ئەم ئازارە چۆن و جولاّنەوەی وای لەكوێوە پەیداكردووە؟ ئایا لەبەر ئەوەی لەناو تیرەی (مۆنگی)دا، كەسێك هەبوو هونەری باوو باپیرانی تووڕ هەڵداوەو دەستی بەشعر نووسین و گۆرانی گوتن كرد– هونەرێكی دیكەی بۆ خۆی هەڵبژارد؟ ئاخر دالایچەی ئەفسانەیی، **"ئەحمەد مۆنگی"** نەتەنیا لەسەر زەمینەكانی دیكەو بەڵكو: زێدی خۆشی ناوبانگی پەیداكرد.

"ئەحمەد مونگی"ی ئاوارە، كەنیوەی دنیا، پیادەو سوار گەڕابوو، وەك "دەستەمۆكەری شەیتانەكانیش" ناوی رۆیشتبوو. لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا، ئەو یەكەمین فیلمی سینەمایی لەپاریسەوە هێنایە (كووباچی)و نیشانیدا. هاولاّتییەكانی، كەلەبەر ئەم پەرجووە، واقیان وڕمابوو، بەو ئەنجامە گەیشتن كە: **هونەرمەندەكان جگە لەشەیتان شتێكی دیكە نین: لەخۆڕا نییە، ئەوان تەنها لەتاریكیدا خۆیان نیشان دەدەن.** نەتەنیا لەژیانیدا، رێزیان لێدەگرت، بەڵكو ئێستاش لەبیریان ناچێتەوە. (دایان – دۆڵدوروم) یش رێزی دەگرێ و هەر ئەم (دایان – دۆڵدوروم)ە لەگوندێكی "سیراهین" ئەسپە رەسەنەكەی بەزینێكی ئینگلیزییەوە لەبەرخاتری چیرۆكێكی پڕ لەحیكمەت، نەك داستان بەڵكو نواندن، پێشكەش كرد.

بۆ دەبێ من لەتیرەی مۆنگی بەدوای شتی خراپدا بگەڕێم؟ رەنگە بەپێچەوانەوە، رێك ئەو كەسەی بۆتەهۆی نەفرەتێكی وا، لەتیرەی ئێمە بووبێ؟ ئەو؟ كێیەو چ كارەیە؟ نازانم لەهیچ سەردەرناكەم. تەنیا یەك بابەتم لەلا رۆشنە: لەمێژە، شتێكی لە كوشتن گەورەتر لەنێوان دووتیرەی ئێمەدا قەوماوە. چونكە

www.pertwk.com

لەمێـژە خـوێن سـتاندن بـاوی نـەماوە, بـەڵام ئەمـە مەسـەلەیەکە هێشـتا لـەیادی تیرەکەماندا ماوەتەوە.......

لەو دەمەدا دایکم لەبەر هەیوانەکەوە رووی تێکردمو درێژەی بەقسەکانی دەدا:

–بریا دەستەکانت پێش ئەوەی بگاتە دەستی ئەم ژنە, هیشك بووبا, باشتر بوو کوێر بووبای‌و نەتدیبا! لێگەڕێ کەڕبیت نەك دەنگە چەورو نەرمەکەیت گوێ لـێبیٚ! خۆزگە زمانت پێش ئەوەی وشەی ئەشقی ئەوی لێ بێتە دەرێ, ببێتە بەرد!.

من لەخۆڕا بیرم دەکردەوە, ئەگەر کەس بەنەفرەت مردبا, زەحمەت بوو کەس زینـدووبێ. لـەم بـارەدا, پێویسـت بەلەشـکر ناکـا: دەدوازە بێـوەژنی گوندەکـەمان بانگ بکرێن تا بەژمارەی سەربازانی ئۆردووی دوژمن لەعنەت‌و نەفرەت بنێرن!.

ئاخ تۆ چەند وشەبازی! "خۆزگە ... خۆزگە" بەسە! مەگەر نابینی دراوسێکان هاتوونەتە سەربان! –مامم, هێواش‌و ئارام قسەی لەگەڵ دایکم دەکرد, وێ دەچوو لـەوە بترسـێ, نـەکا ئـەویش بگرێتـەوە "ئایشـێ"– بەهێواشـی, ئـارام, ئێسـتا پەنجەرەی ماڵی خەڵکی دەنگیان لێوەدێ...

دایکە میهرەبانەکەم بەهەموو هێزی گەرووی, درێژەی پێدا:

–لێگـەڕێ, هـەموو شـتێك دەنگیـان لێـوەبێ, ئـەمن ئـەو نەنگییـەی لێ قبـووڵ ناکەم!.

–دراوسێ, چی روویداوە؟– (میتسادای) دراوسێ لەسەر بانیژەی تەنیشتەوە پرسیاری کرد. دەم‌و چاوی ئەوەندە چرچ‌و لۆچ بوو کەهـەرکاتێ نیگام وەنیگای دەکـەوێ, حەزدەکـەم ئوتـوێکی سـووتێنەر بەدەسـتەوە بگـرم. (میتسـادای) لـەنێو ژنانی بوختانکەری گوندەکەماندا پلەی یەکەمی هەیەو هەتا ناوەکەی واتە "پـووره گەزگەزۆك", بەڵگەی ئەمەیە– مەگەر مانگات مردووە, واهاوار دەکەی؟

بـەڵێ, "میتسـادای" هەمیشـە مەسـەلەی مانگـا کلـك بڕاوەکـەی ئێمـەی لەمێشکدایە. ئـەم ڕۆژانـە, (میتسـادای)و چـەند ژنێکـی دراوسـێمان لـەنزیك کـانی ژنان قسەیان دەکرد. نازانم کامەیان بوو, ئارەزووی دەکرد: ئەگەر ئێستا فریشتە لەسەر کانی دابەزێ‌و بپرسێ:

چ ئارەزوویـەکتان هەیـە؟ یـەکێکیان گـوتی:"داوا دەکـەم دەسـتکردی تـازەی کوڕەکەم, باشترین مامۆستا بخاتە سەرسووڕمانەوە!", دووەمیـان دانـی پێدانا کـە گـەورەترین ئـارەزووی ئەوەیـە, نەوەکـەی ئـەم سـاڵ لـەتاقی کردنـەوەی دانیشـگادا وەرگـیرێ. کـاتێ نـۆرەی (میتسـادای)هـات, هـاواری کـرد: دەمـەوێ مانگاکـەی "عەیشێ" بمرێ!, مانگای من مرد با "عەیشێ"ش بێ شیر بمێنێتەوە!".

دایکم وەرامی دایەوە:

دراوسێ, بۆ کەیف خۆشیت هێشتا زووە, بەیانی خۆم بۆ گاڕانێم لێ خوڕی!.

–ئەمن دەڵێم لـەپاوانێ مـردووە – (میتسـادای) دەسـتی بەمنـە مـن کـرد: ئـەدی چی ڕووی داوە؟

دایکم هاواری کرد:

–لەسەر ئەوەیە کە چ کیژێکی هەڵبژاردووەو, پەیوەندیشی بـەتۆوە نییـە, بـەڵام لێ ناگەڕێم (سەرمینان)پێ بخاتە ئەم ماڵە!.

–بێـدەنگ بـە! –مـامم بـۆ رازی کردنـی, درێـژەی پێـدا– بابچـینە ژوورێ, ئـەو بوختانکەرانە ئابڕووت دەبەن.

–ئەدی ئەو لەکوێیە؟

–لێرەنییە, کوڕەکەت چووە دەرێ!.

مـامم هـەقی بـوو, بەڕاسـتیش ئـەمن دەمویسـت بەتەنیشـت مـاڵی (سـەرمینان)دا تێپەڕم, لەکن پەنجەرەکەیانەوە کەمێك بکۆخم, کاتێك بینیت سەری هەڵکێشا: هەر بـوارم هـەبێ, کـڵاوە نوێیـە خۆڵەمێشـییەکەم کـەمامم لەتەفلیسـەوە بـۆی هێنـاوم,

www.pertwk.com

لەپەنجەرەڕا بۆی داوێم. ئەمن بەدەگمەن کڵاوی لەپێست دروستکراو لەسەر دەنێم، بەڵام سەرمیناز شاپۆکەم دەناسیٚ‌و مەعلوومیشە هەرکاتیٚ لاوێک کڵاوەکەی لەپەنجەرەڕا بۆماڵی کچێك فڕیٚ بدا، مانای راگەیاندنی ئەشقە – ئەمەش ئاکارە.

بەڵام هەر لەو دەمەدا، بیرێك لەسەری دام: تەنیا من دەتوانم دووتیرەی دوژمن به یەك، ئاشت بکەمەوە. ئەگەر تا ئێستا گومان‌و دوودڵییەکم لەدڵدابوو‌بیٚ لەمەڕ ئەوەی ئایا هەڵبژاردنەکەم، ئاخیرە؟ ئیدی تەواو بوو. بەڵیٚ، من چارەنووسم بە "سەرمیناز"ەوە دەبەستمەوەو لەم رێگایەدا مەشخەڵی ئاشتی هەڵدەکەم. هەر هەڵەیەکی گەورەش بووبیٚ، کەدوو تیرەکەمانی بۆ سەت ساڵیش لێك جوداکردبێتەوە، دەتوانریٚ چاك بکرێتەوە!.



ئیدی دەنگی دایکم‌و مامم نەدەهات، وادیاربوو (دایان – دۆڵدوروم)، توانیویەتی دایکم رازی بکا بەوەی شایستەی ژنێکی تیرە بەڕێزەکەمان نییە، لەبەرچاوی خەڵکی وا ڕەفتار بکا.

من کەلەژێر کەپرەکە خۆم حەشاردابوو، هاتمەدەریٚ‌و چوومە حەوشەکە.

–ئاهای (میتسادای)، لەماڵی دراوسێتان چ باسە؟ ژنێك لەسەربانێکی سەرەوەی گەڕەکەوە، بانگی دەکرد. شیشەکانی دەستی، کەدیاربوو خەریکی چنین بوو، دەچریسکانەوەو ئەو گۆرەوی‌یە ژنانەیەی دەیچنی، لەبەر چاومدا، سەیر درێژ دەبوونەوە،

–دەڵێن کوڕەکەیان لەگەڵ "سەرمیناز" کەین‌و بەینی هەیە. ئەمەش بەخێروخۆشی تەواو نابیٚ.

–ناکریٚ!.

–چۆن ناکریٚ، ئەگەر ئەمن بەگوێی خۆمم گویٚ لیٚ بووبیٚ. چیم بیستبیٚ، ئەوە دەگێڕمەوە.

–بەڕاستی، مەگەر کیژ لەگوند بڕابوو؟ –سیٚیەم ژن کە لەسەربان، بەسینی نیسکی پاك دەکردەوە، هاتەناو قسان.

(میتسادای) پێکەنینێکی ژەهراوی بەسەر لێوانەوەبوو:

–ئەگەر ئەو کچ نییە، ئەدی کێیە؟ لەوانەیە کوڕبیٚ جلی ژنانەی دەبەر کردبیٚ تا خەتەنەی نەکەن!

ئەو ژنەی نیسکی پاك دەکردەوە، وەرامی داوە:

–پێش ئەوەی بچێتە ڕووسیا، کیژبوو، مەگەر نەتبینی، دوای سەفەر چۆن زگی هەڵسابوو.

–مێردی هەبوو؟

–جا ئەمن لەکویٚ دەزانم؟ لەدوایان نەگێڕابوومەوە بۆ زەماوەند!

–لەوانەیە، لەگەڵ بەڕەڵڵای ئەمانە کەین‌وبەینی هەبووبیٚ–و (میتسادای) پەنجەی بۆ ماڵی ئێمە راکێشا. –بەهەقی شتی نەبینراو! لەوانەیە تەنیا رۆژهەڵات و رۆژئاوا لەجێگای خۆیاندا مابن، ئەگەرنا هەموو شتەکانی دیکەی سەرزەوییە گوناهبارەکان، تێکەڵ‌و پێکەڵ بوون.

من بەسستی خۆم هەڵدایە سەر ئەوبەردەی، گۆشەیەکی حەوشەکەمانی داگیرکردبوو. لام باشتربوو دایکم شیشە ئاسنەکەی لەسەری دابام، نەك ئەو قسانەم گویٚ لیٚ بووبا. و هەمووشی وێڕای پێکەنینی ژەهراوی‌و لەمەڕ کێش؟

www.pertwk.com

دەربارەی (سەرمینان) چیبووە، وڕێنە دەکەم؟ بەهەڵەم بیستووە؟ (سەرمینان)ی چیایی.

نەخێر، ئەمن بەڕاستی ئەمانەم بیستووە! ئەوان، ئەو سێ ژنە، ئێستا لەسەر یەك بان کۆبوونەتەوە تا لە پەڕەکایەك کێوێك دروست بکەن و بەناو گوندیدا بڵاوی‌کەنەوە. بەو چارۆگانەیان هەرلە کوکوختی دەچن، ئەگەر چی پێم باشتربوو پێم گوتبان ریشۆڵە، چونکە دوای بیستنی قسەکانیان، تەواوی دنیام لەبەرچاوان لێڵ و تاریك بوو.

بەڵام تەسلیمیان نابم. مامم، (دایان – دۆڵدوروم)ی بەشکۆ، فێری کردووم کە سەختییەکانی ژیان –بەقسەی ئەو– هەمیشە لەخراپترین بارودۆخدا دەردەکەون و دەبێ لەبەرانبەر سەختی‌دا بەرگە بگرم. ئەمن کە باوەڕ بە بوختانەکانی (میتسادای)و دەستە داخ لەدڵەکانی ناکەم! بەخۆم دەڵێم: کاکە، بەهێز بەو نائومێد مەبە: سێ جاران سێ– نۆ! مەعلوومیش دەبێ، لە ئایندەدا گەلێ کەندو کۆسپی دیکەت دێنە ڕێگا، بۆیە، ئەم بەردەی ژێرت وادابنێ، **گورزی چارەنووس کە وەپشتت دەکەوێ، زۆر بەئازار نەبێ.**



## 2 کەس بەسمێڵی ناشەوان باوەڕ ناکا!



گوێگرە بەڕێزەکانم، هەرچەندە بەتێڕوانینی ئێوە، سەرسەختیش بم، بەڵام ئەگەر بڵێم گوایە قسەی داخ لەدڵانەی بوختانکەرەکانی گوندەکەمان کەوەك بەرد بەسەر دڵم کەوتن، نەونەمامەکەی ئەشقی منی نەرووشاند، راست نابێ!. زۆر زوو هەستم کرد بەرگەی ئەشکەنجەی لەش چەندە لەئەشکەنجەی گیانی ئاسانترە.

بەڵام سەیر ئەوەیە، لەوانەیە کەس لەگوندی، لەمن باشتر نەزانێ، (میتسادای) دراوسێمان چ پیرەژنێکی پڕوپووچە. وام دێتەبەرچاو، وەك دەڵێن، لێگەڕێ خوا سزای بدا. ئایا قسەکانی نرخی ئەوەیان هەیە باس بکرێن؟ بەتایبەتی کەلەهەمان سەرەتای منداڵیمەوە، تەنیا قسەی ناخۆشیم دەرهەق بەخۆم گوێ لێ دەبێ. بالەوێوە دەست پێبکەین کەناوی منی "**بەهادور**"ی، وەك جوێن بەسەر زاردا دەهات، لەکاتێکدا (بەهادور) واتە (شێرپیاو) و (پاڵەوان). ناوی وا لەکوێستانێ دەگمەنەو مەعلوومە باوکم ویستوویەتی من، شایستەی ناوی وا گەورەبم.

(میتسادای)، مەعلووم نەبوو، بۆچی هەموو بەدبەختی خۆی، لەچاوی مندا دەدیت. تا ئەو جێگایەی لەبیرمە، ئەو ناگۆڕێ و وادێتەبەرچاو لەرۆژی لەدایکبوونییەوە هەروابووە. من هەمیشە خۆم لاداوەو جارێکیش کە بۆ سێودزین چوومە حەوشەکەیان، خراپترین رووداوم لێقەوما. منداڵەکانی لەمن گەورەتر، فێڵزان بوون، پێیان گوتم لەباتی فیت فیتەیەك کەدەمدەنێ بچمە حەوشەکەیان کارکە سێویان بۆ بچنم. منداڵ، چ کارێك ناکا، نەخەسەلە فیت فیتەی واش لە گۆڕێدا بێ؟ بۆ بێتاوانی خۆم، دەتوانم رووداوێك بگێڕمەوە کەلە (حاجی) دۆستم کەلەمنیش گەورەتربوو، روویداوە. رۆژێك لەکاتی قسەکردندا، لەگۆدەکان دەربارەی رەفتاری ناپیاوانەی کابرایەکی دەست رۆیشتوو کەلەلایەن خزمە زۆرەکانیەوە دەورە درابوو، دەدوا. دوای دانیشتنەکە یەکێك هەڕەشەی لە (حاجی)کرد یان خۆی پێ زانی: دەکرێ تۆڵەی لێ بکرێتەوە، بۆیە چووە پایەگای (پۆلس)و بۆ بەرگری لەخۆی، داوای چەکی کرد. بەڵام لەوێ بەپێچەوانەوە، نەك

www.pertwk.com

هەر چەکیان نەدایێ، بەڵکو فیت فیتەیەکیان نایە دەستی. بەو مانایە ئەگەر هەڵمەتیان بۆ هێنای، فیتە لێدە -یارمەتیت پێدەگا! چ زەمانێکە -دەمانچە بەفیتەفیتە دەگۆڕنەوە!.

ئێستا ئێوە تێدەگەن، لەبەرخاتری دیاریوا، ئامادەبووم هەتا دزی لەباغی خۆشمان بکەم! باشە، ئەگەر منداڵان حەزیان لەکارکە سێوەکانی (میتسادای) بێ، لێگەڕێ، وابێ. فیت فیتەکەم وەرگرتو خۆم فڕێدایە حەوشەکە، وەسەر دارسێوەکە کەوتم، خەریکی پڕکردنی باخەڵم بووم لەسێوە ترشەکان. لەپڕ دەنگی دەرگا هاتو (میتسادای)هاتەوە. ئەمن لەترسان لەدارسێوەکە هاتمەخوارێو لاستیکی دەرپێم پساو ئەو سێوانەی چنیبوومن بەناو حەوشەکەدا پەرتو پەخشان بوون.

(میتسادای) کەبەخۆیو تۆبزێکەوە نزیك دەبۆوە، نەڕاندی:

-چ دەکەی لێرە؟

کەمێ هاتمەوە سەرخۆو پەنجەم بۆ ئەو سێوانە راکێشا کەبەحەوشەکەدا پەرت بووبوونو گوتم:

-نەنە (میتسادای)، وادەبینی ئەم نیعمەتی خوایە لەناو دەچوون، دەمویست کۆیان بکەمەوەو بیانکەمەوە دارەکەوە.



بەداخەوە قسە بێ سوود بوو، چونکە پیرەژن بەهەڕەشەوە نزیك بۆوە.ئەو دەم خۆم هەڵکوتا رابکەمو بەئومێدبووم پێش ئەوەی تۆپزەکەیم بگاتێ، وەسەر دیوارەکە کەوم. بەڵام تا من وەخۆکەوتم، میتسادای تۆپزەکەی لەدەرپێم گیرکرد. هەرچۆنێك بوو توانیم بگەمە سەر دیوارەکە، ئەمما چۆن، هەر لێی گەڕێ!.

منداڵەکان لەکۆڵان چاوەڕوان بوون. سێویان دەویست. ئەگەر ئەمن مەسەلەکەم بۆ گێڕانەوە، فیتەفیتەکەیان دەویستەوە. بەڵام کوا فیت فیتە -لەوانەیە لەکەینو بەینەکەدا بزربووبێ. مەسەلەکە بەشەڕ کۆتایی هاتو لەئاکامدا فانیلەکەشم شیتاڵ شیتاڵ بوو.

رووتو قووت گەڕامەوە ماڵێو لەوێش دایکم حەقی خستەناو لەپی دەستم. وەختێکیش (میتسادای) بڵاوی کردەوە، گوایە دارسێوەکەیانم ڕنیوە، مامیشم (دایان - دۆڵدوروم) حیسابو کتابێکی دیکەی لەگەڵ کردم...

بەم شێوەیە، بێگومانم، هیچ کەس (میتسادای) پیرەژن وەك من باش ناناسێ. بەڵام چ دەکرێ کەهەندێ جارلەگوندە کوێستانییەکەمان کەلەبڵندترین ساختمانەکان دەچێ، رووداوی سەیرو سەمەرە روودەدەن. گوندە کوێستانییەکەمان وەك ئامفی تیاتر لەو گەلێیەی ئەشکەوتی (عەلی پارسا)ی تێدایە، لەدامێنی شاخە بەردەلانییەکەی (ئاغا)وە سەردەکەوێو لەترۆپکی چیاوە دەگاتە گردە کۆنەکەی "زێڕینگەران" کە قەڵای "قۆناف"ی پێدەڵێن: (عەلی پارسا)لەوەوە ناوی دەرکرد کە بەپێچەوانەی نوێترین قەدەغەکردنەوە لەلایەن تزاری سپی لەئەشکەوتەکەی خۆی دادەنیشتو لەقاڵبی تایبەتیدا سکەی پێنجو دە رۆبڵی (زێڕ)ی لەمسی ئاسایی دادەڕشت. بەم شێوەیە سینییە مسێك بۆ وەدەستکەوتنی سامانێکی زۆر بەس بوو. بەڵام ئەو خۆی وەکو گوندییەکان دەژیا، چونکە سکەکانی خۆی لەگەڵ سکەی زێڕ دەگۆڕییەوەو بەسەر بێ دەرەتاناییدا دەبەشینەوەو لەدروستکردنی جادەو پرد، پاککردنەوەی کانیاوو بیرەکان، یاری دەکردن. ئەو هەتا لە جێگایەکی دوورەوە، رەنگە لە ئەڵمانیا، ئاشێکی ئۆتۆماتیکی پازدە تەنی هێنابووە (کووباچی) کەتا ئێستاش پارچە گەورەکانی لەنزیك نانەواخانەکە، کەوتوون. گوندەکەمان لەو رووەوە لەساختمانێکی زۆر بەرز دەچێ. بانی نزیکترین خانوو وەك هەیوان بۆ ریزەکانی دیکەی خانوەکان بەکار دەهێنرێو بەم شێوەیە خانووەکان وەك پلیکانێکی گەورە کەنزیکەی سێ سەد پلەی هەیە تا قەڵای (قۆناق)، بەرز دەبێتەوە.

www.pertwk.com

هەرچەندە لەم دەبیست ساڵەی دواییدا، ئەم پلیکانە گەورەیە کەلێنێکی تێکەوتووە، چونکە هەندێ خانوو خراپ بوون، هەندێ کەس گوندیان بەجێ هێشتووەو چوونەتە شارو هەندێکی دی خانوویان لەدەشت دروستکردوەو لەوێ دەتوانن نە تەنیا خانوو دروست بکەن، بەڵکو باخچەشی لەبەردەمدا بڕازێننەوە.

وام خەیاڵ دەکرد، رێك بەهۆی بوونی ئەمجۆرە خانوانە بووە کەلەگوندە کوێستانییە جوانو بەشکۆکەمان، هەڵبەت نە بەبێ بەشداری مرۆکان، رووداوی سەیرو سەمەرە، دەقەومان. ئەگەر لەگەڕەکی خوارێ بگوترابا فلان خاتوون بەخۆشییەوە رزگار بووەو کوڕێکی کاکۆڵ زێڕی بۆ مێردەکەی بەدیاری هێناوە، ئەو دەم لە (پلە)ی سەرەوەی گوند، هەواڵەکە بەشێوەیەك بڵاودەکرایەوە، خەڵك بەڕووێکی گرژو خەمبارو بەدەم فاتیحە خوێندنەوە سەروژێر دەبوونەوەو بەدایكو باوکە سەر سووڕماوەکەیان دەگوت، بیستویانە باوکی مردووە. ئەگەر لەناوەندێ، وەستایەك، گۆزەیەکی مل باریکی زیوی بۆ کۆنیاکی بەناوبانگی داغستان بەئارمی **(بزنە کێوی رەش)** دروست دەکرد کەلە رێكو پێکیو جوانیدا، نائاسایی بوو، ئەوکات خەڵکانی سەرەوە گوێ بیست دەبوون، گوایە وەستا پیاوێکی بەدمەستو بێ ئەقڵەو ئەوانی خوارێش دەیانبیست، وەستا لەپێناوی داهێناندا، مەنجەڵێکی دروستکردووە، بنی دیار نییە.

دەبوایە بەلەبەرچاوگرتنی رووداوە سەیرو سەمەرەکانی رۆژگار، لەئاست ئەو هەموو وڕێنەو درۆیانەی لەمەڕ (سەرمینان) هەڵبەسترابوون، ئاسایی بم، بەڵام دڵم بەرایی نادا. بەتایبەتی کاتێ دەمە بێ دەمبێنەکان، بوختان بەپیرۆزترین شتت بکەن. بەڵێ، نەکا لەم قغە قغەی قەلەڕەشان، تۆزە راستییەك هەبێ!؟.

ئایا هەر لەبەرئەوە نەبوو، دایکە خۆپارێزو ئارامەکەم، تەنیا بەبیستنی ناوی (سەرمینان) وەك شێتان راپەڕی.



ئەگەر من ناوەکەی دەخەمە سەرزارمو دەیلێیمەوە، گومانم نامێنێو وەك پارچە ئەڵماسێك لەسەر لمدا، هەموو شوێنەتراشراوەکانی دەدرەوشێتەوە. بەڵام هەر ئەوەندە بۆ یەکەم دەم ناوی (سەرمینان)م لەبیر بچێتەوە، هەموو شتێك وەك شەو، خۆ لە تاریکی وەردەپێچێ. ئەدی لەکوێ بەدوای راستیدا بگەڕێم؟ لەلای (جیهاندار)ی باوکی؟ بەڵام ئەو قسەشم لەگەڵ ناکا. من باوکەکانی خۆمان دەناسم! ئەوان بەگشتی، دەربارەی ژنانو کیژەکانیان نادوێنو گفتو گۆی وا لەخۆیان بەرەو ژێرتر دادەنێن.

لەخودی (سەرمینان) بپرسم؟ ئەمما هەر کە لێی نزیك ببمەوە، زمانم دەبەسترێو گەرووم هیشك دەبێ، ئێستاکە زمانم ئازادانە دەگەڕێ، لای ئەو دەست بەجێ لاڵ دەبم. یان لەوانەیە، هەر بیریشی لێ نەکەمەوە؟ ئاخر (سەرمینان) ئەمڕۆ دڵی منی واپەرێشان کردووە، ئەگەر رۆژێك خۆشبەخت بێو بەڕاستی ببێتە هی من، ئەو دەم چی لێ دەکا؟ بیر نەکەمەوە؟ چۆن دەکرێ؟ ئەدی بۆچی من ئەوەندە بۆ گرتنی دڵی کەسێك کەتا ئەو رادەیە بەفیزە، هەوڵ دەدەم؟ یان لەوانەیە بۆیە فیز دەکا چونکە کەلێنێکی بەخۆی شك دێ؟ ئەو کات باشتر نییە بەگوێی مامو دایکم بکەم، مسۆگەر ئەوان حەزیان لێیە من خۆشبەخت بمو لەبیست ساڵیمدا تووشی هەڵەیەك نەبم!.

لەئەنجامی رستە بیرێکی سەیرو سەمەرە، لەناکاو هەموو ئەو کیژانەم وەبیرهاتنەوە کە مامو دایکم ناویان هێنان.

(بلا)ی کۆنە هاوپۆلم، کیژەکەی (عومەر) سەرۆکی ئەنجوومەنی گوندەکان کە بەشێوە زۆر لەکچە قارەمانی داستانی "لیرمەنتۆف" دواناکەوێو لە ناوەڕۆکیشدا لەو دەوڵەمەندترە ... (سەعیدە) ی خزمەکەمان، چ هەیکەلێکی هەیە. خەڵکی (سولوکونت) لەبەهاران لەگەڵ کیژیوا زەماوەند دەکەن تا پایزێ دەستی زێدەکاریان هەبێ. (لەیلا)، نوێنەری ئەنجوومەنی گوندەکەمان لەهەموو روێکەوە

www.pertwk.com

دڵگیره, بەڵام وەك هەوای (کووباچی) دەگۆڕێ. (زوهره)؟ گومان ناکرێ هیچ تاهیرێك (زوهره)ی وای دیبێ, بەڵام دەڵێن چاوەڕوانی تاهیری خۆیەتی کەناوی (سوڵتان)ەو لەمەداری تەوەردا سەربازه. (خەمیسه), (چگری), (نینا), (زارمه), (جەمیله) هەموویانم هێنایەوه بەرچاو, بەڵام ئەمانه دڵیان نەدامەوه کەبەهۆی قسەی ئەوان ژنان, خرۆشابوو. لەگەڵ هەندێش, وەك چۆن جڵەوی ئەسپێکی تیژڕەو کەتازه پشت دەکرێ, دەگرن, هەروا جڵەوی خۆم دەگرم. هەر ئەوەندە جڵەو شل کەی, ئەسپ بەتیژی, لەڕەوه ئەسپەکان دەترازێو وردوخاشت دەکا. ئەوەندە بەسه, منیش کەمێ ویستم سست بکەم, تا رەفتارێکی ناشیانەم لەدەست دەرچێو ئەوکات تا کۆتایی ژیانم, ئەفسووس بخۆمو بەئاهوناڵەوه بڵێم: **"ئاه, ئەی بیست ساڵەییم, لەکوێی!"**.



بەم بیره پەرێشانەوه کەوەك گەردەلوولی بەفری دەشتی "نۆگای", لەسەرمدا گێنگڵیان دەدا, چوومه سەرەوەو بەخەیاڵەوه پاڵم بەئەستووندەی هەیوانەکەدا. ئەو وشانەی له (گۆدەکان) لەزمانی کەسێك دەرچووبوون" دەڵێی, **کاتی زەماوەندە؟ باشه, خۆت هەڵواسه, پاشان پەشیمان بیتەوه, بەڵێ, خۆت هەڵواسه!"** وەك ئەو ئەستێرانەی دادەڕژێن, مێشکمیان شەق دەکرد.

ئایا ژن هێنان ئەوەندە خراپه؟ ئەودەم, بۆچی ژمارەی رەبەنان ئەوەندە کەمه؟ جێی خۆیەتی منیش بەو کۆمەڵە کەمەی ژن هێنانیان رەت کردۆتەوه, پەیوەست بم؟ ئەدی باشتر نییه خۆم باوێمه سەر شەپۆله خرۆشاوەکانی دەریا تا لەدوورگەیەکی گچکەی بێ سەرنشیندا وێڵ بم؟.

با, دەرگای ئەو ژوورەی خستە سەر پشت کە ئاگردانی تێدایە و کووباچییەکان بە بەردی نەخشین سێ لای دەڕازێننەوەو دەنگی دایکم بیرەکانی پارچە پارچەکردم. ئەو هێشتا دانەدەسەکناو پرووشکی دێنا.

–ئۆه, ئەگەر ئەو دەم وەبەردەستم دەکەوت, پێم نیشان دەدا چ کەسێك هەڵبژێرێ!

(دایان – دۆڵدوروم) هەوڵی دەدا دڵی بداتەوه:

–باشه, بەسه, سێ جاران سێ–نۆ, هێواش به, ئەمه بخۆوه!.

–ناخۆمەوه, تۆ بیخۆوه! نەمردینو قەباحەتی ئەو بایتارمانەشمان بەچاوان دیت.

–(عەیشێ). ئەوه تۆ نەبووی کەدەتویست کوڕەکەت وەك پشیلەیەکی لێبێ, بەڵام وەك پڵنگت پەروەردە کرد؟ ئەدی پێرار نەمگوت کاتی هەندێیە بیرێکی لێ بکرێتەوه, وام گوت یان نا, سێ جاران سێ– نۆ؟

–باشه, قسە چ سوودێکی هەبوو؟ پێویستی بەگوتن نەدەکرد, کارپێویست بوو!

–بەڵێ, بەم کارەوه, دەکرێ ئیش بەمەیلت نەبێ! دۆشین ئاسانه, ئەمما تاقیبکەوه, دەتوانی بیخەیتەوه ناو گوانەکەی؟

–زۆرتر لەبیری خۆت دای, نەك لەبیری برازات. ئەگەر هەگبەکەت لەسەرپشتی ئەو کەره نەبوایە کە هەڵدێرا, چ کارت بەکەرەکەبوو, مەگەر وانییه؟

www.pertwk.com

–ئەمن ناڵێم وانی‌یە. پێم خۆش نییە وردەشت لەڕدێنی خەڵکی دی بتەکێنم. من ئیدی لەرازی کردنت ماندوو بووم. پازدە ساڵە.

–تۆ چ پیاوێکی، کە پازدە ساڵە قسە دەکەی؟ کوا ئەو دیارییەی دڵم نەرم دەکا؟ ئەگەر تۆ ملوانکە بەناوبانگەکەی وەستا "تۆپچی"ت پەیدا کردبا، قسەیەکی دیکەبوو...

–بەڕاستی تۆش خۆت بەنرخ دەزانی! هیچ جیگیتێك نەیتوانیوە ملوانکەی وەستا (تۆپچی) بۆ گوندە کوێستانی‌یەکەمان بگێڕێتەوە...

–دیارە هەرزانت دەوێ!

نەفرەت لەبوختانکەران، لەخەفیان، لەدوزمانان، لەخوێنمدا دەگەڕێ. ئەگەر دەستەڵاتم هەبوایە، هەموویانم سەربەرەوخوار بەدارەکانی گوندەوە هەڵدەواسی. ئەو کەسانەشم خۆش ناوێن کە بەپێکەنینی ژەهراوییەوە، گوێ لەقسەی خەڵکی دیکە دەگرن، بەڵام (دایان – دۆڵدوروم) و دایکم بۆمن بێگانە نەبوون و سەرباریش، قسەکانیان پەیوەندی بە منەوە هەبوو. بۆیە دەنگم نەکرد. دەمویست بزانم چییان لەبن سەردایە. بەڵام دواقسەکانی مامم منیان وریا کردەوە.

دایکم دەیگوت:

–ئومێد بەتۆ نابەسترێ ... ئەمن دەبوایە ئەو نەخش‌و نیگارەی کوڕەکەم سەروگوێی شکاندووە، رێك بخەم.



–دەترسم وەدرەنگ کەوتبێ. نەخشەو نیگارێکی زۆر ناسکە – دەیاندڕێنی!.

–تۆ کوێری‌و نابینی کەتەنیا هێڵێکیان خوارە.

–دەبینم، یەك هێڵە، بەڵام خوارییەکەی بەدەستی وەستاکەی نییە، بەڵکو بەدەستی ئەشقە... ئەمن تەنیا یەك جار لەڕاڕەوی کارگەدا بینیوومن کە خەریکی چاوچاوانێ بوون‌و ئەوەندەش بۆ من بەس بوو، تابزانم چتۆ نەخش‌و نیگارێکە.

–لەگەڵ هەندێش، کۆرەی! کاتێ کیژە، لەرۆژنامەی دیوار، لەبارێکدا خەوی لێکەوتووەو قەڵەمی هەڵکۆڵینی لەکەپووی راکردووە، وێنەی کێشاوە ، دەتوانێ چ جۆرە ئەشقێك لەنێوان دا هەبێ؟ نەکا وابیربکەیتەوە من رازی دەبم کیژی‌ئەو تیرەیە بێتە ماڵەکەم؟ ئاخر ئەوان هەمیشە پەلکە شووتی دەخەنە ژێر پێمان. ئەمڕۆ، وێنەی کوڕەکەمان بەکەپووە درێژەکەیەوە بکێشن، سبەینێ دەبینی، تۆ بەسمێڵەکانتەوە چاپ دەکەن!. نەخێرو نەخێر!.

–رازی دەبووم، بەڵام بابزانم ئەگەر ئێمە ناڕەزابین ئەو زەماوەندەکەی دوا دەخا، یان هەروا رەبەن دەمێنێتەوە.

هوم، بەڵێ! ئەمڕۆ مامە خۆشەویستەکەم قسە دەبزڕکێنێ!. بەڵام دایکم لە هەمووی دەگەیشت، دیارە شتێکیان لەنێواندا هەیەو لەمنی دەشارنەوە. هەستی زانین، هەتا کاریگەری قسەی ژنە چەنەبازەکانی گوندەکەمانی لەسەر دەرکردم.

دەستیان بەقسان کردووە:

–باشە لێگەڕێ نەیکا، دیسان لەوەباشترە ئەو چەتیمە بهێنێ!.

–ئەوە چ دەڵێی. –دەنگی مامم لەگۆرانی دەچوو، دەتگوت زۆر لەشتێك دەترسێ– دەربارەی من بیردەکەیتەوە یان نا؟ ئاخر منیش مرۆم، دڵم هەیەو لەپۆلاش نییە! پازدەساڵ کەم نییە!.

من لەهەیوان راوەستاوم‌و زەوی هەیوانەکە لەبەر هەنگاوە پەشۆکاوەکانی (دایان – دۆڵدوروم) لەبن پێم وەلەرزکەوتووە. تا ئێستا، وام بیردەکردەوە، ئەگەر دڵی لەپۆلاش نەبێ، مسۆگەر لەبەردە. بەڵام دەرکەوت هەڵەم.

مامم گەڤی دەکرد:

–سووژن لەناو ئاوریشمدا ناشاردرێتەوە. من ئیدی بەرگە ناگرم!

–ناتوانی؟

–ناتوانم! –دەنگی مامم ئەوەندەش بەهێز نییەو خۆشی هەستی بەوە کردبوو.

www.pertwk.com

درێژەی پێدا:

–ئاخر تێ بگە، ئەشق شتێکی ناسکە، لەداوی گوارەکانی تۆش ناسکترە، ناکرێ وا بەڕەقی رەفتاری لەگەڵ دا بکرێ!.

سەیرە، ئەو لەمەڕ ئەشقی کێ قسان دەکا؟ دەربارەی ئەشقی من، وا پێ ناچێ. نەکا مامم بەو پیرییە ئاشق بووبێ؟ بەڵام هی کێ؟ لەخۆڕا نییە چیاییەکان دەڵێن: **(بەسمێڵی ئاشەوان باوەڕ مەکە!)**: یان لەبەر پیری سپی بووە، یانیش تۆزی ئاردی لێ نیشتووە.

لەوکاتەدا دایکم هێنابەرچاو کە لەتەك مامم راوەستاوەو گوێی لە قسە بەگوڕەکانی راگرتووە. تەمەنی، سی و حەفت ساڵە، بەڵام زۆر گەنجتر دیارە. کاتێ پێکەوە دەچینە گوندێکی دی، بەخوشكو برامان دەزانن.

هەڵبەت منی میهرەبان دەمتوانی لەنووسینەکەم دا رەنگەکەی وەدەربخەم، بەڵام لەنك چیاییەکان نەبۆتە خوو وەسفی دایکی خۆیان بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ راستی دەتوانم بڵێم شایستەی پێداهەڵگوتنە. دایکم لەشادیو تووڕەییدا جوانە، هەر چەندە وەختێ قسەم پێ دەڵێ، لەنەرمیو جوانییەکەی دادەشکێ. رۆژێك ئەم مەسەلەیەم پێ گوت، قسەی زۆرتری پێگوتم. لەخۆڕا نییە دەڵێن: **(بۆ ئەوەی دایکت تێبگا، هاوسێت دەرس بدە).**

دیسان دەنگە پڕ لەخەمەکانیم دێتە بەرگوێ:

–چیت لێم دەوێ؟

–(عەیشێ)، دەمەوێ میهرەبانتربی. کاتێ زەردەخەنەت بەلێوەوەیە جوانتر دەبی و کاتێ تووڕەی، ناشیرین دەبی. وەك بڵێی دوو رووت هەیە. حەزم لێیە پەیمانت نەشکێنی.

–پەیمان! کاتێ ئەم باریتامانە دەهۆڵی والێدەدا، من چیم پێدەکرێ؟ تۆ لەسەرئەوە سوورنابی لەگەڵ ئەو کچە زەماوەند بکا؟



–سوور دەبم، چونکە کاسەی سەبرم پڕبووە. کاتێ دەتگوت چاوەڕێی زەماوەندی کوڕەکەت بم، باوەڕم کرد...

–باشە، چاوەڕوان بە! –دایکم بەتوندی ئەمەی گوت.

بەڵام ئەگەر من خۆم لەسەر زەماوەندەکەی پێدانەگرم، ناگەمە ئەو رۆژە.

–لەگەڵ سەرمیناز؟

–لەگەڵ شەیتانیش! –مامم دەنگی بەرز کردەوەو خۆی هەڵدایە سەر تەختەکە. دەنگی تاق تریق، هەراو هۆریای کەوتنی کەلەشەگرانو ترقەترقی کەوتنی دارعەساکەی هات ... ئاها، خەریکە دەگەڕێتەوە، بڵند دەبێ، بۆڵە بۆڵ دەکا:

–لەعنەتی!

## 3

بۆم دەرکەوت (دایان – دۆڵدوروم)، مامە بەڕێزەکەم چتۆ پیاوە!. من بڵێ کەتا ئێستا وەکو کەرێك پەنای بردبێتە بەر سێبەر، تەنیا گوێ دەلەقێنم!. لەبەرهەندێ بوو، دوای راکردنی ژنەکەی، هەرچەندە شەڕ گەلێ ژنی گوندەکەشمانی بێ مێرد

کردبوو,و لەجوانیشدا لەدایکم کەمتر نەبوون, چەندان ساڵە ژنی نەهێناوە. من شانازیم بەوەوە دەکرد کە چ مامێکی دڵسۆزو میهرەبانم هەیە!. لەو بڕیارەوە, بێ ئەگەر نەبوو, پەلەی لەژن هێنانم دەکردو هەر دەیپرسی: بۆچی تائێستا کڵاوەکەم بۆ پەنجەرەی کەسێك هەڵنەداوەو دەیگوت: "**لەتەمەنی تۆدا, من پێنج دانە کڵاوی پێستی قەرە گوڵی خۆڵەمێشی بوخاریم بۆ پەنجەران هاویشتبوو!**", حەزم دەکرد بپرسم: ئەدی چۆن بوو, لەو پێنج کیژە, تووڕەترین کەست هەڵبژارد؟ بەڵام چونکە کەسی گچکەی بنەماڵەم, ناچاری گوێگرتن و بێدەنگ بوون بووم. پاشان روون بۆوە, ئەم هەموو قسانەی لەبەرئەوە دەکرد, چونکە رێگام لێگرتبوو.

بەڵام ئێستا, مامەگیان ئاگاداربە, تۆ لەناو لەپی دەستم دای.

بەڕاستی چ دەبێ ئەگەر ئێستا وەژوورکەوم بڵێم ژن ناهێنم؟وادێتەبەرچاو, دیسان مامم کلیلێ بۆ دڵی دایکم هەڵدەبژێرێ. بەشێوەش لەسەر تەختەکە کەوتووەو سەرو مێشکی هەژاوە.

ئێستا وا بەهێواشی دەدوێ, من تەنیا لەسێ چوار وشە, وشەیەکم بەرگوێ دەکەوت, بەڵام ناوەڕۆك روون بوو.

بەداخەوە, باوەڕی بەمن نەبوو! هەرکاتێ قسەکانی دەرك بکەین, وادەردەچوو:" ئەم ناکەسە (ناکەس لێرەدا دەکرێ بەمانای راستی وشەکە خۆی, لێك بدرێتەوە) نابێتە میراتگری رەچەڵەکی ئێمە. سەری, هەشت لایەو هەڵکردنی باش لەهەشت لا, هەر هۆشێکی راست و دروست وەدەردەنێ. ئەو هەتا گاڵتە بەو هونەرەش دەکا کە وەسیەتی باوو باپیرانمانە. دەترسم رۆژێ دابێ, قەڵەمی هەڵکۆڵین فڕێ بدا, دارێك بەدەستەوە بگرێ و ببێتە کەرەوان ... بۆیە پێم خۆشە (بەڵێ, وای گوت!), حەزدەکەم میراتگرێکی شایستە پێشکەشی رەچەڵەکەکەمان بکەم! تۆ منداڵێکم بۆ دەهێنییە دنیایێ (واتە ئەو باسی برایەك دەکا بۆ من؟) وەك بالیفێکی لەپەڕ دروستکراو لەسەر دەستانت دادەنێم و وەك گوڵدانێکی بلوور دەتپارێزم...".

واپێ دەچوو, شتێك لەدڵی دایکمدا لەرزی بێ, چونکە بەهێواشی ئاهێکی هەڵکێشا. لەم کاتەدا بیرێکم کەوتە مێشکەوە, کەمن بە هیچ شێوەیەك هەقم نییە سەرکۆنەی دایکم بکەم. ئەوە بیست ساڵە لەبەرخاتری باوکم وەفادارە. منی گەورە کردو نەیویست زڕبابم بۆ پەیدابێ! ئایا ئێستا دەمتوانی رێگا لە خۆشبەختی‌یە وەدرەنگ کەوتووەکەی بگرم؟.

–وەرە با بیربکەینەوە, چ بکەین؟ تۆ ناتەوێ لەگەڵ کیژێکی تیرەی (مونگی)دا زەماوەند بکا. ئاخر, بۆچی رکت لەو تیرەیە دەبێتەوە؟.

–نازانم, بەڵام باوو باپیرانمان دەیانزانی, چ بەنەوەکانیان بڵێن, خۆشت دەزانی؟.

–نەخێر, ئەمە مەسەلەیەکە شێتم دەکا. ئەگەر رکت لەیەکێك دەبێتەوە, دەبێ بزانی لەبەر چی؟ وانییە؟.

–نا

–بۆچی؟

–چونکە قسەی باو باپیرانمان پیرۆزە!.

–ناتوانرێ گومانیشی لێبکرێ؟

–ئەمە ناشوکرییە!

لێگەڕێ ناشکوری بێ, دەمەوێ بزانم لەبەرچی رکم لەکەسێکی دی بێتەوە کە لەمن کەمتر نی‌یە. ئاخر ئەوانیش لەناو تیرەکەیان, کەسانی شایستە, وەستای هونەرمەند, قەڵەمکاری و نواندنیان کەم نییە. ئەتۆ ناتوانی رێگای زانینی راستەقینە لەمن بگری و من ئەمە روون دەکەمەوە.

www.pertwk.com

ویستێکی جێگیری وا لەدەنگی mامدا هەبوو, من بەهۆیەوە تێگەیشتم: ئێستا کەحەزدەکا بەپێشکەش کردنی میراتگرێکی شایستە, درێژە پێدەری واقیعی هونەری بەنرخی باووباپیرانمان بێ, رەچەڵەکەکەمان درێژە پێبدا, هیچ تەگەرەیەکی نایەتە رێگا, دیارە ئەو, چاوەڕێی شتێکی خێرم لێناکا. دیارە دایکیشم هەروایە.

دایکم بەکەمێ دوودڵییەوە, پرسی:

–تۆ چۆن ئەم بابەتە روون دەکەیتەوە؟ خۆ جەستەی باووباپیرانمان لەگۆڕستان وەدەنگ نایەن!

–دەچمەلای "حەسبۆلات"ی کوڕی "عەلی بۆلات" ی تیرەی "تەیموور بۆلات" لەوانەیە ئەو مەسەلەیەی لەبیر نەچووبێتەوە.

–دەبێ چ هۆشێکی هەبێ! وەك منداڵی لێهاتووە!.

مامم بەدڵنیاییەوە گوتی:

–بەڵام لەوانەیە, ئەم بابەتە, رووداوێکی ئاسایی نەبووبێ. لەبەر هەندێ لەوانەیە وەبیری بێ.

مامە بەڕێزەکەم وەك دابەزینی ناپلیۆن لەگالیسکە, کاتی پەڕینەوە لە "برەزین", هاتەدەرێو بەبینینی من, پەنجەی بەنیشانەی هەڕەشە راوەشاندو لەپلیکان چووە خوارێ.

لەوکاتەدا, من تازە تێگەیشتم سەبر و حەوسەڵەی مامم لە چاوەڕوانی زەماوەندی مندا, بەتەواوی لەناوچووە, هەروەك تەلی "چوگور"ی خۆش ئاواز لەژێر پەنجەی کارامەی "ئەبوسەمەد"ی خەڵکی "موگری" کاتێ دەبێتە هاوڕێی "موئی" گۆرانی بێژ بەدەنگە ناسكو لێك کێشراوەکەیەوە, بەرگەی ئەم هەموو هەڵبەزو دابەزە زۆرانە ناگرێو لەنزمترین راددەی ئاوازدا دەپسێو دەنگی "تسیو" لە خۆیەوە دەهێنێ!.

www.pertwk.com

ئەگـەر مـامم رۆیشـت, تـا ئـەو بابەتـە روون بکاتـەوە کـە کـەمتر لەهـەر شـتێکی دیکەی ناڕەحەت دەکردم, منیش بەدوایدا رۆیشتم تا ئەو بابەتەی زۆرتر لەهەر شتێکی دیکەی ناڕەحەت دەکردم روون بکەمەوە.

من مرۆڤی سەردەمی نوێم‌و هەموو ئەو کارانەی خۆم بتوانم تێیاندا بەشداربم, بیرم بەخۆیانـەوە خـەریك دەکـەن. بـەڵام مـامم‌و دایکـم حـەز دەکـەن لەشـتی کـۆن بکۆڵنـەوە. ئەگـەر لەهـەموو ئەوشـتانە گـەڕێین, حـەزم لێنـەبوو دایکـم بمبینـێ, نەلەبەرئـەوەی لەتووڕەییەکـەی دەترسـم, بـەڵکو لەبـەر ئەوقسـانەی بیسـتبوومن, نەمدەتوانی بنۆڕمە چاوەکانی.

ویستی پتـەوم لـەمامم کـەمتر نـەبوو, هەرچـەندە ئاکـارو رەوشـت هـەتا مۆڵـەتی نزیـك بوونـەوەش نـادا لـەدەرگای ئـەو خـانووەی کـە دەزگیرانەکـەتی تێـدا دەژی, جورئەتم پەیداکردو چوومە حەوشەکەیان: لەوانەیە لەناکاو لەژوورێ بێتەدەرێ!

بەڵام لەکوێ دەمزانی سەگە کورکنە گورگ کوژەکەیان کە پارێزگاری خانووی (جیهانـدار)ە و هەمیشـە لـە پشـت دیـواری حەوشـەدا, دەنگـی زنجـیری دێ, لـەم سـەعاتەدا بەڕەڵڵایـە؟ ئایـا ئـەم ئاژەڵـە دەیزانـی هەسـتم بەرامبـەر کیـژی ماڵەکـە چ هەستێکە؟ بـەکورتی, هێشـتا هـەنگاوم نـەنابووە سـەر ئـەو پاچینەیەی بـۆ نهـۆمی سـەرەوە دەچـێ, نەعرەتەیـەکی تـووڕەم بیسـت. وابـەخێرایی لـەپلیکان بازمـدا خـوارێ, سـەگی برسـی هـەر ئەوەنـدەی پێکـرا ناوپیسـتێری شـەلوارم بگـرێ‌و باشیشی گرت.

بـەڵێ, ئـەو سـەگەی نـاتوانرێ لـەناوی (سـەگ)ی وردتـر پـێ‌بگوترێ‌و ئەگـەر خۆشی بیزانیبا هەر سەگە, لەخەمان دەمرد, وەك برووسکە, پارچەیەکی گەورەی ئەوەنـدەی لەگـەنێك لەشـەلوارە ئەسـتوورەکەم کـردەوە...؟ شـوکری خـودام کـرد, کەڵبەکانی لەدەستم گیر کرد. لەگەڵ بینـینی کەڵبـە تیـژەکانی سـەگەکە, بەخـەمەوە



هەسـتم دەکـرد, ئەگـەر رەفتـاری سـەگەکەیان وابـێ, ئیـدی چ جـۆرە قسـەیەکمان پێدەکرێ.

بەتووڕەییـەوە لەسـەگەکە رامـام کەخـەریکی دڕانـدنی پارچـە شـەلوارەکەم بـوو, ... ئەو شەلوارەم, هەفتەی پێشوو بەشێوەیەك لەنك ئێمە دەڵێن, بەپارەی ئارەقەی نێوچاوانم, کڕیبوو.

سـوێند دەخـۆم, سـووکایەتی‌وا هـەرگیز لەکـەس قبـووڵ ناکـەم. وەبـیرم دێ کاتێ"موختاری" کوڕی "لیونیـد" کـە من لەتـەنیا چیرۆکەکەم دا وەسفم کـردووە, قۆپچـەی چـاکەتەکەی لێکردمـەوە. سـەرەتا هەسـتم بـە ڕەنجانێـك نـەکرد. بـەڵام شەوێ, مەسەلەکەم هاتەوەبیرو ئەوەندەم بەسووکایەتی زانـی, لـەناو جێگـا راسـت بوومەوەو یەکڕاست بۆلای ئەو هیچ‌و پووچە رۆیشتم‌و, چاو بەخـەو لـەناو جێگام دەرهێناو ناچارم کرد قۆپچەکەی لێ بدوورێتەوە.

ئەمما لەگەڵ ئاژەڵی بێئەقڵدا چ دەکرێ؟ سەگ هەتا نـازانێ داوای لێبووردنیش بکا! باش بـوو کـەس شـەڕی تـەن بەتـەنی ئێمـەی نـەبینی! لـەکاتی کشانەوەدا, من بەردەوام دەمڕوانییە دەوروبەرم‌و دەلاقەکەی شەلواریشم بەکڵاوەکەم دادەپۆشی.

بـەم شـێوەیە خـۆم گەیانـدە شـاخی "ئابتزیـك" کـە لـەوێوە گوندەکـەمان وەك دیمەنێك لەتابلۆدا وێنە کێشرابێ, وایە, مەبەستم ئەوەبوو ببینم ئایا "سـەرمیناز" بـەگۆزە مسـییەکەیەوە کەلەبـەر تیشـکی هـەتاودا دەچریسـکایەوە, بـۆ ئـاو نایەتـە سەرکانی. ئەوکات دەمبینی و هەموو داستانەکەم بۆ دەگێڕاوە.

لـەناو باخـەکانی کوێسـتانێ کـە هێشـتا نەچـنرابوون, دانیشـتم, بـەڵام لـەوێش ناچاربووم کڵاوەکەم بخەمە ژێرم. ناکرێ بەشەلواری بەشەباقە لەسەر گیای شێدار دانیشێ. ئەو کڵاوە گەورە ئەستوورەی مامم لە تەفلیسەوە بۆی هێنابووم, جێگـای بالیفیشی دەگرتەوە.

www.pertwk.com

دەوروبەر هەموو پاراوو ئارام بوو، منیش هێواش هێواش هێور بوومەوە. گیاکان کەلەگەڵ هەوادا تێکەڵ بووبوون، قدیلەی کەپوویان دەدام، هەناسەدان ئاسان بوو، لەناو تەراش و پنچکە نزیکەکان دا، باڵندەکان ئاوازیان بۆ یەکتر دەخوێند. کەرێك لەناو مێرگەکەدا زەڕەزەڕی بوو، هەر لەوێ، جاشولکەیەکی لمووز درێژیش هەڵبەزو دابەزی بوو. زۆر نزیك لەوێ، کانیلەیەك لەبەرزایی هەزارو پێنج سەت مەترەوە، لەزەوی هەڵقوڵیوەو وەك دڵەپڕ لەپەرێشانییەکەی من دەکولاو جۆگەلەیەك بەشوڕە شوڕ بەناو گیاکاندا بەرەو گوند هەڕای دەکرد.

نیگام رووەو دێبوو، لەپڕ کەوتە سەر کەسێك، بەهێواشی بەناو کۆڵان و پلیکانە لەبەرد دروستکراوەکاندا کەبەشی ناوەڕاستی گوندی بەسەرەوە گرێ دەدا، هەنگاوی دەنا.

ئەو، مامی من، سپیکەری بزۆز، وەستای هەموو جۆرە شکستێك، بوو. "حەسبۆلات"ی کوڕی "عەلی بۆلات"ی تیرەی "تەیموور بۆلات" کە مامم دەیویست وەرامی پرسیارە گرنگەکەی خۆی لەتەك ویدا، وەرگرێتەوە، لەنزیکی تاقی بەناوبانگی "ئارساوار" کە کەوتۆتە بەرزترین بەشی گوند، دەژیا، بەڵام ئەو لەتاقەکە تێپەڕی، ماڵی "حەسبۆلات"ی بەجێهێشت و گەیشتە ئەو مەیدانەی گوند کە نانەواخانەو دوکانە میوان دۆستەکان دەرگایان خستۆتە سەر گازی پشت و چەندان کەل و پەلی بێ سوودیان لەبەر دەمیاندا داناوە. لەگەڵ هەندێش کێ حەز دەکا، کاتێ دەتوانێ بەترومبێل و فڕۆکە بێنە شارو جوانترین شمەك هەڵبژێرن شەلوارێك بکڕێ کە وەك دەرپێی ژنانی "سیراهین" بەرینە، (من لەم دەمەدا شەلواری واش رەت ناکەمەوە).

مامم (دایان – دۆڵدوروم) لەو دوکانانیش تێپەڕی و چووە ژێرزەمینەوە. بەڵێ، ئەم ژێر زەمینە لەلای هەموو ئەو کەسانەی هەتا یەك جاریش (کووباچی)یان دیوە، ناسراوە. خەڵکی هەموویان دەزانن چ کات و بەچ هۆیەك حوشتری سپی کاروانی رەش لە (کووباچی) راوەستاو کەی یەکەمین بەردی هەوەڵ خانووی گوندیان، کەئەودەم "زرێگەران" واتە ئەو جێگایەی زرێی لێدروست دەکەن، ناونرا، داناوە. بەڵام مێژوونووسەکانیش وەبیریان نییە، لەکەیەوە ئەم ژێرزەمینە هەبووە. موشتەرییە هەمیشەییەکان لەکاتی بێکاریدا لەوێ رادەبوێرن، بەدەمارگرژییەوە دەڵێن: گوایە ژێرزەمین پێش پەیدابوونی گوندیش، هەبووە. شایەدی ئینکار هەڵنەگریش دێننەوە کە رێگای کاروان رێك لێرەوە تێپەڕیوە. هەر ئەو رێگایەی لەزنجیرە چیای قەفقاز–ئەو بانەی کە لەنێوان هەردوو دەریای

www.pertwk.com

قـەزوین و رەشـدا کێشـراوە- تێدەپـەڕیٚ و "دەربەنـد" لـەڕێگای "مسـتختوف"و ئـەوانی دی بـە رێـژەنی رووبـاری "ئینگـۆری"یـەوە گـریٚ دەدا. لێـرەدا, ئـەم بەرزاییانە, سەدان کاروانسەرایان لیٚبووەو تا ئێستاش بە ناوی یەکەمین ساقی "میستیر-پیساخ" واتە "نەمریی پیساخ" ناونراوە. هەرکەس لێرە ئەرکی ساقی بەئەستۆوە دەگریٚ, هەمان سەعات گوندییەکان بە (پیساخ) ناوی دەبەن و ئیدی ئەویش ناوەکەی خۆی فەرامۆش دەکا. بەم شێوەیە, ساقی کۆن, نەمربوو.

ئێسـتا کەسـێك لەنەتـەوەی (تـات)- جـووی کوێسـتانیٚ, لـەو ژێـر زەمینـەدا خـەریکی کـارەو خـەڵکی کووباچـی ناویـان لیٚ نـاوە (پیسـاخ). ئـەو کـەپیاوێکی میهرەبـان و خێرمەنـدە, وەك بەرمیلـە شـەرابی خـڕ, دەم و چـاوێکی سـۆری وەك ئەستوورکی تازەی هەیەو ئەنگوستیلەیەکی لەدەستی چەپی‌دایە کەدیاری یەکێك لەموشتەرییەکانە. ئەو دەڵیٚ: **"ئـەمڕۆ بەبـەختی تـۆومن بـەرمیلێکی تازەمـان هەیـە"**. گوندییەکان لەسۆنگەی دڵسۆزی و ئاکارباشییەکەی, ڕێزی دەگرن. ئەگەر ساقی دڵسۆزو میهرەبان نەبیٚ, ئەدی دەبیٚ کیٚ دڵسۆزو میهرەبان بیٚ؟ ئاخر هێزێکی وای لەدەست دایە دڵان شادو نەرم دەکا! کاتیٚ کەسێك لەبەدمەستی یان لەبیری دەچیٚ هـەق و حیسـابی "پیسـاخ" بـدا سـبەینیٚ زوو دیٚ و پـارە لەسـەر مێزەکـە دادەنـیٚ: "پیسـاخ"ی خۆشەویسـت, هـەڵگرە, دوێنـیٚ ئەوەنـدەمان بەخۆشـی رابـوارد, هـەتا پارەشـم لـەبیر چـوو -ئـەو پاشمـاوە لەعنەتییـەی رابـردوو-. هـەموو شـتێك بەڕاددەیـەك بـەرز بـوو وام دەزانـی لـەماڵی خۆمانـدام و سـوێند دەخـۆم, ئەگـەر دوکانەکـە هـی خـۆت بوایـە, بیرم لـەپارەدان نـەدەکردەوە, نـەوەك سووکایەتی بیٚ. بەڵام شەراب دەوڵەتییەو منی هاووڵاتی هوشیار پێم خۆش نییـە زیـان بەدەوڵـەت بگەیەنم! "پیساخ"ی خۆشەویست لەو گلاسە گەورەیەم بۆ تێکە. بژی "پیسـاخ"و ژێرزەمین و بەس!".



پیساخی ئێستا لەوکاتـەوەی وەبیرم دیٚ, لێرە کاردەکاو تـەنیا جارێك حـەفت کەپێك و نیوی لەبودجەدا کەم بووە.

"پیسـاخ" رکـی لـەئارەق, کۆنیـاك و هـەموو خواردنەوەیـەکی روگرژکەرانـە دەبێتەوەو لەباتی ئەوە مەی ساف, نایاب و گیانبەخش وەسف دەکا. راستیشە, ئەریٚ چ شتێك لە"گیچوخ"ی سۆرو "دەربەند"ی سپی باشتر هەیە؟ "لـەزگینگا" وەرگرە, -شیلەی ساڤ ترێیە! یەك پەرداخ لەم شەرابە لەلای (پیساخ) دەخۆیتـەوە مێگزت لێیە بازدەیە مەیدان و بەتوندوتیژی "لـەزگینگا" وەسـەماکەوی. لەئەسڵدا, ئەم شەرابە لە دڵمدا, مۆسیقایەکی شادو سەرخۆش پەیدا دەکا. زەماوەندیشمان لەو مەیدانەدا کە کەوتۆتە نزیك دەریاچەی ساڤ کوێستانیٚ, بەڕێوەدەچیٚ, بـەڵام بەداخەوە, ماسی "قزلٚ ئالاٚ"ی کە باشترین مەزەی "لـەزگینکا"یە, تێدا نابینریٚ. دەڵێن لەسەدەی رابردوودا, هـەموویان بۆ تـزاری سپی راوکردووە. مەعلوومیشـە, تزار گەمژە نەبووەو رەچەڵەکی ماسی ناسیوە, بەڵام لەلایـەکی دیکـەوە گێل بـووە, لەکاتێکدا کە دڵسۆزی بۆ زگـی خـۆی دەکرد, دەبوو وەبیری بوایـە چیاییەکانیش گەدەودەمیان هەیەو ئەوانیش وەك ئەو, خواردنی خۆش دەناسن.

لەنزیك ئەو دەریاچەیەدا, گونـدییان کـە لـەبیری پاککردنـەوەو پـەروەردەکردنی ماسـیدان, خـانووی روونـاك و دوونهـۆمی ئامـادەیی و پـەیمانگای هونـەر دروسـت کراون: لەیەکێکیان خوێندوومەو لەوی دیکەشدا کاردەکەم.

کارگەرانی پەیمانگا, دیداری "پیساخ" لـەبیر ناکـەن, کووباچییەکان بەگشـتی خـەڵکانی خـۆش گـوزەرانن, ئـەوان نەتـەنیا هونـەری خۆیـان, بـەڵکو مۆسـیقا, گۆرانی و قسەی خۆشیشیان خۆش دەوێ و ئەقڵیان وەك ئەڵماس لەنك بەڕێزە. کیٚ دەتوانیٚ لەلای "پیساخ" لاڤ زانین لێبدا؟ مەگەر ئەوەنییە وەختیٚ کووباچییەکان دەچنەلای, نەتەنیا گیرفانیان بەڵکو گیانیشیان پاك دەکەنەوە.

www.pertwk.com

حیکایەت خوانی بەئاوەزو بەئەدەبی ڕووداوەکانی (کووباچی)یش, هەمووی لەیادی خۆیدا تۆمار دەکا. ئەو یەکەمین کەسە, ئاگاداری هەواڵ دەبیٚ و لەهەموو کەسێك باشتر دەزانیٚ کە مەدالیای زێڕ, زیو, برۆنز, لەپێشانگا جیهانییەکانی پاریس, بروکسل, ئۆسکاو لایپزیك دەبێتە هی کێ. مەگەر دەکرێ تەواوی ئەوپێشانگایانە بژمێردرێ کە هاو گوندەکانم بەبەشداری کردنیان هونەری باپیرانیان برەو پێدەدەن!.

وانەزانی من دەربارەی ساقی گوندەکەمان زۆرەوی دەکەمو, بەو مانایە کە خۆم دەچمە "میستیر–پیساخ". نەخێر, من هەوڵ دەدەم بەدەوریدا بسووڕێمەوە, چونکە ئەگەر لێی وەنزیك کەوم, پێکانم خۆیان بۆ ئەویٚم رادەکێشن. نەتەنیا لەبەر ئەوەی حەزم لێیە بەشەراب خۆم گەرم کەمەوە, بەڵکو زۆرتر بۆ گوێ دانە قسان. ئەگەرچی هەر جارەی کەمن باسێکی خۆش دەگێڕمەوە, هێشتا تەواوی ناکەم, خۆم دەست بەپێکەنین دەکەمو ئەو دەم هەتا جێی زەردەخەنەش بۆ خەڵك نامێنێتەوە.

جاری واش هەیە, گوێ دەگرمو نابینم, ئەوانەی دەوروپشتم گلاسەکەم پڕدەکەنو کاتیٚ تەواو سەرخۆش دەبم, بەبێبۆنە وەك گلادیاتۆرەکانی رۆمای کۆن هاوار دەکەم" **بژی ژیان! ئەوانەی دەچنە پێشوازی مەرگ, سڵاوت بۆ دەنێرن!** "راستییەکەشی ئەوەیە, خۆم ئەمەم وەبیر نییە, بەیانی رۆژی دوایی بۆم دەگێڕنەوە.

جارێك, کاتێ بەدمەست بووم, دایکم لەژێر زەمینەوە هێنامییەدەرێ. من لەو بیرەدابووم: ئایا هەروەك "میتسادای" رەفتاری لەگەڵ کوڕەکەیدا دەکرد, دایکیشم نامداتە بەرقامچی؟ بەڵام لەناو جێگادا درێژی کردمو کەوتە ئارام کردنەوەم: "مەترسە کوڕەکەم تا ئێستا کەس بەشەراب نەمردووە". بەم شێوەیە



بۆم دەرکەوت دایکە میهرەبانەکەم تەنیا لەدووکاتدا دەرهەق بەمن میهرەبانە: کاتی سەرخۆشی و کاتی نەخۆشی. دیارە هەردووکیشیان لەلای ئەو یەکسانن.

بەڵام مامم, هەرکاتیٚ زێدەڕۆیی بکەم, بیٚ بەزەیی دەبیٚ. جارێکیان کە منی لەژێرزەمین هێنایەدەرێ, بەچەکمە لەچەرمی شوور دروستکراوەکەی, لەو جێگایەی دام کە کڵاوی لەسەر دادەنێم. بەو حیسابەوە, لەکۆن دا, سیٚ جارانم تا بەدمەستی خواردۆتەوە.

لەگەڵ هەندێش, ئەمە, رێگا لەوە ناگرێ, ئەو گۆرانییە نەکەمە وێردی سەرزارم کە دەربارەی "میستیر پیساخ" دەگوترێو دەنگم وەگەڵ دەنگی خەڵکی تێکەڵ نەکەم:

**شەراب, لیٚ گەڕێ با کۆن بیٚ**
**چەند کۆن بیٚ رێزی زۆرتر دەبیٚ**
**بەڵام سروشتی مرۆ وانییە**
**یاران, نەکا پیری پێمانەوە دیاربیٚ!.**

بۆئەوەی ئەم رووداوانە, کەمتر رووبدەن, من هەمیشە هەوڵ دەدەم بەدەوریاندا بسووڕێمەوە. بەڵام ئێستا, پێش هەموو شتێك, بیرم بەوەوە خەریکە کە بۆچی مامم لەباتی ماڵی (حەسبۆڵات), چووەلای "پیساخ". ئاخر خودی (پیساخ)یش ناتوانیٚ بۆی روون بکاتەوە, کەلەنێوان تیرەی ئێمەو تیرەی "مۆنگی"دا چی روویداوە؟ بەهەر حاڵ, رەفتاری (دایان – دۆڵدوروم) روون نییە. بابە ئومێد بین, پاشان ئەمەش وەدەردەخەین.

www.pertwk.com

# 6



هەرچەندەم زۆرتر لەماڵەکەی (جیهانـدار)روانـی, نەکەسـێك هاتـەدەرێو نـە کەسـێکیش چـووە ژوورێ. پێـنج شـەمووان بـازاڕیش زوو هەڵـدەگیرێو ئـەوکات بۆمن زەحمەتتر دەبێ بچمە ماڵەکەیان. بۆیە بەناو کۆڵانان دا دەسووڕامەوەو هەوڵم دەدا چاوم بەچاوی کەس نەکەوێ.

بـەڵام ئـەو پیاسـەیەم بـەگران بەسـەردا شـکایەوە! هەرچـەندە مـن زۆریشـم خـۆ وەدرەنگ خستبوو, لەگـەڵ هەنـدێش لەکوچە چۆڵەکاندا, هەنـدی بێکـار هـەبوون, بۆیە ناچاربووم پشتم بەدیوارەکەیانەوە بنووسێنم.

لەدواییدا, بەقوونە قوون خۆم گەیاندەوە ماڵێو لەدەرگای پشتەوە, بە پاچینە دارەکەمانــەوە, چــوومە ژووری کــارو بەتالووکــە جلــەکانم فــڕێداو جلــی کــارم دەبەرکرد.

وام بـەباش زانـی شـەلوارەکەم کەپارچـە پارچـە ببـوو, بسـووتێنم, چـونکە دەترسام کارەساتێکم بەسەر بهێنن, سۆبەم داگیرساندو تێم خستن –باشترە دایکم لەو باوەڕەدابێ هەر جلی وام نەبووە.

لەپشت دەزگا دانیشتمو هەوڵمدا زیکرو فیکری کوشندە لەخۆم بتـەرێنم, بـەڵام مێشکم بۆکار نەدەچوو. بۆ یەکەمین جار, بەخەمەوە بیرم کردەوە, بۆچـی مێشـکی مرۆڤ وادروست نەکراوە بتوانێ جار بەجار بەرگەی زیکرو فیکری ناخۆش بگرێ؟ چەندە ئاسـان دەبـوو: تـرق! –(سـەرمینان)بـوونی نییـە... ئـاه, ئەگـەر ئـەو هـیچو پووچـەم وەدەسـت بکـەوتبا کـە هـەڵی خەڵەتانـدووە! ئەگەرچـی بـاوەڕیش ناکـەم. ئەدی ئەودەم بۆچی وادڵم گیرا؟



ئالبومی هێڵکاریم بەدەستەوە گرت. پێشـان وام دەزانـی لـەوێ تێـزو نەخشـی سرنج راکێشـی زۆر هـەن کـە دەمویسـت لەسـەر فلـزدا هـەڵیان کـەنم, بـەڵام ئێسـتا هــەموویان ماندووکــەرو بێکــەڵك خۆدەنــوێنن. بــیرم دەکــردەوە , تــەنیا شــتێ, دەیتــوانی دڵــم ئــارام بکاتــەوە, چــوونە حەوشــەی "میتســادای"و شــکاندنی گۆزەکانیەتی کەبۆ هیشککردنەوە داناون, تا کوڵی دڵم دامرکێ.

ئەگەر خەریك بووم بۆئەم کارە وەدەرکەوم, لەپشت دەرگا شووشەییەکەمانەوە (دایان – دۆڵدوروم)م بینی.

دەمو چـاوی لەگایـەك دەچـوو کەبـەکێردێکی کـوڵ سـەریان بـڕیبێ, لەچـاو تروو‌کانێکدا خەریکە دەگریێ –لەوانەیە لەبەر زۆر خواردنەوەی شەرابی "بیساخ" بێ؟ لەوانەیە هـەواڵێکی لەحەسبۆڵاتی پیرەوە وەدەست کـەوتبێ؟ ئەمـە وا. بەهـەر حاڵ من تا ئێستا مامی خۆمم بەم شێوەیە نەدیبوو. مەگەر وانەبوو, لەبەر رێكو پێکیو خۆپارێزییەکەی هەمیشە لەگەڵ خەڵکی (ئاقووشـە)یان بـەراوورد دەکرد– هیوادارم شتێکت لەبارەیانەوە بیستبێ!

دەبــێ ســەبرو بەرگــەگرتن لەتــەك (ئاقووشــییەکان) فێربــی, کــێ دەیتــوانی بەعەرەبانــە کەروێشـك بگـرێ؟ ئەگـەر (ئاقووشـەیی) چـاوی بەکەروێشـك کـەوت, سـەریگایە حەساوەکانی عەرەبانەکەی وەرسووڕاندو ئەوەنـدە بەدوایـدا چـوو تـا کەروێشـك هێـزی نـەماو لەبارێکـدا گوێکـانی بەردابوونـەوە, لەسـەر چـەقی رێگـا, لەبەردەم عارەبانەکە وەرکەوت. (ئاقووشەیی) هـەر لەسـەر عارەبانەکەیـەوە دەسـتی درێـژکردو هـەڵیگرت. دەبـینی "ئاقووشـەییەکان" چـتۆ پیـاون! مامیـان بـەوان دەچواند. مەعلوومە, هەڵەیان کردووە.

–بەختم یار نییە, لەوەدەچێ دایکم پێش ئەوەی من بهێنێتە دونیایێ, تووشی "میتسادای" بووبێ!.

www.pertwk.com

مامم بەخەمبارییەوە، لەبارێکدا خەریک بوو لەنزیک دایکم کە خەریکی جل شووشتن بوو، لەسەر کورسییە سێ پێچکەکەی دەستکردی "کاتانگی" بەنەخش و نیگار رازاوە، دادەنیشت، گوتی: ئەمە لەعنەت‌ونەفرەتە، حەزیش دەکەی سەرت لەدیوار بدە!.

(دایان – دۆڵدوروم) لەبەر تووڕەیی بەدارجگەرەکەی دووکەڵێکی بەرپاکردبوو، مەپرسە، وێ دەچوو بیەوێ بیرەکانی تێکەڵ‌و پێکەڵ بکا.



دایکم چونکە دەستی لەناو کەفە سابووندا بوو، بەهەنیشک پەرچەمی سەرهەنیەی لاداو گوتی:

–بەخۆڕایی هەموو ئەمانەت دەستپێکرد! من گوتم ئەو پیرەمێردە هەموو شتێکی فەرامۆش کردووە.

–نا، مەسەلە ئەوەنییە، لەماڵ نەبوو!.

–ئەدی لەکوێیە؟

–خۆت دەزانی، سەت‌و شێست نەفەر خزم‌و کەسی هەیە! پێرەمێرد بۆهەمووان پێویستە! پێش چەند رۆژێک بردویانەتە زەماوەندی نەوەی کوڕەکەی‌و دەڵێن پاشان بەتەمابووە بچێتە مۆسکۆ، چونکە لەوێ نەوەی نەوەیەکی دایکی لەدایک بووە.

دایکم گوتی:

(دایان – دۆڵدوروم)، خەم مەخۆ، هەتا ئەگەر شتێکی خراپیش نەبێ، بەهیچ شێوەیەک ڕێگا بەکوڕی خۆم نادەم لەگەڵ کچی (جیهاندار)ی (مۆنگی) زەماوەند بکا!.

–(عەیشێ)! تۆ زۆر کەللە ڕەقی! ئاگاداربە! ئێستا ئیدی ناتوانی (بەهادۆر) ناچاربکەی یەکێکی دیکەی خۆش بوێ. من دەزانم ئەو میوەی چ درەختێکە!.

باوکیشی، جاری وابوو ئەگەر دەیگوت ئەسپە بۆزەکەی سپییە، هەتا (جوبرائیل پاشا)ش نەیدەتوانی قەناعەتی پێبکا. ئەتۆش وەک ولاغی ماچە کەللەڕەقی!

دایکم دەنگی گۆڕا:

–سوپاس بۆ بەراورد کردنەکەت!

ئەمنیش قسەی واتووندم قەت لە (دایان – دۆڵدوروم) دەرهەق بەدایکم نەبیستبوو.



دایکم بەدەنگی بەرزەوە گوتی:

–هەمووتان تاسەردەمێک وەک بلبلی سەر گوڵان دەچریکێنن‌و پاشان دەبنە داڵی کەلەش خۆر!.

–(عەیشێ) بمبوورە، سەبرم نەماوە. یا ئەو لەگەڵ (سەرمیناز) زەماوەند دەکا، یان تۆ سوێندەکەت دەشکێنی!.

–هەرگیز!

–ئەو دەم، بەئاسانی دەتدزم!

دایکم بەشادمانییەوە قاقا پێکەنی‌و پرسی:

–بۆ کوێم دەبەی؟

–بۆ ئەوسەری دنیاش بێ، بەمە هەموو شتێک تەواو دەبێ!.

–دەڵێی گوێم لەدەنگی (چیایی)یەکە!

–تۆ خۆت ناچارم دەکەی ....

–بدزە! بۆچ راوەستاوی؟

نازانم کاریان بەکوێ دەگەیشت، بەڵام حەزم بەسەرم دا زاڵ ببوو: ئەگەر بەڕاستیش، چاو لەزەماوەندەکەم بپۆشم، مامم چ دەکا؟ بۆ ئەمە، دەمتوانی شێروڕێوی زۆر بهێنمەوە! بۆیە دەرگام پێک داداو لەکارگەوە دەرپەڕیم‌و هاوارم کرد:

www.pertwk.com



–من ژن ناهێنم!.

مامم ئەگەر تێگەیشت گوێم لەقسەکانیان بووە, توورە بوو, وبێ بەزەیی‌یانە هەڵمەتی بۆهێنام:

–سەرمینازت خۆش ناوێ؟

هاوارم کرد:

–رکم لێ دەبێتەوە!

–ئەدی بۆچی کڵاوت لەسەر ناین؟

–من کڵاوم خستە سەرتان؟ بەتووڕەییەوە پرسیم‌و بۆخۆشم سەرم سووڕمابوو کە چۆن وا بەبێ شەرمی لەگەڵ گەوران قسەدەکەم, ئەدی مامەگیان تۆ نەبووی کڵاوت دەخستە سەرمن؟

–وا قسان لەگەڵ مامت مەکە: دایکم هاواری لێکردم. ئەگەر ئەو نەبووایە لەمێژبوو هێسکت لەگۆڕستانێ ڕزیبوون.

دایکم گەلێ جار, وەبیری دەهێنامەوە کەلەساڵە سەختەکانی دوای شەڕ, (دایان – دۆڵدوروم) بوو هەردووکمانی لەبرسێتی مەرگ هێنەر رزگار کرد. ئەو سەردەم پارووە نانێك لەدەستکارێکی زێڕینیش بەنرختربوو. لەبەر خاتری ئێمە بوو, مامم هونەرە جوانەکەی خۆی وەلاناو بووە ئامان سپی‌کەرەوەی گەڕۆك. ئەو نەتەنیا بەگوندەکانی کوێستانی (سیراهین)دا دەگەڕا, بەڵکو دەچووە "قایتاغ" و "تباسران"و کون‌و درزەکانی لەگەن‌و ئامانی سفری چاك دەکردەوە. تەنیاش نەبوو, ئەوێ ساڵ, هەموو وڵات بەچاکردنەوەی کون‌و کەلەبەرەکانی پاشماوەی شەڕەوە خەریك بوون.

مامم کەقسەکانی دایکمی بەدەست رەت دەکردەوە,ئارامتر پرسی:

–ناتوانم بڵێم بۆچی؟!

–بۆچی ناتوانی؟



–چونکە خۆشم دەوێ!

دایکم لەحاڵێکدا بەترسەوە لێم رامابوو, بەپەلە دەستی هیشك کردەوە.

–ئەرێ کوڕەکەی من شێت نەبووە؟ ئەوە چ دەڵێ؟

هەڵبەت بەراستیش سەیر دەهاتمە بەرچاو. بەهۆی ئەو دوو دڵییانەی ئەمڕۆ بەرۆکیان گرتبووم, هەستی ناکۆکیان لەلادروست کردبووم, نەمدەزانی چ دەڵێم‌و چ دەکەم. لەوانە بوو, منیش وەکو مامم ڕوبکەمە ژێر زەمین‌و پێکێك شەراب بەسەر هەموو شتە ناهەموارەکاندا بڕێژم؟.

–تۆ ئەوت خۆش دەوێ یان نا؟ مامم بەسەر سووڕمانەوە لێی پرسیم‌و دایکیشم کەگومانی دەکرد نەخۆش بم, دەستە ساردەکەی خستە سەر هەنییە گەرمەکەم.

من گومانم لەسەر درەنگ تێگەیشتنەکەیان لادا.

–بەڵێ‌و نەخێر!

لەرابردوودا, هەمیشە وام دەهاتە بەرچاو کە گەورەکان بەنیو وشە تێم دەگەن. بەڵام ئێستا کە شەوو رۆژ, ئەشق‌و نەفرەت لەدەروونمدا ململانێ‌یانە, ئەوان وا گەمژە بوون. ئەوکات یەکێك پێم دەڵێ چیم بەسەرهاتووە؟

لەبەرە خۆدا گوتم:

–نەخێر, خۆشم ناوێ‌و لەبەر هەندێش نایهێنم.

–کەواتە یەکێکی دیکە بۆ خۆت هەڵبژێرە!

من بەبێ بیرکردنەوە, گوتم:

–مامە گیان, ئیدی هێزم نییە, باشتر وایە لەپشت دەزگا دانیشم‌و لەسەر کارەسات شتێك دروست بکەم!

–لەکاتی کارەساتدا دەست بۆ هونەر نابەن, بەڵکو دەچنە سەر هەڵدێرێك‌و ملی خۆیان دەشکێنن!.

www.pertwk.com

مامم زۆر خەمبارانە, لەبەرخۆدا گوتی.



# 7

بێدەنگیەکی گران, وەك ئەوەی بەر لەهەورە تریشقە پەیدا دەبیٚ, باڵی بەسەردا کێشاین. لەراستیشدا, دەنگێکی وەك گرمەی هەور بیسترا. بەلاّم ئەوە گاوانی گوند بوو بەچەکمەکانییەوە کە وەك پەیکی بەدبەختی, دەنگیان لێوەدەهات لەپلیکانە دارەکەمانەوە وەسەر دەکەوت, گوتی:

–(عائشە), مانگا کلك بڕاوەکەتان لەشاخی (کایدیش) هەڵدێرا. منیش بەوەخت نەگەیشتمە سەری!. ئەگەر وێشڕا گەیشتبام هیچم پیٚ نەدەکرا, چونکە خەنجەرم نییەو بەو سووژنە (ئاموزگینی)یەی خستوومەتە بەر کلاّوەکەشم, کار مەیسەر نابیٚ.

دایکم ڕاپەڕیو مامم بەزەحمەت توانی پێشی لیٚبگریٚ!.

–بۆ کویٚ؟

–پێستی دادەماڵم!.

منو مامم یەکسەر تێگەیشتین کە قسە دەربارەی مانگا نییە, بەڵکو لەمەڕ (میتسادای) دراوسێمانە, ئەگەر مامم لێرە نەبوایە, دایکم دەیتوانی هەقو حیسابی خۆی لەگەڵدا بپڕێنێتەوە, کاتیٚ هێور بۆوە گوتی:

–باشە, لەمێژە دەمویست مانگایەکی رەسەن بکڕم. حەفتەی داهاتوو, لەڕۆژی بازاڕ بەمسۆگەری دەیکڕم.

مامم وەبیری هێناوە:

–لەگەڵ هەندێش, پێستەکەتان بەکەڵك دیٚ, هەڵبەتە پێستی (میتسادای)نا, هی مانگاکە. دەکریٚ لەکاتی کارکردن بیخەینە ژێرپێمان تا پێمان نەچن. مسۆگەر پێستی هەرس باشترە, بەلاّم پیستی مانگاش گەرمە.



–کەواتە ئەم بایتەرمانەش لەگەڵ خۆت ببە, لەوانەیە ئەگەر هەوا لێبدا, هۆشی بێتەوەبەر.

مامم لەگەڵ هەڵگرتنی کەرستەی کەوڵ کردن, بەسەر ئاماژەی بۆ کردم, بڕۆین. ئێمە بەناو کۆلاّنە تەنگەکانەوە, خۆمان گەیاندە دەورووپشتی گوند کە "کلارکو" واتە (باخچەی توور)ی پیٚدەڵێن: لەزۆر کۆنەوە دەگێڕنەوە: لەشەڕی دژی میوانە بانگ نەکراوەکانی ئێران, لێرەدا چوار قارەمانی "کووباچی" کوژراون. ئەوانیان لەیەك گۆڕدا بەخاك سپاردووەو گوندییەکان لەگەڵ شەفەقدا دەستیان بە هەڵپەڕکیٚ کرد تا بە نیشان دانی ورەی بەرزی خۆیان, دوژمنان شاد نەبن.

هێزەکانی دوژمن بیریان کردەوە لەگەڵ کەسانێك کەوا سەرسەختانە بەرگری لەکێڵگەو زێدیان بکەن, شەڕ سوودی نییە. لەو سەردەمەوە, وەسیەتنامەی **نادرشا** لەیادی سەرکردەکانی ئێراندا نەخشاوە. "**نابیٚ هیچ کەس لەجێگرەکانم دەست بۆ داغستان درێژ بکا**!". دوای چەندان ساڵ, ئێرەیان کردە توور, تا نەوەکان ئازایەتیی پیاوچاکەکان بۆ خۆیان وەدەست بخەن.

لەم مەیدانەدا –ئێوە تەنیا بەخەیاڵ بهێننە بەرچاو– تووشی (سەرمیناز)و (جیهاندار)ی باوکی بووین.

"سەرمیناز"!... ئەگەر بینیم, هەمووشتێکی دنیام فەرامۆش کرد. تەواوی هەورەکانی ئاسمانم لیٚڕەوینەوە. لەوەدەچوو بایەکی توند لەناکاو پەرشو بلاّوی

www.pertwk.com

کردبنەوە. بەڵام لەباتی ئەوە, پێکەنینێکی گاڵتەجاڕییانەم لەسیمایدا دەخوێندەوە کەویٚ دەچوو بووکە شووشەی دیبیٚ ... گاڵتەی پێکردم! ئاه, ئەگەر مامم‌و بابی لێرە نەبان, قسەم لەگەڵدا دەکرد...ها.!

(جیهاندار)ی بابی, کورتە باڵا, دەم‌و چاوی بەئاوڵە شێوابوو. لەمەڕ کەسانی وایە دەڵێن:"**شەیتانەکان لەسەر ڕووی ئەودا, نۆکیان کردۆتە ساوار**", جڵەوی ئەسپی رادەکێشاو (سەرمینان)یش لەتەنیشتییەوە هەنگاوی دەنا. هەرچەندە هەوڵیان دەدا, عیززەتی نەفس بپارێزن, بەڵام هەست دەکرا سەفەرەکەیان نزیك‌و ئاسان بووە.



(دایان – دۆڵدوروم) بەشکۆ هەمیشەییەکەی, چاك‌و چۆنی لەگەڵ (جیهاندار کرد –قەت لەگەڵ ژنان چاك‌و خۆشی ناکا. منیش بەپەلە سڵاوم کردو, بەپێچەوانەی مامم دەستم بۆلای (سەرمینان)یش درێژ کرد ... بەڵام زۆج بووم. (سەرمینان)وای نیشاندا دەستە درێژکراوەکەی منی نەبینیوە.

ئاه, ئەگەر ئێوە دەتانزانی, چەند ناخۆشە کە دەستی مرۆۋ لەهەوادا هەڵدەواسریٚ!. (دایان – دۆڵدوروم) بەڕامانێکی سەرزەنشت ئامێز, لێم ڕاما, وەك ئەوەی بیەویٚ بڵیٚ: "**لەگەوران ئاقڵتر مەبە!, چی بوو, تفیان بەچاواندا کردی؟**".

من خۆشم ئامادەبووم بەزەللەیەك پێشوازی لەسەرمیناز بکەم! ئەو جورئەت دەکا گاڵتەم پیٚبکا, بەڵام خۆی, ئەگەر بوختانان باوەڕ بکەین, شەرەف‌و ناموسیشی لەکەداربووە.

وای تێڕامام, ناچار بوو چاوان داخا. داهاتەوەو بەداردەستە گریٚ گریٚکەی خەریکی پاککردنەوەی پێڵاوەکانی بوو. لەگەڵ ئەوەشدا, گچکەترین سایەی پەشۆکان, ناڕەحەتی یان شەرمی لەسیمادا نەدەبینرا.

بە بابی خۆی گوت:

–بابە من دەڕۆم.

–برۆ کیژم, برۆ, ئەسپەکەش ببەو بەدایکیشت بڵیٚ, با (خینگاڵ) ئامادە بکا. دەمەویٚ سیری تازەی نۆبەرە بخۆم, وابزانم لەشوێنێکدا گول بوویمە ... ئەو جڵەوی ئەسپەکەی دایە دەست کچەکەی‌و بخوورێکی کافووری لەبەرگی دەرهێناو هەناسەیەکی قووڵی بەکەپووی هەڵکێشا– بارودۆخێکی سەیرە! سی, دروست دەکەین, بەڵام ناتوانین گولی چارەسەربکەین! باشە (دایان – دۆڵدوروم) ی میهرەبان, لەو دەمەیوە من لێرە نەبوویمە, چی روویداوە؟



مامم کە وشەی لێك دەکێشانەوە, وەرامی دایەوە:

–شتێکی وانا ...

(سەرمینان) جڵەوی ئەسپەکەی هەڵتەکاندو وەڕیٚکەوت. من لەدواوە تەماشام دەکرد, بەڵام ئەو ئاوڕی نەداوە. لەحاڵێکدا هەستم دەکرد زۆری نەماوە ئەشقم لێببێتە نەفرەت, بەخەمبارییەوە بیرم دەکردەوە: "وەرە کیژێکی وابەفیزت خۆش بویٚ!" خۆڕا نییە دەڵێن: "**لەئەشقەوە تا نەفرەت, تەنیا سیٚ هەنگاوە!**"

–بۆ کویٚ وابەلەز؟

–بەڵیٚ, لێرە کارێکمان هەیە .... –مامم بەدەست شوێنێکی نیشاندا– ئەدی ئێوە بۆ کارێك یان بۆ میوانی چووبوون؟

–بەڵیٚ, چوبوینە (مەجالیس), سەرم لەنەوەکەم دا, کەمیٚ نەساغە!...

(دایان – دۆڵدوروم) بەنیشانەی باوەڕ نەکردن, خۆی مۆڕکردەوە:

–کیٚ؟!

(جیهاندار) بەشانازییەوە گوتی:

–نەوەم, نەوەم!

–کامەیە نەوە؟ ئەوەندەی وەبیرم بیٚ تۆ تەنیٚ ژنێکت هێناوەو ئەویش تەنیا سەرمینازی هەیە.

www.pertwk.com

–مەگەر کیژی من ناتوانێ منداڵی هەبێ؟ –(جیهاندار)پرسیو نەشدەزانرا بەچ هۆیەك وشەی (من)ەکەی بەسووربوونەوە گوت.

–هەڵبەتە دەتوانێ!, بەڵام من نەمبیستووە, زەماوەندتان لەماڵیدا گەڕابێ!.

–راستە هێشتا زەماوەندمان نەگێڕاوە. –(جیهاندار) زۆر بەئارامی وەرامی داوەو هەمان ئارامی‌یەکەی, ئێمەی تەریق کردەوە.

یان خوا منی لەئەقڵ بێبەش کردووە یان هەموو ئەوانەی دەوروبەرمان شێتن! لەچ سەردەمو لەچ بارودۆخێکدا چیاییەك وا ئارامو بێ دوودڵی لەمەڕ کیژەکەی دەدوێ کەحەرامزادەیەکی بووە؟ ئەمە حاڵە!.

مامیشم کەمتر لەمن سەری سوڕ نەما. نەخێر, سەر سووڕمان نا, ماتو واق وڕماو نەبوو, بەدەمی بەشەوە راوەستابوو. وێدەچوو نەزانێ تەمەنی چەندەو, لەهیکڕاو لەژێرزەمینی (پیساخ)دا جڵەوی لەدەست بەربێو شەڕو هەرا بکاو سزاشی پازدەشەوو رۆژی زیندان بۆ بڕابێتەوە, نەخێر, ئەوەی (جیهاندار) دەیڵێ لەگەڵ ئەقڵدا رێك ناکەوێ! بۆیە ژنە بوختانکەرەکانی گوند دەیانگوت, ئەوە منم سەرمینازم هەڵخەڵەتاندووە.

مامم رووی تێکردم:

–(بەهادور) بابڕۆین! –دەیویست بەزووترین کات لەشەڕی کەسێك کە شایستەی کڵاو لەسەرنان نییە, رزگاربێ. لەهەمان کاتدا (دایان – دۆڵدوروم) دەستی واگوشیم, وام هاتە بەرچاو گازی ئاسنگەرێك گرتوویەتی. روون بوو, تووڕەییەکەی خەریك بوو گڕی دەگرتو ئەگەر خێراتر هەنگاومان هەڵنەهێنابا‌و لە (جیهاندار)ە گڕوو دوورنەکەوتباینەوە, کێ دەیزانی لەم مەیدانەدا کە چیاییەکان بەیادی مەرگی چوار قارەمانان ئازایەتی فێردەبن, چ کارەساتێك دەقەوما؟



–ئەمەش "سەرمیناز"ەکەی تۆ! – (دایان – دۆڵدوروم) لەگەڵ دەست بەردانم, ئەمەی گوتو هەنگاوەکانی خێراترکرد. دنیا چی بەسەردێ؟ ناموسو شەرەف کوێستانەکەمان لەکوێیە؟



# 8

چونکە نەمدەتوانی هیچ وەرامێکی پرسیارە سەیرەکانی مامم بدەمەوە, ئەویش لەمەڕ ئاکارو پاك بوونی هەستەوە دەدواو باشترین کەسی وڵاتی کوێستانو رەفتاری لە شوێنە جۆر بەجۆرەکان دا وەبیردێناوە. ئەوەندە تووڕەبوو, ئەگەر لەو دەمی‌دا فووی لەگامێشیش کردبا, دەستبەجێ دەیکوشت.

زوو گەیشتینە دۆڵە بەردەڵانیەکەی خوار کایدیشو مامم وابەتووندی دەستی‌دایە کەوڵکردنی مانگا کلك بڕاوەکەمان, دەتگوت (جیهاندار) پارچە پارچە دەکا.

–ئەم (سەرمیناز)ە چ مرۆیەکی کەمتەرخەمە! –لەحاڵێك دا خەنجەری بەخراپترین جۆری کەول کردن بەکاردێنا: –پێشان کیژی وایان برۆ دەتراشینو سواری کەریان دەکردنو بەناو گوندیان دا دەگێڕان, بەرد بارانیان دەکردن!, تف لە دایكو بابی‌وا, خۆ دەیانتوانی کچێکی دیکە بهێننە دنیایێ! شەرمیش ناکا!.

www.pertwk.com

بیستنی ئەم هەموو شتانە لەمەڕ (سەرمیناز) بۆ من، ئازارو شەرم بوو. بۆم دەرکەوت، هەموو ئەوشتانەی دەربارەی ئەوم گوێ لێ دەبێ، ناتوانن ئەشقەکەی لەدڵم دا دەرکێشن‌و لەگەڵ هەر وشەیەکی مامم دا، وام دەهاتە بەرچاو، ئەو لەباتی پێستی مانگا کلك براوەکەمان یان پێستی (جیهاندار)، من کەوڵ دەکا!.

–جێی سەرنجە، دەبێ کەوتبێتە داوی کێ؟ چ هیچ‌و پووچێك هەڵی خەڵەتاندووە؟ باوکی کوڕەکەی کێیە؟ مامم دەیپرسی، گوایە کەسێك لەتەکیدا راوەستاوەو مێژووی ژیانی (سەرمیناز) دەزانێ.

ئیدی من، بەرگەی هەموو ئەو قسانەم نەدەگرت. دەبوایە، بەری ئەم پەلارانە بگیرێ. بەڵام چۆن؟ لەهیکڕا ئارامی‌و هێزم تێدا گەڕاو بەدەنگێکی بەرزەوە گوتم:



–مامە، بەسە چیدی (سەرمیناز)هەتك مەکە، من بابی کوڕەکەیم.

–چی؟

–من بابی کوڕەکەیم!

مامم هەژا، وەك بڵێی برووسکە لەدەوروبەری دابێ. بەسەر دەستی راستی کە دەسکی خەنجەری گرتبوو، ئارەقەی ساردی هەنیەی سڕی. لەو دەمی‌دا، دەم‌و چاوی، شێوەی دێوێکی ترسێنەری ئەفسانەیی وەبیرهێنامەوە، بۆیە کەمێکیش کشامەوە.

–تۆ؟ –مامم دمکی خەنجەری لەسەر سینگم دانا.

–بەڵێ، من!

–تۆ، برازای من! من هەتا رێگای کوڕی خۆشم نەدەدا، گاڵتەی وام لەگەڵ بکا!.

–مامە گیان، گاڵتە ناکەم، لەمێژبوو دەمویست دانی پێدا بنێم. بەڵام جورئەتم نەدەکرد. حەزناکەم (سەرمیناز)بەدناو بکەی! ئەو بەهیچ شێوەیەك گوناهبار نییە، گیان‌و لەشی پاکە. منیش خۆشم دەوێ. هەر کارێکی دەکرێ بیکە، ئەمە سینگم خەنجەریشت بەدەستەوەیە.

من سەرسەختانە لەبەرامبەریدا وەستابووم، چونکە بواری کشانەوەم نەبوو: قسە کەلەزار هاتەدەر، ناگێڕدرێتەوە! زۆرتریش شانازیم بەوەدەکرد کە بەرگری لە (سەرمیناز) دەکەم.

مامم، خەنجەرەکەی خستەکار، بەڵام نەك لەسینگی من، بەڵکو لەلاشەی مانگا چارە رەشەکە. با ئەوەش بڵێم، خەریك بووم لەگێڕانەوەی داستان دەبوومەوە، تەماشام کرد مامم خەریکە تووڕەیی‌یەکەی خۆی دەخواتەوە. لەوەوە تێگەیشتم، لەم سەردەمەدا هەتا لەگیانی چیایی‌یەکانیشدا گۆڕانکاری‌یەکی زۆر ڕویداوە. پلە بەپلە، هۆش جێگای دەمارگیری بێجڵەوو رکی شێتانەی رابردووی گرتۆتەوە.

مامم پێستی مانگاکەی بەسەرشان‌و ملی منی بێچارە داداو بۆ گوندی هاژوام.



لەوانەیە مەبەستی بووبێ سزام بدا؟ یان بەسادەیی لەلای خۆی لێکی دابێتەوە، ئەگەر بشیکوشتبام ناچار دەبوو پێستەکەم بەدوای خۆیدا راکێشێ!. بەهەرحاڵ، نەتەنیا یاری نەکردم، بەڵکو هەتا نەشیپرسی ئایا بارەکەم گرانە یان نا؟. من لەلایەن خۆمەوە ئامادەبووم گرانترین بار هەڵگرم، بەمەرجێ ئەو بێ دەنگ بێ..

بەم شێوەیە خۆم گەیاندەوە ماڵێ –من پێستی مانگا بەکۆڵ لەپێشەوەو مامیشم لەدواوە وەك پاسەوانێك بەدوای گیراوێکەوە. بەزەحمەت پێستەکەم بەدارەکەی هەیوانەوە کردو وام هەڵواسی کە ژنە دراوسێمان "میتسادای" بیبینێ، لێ دەگەڕێ دڵی کەمێ فێنك بێتەوە. ئەودەمیش؟، دایکم هەندێ شیری ساردی لەژێر زەمینەوە هێنا دەرێ کە دواچۆڕە شیری مانگاکەمان بوو. شیرەکەمان خواردەوەو مامم بەدایکمی گوت:

–خۆشی دەوێ!

–کێ؟

–سەرمیناز!

–ئەدی نەیگوت رکی لێدەبێتەوە؟

www.pertwk.com

–ئەشق و رك هاو هەنگاون. مەگەر مرۆڤ دەتوانێ رقی لەوشتە بێتەوە کەلەلای بایەخدارنین. بۆ نموونە, بەردودار؟ مرۆ دەتوانێ رکی لەیەکێك بێتەوە کە پەیوەندی پێیەوە هەبێ. پوختەی قسە, رێگایەکی دیکەمان لەبەر دەمدا نەماوەتەوە بێجگە لەوەی کەرستەی سەفەری بۆئامادە بکەین. سەرباریش, کاتی سەفەری خۆشم هاتووە. ئیدی هیچ نارەزاییەك قبووڵ ناکەم.

ئاوازی دەنگی بەشێوەیەك بوو, دایکە میهرەبانەکەمی کەهەمیشە دەیتوانی لەسەر قسەکانی خۆی سووربێ, زوو ئارام کردەوەو تەنێ پرسی:

– خزمەکانی رازی دەبن کچی خۆیان بدەنە تیرەی ئێمە؟

–ئەمە کاری منە, دروستی دەکەم



ڕووی کردە من: تۆی هیچ و پووچیش هەرئێستا وەرێکەوە. فلووسێکیش لەگەڵ خۆت نابەی. نانیش. تەنیا بۆ یەك جەم. بەڵام باکەرستەی کارت پێ بێ تابتوانی نان پەیداکەی. باوو باپیرانمان هەروایان کردووە, بۆ هەرکوێیەك دەتەوێ بڕۆ –مەگەر لەکوێستانێدا گوندی واکەمن کە وەستای بەزەوق و هونەرمەندیان تێدا ژیابێ و شتی وایان دروست کردبێ, ئارایشی ژیانمان بێ؟ بۆ هەر لایەك هەنگاو هەڵێنی, پەیدایان دەکەی, تێگەیشتی؟ قسەی دیکەم نییە, خێراکە!.

داکم, کە سەری لەسیما ترسناك و بەزاکوونەکەی (دایان – دۆڵدوروم) سووڕمابوو, قسەیەکی نەدەکرد. سەری داخستبوو, لە ئامۆژگارییەکانی مامم ورد دەبۆوە. مامم بۆیە پەلەی لێدەکردم, چونکە دڵنیا ببوو, تەنێ دەتوانم (سەرمیناز) بخوازم. لەهەر بارێکدا لەوانەیە نهێنییەکەمان ئاشکرابێ. سەرباری هەندێش, ئێستا بیانووێك بۆ قسەکردن لەگەڵ خزمەکانی (سەرمیناز)بەدەستەوەیە. ئەگەر منداڵەکەی (سەرمیناز) منداڵی منە, ئەودەم دایك و بابیشی ناتوانن رازی نەبن. بێجگە لەمانەش وام دەهاتەبەرچاو, مامم خۆش حاڵ بێ چونکە هەنووکە پێویستی بە "حەسبۆڵات"ی پیریش نەدەکرد تا هۆیەکانی ناکۆکییە کۆنەکانمان بۆ لێك بداتەوە.

هەڵبەتە لەدان پێدانانی ئەمڕۆمدا, شتێکی بە ئازاریشی بۆ مامم تێدابوو. ئاخر ئەو دەیویست میراتگرێکی شایستە پێشکەشی رەچەڵەکەکەمان بکا. بەڵام وای لێهات هەر ئێستا میراتگر پەیدابێ. دەروونی خەڵك تاریکستانە, کێ دەزانێ (دایان – دۆڵدوروم) بیری لەچی دەکردەوەو چ شتێك مابوو هێشتا بیری لێ نەکردبۆوە؟

پرسی:



–لەهەموو شتێك گەیشتی؟

وەرامم داوە:

–بەڵێ.

–منیش کارەکە لەگەڵ (جیهاندار) رێك دەخەم. ئاگاداربە, بەیانی ئیدی نامەوێ چارەت ببینم.

–ئاخر تۆش سەفەر دەکەی!

–ئەمڕۆ تێگەیشتم, لەمێژە رێگامان لێك جودایە. بۆتۆی بەدکار باشترە, لەفیکری خۆتدا بی و خەمی منت نەبێ!.

بەبێ ئەوەی دەستم بگوشێ, وەدەرکەوت.

www.pertwk.com

## 3 کەسک و سوور تێک شکاو پەرت و پەخشان بوو

### 1

بـــەڵێ، وەڕێ کـــەوتم. یـــان راســـتتر بڵـــێم هێشـــتا وەڕێ نەکـــەوتووم، بـــەڵکو لەچـواڕیانەکەدا، وەکـوو شـای ئێـران چـوار مەشـقی دانیشـتووم و بیردەکەمـەوە، بەرەو کام لا بڕۆم.

خۆم بۆ ڕێگایەکی دوورو درێژو سەخت تەیارکردووە. چوار جادە، وەك چوار تیشکی وێنەی منداڵان، لەژێر پێم دا کەلـەناو پاپووجێك دایـە، بەئاقاردا دابـەش دەبن. پێڵاوە کۆنە چیکوسلوڤاکی‌یەکەم، دوای ئەوەی لەچنگی (یاپون شامخاڵ)ی پینەدۆزی گوندەکەمان هاتە دەرێ و هەقدەستەکەیم زیاتر لەپارەی کەوشێکی نوێ پێـدا، ئێسـتا نـاوی پـاپووجی لێ‌دێ و شـایانی نـاوێکی دیکـە نییـە. شـەڵوارێکی خۆڵەمێشـیم دەپێدایـە کەلەقووماشـی خراپـی پۆلـۆنی دروسـتکراوە و دایکـی دڵسـۆزم لـە شـەڵوارێکی کـۆنی (دایـان – دۆڵـدوروم)ـەوە بـۆی دروسـت کـردووم. چاکەتە ئەڵمانی‌یە جوانەکەم وەك کاغەزی سمپارە لەمل و چەناگەم دەخشێ. لەژێر چـاکەتدا، کراسـێکی سـپی کـەتانی بەرهـەمی وڵاتێکـی خـواروی ڕۆژهـەڵاتم دەبەردایـە و یەخەکـەی وا بـەگوڵ چنراوە وەختـێ کردمەبـەرم، ناچاربووم بـەدزی دایکم تەڕی کەم. بەو شەپقە تەفلیسیەی لەسەرم ناوە لەمەڵێ دەچم پەڕەکانی باش هەڵنەکێشـرابن و لێوارەکـانی وەك کـەپووم، دەرپـەڕیون. هـەر وەك بـۆ ئێـوە جێگـای سەرنجە، بەبێ شـەرمیەکی تایبـەت بـەخۆم، دەڵـێم: فانیلـەو دەرپـێ‌ی کورتی بـەرم دروستکراوی کارخانەی نیشتمانی "بەلشـەفیك"ن. کـەراواتیش نابەستم، چونکە بێ کەراوات راحەتتر دەتوانرێ هەوای پاکی کوێستان هەڵمژرێ.

جل و بەرگم وابوو. بەڵام بەو خۆنواندنەم، دەربارەی بنەڕەتی ترین بابەت قسەم نـەکرد کەلەسـینگم دا دڵێکـی پـڕ لەگـەرمی‌ی واقیعـی‌ی داغسـتان، دڵێکـی گـەنج و پتەو، لێدەدا.

هەگبەیەکیشم بەشانەوە بوو، هەرچەندە بەپینەو پەڕۆ بوو، بەڵام نەخشەکانی هێشـتا تـازەیی ڕەنگـەکانی پاراسـتبوو. باپیریشـم وەختـی خـۆی، بـەم هەگبەیـەوە وەدوای دیـاری زەماوەندەکـەی کـەوتبوو. ڕێگـای، بـەنێو وڵاتـە دوورە بێگانەکانـدا تێدەپـەڕی، نـەك هـەر گەیشـتە جـادەی "کوپـا"ی ئەسـتەمبۆڵ کەلـەو سـەردەمی‌دا پیشەگەری کارامەی تێدا دەژیان و نەك هـەر گەیشـتە مەیـدانی تۆپخانـەی تـاران – بەڵکو سەری لەجادەی پردی ئاسنگەرانی مۆسکۆو شانزە لیزەی پاریسیشدا.

لایـەکی هەگبەکـەم، کەرستەی کـاری تێدایـە: چـەند دانـە قەڵـەمی هـەڵکۆڵین کـە مـامم تیـژی کـردوون، چونکە خـۆم هێشـتا وەك پێویسـتە، تیـژکردن فێرنەبوویمـە! دەسـتە مـەورەدێك، چـەکووش، گـاز، مقەسـتی دەسـتکاری " ئـاموزگی"، بـۆ بـڕینی میتـاڵ، لـەناو قووتـووە بەتاڵـەکانی ئـاوی نـەباتیش دا کەرسـتەی خـاوی بەرهـەم هێنـانی دەسـتکارەکانم، لەوانـە قەڵـەمی ڕەش، کـەمێ تێلـی زیـوین و چـەند پارچـە

www.pertwk.com

ئاسنێك كە لەسكەی زیودا وێنەی تزارم داڕشتووە –واحیساب لەگەڵ رابردووی نەفرەت لێكراو دەكەم– داناوە.

ئەم سكانە سینگی كیژێكی "سیراهین"یان دەڕازاندەوە كە هاتبووە بازاڕی (كووباچی) تا هەنگوینی بەهارەی كەلخووز بفرۆشێ. ئەمما چ كیژێك بوو! گۆنای سۆر, چاوی رەش وەك ئاگر دەچریسكانەوەو ئەبرۆی كەوان, –بەكورتی كیژێكی سەرنج راكێش بوو, تەنیا ئەم سكە تزاریانەی لێنەدەهاتن! من بەزمانی لوس بۆم روون كردەوەو پێشنیارم كرد كە بێ درەنگ لەگەڵ گوارەو بازنی دەستكردی خۆم بیانگۆڕینەوە. هەڵبەت رازی بوو, وابزانم نیگا گەرمەكانم لەگوارەو بازنەكان زیاتریان كارتێكرد. ئەمە, مامم, (دایان – دۆڵدوروم) كە لەكڕین و فرۆشتن دا كەس نایگاتێ, فێری كردبووم. هەندێ جار دەیگوت: "**لەبازاڕدا, دەبێ شێوازی رەفتار شارەزابی, دەبێ هەرجۆرە هەستێك لەخۆت وا بە مامەڵەكەوە ببەستیتەوە, وەك بڵێی هەموو ژیانت پێوە بەندە!**".

ئەوجار من خۆم نیشاندا: ئەو كیژە نەتەنیا رۆبڵە تزارییەكانی لەملی كردەوە, بەڵكو فەرمووی هەنگوینی بەهاریشی لێكردم, كەوا دەهاتە بەرچاو لێوە تازە بەهاری‌یەكانی زۆر لەهەنگوینیش شیرینتربن. ئەو دەم, بیرم دەكردەوە: "ئاه, ئەگەر دڵم كیژە (كووباچی) تێدا نەبا, چۆن جێگای ئەم كیژە (سیراهین)ی‌یەم دەكردەوە!. ئەو دایك و بابەی كیژی وا جوان بەتەنێ دەنێرنە بازاڕی, لێك دانەوەیان نییە".

سامانی ناو هەگبەكەم, ئەمانە بوون و, دەبوایە بەهۆیەوە لەتەواوی رێگادا نانی پێ پەیدابكەم و دیاری‌یەكیش بۆ سەرمیناز– هەڵبەتە نە بەشتەكانی نێو هەگبەكەم, بەڵكو بەدەستەكانم, پەیدا بكەم.

لایەكەی دیكەی هەگبەكەم, كولیچەیەكی لەگۆشت دروست كراوی بەناوی "چودو" تێدابوو كە دایكم بۆ رێگا دروستی كردبوو, و زۆر بەپەرۆشیشەوە رایسپاردبووم تا نیوەڕۆ دەستی لێنەدەم. بەڵام قۆناغ زۆر دوورو كولیچەكە زۆر نزیك بوو! سەرباری هەندێش, كولیچەكە لەناو هەگبەوە لەسەر جل و بەرگەوە پشتی گەرم كردبووم– كولیچەیەكی زۆر بەتام بوو!. لەوانەیە بڵێم هەر لەبەر كولیچەیەكی وایە من رێگای سەفەرم گرتۆتەبەر. دڵم تەپە تەپیەتی: "هەرچی دەبێ, بابێ! هەرچی دەبێ, با ببێ!" لەئاكامی كاردا, فەرمان دەرچوو. لەبەرئەوەی دەستم هەمیشە گوێ رایەڵی دڵمە, بێ ئاوڕدانەوە تا بزانم چ مەودایەك لەگوندەوە دووركەوتووم, هەگبەكەم داناو كولیچەكەم دەركێشا. وەختێ خۆراكێ لەسەر زەوی پەیدابوو, ددانی لاوان دەیكێشن. منیش خەریكم كولیچە خۆشەكە, پەرجووی بێ هاوتای دەستكردی كوێستانێ دەخۆم. دایكم هەمیشە دەیگوت باش نییە كولیچە بەپارووی گەورە گەورە بخورێ, بەڵام بۆ كێ باش نی‌یە؟ ئەوەی دەیخوا یان ئەوەی دروستی دەكا؟.

ئەگەر یەكەمین پارووم قووتدا, ژیانێكی خۆشترو دونیایەكی جوانترو فیكرێكی سەیرترم كەوتە مێشكەوە: "بۆ عەیبە (سەرمیناز) كوڕێكی هەبێ؟ ئەمە زۆر لەوە باشترە كچێكی هەبوایە, باشە, من زەماوەند دەكەم و یەكسەر میراتگرێكم دەبێ!.

بەم شێوەیە لەچواڕیانەكەدا خەریكی خواردن بووم و رێگاكانیش بەهەرلادا درێژ دەبوونەوە. –بۆهەرلایەكی, دەتەوێ هەنگاو هەڵێنەو لەهەر كامێكیش دەتەوێ بگەڕێوە, بەڵام لەڕێگای وەدەست خستنی دیاری كەچیایی‌یەك سەرسام بكاو تیرەكەت سەرفراز بكا, مەگەڕێوە. هەرچۆنێك بێ و, پێم نابێتە سەر هەر رێگایەك, هەمان ئەو رێگایە دەبێ كە باوو باپیرانم بەئومێدی وەدەست خستنی دیاری‌یەكی شایستەی هەڵبژاردەیان, پێیان ناوەتەسەر.

www.pertwk.com

**دەبێ چی وەدەست بخەم؟ ئاخر لەم سەردەمەی ئێمەدا کەمرۆ لەباڵندەکان باشتر دەفڕێ، لەماسییەکان باشتر مەلە دەکا، بێ یارمەتی مەڕ چەرم دروست دەکاو بێ مریشکە کورك جووجەڵە پەیدا دەکا، وەرە تاقی بکەوەو سەریان سووڕبمێنە!.**

چوار ڕێگا، یەکێك بەپەناوپێچەوە بەرەو شاخە سەختو جوانەکەی (ئاڤار)دەچێ، ئەوەی دی دەگاتە (یوژداغ)ی سەر سەوز کە چیا گەورەو سەرسپییەکەی (شاهداغ) (شاکێو)ی تێدایە. ڕێگای سێیەم، بەشاخەکانی (کوموخ)ەکان، یان ڕاستتر "لەك"ەکانەوە کەوەك سەری تراشراو رووتە، پەیوەست دەبێ. خەڵکی، (لەك)ەکان بەفێڵباز لەقەڵەم دەدەن، بەلاّم وەك دەڵێن، مامم پێی خۆش نییە، چونکە لەوباوەڕەدایە، خوێنی، ڕەگی (لەك)یشی تێدایە. چوارەمیش، بەرەوخوار، بەرەو دەشتو بەرەو شەپۆلە کپەکانی خەزەر درێژ دەبێتەوە. گوندییەکان بەهەموو ئەم ڕێگایانەدا بەرەو وڵاتە دوورەکانی بێگانە ڕۆیشتوون. باشە چ نرخێکی هەیە بۆ من، بۆ جێگایەکی دوور سەفەربکەم؟ ئایا هیوای گۆڕینەوەی بێبەشی ئەمڕۆ لەگەڵ خۆشییەکانی ژیانی خێزانداری سبەینێ شایستەی چەند ساڵ گەڕانە. جگە لەوەش، وەختێ من هێشتا وەك پێویستە زێدی خۆم شارەزانیم، ئەو سەرزەمینە دوورانە، خووڕەوشتو ئاکاری نائاشناو هونەری بێگانە بەکەڵکی چ دەردێکم دێن!. لەو باوەڕەدام پێشینانمان کە هێشتا مەزەی شتەکانی دەوروبەری خۆیان نەچێشتووە، بەرەو دەوروبەری نەزانراو وەڕێ دەکەوتن، دووربین نەبوون. بەلاّم من پێش ئەوەی بگەمە شوێنی دانیشتنی نیوەڕۆ تامی کولیچەکەی دایکمم کرد. لەم بارەیەشەوە، هیچ بەداخەوەنیم.

شوێنی لێك ترازانی ڕێگاکان! تەنیا بەردی پەرۆشەدارو قەلەڕەشی هەواڵدەری کەمە، نووسینێك فەرموو دەکاو هەڕەشە دەکا: "**ئەگەر ڕاست بڕۆی –شەوێکی تاریکت بەسەردا دێ. بەرەودواوە بگەڕێیەوە- ڕۆژێکی ڕووناکت تووش دێ!. بەرەو لای چەپ بڕۆی، بەخۆشبەختی دەگەی. بەرەولای ڕاست بڕۆی،- مەرگی خۆت دەبینی!**".



خەڵکی هەمیشە بەهۆشن و لەهۆشیاندا نهێنییەکی قووڵو ڕاستییەکی دەرك نەکراو هەیە. بۆچی لەڕێگای دەستە ڕاست مەرگو لەڕێگای دەستە چەپدا خۆشبەختی هەیە؟ ئەرێ لەبەر ئەوە نییە کە لەودەمەیوە خەڵکی ئەم ئەفسانەیان دروست کردووە، خراپە چاوەڕێی کەسانی سەر ڕاستو سەرکەوتنیش هی کەسانی ناڕاستو دووڕوو بووە؟

بەلاّم ئایا ئەوەی خەڵکانی ڕاستو دروست وەدەستی دەهێنن، دەکرێ ناوی بنێین خۆشبەختی؟ لەکوێستانێدا، وا لەخۆشبەختی دەگەن: **هاوبەشی خەمو شادی هەمووان**. مەگەر دەکرێ یەکێك خۆشبەخت بێو لە تەنیشتییەوە دەکەس بەدبەخت بن. **لێگەڕێ بادەکەس خۆشبەخت بن و یەك کەس بەدبەخت!...**

ئەرێ من چ زمانێکم هەیە؟ تانەیگەزم ڕاناوەستێ. دایکمو بابم وایان خستووتە دەممەوە، حەز دەکەم دەربارەی هەموو شتێکی بێمانا قسەبکەم – هەتا دەربارەی بۆ نموونە لەکوێو کامە بەردم وێ کەوتو مامم لە کاتی گەڕانەوەی لەگەرماو لەکوێ لیفکەکەی بزرکرد ... هەندێ جاریش شتی گرنگترو بەنرخترم لەبیر دەچێتەوە.

مسۆگەر ئێوەش بیردەکەنەوە: بەبێ دیتنی کەسێك کەلەبەر خاتری چاوە جوانەکانی ئەو بێبەش بووە، گوند بەجێ دێڵێ، هەتا خودا حافیزیشی لە هەڵبژاردەکەی دڵی نەکردو ڕازی بوونی ئەویشی وەرنەگرتووە، سەفەردەکا.

www.pertwk.com



## 2

ئەگەر بیٚ شەرمانە بلٚیٚم, دوای پەلاماردانم لەلایەن سەگەکەی "جیهاندار"ەوە وەك ئیٚوە ئاگادارن, مەیلی بینینی (سەرمینان)م کەم بۆوە. لەگەڵ هەندیٚش, دویٚنیٚ شەو دوای رۆیشتنی مامم و کاتیٚ دایکم جیٚگایەکی نەرمتری بۆ راخستم تا بتوانم پیٚش سەفەریٚکی سەخت بحەسیٚمەوە, بیٚدرەنگ هەستام و چوومە کۆلان. ئەم جارە, کلاوە پیٚستییە تایبەتییەکەی جەژنم لەسەرناو لیٚوارەکەیم تاسەر لووتم داکیٚشا بۆئەوەی کەس نەمناسیٚ.

ئەگەر ئاسمانی شینو ئەو ئەستیٚرانەی لەبەرزاییەکی کەمی ئەم زەمینە ئەتلەسییەوە هەڵواسرابوون, لەبەرچاو نەگرین, شەو بەهیچ شیٚوەیەك سرنج راکیٚش نەبوو. ئەم ئەستیٚرانە, پەنگرنو لەپیٚستی پشیلەوە بۆ هەوا رۆیشتوون.

مانگیش لەئاسمان دا, وەك (سەرمینان)ەکەم تاك بوو, وەکوو ئەو رووی لەژیٚر تارایەك دا دەشاردەوە ...

گوند, لەخەودا رووچووبوو. خۆشحاڵ بووم لەوەی گاڵتەجاڕەکان نامبینن. بەبیٚ هیچ رووداویٚك خۆم گەیاندە ماڵی (جیهاندار), بەلاٚم لەترسی سەگەکەیان نەویٚرام بچمە حەوشە, بەڵکو چوومە سەربانی دراوسیٚکەیان کەپەنجەرەی (سەرمینان)ی لیٚوە نزیك بوو, و کووچەیەکی قووڵو تەنگ, بانو پەنجەرەکەی لیٚك جودا دەکردەوە.

پەنجەرەی ژوورەکەی (سەرمینان) رووناك بوو. من لەسەر ئەو بانەوە دەستەخوشکەکانی ئەوم ناسی: ویٚ دەچوو, شەوچەرەیەکی کیژانەبیٚ.

لەخامۆشی شەودا, ئاوازی "چوگور"و دەف دەهات. (سەرمینان)چوگوری لیٚدەداو پەنجەکانی "بلا" لەسەر رووی  رەفەکە دەجوولاٚنەوە. کیژەکان هاوکات لەگەڵ ئاوازی مۆسیقادا, گۆرانییەکی خۆشیان لەمەڕ بیٚوەژنیٚکی جوان, دەگوت.

لەگوندە کویٚستانییەکەمان, لەکۆنەوە ئاکار وایە, کیژانی هاوزیٚ, شەوان بۆ خۆشگوزەرانیو وەدەرخستنی سەلیقە لە چیٚشت لیٚنانو درووومانو نەخشو نیگار بەداوی زیٚڕین لەسەر دەسرۆکی ژنانە, هەڵپەڕکیٚو هەندیٚ جاریش بۆ هاودەردی دەستەخوشکیٚك کە مارەکراوە,و دەیەویٚ بەزوویی بۆ ماڵەمیٚرد وەڕیٚ کەویٚ, کۆدەبنەوە.

قسەی واهەیە, دەڵیٚن: **کاتیٚ کچیٚك وەختی بەمیٚرد دانی رۆندك برِیٚژیٚ, دوای زەماوەند خۆشبەخت دەبیٚ.**

(چوگور)ی چوار تا لەژیٚر دەستی (سەرمینان)دا دەینالاٚندو دەتگوت پەنجەکانی, پریشکیٚك لەتارەکان هەڵدەستیٚننو, هەموو جیٚگایەك بەڕووناکییەکی گەشاوە رۆشن دەکاتەوە. لەژیٚر کراسەکەیدا, پانتۆڵە شینە لیٚوار زیٚڕینەکەیو لەخواریٚ پیٚلاٚوە جوانو ریٚکەکەی دەبینریٚ. (سەرمینان) وەك ئەوەی هیچ رووی

www.pertwk.com

نەدابێ, شادو خۆشحاڵو بێخەیاڵ دانیشتووەو منیش بەسەرسووڕمانەوە بیرم دەکردەوە: "چۆن دەکرێ ناموسی ... ئەو شتێکی گوتو "چوگور"ەکەی دایە دەستەخوشکێکی و دوورکەوتەوە. کیژەکان ئاوازی بەپەلەی شایی گاڵتەجاڕییانەی "ئاشتینکا"یان دەست پێکرد. (بلا) لەبارێکدا ئەنگوستی درێژی خۆی بەرزکردبۆوەو بەدەستەکانی هەوای شەق دەکرد, هاتە ناوەڕاستی ژوورەکە. "خایت! خایت!" —دوای ئەو. بێجگە لەوانەی مۆسیقایان لێدەدا, وەڕێ کەوتن. پێکەنینو هەراو هۆریا! پارچە ئاگرن کاتێ بەتەنێن, چ شتێکی جوان داناهێنن؟.

لەهیکڕا, ڕەوەی کیژە خۆشحاڵەکان بەهاوارو قیژەوە روویان بەچارۆگەکانیان شاردەوەو لەکونو کەلێنی ژوورەکەدا, خۆیان ون کرد. وەختێ ڕێوی لەدامەنی لێڕ خۆی دەخاتە ناوەندی ڕەوەی پۆڕان, هەر بەم شێوەیە پەرتو پەخشان دەبن. چی روویداوە؟ نەکا منیان دیبێ؟ بەڵام خۆ من لەوبەری سەربانی کۆڵانەکە وەستاوم.

من چ دەبینم؟ مەعلووم نییە لەکوێ, جیگیتێ, سەردارێکی (چەرکەسی) لەبەرو چەکمەی مەیلەو زەردی بریقەدار لەپێ, کڵاوێکی پێست ڕەشەگوڵی خۆڵەمێشیو کلێتە لەسەر, لەدەرگای ژوورەکە وەدیار کەوت. (سەرمینان)ە, من یەکسەر ناسیم. بەڵام دەستە خوشکەکانی هێشتا دوودڵنو لەژێر چارۆگەکانیانەوە تەماشا دەکەن تا بزانن ئەوە کێیە خۆشیو شادییان دەتەرێنێ.

ئاه, ئەو شتێکی لەدەمەوە هاتەدەرو کیژەکان دەوریان گرت. شایی دەستی پێ کردەوە. (سەرمینان) ئێستا وەك لاو سەما دەکا. کڵاوەکەی بەخێرایی خوارکردەوەو لەسەر پەنجەی پێی و بەشێوەیەك لەبالرینی واقیعی خراپتر نەبوو, بەرزبۆوە و بەنەرمییەکی تایبەتی, دەسووڕا.



ڕاوەستام, تەماشای دەکەمو بیروخەیاڵیشم سووڕ دەخۆنو بەدەوری ئەودا دەسووڕێن. نەخێر, ناتوانم چاوی لێ بتروکێنم. لێگەڕێ (سەرمینان) کوڕێك نا, دە کوڕی هەبێ. —لەهەر بارێك دا کچێکی وەکوو ئەو شایستەی ئەشق بێ, — وەدەست ناکەوێ, لەژوورەوە شادیو پێکەنینو چەپڵەلێدان لەگەڵ ئاوازی هەڵپەڕکێ, بەردەوامە. لەناکاو, ئەو کڵاوەی من هەڵمدا, وەك کۆترێکی باڵ شکاو لەنێوەندی ئەلقەی کیژەکان کەوتەوە. کچەکان وەکوو هەمان ئەو دەمەی "جیگیتی" نەناسراویان لەکۆسپەی دەرگا بینی, ترسیان لێ نیشت. ئەو کڵاوەی لەپەنجەرەوە بۆ ژووری هەڵبدرێ, ڕووداوێکی گەورەیە لەژیانی کچان. دەستە خوشکەکانی بەسەرسووڕمانەوە لە (سەرمینان) ڕامابوون.

ئەویش, وەك هاتەبەرچاوی من, سەرەتا کەمێ شێوا. بەڵام زۆر زوو وەخۆهاتەوەو بەبێزەوە, بەدوو پەنجە, کڵاوەکەی هەڵگرت. لەهەموو لایەکڕا لێی ڕاماو لەپەنجەرەکەوە نزیك کەوت. (بلا), پەردە تەنکەکەی لاداو چرای سەرمێزەکەی لەسەر تەقیچکەی ژێرپەنجەرەکە دانا. من لەترسان لەپشت دیوارەکە دانیشتمو تێ نەدەگەیشتم, لەژووری ڕووناکەوە هیچ شتێکی ناو تاریکی نابینرێ.

(بلا) لە پەنجەرەوە سەری بۆ خوارێ خوارکردەوەو بەچراکەش کووچەکەی ڕووناك کردەوە, ئینجا گوتی:

—هەڵیداو ڕای کرد!

(سەرمینان) پرسی:

—تۆ دەڵێی چی؟ کڵاوی کێیە؟

(بلا) گوتی:

—وابزانم هی موختارە!

(سەرمینان)دەتگوت تانە لە دەستە خوشکەکانی دەدا, گوتی:

www.pertwk.com

–تەنیا تۆ فیکری موختارت لەسەردایە، ڕەنگ بێ، چ لاوی دی لەگونددا نەبن!.

–هەن، ئەمما... – (بلا) زمانی گیرا.

–چی ... (ئەمما)؟

(بلا) هەوڵیدا، ڕوونی کاتەوە:

–ئەوانی دیکە، وانین. یاشەرمنن‌و لەکیژان خراپترن، یان بێشەرم‌و بەدکارن–واز ناهێنن.

(سەرمینان) بەڕاشکاوییەوە، گوتی:

–(موختار)، وانییە؟

–هەڵبەت ئەویش زێڕنییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ... بەڕاستی ئەگەر ئەم کڵاوە هی ئەوبێ، چی؟ ئەودەم چ دەکەی؟



–فڕێی دەدەم‌و– خوداحافیز!

–ئەگەر هی (عزین)بێ؟

–هی (عەزین)؟ نەم بیستووە لەخوێندن گەڕابێتەوە– (سەرمینان) بێ دەنگ بوو، من هەستم دەکرد، بەهێواشی دڵم لە لێدان دەکەوێ. بەڵام (سەرمینان) لێ بڕاوانە گوتی:

–ئەویش ڕەت دەکەمەوە!

–ئەگەر بەڕێکەوت هی (بەهادۆر)بێ؟ –(بلا) بەبێ چاوەڕوانی پرسیاری کردو هەستیشم کرد خەمێکی لەدەنگیدا بوو.

–(بەهادۆر)، هێشتا تەواو منداڵە– (سەرمینان) بێبەزەییانە، ئەمەی گوت. پاشان ئەمەشی زیادکرد:– ئێوە دەزانن، ئەگەر بەویژدانەوە بڵێم، لەهەندێ بارەوە لەگەڵ مەیلمدا دەگونجێ .. تەنیا کەپووی ...

یەکێك لەدەستە خوشکەکانی، وەبیری هێناوە:

–بەڵێ، کەپووی لەتەپشووی دارتاشی دەچێ!.

–بەڵام خوشکینە مەگەر مەسەلە ئەوەیە؟ ئاکاری لەکەپووی سەیرترە–سەرکێش، خۆش باوەڕو بێ بەختە ... بەکورتی هەتا دڵیشم بۆی دەسووتێ!.

(بلا) هەر سوور بوو:

–نەخێر، لەگەڵ هەندێش، ئەگەر هی (بەهادۆر)بێ، چ دەکەی؟

ئیدی خۆم پێ ڕانەگیرا: ئاخر (سەرمینان) دانی پێدانا کەمنی لەوانی دیکە خۆشتر دەوێ. بێ ئەوەی چاوەڕوان بم کڵاوەکەم لەپەنجەرەوە تووڕ هەڵبدا، هاوارم کرد:

–(سەرمینان) ئەوە کڵاوی منە!.

کیژەکان بەرەو پەنجەرە ڕایان کرد. چرا کوژایەوەو ئێستا بێگومانم دەیاندیتم، بەتایبەتی وێڕای مەترسی کەوتن، لەسەر ڕۆخی بانەکە ڕاوەستاوم. دەم‌و چاوی (سەرمینان) گۆڕا. ئەمن تەنیا بەڕوانینێکی کپەوە دەپاڕامەوە تاکڵاوەکەم بهێڵێتەوە. بەڵام ئەو لەگەڵ نیگایەکی سەرزنشت ئامێز کڵاوەکەی فڕێدام.



فڕێدانێکی وا، کڵاو لەتاریکی کۆڵانەکەدا، وێدەچوو لەهەورازێك گلۆربووبێتەوە.

لەخۆڕا هاوارم کرد:

–چیت لێکردم، باشتر بوو خۆم فڕێدەی!؟

کیژەکان وەك هاودەردی، بەبێ دەنگی لێم ڕامابوون. (سەرمینان) بەگاڵتەوە پرسی:

–ئەو کڵاوە لەلای تۆ ئەوەندە بەنرخە؟

–نا، ئەمما تۆ دڵت فڕێدام!

–بۆ تۆ سەختە؟ لەبیرت چووە (ئەحمەد مونگی)لەم بارەیەوە چی گوتوە؟ ئاه، بەڕاستی خۆ تیرەکەتان ئەو بەڕەسمی ناناسێ. ئەرێ تۆش بەشاعیری دەزانی؟

–گاڵتە دەکەی؟ بەڵام من تاریك‌و ڕوونی بەیانی سەفەر دەکەم..

–دەڕۆی؟ نەکا بەدوای دیاریدا بڕۆی؟ بۆ کێ؟

www.pertwk.com

–بۆ تۆ! بۆتۆ, (سەرمینان) هەر چەندە مەکربازو بێ بەزەییشی!

–کیژینە, گوێتان بگرن! –(سەرمینان) قاقا پێکەنی –ئێستا ئێمە ئەشق دەنوێنین!.

سەرلەنوێ رووی تێکردم: –دەبڵێ!.

دەستە خوشکەکانی, وایان نیشاندا, گوێیان نەگرتووە, بەڵام دیارە ئەگەر قورقوشمیش بکەینە گوێی ژنان, هەر گوێ دەگرن ... من بەگلەییەوە دەپاڕامەوە:

–سەرمیناز بۆ یەك دەقیقەش بێ, وەرە دەرێ, دەبێ بەتەنێ قسەت لەگەڵدا بکەم!.



–لەبەردەم هەمووومان قسە بکە!.

–ئەم فیزو خۆ بەزل زانینەت لەکوێ هێناوە؟ – ئەم قسەیەم لەدەم دەرپەڕی, چونکە زاری خۆم پێنەگیرا: –ئاخر دەبێ شەرم بکەی خۆت بەخەڵك نیشان بدەی, نەك گاڵتەیان پێبکەی!

–بۆچی؟ "بەهادۆر" تۆ کەمێ زرنگ بووی!

–چونکە ... –زمانم گیرا– ئەوەیە کە دەمویست بزانم, راستە؟

ئەگەر راست بێ؟ دەتەوێ بڵێی ئیدی منت خۆش ناوێ؟

–ئەگەر دەمتوانی ئەمە بڵێم!

–ئەدی چیت دەوێ؟

–هیچ! –ئەمەم بەنائومێدییەوە گوت.

–ئەو دەم, خودا حافیز! قەیدی نییە ئەگەر بەدنیادا بگەڕێی –فێرە ئەقڵ دەبی!

–تۆ لەکاتی خوداحافیزی دا شتێکم پێ ناڵێی؟

–سەفەر بەخێر! ئیدی دەتوانم چیتر بڵێم؟

–قسەیەك لەمەڕ ئەشق,–دەستم بەپاڕانەوەکرد.

–لەوانەیە ماچت بوێ؟ –قاقا پێکەنی –کیژینە گوێتان لێیە, دڵی چی دەوێ!

تەریق بوومەوە. ئامادەبووم زووتر بچمە درزی بانەوەو بکەومە نێو ماڵی بێگانەیەك. بەڵام شەرمو تووڕەیی تەنیا هەستیان تیژتر کردمو بەدەنگێکی بەرز, وەك سیحرو جادوو, گوتم:

–(سەرمینان), دیسان لەمەڕ من قسەت گوێ لێ دەبێ, (بەهادۆر) دەگەڕێتەوە گوند.

–بیرت نەچێ, کڵاوەکەت هەڵگریەوە!

–نەخێر, دەستم پێی ناکەوێ



ئیدی گەڕامەوە ماڵێ.

ئێستا دانیشتوومو فەلسەفە دەکەم, هەرچەندی بەناو ئەم فەلسەفەیەدا قووڵتر دەبمەوە, هاتنەدەرەوەی سەختتر دەبێ. وەك ئەو پشیلە چاوچنۆکەم لێهاتووە, کە سەری خۆی بەتۆبزی بردە ناو گۆزەیەکی باریکەوەو هەموو قەیماغە ترشەکەی لستەوە, بەڵام پاشان نەیتوانی سەری دەربێنێ.

## 3

هەروا خەریکی فەلسەفە لێدانمو لەجێگای خۆم ناجولێمەوەو تەنیا بۆنی کولیچەکان دێ. هەستامو هەگبەکەم بەشان دا دایەوە. پێشتر کولیچەکان بارتەقای کەرستەکان گران بوون, بەڵام ئێستا ناچارم کەرستەکان بەسەر

www.pertwk.com

هەردوولای هەگبەکەدا ببەشمەوە تا هەڵگرتنیان خۆشتربێ. ئێستا هەمووشتێك رێك‌و پێکە، ئەوە نەبێ نازانم ملی کامە جادە بگرم. ئەوانەی دەڵێن یەکەمین هەنگاو زەحمەتە، هەقیانە. بەتایبەتی ئەگەر نەشزانی بەرەوکام لای رانێی. لەو دەمیدا، وەبیرم هێناوە کە لەم تەرزەکاتانەدا، مامم چی دەکرد. چاوم نوقاندو پێی چەپم بەپشتمەوە نووساندو بەسەر پاژنەی پێی راستم دا سووڕام —هەر جێگایەك کەپووم نیشانمی بدا، بۆ ئەوێ دەڕۆم.

دوای ئەم کارە، بەپارێزەوە چاوی راستم کردەوە. ئەگەر کەپووم لەبنجکە گەزگەزکێك گیربوو، وەبیرم هاتەوە، دایکم چ کولیچەیەکی خۆشی بە گەزگەزۆك دروست دەکرد. لەپشت گەزگەزۆك‌و، لەوبەری گەلی‌یەکە کێڵگەی پەتاتەو دارستانی بەناوبانگی میوە کێویلکەکان. کاتێ تێگەیشتم، کەپووە بەناوبانگەکەم هەڵەی کردووەو لەرێگای راستی لاداوم ناچار بووم سەلەنوێ چاوەکانم دابخەم‌و بسووڕێم. ئەم جارە بەردێکی تاشراوی گۆڕێك روو بەڕووم بۆوە کەلەساڵی 1940دا رستەی "**ئەو پێی باشتر بوو، خۆی بڕوا**"ی لەسەر هەڵکەنرابوو. گۆڕی یەکێك بوو خۆی کوشتبوو. نەخێر، ئەم جارەش هەڵەی کرد. دیسان وەك فڕفڕۆك لەسەریەك پێ سووڕام، ئەمما گێژ بووم‌و بەسەر دەمدا کەوتم. زۆری نەمابوو کەپووم، واتە رێنوێنی، سروشتی خۆم، رێك لە چەقی رێگایەك کەبەرەو (یوژداغ) دەچوو، بشکێنم. مەسەلەکە چارەکرا.

لەوکاتەدا، دەنگێکی نەناسراوم هاتەبەر گوێ:

—خۆت هەڵدەستی یان لەئەسپەکەم دابەزم یارمەتیت بدەم؟

سەرم بەرز کردەوە، سەرەتا پێیە ناڵکراوەکانی ئەسپەکەم بەسەرسەرمەوە بینی کە لەپێی جوانان دەچوون. پاشان پێی پیاوێکم لەئاورکێب دا بینی، پاشان سوارەکە. لاوێك بوو، کەمێ لەمن بەتەمەنتر. زەردەخەنەیەکی بەسەرلێوەوە بوو، گۆناکانی سوور هەڵگەڕابوون. چەکمەکانی لەبەر زۆر سواری تۆزاوی ببوون. چاکەتێکی چوارگۆشەیی دەبەرداو کڵاوێکی قەرەگوڵی خۆڵەمێشی لەسەربوو.

سوار پرسی:

—چ دەکەی، دەتەوێ بیر لێدەی؟

—تێ نەگەیشتم!

—منیش هەر لەو باوەڕەدا بووم: هۆی نییە. ئەگەر نا، من تێدەپەڕیم. ئەگەر تەماشام کرد هیچ تێ نەگەیشتم! لەسەر یەك پێ سووڕان، لەوەدەچێ کارێکی دیکەت دەست نەکەوتبێ.

گوتم:

—دۆزیمەوە.

—چیت دۆزییەوە؟ —پێم پێدەکەنی‌و وای حیساب دەکرد گێل بم.

—رێگام دۆزییەوە، —ئەمەم بەتووندی‌و دڵنیاییەوە گوت تا پێکەنینە گاڵتەجاڕی‌یەکەی لەدەم‌و چاوی‌دا بتەرێنم.

—ئاه، رێگا! دیارە ... —لچ‌و لێوی خوارکردەوە، وەك بڵێی گاز لەکاڕگە تەماتە بگرێ— بەو حیسابە، رێگاش بەمن نیشان نادەی؟

—دەتەوێ بۆ کوێ بڕۆی؟

—بۆ دۆڵی رووباری (روباس)

—رێگات لێ بزربووە؟

—بەڵێ، ئەوە یەکەمین جارمە دێمە ئەم ناوچەیە.

—ها، باشە، رێگای دۆڵی (روباس) هەر ئەم رێگایەیە کەمن هەڵم بژاردووە.

—واتە هاوسەفەرین — کابرا زەردەیەکی کرد.

—وەرامم دایەوە:

—نەخێر!

www.pertwk.com

–بۆچی؟

–**پیادە نابێتە هاوڕێی سوار!.**

–ئەگەر ئەمەبێ چار دەکرێ – کابرا لەبەر قسەی من دابەزیو منیش خەیاڵم کرد, داوام لێ دەکا لەپشتی سواربم. بەڵام ئەو حوکمێکی دیکەی داو منیش سوور نەبووم. مامم دەڵێ: "**ئەسپی رەسەن قامچی ناوێ, خەڵکیش یەك هێمایان بەسە!**".

گوتم:

–باشە, باڕێکەوین!–بەڵام هێشتا یەکەمین هەنگاوم کە زەحمەتترینە هەڵنەهێنابوو, کابرای نەناسراو پرسیار بارانی کردم. بێشەرمانە لێی پرسیم:

–ئەو گوندە ناوی چییە؟

ئەمە لەرەگی هەستیدام. لەگەڵ شیری دایکم هەستێکم لەکن پەیدابووە, کە چیاییەکان پێی دەڵێن شانازی کردن بەزێد – ئاخر ئەمە هەمان هەستی نیشتمانەو مرۆ بەبێ ئەو ناتوانێ بژی.



چیایی ئەگەر لەگوندەوە بۆ شارەکەی کەلەلێواری جوانی – لێگەڕێ هێشتا نائاوەدانی خەزەر– هەڵکەوتووە, شۆڕدەبێتەوە, دڵی هەمیشە بەرەو دۆندەکانی زێدەکەی رادەکێشرێ. لەگەڵ رۆژگاردا, لەگەڵ شاریش رادێو ئەو دەم لەمۆسکۆش دڵی بۆ "مەحەچ قەڵا" تەنگ دەبێ. ئەگەر مۆسکۆشی لێخۆش هاتو بۆ وڵاتە دوورەکان سەفەری کرد, لەخەوو بێداریدا ئارەزووی مۆسکۆ دەکاو ئەوهەستەش بەهیچ نیعمەتێك ناگۆڕێتەوە. ئەمە هەستێکی مەزنە, بۆیە شانازی کردن بە گوندەکەت شتێکی گەورەیە.

کابرای نەناسراوم لەبەر هەڵەکەی کە منی بەگێل دانا, بەخشی, بەڵام مادام گوندە بەناوبانگەکەی وڵاتە شاخاوییەکەمانی نەناسی, چۆن دەتوانم بیبەخشم؟

خۆم گرتو لەبەرامبەریدا وەستاومو کەوتمە پرسیار لێکردنی:

–دیارە نازانی ئەم گوندەی لەبەرامبەر کەپووتە, ناوی چییە؟

–بۆیە دەپرسم ...

نەمدەمتوانی بەری پێکەنینە ژەهراوییەکەم بگرم:

–ئەمەیە سەرم سووڕدەمێنێ!.

–ها! ها! ها! – وەرامی دایەوە – سەرسووڕمانی ناوێ!.

–بۆچی؟ ئاخر ئەمە کووباچییە!

–باشە, چ قەیدییە؟

ئیدی لەرادەدە تێپەڕی. باش بوو مامم لەو دەوروبەران نەبوو, ئەگەر نا هەقی ئەم "باشە, چ قەیدی‌یە"ی دەخستە ناو مستی!. بەڵام خۆ منیش برازای (دایان – دۆڵدوروم)ی بەناوبانگمو لەم شتانە خۆش نابم. پشتێنی کابرای نەناسراوم گرت–پشتێنە زیوینەکەی دەسکاری کووباچی بوو– و بەتووندیم راتەکاند. پاشان دەستم بۆ گیرفانی بردو بەبێ هەڵە قووتووی سیگارەکەیم دەرهێنا – ئەویش دەسکاری کووباچی بوو– پاشان جڵەوی ئەسپەکەیم گرت کەبەپارچە پارچەی زیوینی دەسکردی وەستایەکی کووباچی بوو, بێئەوەی قسەیەك بکەم, هەموویانم نیشان دا, چۆن دەکرێ هەموو ئەو شتانەی ئێمەی پێ بێو لەگەڵ دیتنی کووباچیدا بڵێ: "**باشە چ قەیدی‌یە!**". تەماشاکەن خەڵك چییان لێهاتووە– نایانەوێ لەشتەکانی خۆمان بڕوانن, بەڵام دیتنی شتەکانی ئەوسەری دنیا, سەریان سووڕ دەمێنێ. جارێك, هاوشاریەکم چەرخێکی لەپاریسەوە هێنابوو– شتێکی ناشیرین نەبوو, بەڵام باپیرە گەورەی ئەو, لەسەردەمی تزاری سپیدا, شتی ناقۆڵاتری دروست دەکرد. ئەمما ئێستا نەوەکەی فەرامۆشی کردوون.



من لاوە گەمژەکەم لەسەر بەردێکی تەنیشت جادەکە دانیشاندو هەموو شتێکم بۆ روونکردەوە, گومان ناکەم قەت منو گوندەکەم لەبیر بباتەوە. بەختم هەبوو, ئەو ئەوەندە پەشۆکابوو, توانیم لەبەرامبەریدا, رێوی ئاسا لەسەر نیوەی کەلەشی کەروێشکێك کەهێشتا نەیخواردووە, هەموو قسەکانم بکەم.

www.pertwk.com

کابرا وای گویٚ بۆ شل کردبووم, دەتگوت هێواش هێواش گوێکانی گەورەتر دەبن. بەردەوام سەر سووڕمانی خۆی دەردەخست. دەستەکانی لێکدەداو بەبانگی وەك "وای,وای" "ئای,ئای,ئای,", "ئاها!", "بێنە بەرچاو" و "ئەمە سەیرە" قسەکانی دەبڕیم. لەهەمان کاتدا, بەئومێدی سەرسووڕهێنانی, بە وەسف کردنی هونەری نائاسایی کووباچی‌یەکان‌و, گێڕانەوەی رووداوی سەروسووڕهێنەری هاوگوندییەکانم‌و رازی شتە نایابەکان, گیانی بگوڕم, خۆشم وەخرۆش کەوتبووم. بەردەوام هەوڵم دەدا هەرشتێکی لەمەڕ گوندەکەم دەیزانم, بۆی باس بکەم. هەمان ئەو گوندەی, هونەرەکەی لەزەمانی ئەسکەندەری مەکدۆنی کەلە رۆژهەلات بە (دووقۆچ) بەناوبانگە, تا هەنووکە ناوی رۆیشتووە, ئەو کلاوەی سەرداری گەورە لەسەری دەنا دوو قۆچی هەبووەو لە "زریٚگەران" واتە (کووباچی)ی ئێمە, دروست کرابوو.

دانیشتوانی گوندەکانی دراوسیٚ تا ئێستا ئێمە بەفەرەنگی واتە- خەڵکی ئەوروپا لەقەڵەم دەدەن, ئەگەرچی لەراستیدا ئێمە نەوەی ئالبانییە کۆنەکانی دانیشتوی ولاتی شاخاویین. ئەگەر ئەفسانەش لەمەڕ ئێمەوە دروست نەکەن, یان هەرکەسێك دەتوانیٚ پێت بلیٚ: هونەرمەندانی کووباچی نەتەنیا دەتوانن مێشێك لەزێڕ دروست بکەن پەڕەکانی وەزەوزیان بیٚ, بەڵکو دەتوانن لەمیتاڵ, ئینسان ئینسانێکی ماقوولیش دروست بکەن.

کابرای نەناسراو قسە وەسفکراوەکانی منی قووت دەدا, وەك چۆن من لە هەمان شوێندا من, بەهێواشی کولیچەکانی دایکمم دەخوارد. ئەگەر وەبیرم نەهاتباوە, خەریکە وەك خەڵکی "سولوکونت"م لیٚ دیٚ, هەڵبەت دەمتوانی زۆرتری درێژ کەمەوە. خۆ ئێوە دەزانن لە "کووباچی" بەخوارێوە, لەگەڵی‌یە قووڵەکەی کەناری رووباری "خالائاقا" کەمانای رووبار گەورە دەگەیەنیٚ- گوندە کوێستانی‌یەکەی (سولوکونت) هەڵکەوتووە. لەسەردەمی کۆندا, لێرە تەنیٚ یەك بورجی دیدەوانی لێبووە. لەو بورجەدا شەش سەربازی رەبەن دەژیان. بەلام هێواش هێواش, سەربازە پاسەوانەکان بوونەتە خاوەن ماڵ‌و منداڵ‌و نەوەو لەدەوروبەری بورجەکە, گوندێك پەیدابوو. دانیشتوانی ئەو گوندە, خەریکی گۆزە دروست کردن بوون, چونکە لەرۆخ رووبارەکە, خاکێکی باش پەیدا ببوو. ناوو ناوبانگی گوندەکە لەبەر وەستا کارامەکانی نەبوو, بەڵکو بەهۆی شانازی لەرادەدە بەدەری خەڵکەکە بوو بەخۆیان, تا خەڵکی (سولوکونت) بۆ نموونە بسەلمێنن, رووباری (خالا – ئاقا)کە بەناوەندی گونددا تێدەپەڕیٚ‌و هاوینان مەیلەو هیشك دەبیٚ, رووبارێکی گەورەیە – هەرچەندە گەورەشە- بۆ پەڕینەوە, خۆیان رووت دەکەنەوە. بەلیٚ, چونکە حەزم لیٚ نەبوو لەبەرچاوی کابرای نەناسراو, کەسەری لەچیرۆکەکانم سووڕمابوو, گاڵتەجاڕ دەرچم, بیٚ دەنگ بووم. هەرچەندە دەمبینی (تینویٚتی توندی زانین)م تێدا وروژاندووە. بەلام **قسەکەر ئەوەنییە کە بەلیٚزانی دەست بەقسان دەکا, بەڵکو ئەو کەسەیە کەبەشارەزایی قسەکانی تەواو دەکاو گوێگرەکانی حەزبکەن کۆڕەکەی بەجیٚ نەهێڵن.**

-باشە ئێستا دەزانی ئەمە چ گوندێکە؟ -بەسەختگیری مامۆستایەك قوتابی‌یەکانی تاقی بکاتەوە, پرسیارم کرد.

-بەلیٚ- کابرا ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا, کلاوەکەی لەسەرهێنا خوارو کڕنووشی بۆ کردم, -چیایی لەدەگمەنترین کاتدا, کلاو لەسەر دەکاتەوە. چونکە لەو باوەڕەدان کلاو بەرجەستەی شایستە بوونیەتی.

گوتم:

-بۆ من سەردامەنوێنە. ئەوم بەداهاتنەوە بەرەو گوند سووڕاند-بەڵکو بۆ ئەو گوندەی لەبەرامبەرتە. ئێستا هاوسەفەرین.

نەناسراو گوتی:

-نەخێر, هاوسەفەر نین!

www.pertwk.com

–بۆچی؟

ئەو لەبارێك دا وەكوو برووسكە خۆی هەڵدایە سەر ئەسپەكەی, گوتی:

–چۆن دەتوانم هەروا بەتەنیشت گوندێكی وا بەناوبانگ دا تێپەڕم؟

زۆرم پێخۆش بوو ئەگەر دیتم قسەكانم كاریان كردووە, بەڵام لەهەمان كاتدا هاوسەفەریشی ناخۆش نەبوو. من پرسیم:

–لەم گوندەدا قۆناغت هەیە؟ ئەگەرنیتە بڕۆ لای (دایان–دۆڵدوروم) و تەنیا ئەوەندەی پێ مەڵێ كە ئێمە لەپەڕگەی گوند یەكترمان دیوە. جێگایەكی دووری نیشاندەو بۆ نموونە بڵێ: نزیك (ئیتساری).

–چۆن دەتوانم بیدۆزمەوە؟

–(دایان–دۆڵدوروم)دەڵێی؟ لێروكانە, هەتا بەردەكانیش دەیناسن. ناوی, وێڕای ناوی (پیاو) دەگوترێ– من بەهیچ شێوەیەك نەمدەتوانی چاو لە ئەسپەكەی بتروكێنم– گوێ بگرە, من دەزانم تۆ دەتەوێ سەردانی ئەم گوندە بكەی, بەڵام ئایا ئەسپەكەشت وای دەوێ؟



–ئەسپەكەم لەژێر پێمدایەو من چیم بوێ, مسۆگەر ئەویش هەمان شتی دەوێ!.

–تۆ لەوباوەڕەدای, بەگوتنی (ژێر پێی من) سوو دەبێ؟ بیدە تا دۆڵی رووباری (رووباس)ی ببەم.

–من لەوێ كارم نییە. ئەگەر هاتیتە شار لە (ئالخیلاڤ)ی پەیامنێر بپرسە!.

هاواری كردو لەئەسپە جوانەكەی راخوڕیو بۆی دەرچوو.



(ئالیخلاڤی پەیامنێر), لە هەوڵی ئەوەدا, وەبیرم بێتەوە لەكوێ ئەم ناوەم بیستوە, دووبارەم كردەوە. ئاها, بەڵێ, بەهاری ئەمساڵ لەگوندەكەمان پێشانگایەكی گەڕۆكی وێنە پێك هاتبوو, لەوێدا وێنەی دەستكردی ئەویشی تێدا نیشان درابوو. ئەگەر ئەو (ئالخیلاڤ)بێ, بەختی یاربوو, تووشی من بوو: من هەموو شتێكم بەدرێژی بۆ باس كرد, ئێستاش كە دەچێتە (كووباچی), لەژیانمان ورددەبێتەوەو دەربارەیان لەرۆژنامەدا دەنووسێ. بەدڵخۆشییەوە, چونكە چاكەم دەرهەق بەكەسێك كردبوو, یەكەم هەنگاوم بەرەو (یۆژداغ) هەڵێناو دووەم هەنگاویش, بەدوایدا, –بەم شێوەیە لەزێدەكەمەوە بەرەو رێگایەكی نادیار هەنگاوم نا, هەنگاوەكانم ئەوەندە بەویستی خۆم نا, بەڵكو بەئارەزووی مامە

www.pertwk.com

بەرێزەکەم هەڵدێنا کە بەلەز بوو ژنم بۆ بهێنێ تا تەگەرەکانی سەر ڕێی دڵی دایکم لابداو وەك خۆی گوتەنی میراتگرێکی شایستەش بۆ تیرەکەمان پێشکەش بکا. باشە, خوابکا ئارەزووی (دایان – دۆڵدوروم) وەدی بێ, خوانەکا من پێشی بگرمەوە.

هەرچەندە هەوڵ دەدەم دەربارەی (سەرمینان) بیرنەکەمەوە, بەڵام بیرم وەك ئەو کۆترانەی هەڵدەفڕنە ناو هێلانەکانیان, هەمیشە بەرەولای ئەو لەفڕین دایە. چەندە کیژی جوان لەگوندەکەمان هەن, ئەمما لەبەر دڵی من ئەو باشترین, جوانترین, بەهۆشترین و بەئەدەب ترینیانە. ئایا ئەمە لەبەرئەوە نییە کە ئەو هەمیشە بەزیرەکی, خۆی لەمن بەدوور گرتووەو هێشتاش نەمتوانیوە یەکجار خۆمانە قسان بکەین؟ ئەو قەت وەرامی یادداشتەکانی نەدەدامەوە کەناشی و رەمز ئامێزم دەنووسین. جارێك کە دەمویست پەیامێك لەگەڵ دەستکارەکانمدا– دوو دانە پۆد دان و بازنێك– بکەمە دیاری, بەتووڕەییەوە گوتی: "تۆ لەچ فیکردای: ئەگەر ئاشقی منی, منیش دەبێ شتە خراپەکان قبوول بکەم؟ و رەتی کردنەوە. بەڵێ, نووسینی یادداشت, لەهەڵکەنراوی سەری مسیش سەختترە. کاتێك دەمەوێ هەواڵێکی بۆ بنێرم, چەند بیری بەرز کە بەهیچ شێوەیەك نایانەوێ دابەزنە سەر کاغەز, دەڕژێنە سەرم, هەواڵێکی بۆ بنێرم, لەدواییشدا بەبێ نووسین, بەڵام بەمتمانەیەکی پتەو کە دەستەکانم بەهەرحاڵ پێ‌دەکەن, هەڵدەستن.

(سەرمینان)وایە. لەکاتی قسەکردندا لەگەڵ خەڵك, شەرمنە, ئەمما کە دەگاتە من, بەرگەی ناگیرێ و بەفیزدەبێ و وێ دەچێ بیەوێ خۆی گەورەتر نیشان بدا.

بیرەکانم, جارێ وەك گوژارك تاڵ و, جارێکیش وەك شەکر شیرینن. لەگەڵ ئەوەشدا کێوەکانی (ئاموزگی)و گردۆڵکەکانی "ئەوراگی"یم بەجێ هێشتووە. نزیکی نیوەڕۆ لەگوندی "ئیتساری" کە لەدۆڵی زاوایان هەڵکەوتووە, وەنزیك دەکەوتم. ئەم دۆڵە, دۆڵێکی کوێستانی زۆر جوانەو پڕ لەکانی و کانیاوە.

دەگێڕنەوە جارێکیان کیژێکی جوانی خەڵکی (ئیتساری)کە وەك سێوی (سوداخار) گۆنا سۆرو, وەکوو ئەسپێك بۆ جێژن پۆشتەکرابێ, رازابۆوە, بەم دۆڵەدا تێدەپەڕی. بە رەنگی گیای بەهاران کەدەلینگەکانی بەداوی زێڕین چنرابوون, دەبینرا لەژێر چارۆگە شینە ئاسمانییەکەیدا, بسکە رەشە گران و سووتێنەرەکانی دیاربوون. لەخۆڕایی نییە, پیاوەکان دەڵێن چالاکی بسك لەپەلی ئەختەبووت توندترە و لەخۆڕایی نییە ژنان لەکوێستانی ئێمەدا هێشا بەدەگمەن بەسەری رووت بە رێگادا دەڕۆن– بۆ دەوروبەری دڵەڕاوکێیەکی گەورەیە! هەناسەی کیژە (ئیستاری)یەکە وەك مێرگێکی بەهاری بۆندار بوو. ئەوخۆی لەئاوێنەی سافی کانیدا دەبینی و دەستی بە سینە تازە هەستاوەکەیدا دەهێناو, وای خەیاڵ دەکرد دەستی سوارێکی لاوە ... زەردەیەکی کردو تەکانێکی دا, وەك بزنە کێوی بازیدا لایەك, چارۆگە شینەکەی لەشانی خزی, شتێکی نهێنی و مەیلی دڵی ئارەزوو دەکردو هەنگاوی دەنا. لەهیکەوە یەکێك بەئارامی چارۆگەکەی راکێشا: "دەکرێ ئارەزووەکانم وەدی هاتبن؟" کیژە, کە وەك گوڵ گەشابۆوە, بیری دەکردەوەو دەم و چاوی گرتبووە نێو هەردوو دەستی. بێ ئەوەی ئاوڕبداتەوە, وا بەئارامی چرپاندی, گوایە دەنگی تارەکانی "چوگور"ە.

–سوار, پێویست ناکا!.

کیژی (ئیتساری) هەروا رۆیشت و ئامادەبوو لە هەوڵین دەست گرتندا بتوێتەوە, بەڵام دەترسا ئاوڕ بداتەوە.

دیسان یەکێك چارۆگەکەی راکێشا. کیژە بەدەنگێکی کەمێ بەرزتر, وەك شوڕە شوڕی جۆگەلەیەکی سەربەرەوخوار, گوتی:

–سوار, پێویست ناکا ... هەڵم مەخەڵەتێنە .. –بیری کردەوە: نا .. نا –ئاوڕ نادەمەوە!. ناکرێ!." ئەی سواری میهرەبان, چیم لێ دەکەی, ئاخر خەڵك دەمانبینن!" ئەمما دڵی لێی دەدا.

www.pertwk.com

هەروا ڕۆیشت تا گەیشتە سەر کانی‌یەکی دیو ئەگەرچی تینووش بوو, بەڵام بە ئومێدی دیتنی ڕەنگی کەسێك کە وێڕای یاسای توندی کوێستانیٚ, جورئەتی نزیك بوونەی کردبوو, داهاتەوە.

ئەمما لەو دەوروبەران و لەتەواوی دۆڵەکەدا زیندەوەرێك دیارنەبوو. تەنیا داربەڵاڵوك بوو چارۆگەکەی دەگرت و رایدەکێشا. کیژە, خەمێکی گەورەی لیٚنیشت. ئاهێکی هەڵکێشاو بەنائومێدی‌یەوە لەبەرخۆدا, گوتی: "نا, دیارە شێر پیاوێکم پیٚنابڕیٚ!".

لەدۆڵێکی ئەفسانەیی وادا, هەنگاوم دەنا. ویٚ دەچوو بۆ هەندێیان دروست کردبیٚ, ئاشقانی تاك و تەنیا لە دەمانی نائومێدی و بێبەشیدا, ئاه هەڵکێشن. هەندیٚ جار, لەتەنیاییدا لەگەڵ سروشت و بەتایبەتی لەم دۆڵەدا, ئیلهامی واقیعی ڕوودەکاتە مرۆڤ. هەرکەسیٚ بەم ئاقارەدا تێپەڕیٚ, مسۆگەر گۆرانی‌یەك دەچڕیٚو دەنگ دانەوەکەی دەبێتە چەند دەنگێك و گۆرانی‌یەکە بەهۆی باڵی نادیارەوە بۆ شوێنە دوورەکان دەبا.

زۆر باشم دەزانی, دەنگم لەجیڕە جیڕی عارەبانەیەکی کۆن دەچیٚ کە چەور نەکرابیٚ, لەگەڵ هەندێش تێم هەڵکرد.



دەربارەی ئەوەی چۆن مێرگی کوێستان بۆن دەڕژێنیٚ و ئەو گوڵانەی وەك هەزاران پەلکەزێڕینە بەسەریدا بڵاوبوونەتەوەو هەردانە گوڵێك بەخۆ دەنازیٚ: تەماشام کە, بەڕاستی من لەهەمووان جوانتریم!, دەنگم هەڵێنابوو.

سارداوەکانی دۆڵی زاوایانیش کە خەڵکی گوند دڵسۆزانە ڕازاندویانەتەوە, بەردەوام ڕێبواری ماندوو گاز دەکەن: تێنوێتییان بشکێنن و بحەسێنەوە. منیش نەمدەتوانی بانگهێشتنەکەیان ڕەت کەمەوە. کاتیٚ تێراوبووم, هەستانم زەحمەت بوو, بۆیە لەسەر گیا تازەکاندا ڕاکشام و بۆرژام.

دۆستەکانم!, ئەوەندەش بیٚموبالات مەبن! من بۆ ئێوە دەگێڕمەوە کەتووشی چ ڕووداوێکی ناخۆش بووم, چونکە حەز ناکەم ئێوەش شتێکی واتان بەسەربیٚ!

هەروەك مامم دەرسی دادەدا: ئەرکی گۆیندە ئاگادارکردنەوەیە, وەلیٚ ئەرکی گویٚ گر بەجێهێنانی مەیلی دڵیەتی.



نازانم چەند بۆرژام, بەڵام ئەگەر واگاهاتم دەنگی کیژانم لەنزیکمەوە دەبیست کەهەر لە ئاوازی بلبلان دەچوون. وەختیٚ چاوم کردەوە, پێنج کیژی (ئیتساری)م کەوتنە بەرچاو کە گوڵی سۆر خۆزگەی بەجوانییان دەخواست. مسۆگەر ئەوان لەم نزیکانە, لەکێڵگەکانی کەلخوز کاردەکەن و لەکاتی پشوودان بۆ نان خواردن هاتوونەتە سەرکانی. بوخچەی خواردنیان لەسەر تاتە بەردێکی کانیەکە دانابوو.

www.pertwk.com

یەکێك لەکیژەکان, ئەگەر دیتی واگاهاتووم, زەردەیەکی کردو گوتی:

–ئێمە لەچاوەڕوانیدا ماندووبووین!

دووەمیان گوتی:

–بەیانی باش, –ئازایانە, وەك پیاوان دەستی بۆ درێژ کردم.

گوتم:

–سڵاو! –خۆم راست کردەوەو ویستم دەستی بگوشم, بەڵام ئەو دەستی کێشایەوەو واجولایەوە, دەتگوت سمێڵی بادەدا.

کچەکان, دایانە قاقای پێکەنین.

لەوباوەڕەدا بووم دەیانەوێ سەر بخەنە سەرمو خراپم لەگەڵدا بجولێنەوە. چۆن بوو یەکسەر کەڵەکبازی کیژانی (ئیتساری)م وەبیرنەکەوتەوە؟ ئاخر بەیادی ئەو کیژەی (ئیتساری), کەلەم دۆڵەدا لەبەر زاوای خەیاڵی رای دەکرد, کیژان کردویانەتە خوو: هەر رێبوارێك بێرەدا تێپەڕێ, تیزی پێبکەن!. هەتا پەندێکیش لەم بارەیەوە هەیە, دەڵێ:"**خۆت لە چاوی بەدو بووکی (ئیتساری) بەدوور بگرە!**".

بازمدا هەڵێم, بەڵام تەماشام کرد هەگبەکەم دیار نییە ... لەودەمیدا ئەو کیژەی دەستی بۆ هێنابووم, لێم وەنزیك کەوت و وای نیشاندا دەیەوێ دەست لەشەلوارەکەم بدا, کەچی بەتووندی نەقورچی لێ گرتم. خەریك بوو هاوار بکەم, بەڵام چ هاوار بکەی و چ هاوار نەکەی, کەس بەهاوارتەوە نایە.



یەکێکیان, کە تا ئەو دەم, دانیشتبوو, گوتی:

– ئەگەر پیاوی و کڵاوت ناوەتەسەر, وەرە زۆران بگرین!

ئەوە خۆش بوو. چونکە چاوەڕوان بووم ئەو لایەنگیرم بێ و کچەکانم لە کۆڵ بکاتەوە.

–پەه, ئەو قەت کڵاو ناخاتەسەر! –کیژی سێیەم کە کورتە باڵاو خرپن بوو, ئەمەی گوت و بەتەڕدەستی پەلاماری دام و لێوی کڵاوەکەی تا سەر چاوم داکێشا.

–مەگەر ئەمە کڵاوە؟ سندوقی لبادە!

ئەودەم, بەپێکەنینەوە کەوتنە سەرم و لەعاردیان دام.

هەوڵمدا, پێیان بسەلمێنم:

–ئەوە چ دەکەن؟. ئاخر ئێوە کیژن, هەستن ...

یەکێکیان هاواری کرد:

–چۆنت جورئەت کرد بەبێ بووك بەدۆڵی زاوایان دا تێپەڕی؟ لەوانەیە حەزبکەی من هەڵبژێری؟ بە رکەوە, وەرامیم دایەوە:

–نەخێر!

–نەخێر؟

ئەوان خستیانمە سەردەم و شەلوارە پۆلەندایییەکەیان لێ داکەلاندم و بەقەڵەمە شەکرۆکە, مارکوژیان کردم.

–رەنگە منی بوێ؟

–نەخێر!

–ئەدی من؟

–نەخێر, کەستانم ناوێ!. من لەگوندەکەی خۆمان دەزگیرانم هەیە و چاوەڕوانمە!.



–مەگەر من لەدەزگیرانەکەت ناشیرین ترم, زوو بڵێ!؟

دەستم بەپاڕانەوە کرد:

–کیژۆکارینە, بەزەییتان هەبێ! هێشتا رێگایەکی دوورم لەبەرە. ئێوە کچی چاکن, جوانن. ئەگەر دەزگیرانم نەبوایە ئارەزووم دەکرد دەستی یەکێکتان بگرم.

من بەچاوی پڕ لەرۆندکەوە قسەم دەکردو ئەگەر شیرەژنێك کە وێ دەچوو سەر دەستەی ئەو شەیتانانە بێ, لەبناری کێودا پەیدانەبووبا, نەمدەزانی چم لێدەکەن.

www.pertwk.com

ژنەکە پەنجەی هەڕەشەی لێ بەرزکردنەوە: "خۆرك، بەسە!"و ئەوانی بۆ کار بانگ کردەوە.

بەڵێ: خۆرکی زۆرباشن.

کیـژەکان بوخچـەکانیان هـەڵگرتو منیشـیان وەکـوو سووسـکەیەك لەچـنگی هەڵۆیاندا لەتو پەت کرابێ، بەجێ هێشت. ئەوەندەی توانیم تفو لەعنەتم لەخۆم کـرد: "ئـاخر، مـامم (دایـان – دۆڵـدوروم) زۆرجـار لەمـەڕ کیـژەکانی (ئیسـتاری) رووداوی بۆ دەگێڕامەوەو، من باوەڕم نەدەکرد. ئاخر چۆن میوانێك بەبێ چەشتنی مەزەی چنگی (خۆرکەکان) ناتوانێ بە (ئیستاری) دا تێپـەڕێ؟ رەنگە تـەنێ (دایان – دۆڵـدوروم) بـەزیرەکی خـۆی تـوانیبێتی بەسـەلامەتی بەتەنیشـت ئـەم گونـدەدا تێپــەڕێ. بــەڵام ئــەویش ناچـار ببــوو جـلو بــەرگی شــوانان بکاتەبــەرو لەگــەڵ مێگەلێکدا بپەڕێتەوە.

تێگەیشـتنی ئـەوە زەحمـەت نـەبوو کەبۆچـی لەدوورکەوتنـەوەی ئێـرە، بەلـەزم. بەتایبــەتی زوورانــەوەی جێگــای کوتــانی قەڵەمــە شــەکرۆکەکانیش ئەوەنــدەی دیکەیان پاڵ پێوەدەنام. هەگبەکەم لەناو تەڕاشەکاندا دۆزییـەوەو بۆی دەرچووم. ئەگەر دیتنی (موحەمەد)ی چیایی کوڕی قۆناغەکەی (خونزاخ)مان حیساب نەکەم، لەهیچ شوێنێك رانەوەستام. (موحەمەد) گوند بەگوند دەگەڕا تا بەبۆنـەی چلەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونی، چل کەس (موحەمەد) نـاو داوەت بکـا. زۆری پـێ نـاخۆش بوو ناوم (بەهادۆرە)و تەمەنم چل ساڵ نییەو بیست ساڵە. ئەو لەمێژبوو دەگەڕاو ئێستا تەنیا یەك (موحەمەد)ی چل ساڵەی کەم بوو: سیو نۆ کەس بوون. منـیش ئامۆژگاریم کرد کە ئەگەر خۆشی لەگەڵ سیو نۆکەدا بژمێرێ، دەبنە چل.

بەسەرسوڕمانەوە دانـی پێـدانا کـە تـا ئێسـتا شـتی وای بەخەیاڵـدا نـەهاتووە. خۆشحاڵی (موحەمەد) لەخۆشحاڵی (مەلا نەسرەدین) کەمتر نـەبوو کـە لـە ئاپۆڕەی رۆژی بازاڕدا، بەدەنگی دەنکە نۆکی کدوێکی بەتاڵ، خۆی دەدۆزییەوە.





## 6

هەرچۆنێکی بـوو، تـا رۆژئـاوا خـۆم گەیانـدە دۆڵـی رووبـاری "روبـاس"، لـەوێ دامێنـی کێوێـك، گونـدی کوێسـتانی "چـاراخ" کـە بەپیشەسـازی مـافوور دروسـت کردن بەناوبانگە، نوقمی سەوزاییە. سروشتی ئێرە، چاوتێرو نەرمە، داوێنـی کێـو

www.pertwk.com

لەبەر لێڕی چڕ شین دەچێتەوە. باغەکان شادییان بەدۆڵەکە بەخشیوەو وادێتە بەرچاو هەتا شوێنی خانووەکانیش بەشێوەیەك دیمەنەکەیان دەوڵەمەندترکردبێ. رووباری "روباس" کە بە نزیکی گونددا تێدەپەڕێ, بچووك ئەمما ساف‌و وەکوو جوانووە ئەسپ لەبەهاران, شادمانە. لەدوکەڵکێشی خانوونەکانەوە, دوکەڵێکی باریك بەرزدەبێتەوە و کەپووە شارەزاکەم بۆنی هەموو شێوی "چاراخی‌یەکان" لێك جودا دەکاتەوە: کابانەکان هەم (خینگاڵ)ی توونـدو هەم شفتەشیان ئامادەکردووەو باشترین چێشت لێنەرەکان ئێستا سوود لەدیارییەکانی بەهار وەردەگرن: هەم پوونگ, هەم کوڕادەو گەز گەزۆکیش– کەچەند لەدەستی کیژە (ئیتساری)یەکاندا, داخ لەدڵ‌و لەکولیچەدا بەتامە. بەڵێ, هەقمان بەخەڵکی دیکەوە نییە, بەڵام (چاراخی‌یەکان) سوودی هەر گوڵ‌و گیایەك دەزانن. گوڵ لەمیرگوزارەکانی ئێرە تا حەزبکەی, تا پشتینت هەڵچوون. ژنە چاراخی‌یەکان بۆ چنینی مافوورە بەناوبانگەکانیان نەتەنیا نیگاری گوڵەکان بەکاردێنن, بەڵکو رەنگی سروشتیش بۆ داوی خوری لەگیاو پێست‌و رەگی داران کە زۆر لەرەنگە کیمیاییەکان باریك ترو قایمترن, سوود وەردەگرن. لەسێپەڕە, رەنگی زەرد دروست دەبێ‌و لەڕەگی (رووناس) قاوەیی‌و لەگیاکانی دیکەش رەنگی رەش‌و خۆ ناتوانین هەموویان بژمێرین.

بۆ ئەو داغستانییەی ناوی "گوڵباڵا حسین"یش کە تۆوی رووناسی کێوی بەکارهێنا, لەیەکێك لە مەیدانەکانی شاری "ئاوینون"ی فەرەنسادا پەیکەرێکیان داتاشیوەو تا ئەمڕۆش ماوە. ناوودەنگی رەنگەکانی (چاراخی) سەد ساڵ بەر لەئێستا لەئەورووپادا بڵاو بۆتەوە.

من لە (چاراخ) قۆناغێکم نەبوو. وەکو هەر میوانێکی دی بەرەوگۆدەکان کە لەتەنیشتی‌دا کارگەی‌چنینی مافوور دروست کرابوو. ملم نا. پەنجەرە گەورەکانی کارگە خامۆش بوون‌و تەنیا یەکێکیان رووناك بوو, و دەنگی رێك‌و پێکی دەزگای



تەونی لێوە دەهات. هەرچەندە رۆژەکار لەمێژبوو تەواو ببوو, بەڵام وادیارە یەکێك لەکیژەکان سەرگەرم بووەو ویستویەتی گوڵ دارێك تەواو بکا. لەباری وا دەگەم, چونکە خۆشم زۆرجار لەسەرکار دەمامەوە تا بەشێکی مافووری بەردەستم تەواو کەم, هەڵبەتە تا لەگەڵ (سەرمینان), تەنیابم.

گۆدەکان لەژێر سابات‌و لەسەر قادرمەیەکی بەردیندا دروست کرابوو. هەموو پیاوە بەڕێزو لاوەکان بەدیتنی کەسێکی نەناسراو هەستان‌و منیش یەکەم جار سڵاوم لەهەمووان کردو دەستی یەکە یەکەیانم گوشی. منیان لەسەرەوە, لەتەنیشت پیرەمێردێك کە تەسبیحێکی هەڵگێڕو وەرگێڕ دەکرد, دانیشاند. ئەو بشمت‌و پاڵتۆیەکی (چەرکەسی) بەتاقمە فیشکدانێکەوە دەبەردابوو. بەڵام وەختێ دەستی بە قەننەکێشان کرد, زانیم ئەو فیشەکدانە, فیشەك نا, بەڵکو توتنی تێدایە. ناوەڕۆکی تازە لە شێوەی کۆن.

لەلاکەی دیکەم, پیرەمێردێکی دی بەسمێڵێکی چەورەوە دانیشتبوو, کەبەردەوام رێکی دەخست‌و قڵپی دێناوە– واباوە, چیایی‌یەکان بەم شێوەیە نیشانی بدەن کەخواردنێکی خۆش‌و بەتامیان خواردووە. بۆیە من هەوڵم دا, بەتەماشانەکردنی, زگی برسی خۆم لەئازاردان رزگار بکەم.

ئەوان دەربارەی کاروبارم, سەلامەتی خۆم‌و خزمەکانم‌و کاروباری گوندی‌یەکان پرسیاریان لێکردم. منیش چەند پرسیارێکی وەك: "باشە, ئایا ئێوە لەکارەکانتاندا سەرکەوتوون؟ تەپۆ نارەحەتتان ناکەن؟ مەترسی سەرماو لەناوچوونی بەروبووم نییە؟" م هێنا گۆڕێ. پێشان, مسۆگەر چیایی‌یەکان وایان وەرام دەدامەوە: "ئێمە باکمان لەهیچ نی‌یە, باغەکانمان داپین کراون".

دوای هەندێ پرسیاری ئاسایی, بێ دەنگی باڵی بەسەر گۆدەکان دا کێشا. وێ دەچوو, هاتنم قسەی ئاسایی ئەوانی بڕیبێ‌و, وام هەست دەکرد, هەریەکەی لە

www.pertwk.com

مێشكی خۆیدا شتێك لێك بداتەوە تا ئەوەندەی ماوە, بتوانێ خۆی پێوەبەند بكاو جارێكی دی تێهەڵچێتەوە.

ئەوەی تەنیشتم ئەو پیرەمێردە بەڕێزەی پاڵتۆ (چەركەسی)یەكەی دەبەردابوو و ناوی "شاعەلیم" بوو, گوتی, ئەو نەوەی "شاوەلی"ی ئەفسانەییە,و هەموو تەمەنیشی لەیارمەتی بێنەوایان و بێ دەرەتانەكاندا بەسەر بردووە. (كەچی من بیرم كردەوە, مادام (شار وەلی) ئەفسانەیە, بێگومان خزمایەتییەكی لەگەڵ مامیشمدا هەیەو بەوپێیە خودی منیش)– دەنكەكانی تەسبیحەكەی لەدەستی راگرت و هەنیشكێكی خێواندە ئەوەی تەنیشتی كە كڵاوێكی بەسەرەوە بوو, بەشێوەش پیاوێكی ساویلكەو هەر لەقۆپەنە پووشێك دەچوو.

–(قەدەر) گوێ بگرە! كەنگینێ قەرزەكەت دەدەیتەوە؟

(قەدەر), لەجێ خۆی رابوو:

–كیە قەرز؟

–واش دەردەخا, گوایە تێناگا–(شاعەلیم) روویكردە كۆڕەكەو دەستی بەژماردنی دەنكەكانی تەسبیحەكەی كردەوە.

كابرای كڵاوبەسەر رووی گرژكرد:

–بەڕاستی, تێناگەم! لەمەڕ كامە قەرزەوە دەدوێ؟

–هەنووكە لەكوێی؟

–لەگۆدەكان!



–دیارە بۆ بێدەنگی دێنە ئێرە؟

–ئاه, بەڵێ ... (قەدەر), دەستێكی بەكڵاوەكەی داهێناو لەدواییدا تێگەیشت.

قسە لەسەر هەندێ بوو, (قەدەر) شتێ بۆ خەڵكەكە بگێڕێتەوە– ئەگەر مرۆ ئەمەی پێ نەكرێ, ئەدی بۆچی دێتە گۆدەكان؟ –لێگەڕێ لەماڵێ لەنگ ئاگردان روونیشێ و لەگەڵ ژنەكەی وەشەڕبێ كەلەبەرچی شێوی شەوێیان نیسكەو (خینگاڵ) نییە.

قەدەر دەستی پێكرد:

–باشە, تیرەكەمان قەت لەژێر باری قەردا نامێنێتەوە. ئێستاش هەر لەمەڕ قەرز شتێكتان بۆ دەگێڕمەوە. ئەوانەی بەتەمەنترن مسۆگەر وەبیریانە: پیاوێكی بەدبەخت ناو (ئیسرافیل) لەگوندەكەماندا هەبوو. رۆژێك بڕە پارەیەكی لەشوانی دراوسێیان قەرز كرد. پاش ماوەیەك شوانە داوای قەردەكەی كردەوە. بەڵام (ئیسرافیل) نەیبوو. شوانە, ژن و منداڵەكانی دەناردە لای, بەڵام بێ سوود بوو. لەئاكامدا, كابرا لەنوێنەرەكانی شوانە بێزاربوو. رۆژێك لەماڵ وەدەركەوت و دەستی كرد بەهەڵكەندنی بەڵاڵوك و بنە گێوژو لەبن دیواری حەوشەكەیان كۆی كردنەوە. شوانی دراوسێ, وەختێ ئیسرافیلی سەرگەرمی كار دیت, وەك هەمیشە پرسی: "**ئاهای ئیسرافیل, كەی قەردەكەم دەدەیەوە؟**" ئەویش ئاوڕێكی دایەوەو گوتی: " تۆ چەند سەرسەختی! مەگەر لەو باوەڕەدای بەر لە قەرددانەوەكەت دەمرم؟ واباشترە خۆم بخنكێنم! نابینی – خەریكم لەپێناوی تۆدا كاردەكەم: دڕك و دار لەدەرەوەی حەوشەكەمان كۆدەكەمەوە. بەم نزیكانە مێگەلی زۆر لە لەوەڕگای كوێستانێ بۆ زستانە هەوار دەگەڕێنەوەو بەتەنیشتماڵەكەماندا تێدەپەڕن.. مەڕەكان لە دڕكەكان گیر دەبن و خورییەكەیان لێ بەجێ دەمێنێ, ئەمنیش كۆیان دەكەمەوەو ژنە هونەرمەندەكەم مافوورێكی جوانی لێ دروست دەكا. دەیبەمە بازاڕو ئەوەندەم پارە وەدەست دەكەوێ قەردەكەی تۆ لەچاویدا, سفرە!. دەڵێن, كابرای شوان دوای بیستنی قسەكانی (ئیسرافیل), سمێڵە لەقەیەك دەكاو دەڵێ: ((**باشە, ئەمە لەبەرچاو دەگرین و لەمەودوا مەڕەكانمان هەر لەپاوانان, دەبڕینەوە!**)). ئیسرافیل هاوار دەكا: "ئاه, منیش ئەمە دەڵێم: ژیان

www.pertwk.com

خۆشـه، بـەڵام خـەڵکی وەکـوو تـۆ لەبـەرخاتری چـڵکی دەسـت، ناخۆشـی دەکـەن ...!".

پێرەمێردی سمێڵ چەور، دەستی بەقسان کرد:

–سـرنج راکێشـه، بـەڵام بەهـەرحاڵ دەبـێ قـەرد بدرێتـەوە. لـەم بارەیـەوە دەگێڕنـەوە، سـەردەمێك کۆمەڵـە کەسـێك دەچنەلای (شـاروەلی) گـەورەو بـەهۆش‌و لێی دەپاڕێنەوە کەقەرزیان پێبدا، ئـەویش لەوەڵامـدا دەڵـێ ((فـەرموو خۆشەویسـتان، هەگبەیەك لەسەر تاقچەکە دانراوە، پارەی تێدایە ...)). گوندییەکان دەست بـۆ هەگبەکـە درێژدەکەن‌و دەڕۆنن هیچی تێدا نییە. بە (شار وەلی) دەڵێن: ((چیتە، کڵاومان لەسەر دەنێـی؟))، ئـەویش وەرام دەداتـەوە: ((چـۆنی تێـدا دەبـێ، خـۆ ئێـوە هیچـتان تێـدا نەهێشتووە؟!)).

(شـاعەلیم) خـۆی هاویشـتە ناوەنـدی مەیـدانێ: بەڕێزینـە هـەموو ئەوشـتانە لەسـەردەمی بێدادیـدا روویـان دەدا. یـەکێك پەسـتەکی هـەبوو، ئـەوی دی هـیچ، یـەکێك دەژنـی هـەبوو ئـەوی دیـش هـیچ. ئێـوە خۆتـان دەزانـن کـە زەلامـەکانی تیرەکـەمان لـە کـڵاش دروسـت کردنـدا ناویـان دەرکردبـوو، ژنەکانیشـمان وەك ژنـی خەڵکی مافووریان دەچنی. رۆژێك باپیرە گەورەم یادی بەخێر –دەست بەدرێشە لەپشت چەکمەدۆزی دەبۆرژێ. لەخەودا، فریشتان دەبینێ بەبێژینگ، خەریکی دابەشینی خۆشبەختی خەڵکن. ئەگەر نۆرەی دەگاتێ، گچکەترین کونی نیشان دەدەن‌و دەڵێن: ((خۆشبەختی تـۆ بەناو ئەم کونەدا رەت دەبێ!)). کونەکەش لەبەر چـاویدا زۆر چـکۆلە دیـار دەبـێ. ((چۆنە گەورەی کەم؟ خۆ درێشەم پێیە!)) درێشەکەی تێرادەکاو وێڕای تێ راکردنەکەش، رادەپـەڕێ. دیاربوو کەپووی کون ببوو.

نـانم مـەدەنێ، هەرئەوەنـدە، لێگـەڕێن ئـازاد بم‌و لـەگۆدەکان گـوێم لـە داستانەکانتان بێ. لەخۆڕا نییە من برازای (دایان – دۆڵدوروم)ی قسەی هەق ناسم. نازانم داستانەکانی مامم تا چ رادەیەك راستیان تێدایە، بەڵام هەمیشە



گوێ لێگرتنـی خۆشـه –زۆر حەکیمانـه قسـان دەکـا– بـۆ نموونـه نـاڵێ: لـەزەمانی ئێمەدا بێپارەیی ناخۆشه، بەڵکو هـەمان مانـا بەشێوازی خـۆی دەدرکێنـێ: ((ئـاه! سێ جاران سێ– نۆ! ئێوە چ لەپارە دەکەن؟ ئەمما ئەمن لەبەر بێپـارەیی، رۆژی سـەت رۆبـڵ زەرەر دەکەم!)).

یان وادەبینن مامم لەیەکێك لەدۆستەکانم ناڕازییە، رێك‌و راست ئەمە ناڵێ. نەخێر ئەو دەڵێ: ((ئەگەر بەدۆستەکەت بڵێی: (بڕۆین)و ئەویش بپرسێ (بۆ کـوێ؟) –ئـەو دەم، باشترە لەگەڵ خەڵکی وا بۆ هیچ جێگایەك نەچی!)) راستە زۆر جارم ئەم راستییە تـاقی کردۆتـەوە. پیـاوی بـێ ئیرادە، یـان ئـەو کەسـەی هـەموو شـتێکی پـێ‌وەکوو یەکـە، هەمیشـە دەپرسـێ: "بۆکـوێ؟"، کـاتێکیش بـۆی روون دەکەیتـەوە، هـەر ناچێ!.

بەڵام وا تێمەگەن، مامم مەسەلەکان ئاڵۆزدەکا!، نەخێر، باوەڕی وایە، ئەمە راستترین رێگای راگەیاندنی حوکمی خۆیەتی بەئێوە. هەرچییەك بێ، ئەمن پێم باشە ئەو بکەمە سەرمەشقی خۆم– ئەگەر چوکلێت لەناو کاغەزێکی زێڕینەوە دەرێنی، شتێکەو لەناو خشت‌و خاڵیشی دەرێنی، شتێکی دیکەیە. چوکلێت هەر چوکلێتە، بەڵام لەنێو کاغەزی زێڕینی رەنگاو رەنگدا، بەتامتر دێتە بەرچاو.

www.pertwk.com

خەڵکی بەڕێزی گۆدەکان! من زۆر وردبینم, بیستنی قسەکانتان خۆشە, خودا لاڵتان نەکا! ژیان بەبێ زمان, ناخۆشە, چونکە هەروەك چیاییەکان دەڵێن: "**هەندێ هەواڵ لە (خینگال)یش, بەتامترن!**".

–ئیدی دەربارەی رابردوو چ بڵێین؟ –"ئەبو موسلم"ی دەنگ بێژی "چاراخی" وێڕای ئاە هەڵکێشان, رووی کردە دانیشتوانی گۆدەکان و گوتی: –مسۆگەر هێشتا هەندێك وەبیریانە, کوێخای گوندەکەمان, بەنازناوی "من کێم؟", چتۆ پیاوێك بوو. مرۆ نەبوو, شەیتانی رووت بوو! مانگانە خەڵکی لە مەیدان دا کۆدەکردەوە و وەك عەلەشیش خۆی فش دەکردەوەو دەیپرسی: ((من کێم؟))و دانەدەسەکنا تا ئەو دەمەی یەکێك بۆ رزگارکردنی گیانی, وەرامی نەداباوە: ((تۆ کوێخامانی و تزاری سپی تۆی بەسەر سەرمانەوە داناوە!)).

بەدەست خۆم نەبوو, ئەمنیش داستانی ملۆزمێکی دیکەی وەکوو ئەوم بیرهاتەوە.

(عومەر ئاتا)ی کوێخای (کووباچی). لەخۆڕا نەبوو, ژنەکەی شانازی پێوە دەکردو بەڕووی خەڵکیدا دەیگوت:

–((مێردێکی وام هەیە! مێردێکی وا ئەگەر بخواتەوەو بچێتە کۆڵان)).

زنجیرەی بیرە تێکەڵ و پێکەڵەکانی منی بەیادی (دایان – دۆڵدوروم) خستەوە کە گەلەك چیرۆکی لەمەڕ (عومەر ئاتا) دەزانی و یادی (عومەر ئاتا)ش, یادی "ئەحمەد مونگی"ی شاعیری ناوداری کوێستانەکەمان, واتە باپیرە گەورەی "سەرمیناز"ە جوانەکەمانی بەدوای خۆیدا دەهێنا کە ناخۆشترین کارەساتی بەدەستی کوێخای هیچ و پووچەوە, تووش ببوو. باشە, خۆ لە باپیرە گەورەکەتانەوە رێگایەکی ئەوەندەش دوورو درێژ نییەو هەربۆیەش کە شەوان مانگ هەڵدێ, (سەرمیناز)یش لە یادەکانمدا دەژێتەوە.



ئێوە دەتوانن بەسەر سووڕمانەوە بپرسن, ئەگەر قسە لەمەڕ پێشینانە, ئەدی (سەرمیناز) بە چ بۆنەیەکەوە؟ پوختەی قسەش هەر لێرەدایە, هەموو شتێك لە مێشکی مندا بەدەوری (سەرمیناز) دا دەخولێتەوە, هەتا ئەگەر مەبەستم بێ لەمەڕ شتێکی دیکەوە بدوێم, بۆ نموونە دەربارەی باپیرە گەورە بەناوبانگەکەی (ئەحمەد مونگی)ی شاعیر.

پێش ئەوەی (دایان – دۆڵدوروم)ی بەڕێز پێیەکی بخاتە سەدەی نۆزدەو پێیەکەی دیکەی, سەدەی بیستەم, (کووباچی)یەکان هەوڵی فێربوونیان داوەو بۆ ئەم مەبەستە بڕیاریاندا قوتابخانەیەکی زمانی رووسی لەگوندەکەیان بکەنەوە. مامم بەردەوام و بەخۆشحاڵییەکی زۆرەوە ئەم رووداوە مێژووییە دەگێڕێتەوەو گوێ لێراگرتنیشی زۆر خۆشە. هەرچەندە ئەمن, پێشبڕکێی رەوانبێژی لەگەڵدا ناکەم, لەگەڵ هەندێش هەوڵ دەدەم ئەو رووداوانە زیندوو بکەمەوە.

بۆ کردنەوەی ئەم قوتابخانەیە, (کووباچی‌یەکان) شەش سەت رۆبڵ کۆدەکەنەوە, بەڵام (عومەر ئاتا)ی کوێخا کەلەلایەن رووسەکانەوە کرابووە فەرمانڕەوای گوند, دژیان دەوەستێ و رایدەگەیەنێ: **(ئێوە زمانی روسیتان پێویست نییە, فەرمان دەدەم, یاسین بخوێنن!)** ئەودەمی کوباچییەکان سوور دەبن کە بۆ شکایەت بچنەلای خودی تزار. ئەوان بۆ خەرجی رێگای هاو گوندەکەیان (ئەحمەد مۆنگی), هەندێ پارە کۆدەکەنەوەو تکادەکەن راوێژکاری‌یەکە قبووڵ بکاو سەفەربکا.

(ئەحمەد مۆنگی), زمانی رووسی دەزانی, چونکە هاتوچۆی چەکسازەکانی (تولا)و وەستاو ئاسنگەرەکانی شاری "زلاتوئوس" و هونەرمەندانی شاری (بالخ)ی دەکرد. دەشیزانی بنووسێ, هەرچەندە لەوانەیە زانینەکەی ئەوەندەی قوتابی سەرەتایی ئەم سەردەمە نەبووبێ. بەڕاستیش گەیشتەلای تزار. بەڵام

www.pertwk.com

وەرامی شاهانە بەم شێوەیە بوو: **((فەرمانی کوێخا جێ بەجێ بکەن, یاسین بخوێنن!))** شاعیر, بەخۆو بەفەرمانەوە کەبەزمانی عارەبی نووسرابوو, گەڕایەوە.

ئەو بەبارێکی خەمەوە گەڕایەوە ولات, چونکە پارەی گوندییەکانی بێسوود خەرج کردبوو. سەری لەمالان دەداو لەیەکێ ماڵەکاندا, سکالاکەی خۆو فەرمانی تزار دەردێنێ و بیردەکاتەوە, چ بەگوندییەکان بڵێ؟ لەماڵێك شاعیر قەڵەمو دەوات دەردێنێ و زۆر بەوردی وشە عەرەبییەکان دەگۆڕێ!

دەمگۆی هاتنەوەی (ئەحمەد مۆنگی), لەو ئەسپەی, رکێبی پێ لێدەدا, وەپێشتر دەکەوێ و گەورەو گچکە بۆ پێشوازی دێنە دۆڵی "هاپلاقو". (ئەحمەد مۆنگی) لەسیمای هاوگوندییەکانیدا, خەمو پەرێشانی دەخوێنێتەوە. ئەوان تەنیا پرسیارێکیان دەبێ: **((لەم رۆژانەدا, بەچیمان شاد دەکەی؟)).**

(ئەحمەد مۆنگی) لەئەسپ دادەبەزێ. چاك و خۆشی لەگەڵ گوندیان دەکاو دەڵێ: –ئەوە بۆچی خەمبارو لێوبەبارن؟ ئەمن وەرامی تزارم بۆ ئێوەی بەڕێز هێناوەتەوە– کاغەزێ لەبەرکی دەردێنێ– نووسراوە: **((فەرمان جێبەجێ بکەن: بۆ کوێخا یاسین بخوێنن!)).**

ئەوان دەپەشۆکێن و تێناگەن:

–مانای چییە؟ بۆ کوێخا؟

–واتە خەڵکینە کاتی ئەوە هاتووە کوێخا لەسەر رێگا لادەین .

(ئەحمەد مۆنگی) ئەمەی لەزاری دێتە دەرێ و نایەتەدەرێ هەموو بەخۆشی هەناسە هەڵدەکێشن و دەکەونە شایی و هەرکەسەی بەهەوایەك هەڵدەپەڕێ و یەکدی لە ئامێز دەگرن.

ئەودەم نۆرەی (ئەحمەد مۆنگی) بوو, سەری سووڕ بمێنێ:

–لێرە چی قەوماوە؟



حەسبۆلاتی کوڕی (عەلی بۆلات)ە تیرەی (تەیموور بۆلات), وەرامی شاعیر دەداتەوە:

–ئەی پەیکی ئازیز, لامان داوە!

–کێ؟

–کوێخا!

–ئەمەیە قوتابخانەی رووسی, –شاعیر لەبارێکدا کلاوە کۆنەکە بۆ ئاسمان هەڵدەداو هاوار دەکا– **پیاو کلاویشی کۆن بێ, هەر پیاوە, ئێوە لەکوێ شاعیرێکی دەولەمەندتان دیوە!؟**. لەهەمووی سەیرتر, ئەمەبوو, کەس لەهۆی مەرگی کوێخا (عومەر ئاتا)ی نەپرسی. تەنێ فەرمانڕەوای قەفقاز دەست خەتەکەی تزاری کە (ئەحمەد مۆنگی گۆڕیبووی), لەگەڵ راپۆرتی مەرگی کوێخا, خستە ئەرشیفەوە.

هەڵبەتە, پێش هەموو شتێك حەزم لێبوو بە (خینگاڵ)ی بەتام یان کولیچەی بەگەزگەزۆك خزمەتێکی زگە برسییەکەم بکەم, بەلام تا هەنووکەش نەك هەر هیچ کەس لەگۆدەکان فەرمووی لێنەکردووم, بەڵکو لێشیان نەپرسیوم ئەرێ لەڕێگا ماندوونەبووی؟ ئەگەر لەباتی من مامم لێرەبا, لەمێژبوو هاوای دەکرد: "(خینگال) شتێکی خۆشە, ها!" –بەم شێوەیە دەری دەبڕی کەبرسییەتی و بەخراپیشی نەدەزانی ئەگەر دوای هەندێ, سەرخەوێکی بشکانبایە. بەلام ئەمن نەمدەزانی بەچ هێمایەك دەردە دڵ بکەمو ئێستاش دەبوایە گوێم لەگۆرانییەکی خۆش بێ.

–چ گۆرانییەك بچڕم؟ –(ئەبوومسلم) دەنگ بێژی (چاراخی) خاوەن (کوموز), سازەکەی رێکخست و پرسی: –وەرن با من ئەو گۆرانییە بڵێم کە تا ئێستا کەس لەگۆدەکان نەیبیستووە. ناوی گۆرانییەکە **(گفت و گۆی بوك و خەسووە)**.

(شاعەلیم) دەستی لە ژماردنی دەنکەکانی تەسبیحەکەی هەڵگرت و گوتی:

–باشە, وەرە!

www.pertwk.com

بـەهۆی ئـەو بێدەنگییـەی بـاڵی بەسـەر گۆدەکانـدا کێشـا, تێگەیشـتم: ئـەوان بەپێچەوانەی "گۆبدینی"یـەکان کەهـەتا لـەم سەردەمەشـدا گۆرانی گۆتن بەعـەیب دەزانـــن و کیـــژەکانیان بـــەدەنگ بێـــژی وەك (عـــەلی ســـولتان)یـــش نـــادەن, (چاراخی)یەکان دەنگ بێژیان خۆش دەوێ و رێزی دەگرن.

تارەکانی (کومون) لەسەرخۆو وەك دەنگێك لەدوورەوە بێ, دەنگی هـات. ئـەوان هەناسەیان لەسینەدا راگرت. دەنگ بێـژ سـەری بۆ دواوە بـردو بـەدەنگێکی ناسـك دەستی پێکردو زەردەیەکی کەوتە سەر لێوان:

"-بووکەخان!
راستم پێ بڵێ بابزانم,
دوێنێ شەو بەتەنێ بووی؟
سەرودەری بەیانیان, خرەی دەرگام گوێ لێبوو!
-وا, وا
خاك بەسەرم لەقسەی وا
مسۆگەر ویزەی با بووە,
دەرگاکەی هەژاندووە!
-ئەدی چپەت لەگەڵ کێ بوو؟
مچە مچت لەگەڵ کێ بوو؟
-ئاە, مسۆگەر پشیلە بوون
خەریکی هاتوو چۆ بوون!
-باشە ئەی ژنی زۆرەو
ئەمە ئیدی کێ دیویە,
ژنێك لەناو جێدابێ,
چاردانە لاقیشی هەبێ؟



-ئاە, لەوانەیە سەرخۆش بی
یەکت بەدوان دانابێ!
ئەمن لەکاتی خەوتن,
پێڵاوان دادەکەنم
رەنگە ئەوەت بینیبێ؟
-شایەدی من مانگە شەوە,
خودا خۆشی شایەدە
دووسەر لەسەر بالیفێ
دووسەری بەگروازە!
-ویژدانی من کە پاکە
لەم قسانەم چ باکە؟
ئاخر رەنگە کڵاوەکەم بێ
لەژوور سەرم, دامنابوو.
-ئاخر درۆزنی شەیتان
کێ دیویەتی کڵاوێ
گەزێك سمێڵی هەبێ
دوو دەسکە بێڵیشی هەبێ!

لەیەك دەمدا, هەموو کپ ببـوون, پاشـان دەتگـوت ئـاسمان وەلـەرزە کـەوتووە– ئەوە قاقای پێکەنینی چیاییەکان بوو. لەخۆشییان دەستیان لێك دەداو سـەریان بەشێوەیەك دەجولاندەوە, سمێڵیان هەڵدەبەزییەوە. ئەوان, دەمێك سوپاسی دەنگ بێژیان کردو پاشان هەموویان بە یەك دەنگ, دوا بەیتیان گۆتەوە:

"-ئاخر درۆزنی شەیتان
کێ دیویەتی کە کڵاو

www.pertwk.com

**گەزە سمێڵی هەبێ**

**دوو دەسکە بێڵیشی هەبێ!".**

وێ دەچوو هەتا مانگیش زەردەی بەسەر لێوەوە بێ, بەتایبەتی کە خەسوو بەشایەدی گرتبوو. ئەمنیش ئەو گۆرانییە جوانو پاراوەم زۆر پێخۆش بوو. وەبیرم دێ: جارێکیان شیعرێکم بۆ رۆژنامەیەك نارد, رۆژنامەکەش لەوەرامدا نووسیبوویان: **(ناتوانین شیعرەکەت بلاوبکەینەوە, چونکە ئەو شتانەی تێدانین کە بەمەیلی ئێمەن!).** ئەوان مەیلیان لەچ بوو, نەیانگوتبوو: **(شیعر دەبێ سەرەتاو بەتایبەتی کۆتایی هەبێ).** بەڵێ, ئێستا بەگوێدانە ئەم گۆرانیە, تێدەگەم راستە شیعر دەبێ کۆتایی هەبێ. بەداخەوە مامم (دایان – دۆڵدوروم) لێرە نەبوو. ئەو هەقدەستی گۆرانی‌یەکی وای دوو ئەسپی بەزینو هەگبەوە دادەنا. ئەگەر دیتم, هەوڵ دەدەم, ئەوەندەی وەبیرم دەمێنێ بۆی بگێڕمەوە –لێگەڕێ هەرچی دەستی لێدەبێتەوە بمداتێ, هەرچی بێ, خۆمن بێگانە نیم...

گۆرانی لەجێی خۆی, من زۆر ناڕەحەت بووم: کامە (چاراخی) بەڕێز دەبێتە خانە خوێم؟ وەك باوە, لەمەڕ شتی وا, پیرترین کەس لەگۆدەکان قسەدەکاو بۆیە ئومێدم بە (شاعەلیم) بوو, بەلام لەهیکەوە لەماڵێ بانگ کرایەوە, چونکە ماینەکەیان دەیویست لەم دەمە نەگونجاوەدا, بزێ. لەودەمەشدا, نەوەی‌هاوسێ سمێڵ چەورو قلپۆکەکەم هاتو بەدەنگێکی بەرز بانگی کرد: **((بابە, بابە زووبە, ئەو دوونگەی تۆ دوای (خینگاڵ) سمێڵی پێ‌چەور دەکەی کتك بردی!)).** پیرەمێرد وەك کەسێك ئاوی گەرمی بەسەردا بڕژێ, راپەڕیو دەنگی پێکەنین تا چەند کۆلانێك سەرادووی نا. ئاه, بڵێ چییە؟ تەماشاکە, ئەمن هەر بیرم لەوە دەکردەوە چۆن هەموو شەوێ دوای (خینگاڵ), دەتوانێ بەز پەیداکا؟ دیاربوو تەنیا سمێڵی پێ‌چەور کردووە! بێچارەیە بەبێ بەز چ دەکا؟



ئێستاش لێم روون نەبۆوە (چاراخی)یەکان چۆنم رەفتار لەگەڵدا دەکەن. ئاخر شەو داهاتبوو, هێواش هێواش گۆدەکانیش چۆڵ دەبوو. هەموویان دەچوونەوە ماڵێو لەوێش شێوێکی بەتام چاوەڕێی دەکردن. قسە لەمەڕ سبەینێ, کارکردن لەباغو کێڵگەکانی کەلخوزیش کەم کەمە بنی دەهات, کەچی ئەمن جورئەتم نەدەکرد پەلار لە (خانەخوێ کانم) بدەم. ئەوانی گەنجتر,لەبەرئەوە گۆدەکانیان بەجێ دەهێشتو فەرموویان لێنەدەکردم, رەنگە لەدڵی خۆیاندا گوتبیان: **((ئەگەر ئەم لاوە بانگ کەم, پیرەکان دەرەنجن)).** ئەوانی دیکەش لەبەر هەندێ دەچوونەوەو منیان بەجێ دەهێشت, رەنگە لەدڵی خۆیاندا گوتبیان: **((ئەگەر ئەمن ئەو منداڵە بانگ کەم, لەوێ چی لەگەڵدا باس بکەم, -هێشتا تامی شیری خاوی لەزاری دێ. لاوە, لێ گەڕێ گەنجەکان بیبەنەوە!)).** لەئاکامدا, بێجگە لەمن دووچیایی بەناوی "حەسەن" و "حوسێن"یش لەگۆدەکان مابوون. ئەوان لاقیان لەسەر لاق دانابوو, بەهێواشی دەربارەی ئاوو هەوا دەدوانو جارێك لە ئاسمان ورد دەبوونەوە, جارێکی دی لەمنیان دەڕوانیو قسەکانیان دەگواستەوە سەر بژارو جۆگەو کەنداوی بەربەستی لافاو. (حەسەن) لەبێ حەوسەڵەیی, رووی تێکردمو گوتی:

–باشە کوڕی گەنج, فەرموو بچینەوە ماڵێ!

حوسێن شڵەژا:

–شەرم ناکەی! لەخۆت گەورەتر هەیە!

–کێ؟

–من, لەگەڵ من دێتەوە!

(حەسەن) سەری سووڕما:

–تۆ لەمن گەورەتری؟

–هەڵبەت! دیارە خۆت لەمن بەگەورەتر دەزانی!

www.pertwk.com

–نابیٚ, چۆن شتی وادەبیٚ! داپیرم دەیگوت: ئەتۆ لەویٚ رۆژیٚ لەدایك بووی کە باب‌و دایکت زەماوەندیان کردووە.

–قسـەی داپـیرت بـاوەڕ دەکـەی؟ گـویٚ بگـرە, بـاپیرە بەرِیٚزەکـەم لەمـەڕ لـەدایك بـوونم چـی گوتـوە. دەیگـوت تـۆ ئـەویٚ رۆژیٚ لـەدایك بـووی کـە بابـت لەشـەڕی ناوخۆییدا کوژراو ویٚ رانەگەیشت دایکت بهیٚنیٚ!

(حەسەن) خۆی پیٚ ڕانەگیرا:

–ئەوە چتە, دەتەویٚ بلٚیٚی من بیژیم؟ دیارە زۆر هیچ‌و پوچی!

–بەمن دەلٚیٚی هیچ‌و پووچ؟

–بەلٚیٚ, چونکە تەنیٚ خەلٚکی هیچ‌و پووچ دەتوانیٚ درۆی وا هەلٚبەستیٚ!

–دیارە درۆزنیشم؟ ئیدی ئەمەت لیٚنابەخشم, توولەسەگ!

–هیٚواش, دەست بخەوە بەرکت, ئەگەرنا سویٚند دەخۆم تامی دەستم دەکەی! کا چۆنت نەبیستووە من بزمار بەمست دادەکوتم!

–دەھ, بەددانم پارچە پارچەت دەکەم!

هـەردووکیان وروژابـوون‌و ئامـادەبوون یەکدی ونجڕ وجڕ بکـەن. بـەلاٚم مـن تـیٚ نەدەگەیشتم ئایا بەڕاستیانە, یان بەتیز! پیٚی ناویٚ لەسەر من هەرایـەك بخـولٚقیٚنن, مەسـەلەکە بەئاسـانی چارەسـەر دەکـریٚ: تـیرو پشـکان بـاویٚن!. بـۆ مـن فـەرقی نەدەکرد, لەگەلٚ کیهەیان بچم, هەرئەوەندەم دەویست تیٚر بخۆم‌و بخەوم. وادیـارە دەکەنە شەڕو لەوانەیە بەتەنیٚ بمیٚنمەوە.

(چـاراخی)یـە بـەڕیٚزەکان, دەسـتیان خسـتە تەنگـەی یەکـدی‌و بـاش بـوو مـن بەوەختی خـۆی کەوتمـە ناوبـژی, ئەگـەر نـا کارەکـە خـراپ دەبوو. لەوانـەبوو, ئـەم رووداوە دووتـیرە, وەك تـیرەی ئیٚمـەو تـیرەی (مـۆنگی) لەگونـدی (کووباچـی), بـۆ چـەندان سـالٚ لیٚـك بڕەنجیٚنـیٚ. وابـا, مـن, ئەگەرەکـەی دەبـووم. یـەکیٚکیان هـاواری کرد:



–تا پیٚت نەسەلمیٚنم وازناهیٚنم!

ئەوی دی نەڕاندی:

–ئەمنیش واز ناهیٚنم.

(حەسەن)پیٚشنیاری کرد:

–بابچینەلای ردیٚن سپی گوند تا قەناعەت بکەی کە داپیرم راستی گوتوە!

–بابچین!, ئەگەر باپیرم درۆی کردبیٚ, ئەمە ملی من‌و ئەوەش خەنجەری تۆ!

www.pertwk.com

ئەوان بەفەرامۆش کردنی ئەو مەسەلەیەی کە مشتو مڕەکەیان لەسەر من دروست کردبوو، ڕۆیشتنو ئەمنیش تەنێ لەگۆدەکان مامەوەو تا هەنووکەش نازانم مەسەلەکە چی بەسەر هات: مسۆگەر پیرەمێرد حوکمی داوە کە (حەسەن)و (حوسین) لەیەك ڕۆژو لەیەك سەعاتو لەیەك چرکەدا هاتوونەتە دنیا. بەهەر حاڵ، کەسیان نەبوونە خانەخوێم.

کەوتمە ئەو خەیاڵەی، ئەگەر مامم (دایان – دۆڵدوروم) لەجێگای من بووایە، چی دەکرد. دەچوو لەیەکەمینو نزیکترین دەرگای دەدا. بۆچی ئەمنیش ئەو نەکەمە سەرمەشقی خۆم؟ بەڵام هەر کەپێم لەژێر ساباتەکە بردە دەرێ، لەپەنجەرەی کارگەی چنینی مافوورەوە چاوم بەکیژێك کەوت: هێشتا بەگورجی لەپشت دەزگا خەریکی کارە.

نزیك بوومەوە. گۆرانی دەڵێو لە تەونکەر ناچێ، بەڵکو لەچەنگ لێدەرێك دەچوو کە تەلەخۆش ئاوازەکان یەك بەیەك بەئەنگوست جودا بکاتەوە. لە سەرەوەی دارەکە، ڕێك سەر سەری کیژەکە تۆپەبەنی ڕەنگاو ڕەنگ هەڵواسراونو وێ دەچن داوەکان خۆیان پێکەوە بەسترابنەوە، تا ڕەنگینی مافوورەکە جوانتر دەرکەوێ.

قەت، کاری وام نەدیوە ئەوەندە لەمۆسیقا بچێ. وام دەهاتە بەرچاو کیژو دەزگاکە پێکەوە گۆرانییەك دەڵێنو وەك سوارو ئەسپ ئاوێتەی یەکدی بوونە. کچی هونەرمەند بە دەستێك گرێی لێدەداو بەدەستەکەی دیکەی، چالاکانە داوەکەی دەبڕی. ئەگەر یەك چین تەواو دەبوو، قۆچە ئاسکێکی مشتو ماڵ دراوی هەڵدەگرتو گرێیەکانی لووس دەکرد. پاشان بەهەردوو دەست "راگی" ددانەدار شانەی تەونی– هەڵدەگرتو سەرتاسەری چینە دروستکراوەکەی دەکووتا تا پرزەکان نەمێنن. چین لەدوای چین، نەخشو نیگار وەدیار دەکەوت. لەوکاتەدا، ئەوەم کەوتە خەیاڵ: چۆنە ئەم مافووره بکەمە دیاری بووکێنی؟



بەتەماشاکردنی تەونکەری لاو، (سەرمینان)ی خۆم هێناوە یادو بیرم دەکردەوە، مسۆگەر ئەو مافووری سادە نا، بەڵکو مافووری بەناوبانگی (کارچار)ی کەمانای (قۆچی ئاسکە)، پێ جوانە. وەك ئەمەی هەر ئێستا هونەرمەندی (چاراخی) دەیچنی. بەیناوبەین مەدالیونی ڕەنگاو ڕەنگ قۆخێك لەکۆتاییەکەیدا بەسەر دوولکیدا بڵند دەبێ: نە تەنێ شاعیران، بەڵکو ژنە تەونکەرەکانیش وەسفی مامزی جوان دەکەن!.

ئێستا کیژە، مەدالیونێکی دیکەشی تەواوکردو چراکەی کوژاندەوە. ئەمنیش لەسەر بەردەکەی گۆدەکان دانیشتمەوەو هێشتا بەئومێدی هەندێم کەسێك (حەسەن) یان (حوسین) منیان وەبیربێتەوە.

ئەگەر کیژەکە هاتەدەرێو لەبەرامبەر گۆدەکان تێپەڕی، کۆخیم. ئاوڕێکی دایەوە، وای زانی یەکێك لەگوندییەکانم. دەمو چاوی بەلچکێکی چارۆگەکەی داپۆشیو سەری نەوی کرد:

–ئێوارەتان باش!

منیش وەکو بیرخستنەوە گوتم:

–ئیدی ئێوارە نەماوە، شەوە!.

–کەوایە، چ دەکەی لێرە؟ لەدەنگت را دەزانم خەڵکی (چاراخ) نی!؟.

–چاوەڕوانم، دووکەس لەخەڵکی گوندەکەتان روون بکەنەوە کامیان گەورەترن ... –دەستم پێکرد، داستانەکەم لەنووکەوە بۆ گێڕایەوە. دەترسام چیرۆکەکەم درێژبێ، بەڵام چ بکەم حەزم لێنەبوو کچەکە بڕواو ئەمن بەتەنێ بێمێنمەوە. ئەگەر گەیشتمە کۆتایی، کیژە کەمێ لەولاو ئەولای خۆی ڕوانیو گوتی:

–باشە، بەدوامدا وەرە، بەس دووراو دوورو خۆت وانیشان دە بەڕێگای خۆتدا دەڕۆی!.

–نابێ، لەتەنیشتت؟

www.pertwk.com

–هەرگیز!

باشە, ئەگەر نەکرێ, بەدوایدا دەچم. وادیارە لێرە ڕێو ڕەسم وایە. وەدوای کەوتم‌و وەك کەسێك گچکەترین پەیوەندی بەمەسەلەکەوە نەبێ, بەرێگادا دەڕۆیشتم. دووسێ کووچەمان بوارد, چناری شێوە قووچەك, سێبەری درێژیان بەسەردا کردبوون. کیژە ڕاوەستاو چاوەڕێم بوو.

–ئەو خانووە دەبینی کە بان‌و دەرگاکەی لەئاسن دروست کراوە؟

–چۆنی نابینم؟

–ئەمن لەوێدا دەژیم. ئێستا من دەچم, پاشان تۆ دوای دە دەقیقە لەدەرگا بدە.

–چ دەبێ؟

–دەبینی! –کیژی جوان وەرامی داوەو بەرەو دەرگا ئاسنینەکە وەڕێ کەوت.

هەستێکی تووندی لێ توێژینەوەم لەکن پەیدابوو. ئەو بانگهێشتنە سەیرەو ئەم چرپە نهێنییە لەپێناوی چی‌بوو؟  مەگەر دەکرێ کیژێك بەتەنێ بێو کابرایەکی نەناسراو بۆلای خۆی بانگ بکا؟ بەڵێ, لەڕاستیدا, ئاکاری مرۆکان وەك پێکهاتنی جیهان ئاڵۆزە! بەهێنانە بەرچاوی کیژەکە بە کراسێکی کورتی تەنك‌و بسکێکی کورتی پەخشانی سەرهەنیەی, لەرزێکی سەیرم بەلەشدا گەڕا. ئەمن هەتا لەدڵەوە, سوپاسی (حەسەن و حوسێن)یشم کرد کە لەگۆدەکان کەوتنە مشت‌و مڕو بەتەنێیان هێشتمەوە. بەلام لەهیکڕا, بیرێکم کەوتە مێشکەوە: ئایا ئەم کچە, کلاوێکی لەوجۆرەی کیژە مەکرکەرەکانی (ئیتساری), لەسەریان نام, لەسەر نانێ؟

لەبەرهەندێ نەمدەزانی بچم یان نەچم, وا ڕووژابووم, سەرم دەسووڕا. لە دوایی‌دا بڕیاری خۆمدا. خۆلەتەلەزگەدان کاری پیاوانە. ئیدی نازانم مامم یەکەمجار ئەمەی گوتوە, یان نا. بەهەرحاڵ, ئەو زوو زوو ئەم قسانەی دەکرد. فێری دەکردم, ئەگەر تەلەزگە نەبێ, هیچ شتێکی نوێ لەسەر رووی زەوی پەیدا نابێ. ڕاستییەکەشی ئەوەیە, ڕەنگە هەندێ کار ئەنجامی خراپیان لێ بوەشێتەوە,



بەلام هیچ کارێك بەبێ فیداکاری وەئاکام ناگا. لەبەر هەندێ بڕیارمدا, تەقە لەدەرگاوە بێنم.

## 9

بەڵێ, بەو ئەڵقە ئاسنەی لەجەستەی گیانلەبەرێکدا رووچوو بوو, دەرگام کوتا. ماوەیەك وەلام نەبوو. لەدواییدا, دەنگی پێی یەکێکم هاتەبەرگوێ.

پێش سەعاتێك وام لێك دەدایەوە, هەموو زیوو بەهرەکەم لێرەدا لەدروست کردنی خشڵدا خەرج بکەم‌و لەگەڵ مافوورێکی (کارچار)ی بگۆڕمەوە– بەلام ئێستا وام کەوتبووە مێشکەوە کە لەوانەیە هونەرمەندی (چاراخی) بەدڵی بێو بەسادەیی ئەو مافوورەم پێشکەش بکا؟

کلیل دەنگی لێوە هات‌و دەرگا کرایەوە.

هیوادارم توانیبێتم تا راددەیەك سرنجتان بۆلای خۆم راکێشم‌و ئێوەش مگێزتان لێبێ لەبەرامبەر منی رووخۆشی نهێنی –ئامێزدا بوەستن. بەلام بەداخەوە, ئارەزووەکانمان بەزۆری هەر ئارەزوو دەمێننەوە! لەبەرامبەرمدا, پیاوێك, بە شێوە بەشکۆو چاوانی بەقولاییدا چوو, کت‌و کۆرو, دەم‌و چاوێك بەلووتێکی کەوانەیی, راوەستا.

لەیەك دەمدا, وام دەزانی, کچەکە بەم شێوە گاڵتەجاڕییە خۆی گۆڕیبێ, ئەمما کابرا لووتە, وێڕای لەتاریکی رامان, دوژمنانەش پرسی:

–کێیە بەم درەنگی شەوە لێرە دەگەڕێ؟ هەموو جۆرە کەسێك پەیدا دەبێ, لەهیچ‌و خۆڕا خەڵکی ناڕەحەت دەکەن. وەلام دەوە تۆ کێی؟

من کە بەدەرکەوتنی, شێوابووم, جگە لەوەی بڵێم: مرۆ –قسەیەکی دیکەم پێنەکرا.

www.pertwk.com

–بەڵێ دەبینم, بزن نییە بەقۆچ لەدەرگا بدا. چی, دیارە لەوە بێتاقەتی, بزانی دایکت کەی تۆی هێناوەتە سەر دنیا؟

–نەخێر, –بەگومان لەوەی, نەکا کچەکە منی هێنابێتە هەمان ئەوماڵەی (حەسەن) و (حوسێن) بۆ براندنەوەی مشتو مڕەکەیان, روویان تێکردووە, تەریق بوومەوە.

–چ کارێکت بەدەمڕاستی ئەنجوومەنی ناوچەیە؟

هەندەی دیکەم لێ ئاڵۆز بوو:

–حەز دەکەم توانای ئەوەت پێ ببەخشم, میوانێك بۆ ماڵەکەت بانگ بکەی!

–سوپاست دەکەم! بۆ ئەو شانازیەی پێت داوم! –پیرەمێرد بەگاڵتە پێکردنەوە, وەرامی داوە.

–ئێستا کە بڕیارت داوە توانای وام ببەخشی, وەرە ژووری, بەڵام بزانە, من لە هەموو کارێك دا حەزم لەڕێك‌و پێکییەو میوانیش دەبێ بەوەخت ئامادەبێ.

–راگەیاندنی وام لەهیچ گوندێك نەبیستووە؟

–شوورەیی نییە! ئێمە بەزووترین کات ئاگادارییەکی وا لەگوندەکەمان هەڵدەواسین.

ئەگەر کەسێکی دیکە لەجێگای من با, بێ ورتە دەگەڕایەوە, بەڵام ئەمن مامەوە چونکە دەمزانی لەپێناوی دیارییەکی شایستەدا دەبێ زۆرشت بکەمە پێناو, زۆر شتیش کەقەت بەسەرمدا رانەدەبووردن, بەسەرمدا تێپەڕن. سەرباری هەندێش, دەمویست بزانم –دەبوایە جارێکی دیکەی ببینمەوە, ئەو کچەی بەنهێنی منی بۆ لای ئەم دەرگایە کێشکرد؟. بێجگە لەهەندێش, کەحەزم لێنەبێ جارێکی دی بگەڕێمەوە گۆدەکان‌و شەوێ لەوێدا ئەستێران بژمێرم, قسەیەك ناکەم.

خانە خوێکەم بەخۆی‌و تەقە تەقی قاپ‌قاپەکەیەوە, منی بۆ دیوەخانێك برد, کەبەمافووری چاك چاك رازابۆوە. قەرەوێڵەیەکی هێنایە دەرێ‌و دەستەنوێنێکی لە



تاقەکە نیشان دام‌و داوای شەوێکی خۆشی بۆ خواستم‌و وەدەرکەوت. چونکە قسەیەکی لەمەڕ (شیو) نەکرد, دیاربوو (شەوخۆش)ـەکەی بەڕاستی بوو –بەزگی برسی چ شەوێکی خۆش! دەبێ خانەخوێ ئامۆژگاری ئەوان پزیشکانی پەیڕەوکردبێ کە لەوباوەڕەدان شەوخواردن خراپە, نازانم, بەڵام نەمدەتوانی رازی نەبم. ماوەیەکی باش خۆم لەسەر قەرەوێڵەکە هەڵگێڕو وەرگێڕ کردو هەموو ئەو خواردنانەم هێناوە بەرچاو کە بەدرێژایی تەمەنم خواردبوومن‌و نەمخواردبوون.

وەبیرم نایە ئەوێ شەوێ خەوم لێ کەوتبێ, بەڵام تاریك روونی بەیانیان کەپووە هەستیارەکەم بۆنی گۆشتی بەپیاز سوورکراوەی کرد. راپەڕیم, جلکەکانم دەبەرکردن‌و نوێنەکانم هەڵتەکاندو هاتمە هەیوان. لەوێ, لەگەنێکی مسی بریقەدارو گۆزەیەکی پڕ لەئاوم چاوەڕوان بوو. ئەگەر دەست‌و دەم‌و چاوم دەشووشت, تەقە تەقیشم دەکرد تا سرنجی خانەخوێ کە لەژووری تەنیشت خەریکی نان خواردن بوون, راکێشم.

خانە خوێ لەکۆسپەی دەرگا وەدەرکەوت:

–باشە میوانەکەشمان رابوو. هیوادارم خەوێکی خۆشی کردبێ!

وەرامم داوە:

–زۆر خۆش...!

–فەرموو بابچین نان بخۆین –فەرمووی لێکردم‌و لەودەمی‌دا زۆر بەمیهرەبانم هاتەبەرچاو.

چوومە ژووری. هەمان ئەو کیژەی ئێوارە منی بانگ کردبوو, لەپشت مێز دانیشتبوو.

نەوەکەم, خزمەتی میوانەکەمان بکە, سەرەتا یەکتر بناسین.

من دەستم درێژ کردو گوتم:

–بەهادۆر! –ئەویش سەری نەوی کردو بەهێواشی دەستی گوشیم‌و گوتی:

www.pertwk.com

–زولفی!.

تاوەیەکی پڕ لەپارچە گۆشتی گەورە گەورەی بەپیواز سۆرکراوە, لەسەرمێز دانرابوو, دەرگای قسان کرایەوەو ئەمن بۆم روون کردنەوە کە بۆچی هاتوومەتە (چاراخ). وەختێکیش گوتم برازای (دایان – دۆڵدوروم)م, خانەخوێ هەستایە سەرپێ.

–مامی تۆیە (دایان – دۆڵدوروم)؟

–بەڵێ!

–ئەدی بۆچی دوێنێ شەوێ, ئەمەت پێنەگوتم؟

–چی دەگۆڕا؟

–هەموو شتێك!, زۆر بەسادەیی دەرگام لەبەرامبەر لووتت دادەخست.

–چما, مامم چی کردووە؟

–دەشپرسی!

–هەڵبەت دەپرسم. چونکە هەمووکەس رێزی مامم دەگرن.

–رێزی دەگرن! ئاه ئەگەر وەبەرچنگم کەوتبا ... –خانەخوێ چەنگاڵەکەی داناو چووە ژوورەکەی تەنیشت و لەکاتێك دا دەڵێی چی؟–پێستی مانگاکەمانی بەدوای خۆیدا رادەکێشا, گەڕایەوە. پێستەکەی لەبەردەم دانام و بەپێکەنینێکی گاڵتەجاڕییەوە, پرسی:

–ئەمە چییە, تۆ چ دەڵێی؟

–ئەمە؟– تا ئەودەمەی پێستی مانگا مردووەکانم لەماڵی دەمڕاستی ئەنجوومەنی ناوچەی (چاراخ) نەبینی, سەرم سووڕنەما. مامە بەڕێزەکەم چۆن پێشی گرتبوومەوە؟ خۆ بەپێستە-مافوور ئاساکەی حەزرەتی سولیمان هەڵنەفڕیبوو؟

–بەڵێ, ئەمە؟ چییە؟



–پێست!

–پێستی چی؟

–چۆن گەیشتۆتە ئێرە؟

–قسە لەهەندێ نییە ... ئەتۆ بڵێ لەپێستی ورچ دەچێ یان نا؟

–پێستی ورچ؟ رەنگە لەبەرئەوەبێ کە کلکی نییە؟

–راستە!

–مەگەر (دایان – دۆڵدوروم) لێرەبوو؟

–وێ دەچێ ئاگات لێنەبێ!

–لەکوێڕا بزانم؟ ئێستا لەکوێیە؟

–تەنێ خۆی دەزانێ! ئەمە چ بەڵایەك بوو توشم هات! یەکەم جار (دایان – دۆڵدوروم) و پاشان برازاکەی! رەنگە تۆش بتەوێ وەك مامت فێڵم لێبکەی؟ تاقە مافوورەکەی (زابزاب)م لەکوێیە؟

–ئەمن خەتام نییە؟

–بڵێ! بڵێ! من ئێوە دەناسم! هەنجیر لەدارسێو شین نابێ.

–چ قوڕێك بەسەرمدا بکەم! مامم لەکوێیە؟

دەمڕاستی ئەنجوومەنی گوند, وێڕای چوونە دەرەوە, گوتی:

–بڕۆ لێرە! نەوەکەم پەلەکە بۆ سەرکار.

–باشە, باپیرە! –زولفی بەکورتی وەرامی داوەو هەتا باپیری وەدەرکەوت, هەستایە سەرپێ. پاشان بەمنی گوت:

–لێی تووڕە مەبە, خووی وایە. بۆیە بەپارێزەوە دەجوڵامەوە. ئەگەر سۆسەی کردبا من گازی تۆم کردووە, نەتەنیا دەرگای نەدەکردەوە, بەڵکو منیشی وەدەردەنا. پیاوێکی میهرەبانە بەڵام جار جارە دەیگرێ ...

–تێدەگەم, تێدەگەم ... –وەپێش (داوای لێبوردنەکە)ی کەوتمەوە.

www.pertwk.com

دوای نان خواردن, ئاوی کانیم خواردەوەو قسەم هێنایە سەر هەندێ چۆن لێرە مافوورێك بەدیاری وەدەست بهێنم. لەوەرام دا, (زوڵفی) بردمیە ژوورێك کە زیاتر لەمۆزەخانە دەچوو: چەند مافوور بەدیوارەکانەوە هەڵواسرابوون, دووئەوەندەش لەبن دیوارەکان لەسەریەك دانرابوون کەپیاو بەتەماشایان چاوی رەشکەوپێشکەی دەکرد. دەتگوت چەندان کەسك و سۆر لەسەر مافوورەکان تێك شکاون و پەخش و بڵاوبوونەتەوە. کیژە, مافوورێکی (کارچار)ی چاکی هەڵبژاردو پرسی:

–ئەمەت بۆ دەگونجێ؟

–بەڵێ, بەڵێ, –بەپەلە وەرامم داوە– ئەمە مافوور نییە, ئارەزووە! خۆت نەتچنیبێ؟

–هەڵبەتە! مسۆگەر تۆ بۆ دەزگیرانەکەت, بەدوای دیارییەك دا دەگەڕێی؟ —لە ئاوازی دەنگیدا, هەست بەشتێك دەکرا کەمن پێم باش بوو بەدرۆ بڵێم:

–نەخێر, بۆ براکەمە کە دەیەوێ زەماوەند بکا.

–ئەدی بۆچی خۆی بەدوای دیاریدا نەهاتووە؟

–ئەو لەم بارەیەوە, لێی نازانێ!

–بۆچی؟

من کەحەزم لێ بوو ئەم گفت و گۆ ناخۆشە تەواو بکەم,گوتی:

–چونکە کوێرە!

–ئینجا مافووری بە چ کەلك دێ؟ مسۆگەر دەزگیرانەکەشی کوێرە؟

–چما, وابیر دەکەیتەوە؟

–چونکە نەبینراوە ژن کوێربێ؟



دیسان بەشێوەیەك مەسەلەی مافوورم هێناوە گۆڕێ. مافوور زۆر بەنرخ بوو. یەکێك لەدوان بوو: یان (زولفی) بەفێڵەکەم دەزانێ و دەیویست هەڵم بخەڵەتێنێ, یان من بایەخم بەمافوورەکەی نەدەدا.

لەپێناوی ئەوەی ببمە خاوەنی مافوورەکە, بڕیارم دا دەستە خشڵێکی تەواوی لە زیوی ڕەش قەڵەم بۆ دروست بکەم. ئەو رازی بوو. بۆ هەندێ مێزێکی گچکەی لەبەردەم پەنجەرەکە بۆ دانام. منیش کەرستەی کارم دەرهێناو دەستم پێ کرد. لەگەڕانەوەی باپیری نەدەترسام: بەپێی یاسای میوانداریی چیاییەکان, میوانی ئەوم و ئەمەش بەومانایەیە جورئەت ناکا وەدەرم نێ.

دەگێڕنەوە: سەتساڵێك لەمەوبەر, ژمارەیەك (دیل) دێننە لای میری (قایناق) و ئەویش بڕیاردەدا, بیانکوژن. یەکێك لەدیلەکان بەمیری (قایناق) دەڵێ: "تۆ فەرمانڕەوای و ئێمەش دیلی تۆین. بەڵام ئێمە لەرێگاوە هاتووین و برسیمانە. داوا دەکەین رێگا بدەی پێش ئەوەی لەسەرمان بدەن, تێرمان بکەن".

میر, فەرمان دەدا, لەکۆشکەکەی خۆی نانیان بدەنێ و خۆشیان لەگەڵیان لەسەر سفرە دادەنیشێ. ئەگەر لەنان خواردن دەبنەوە یەکێك لەدیلەکان روو دەکاتە میرو دەڵێ: "فەرمانڕەوا, ئێمە دیلی تۆبووین, بەڵام نانت داینێ و ئێستا مێوانی تۆین, لەبەرهەندێ وامان رەفتار لەگەڵ دا بکە کە خانەخوێ لەگەڵ مێوانەکانی دەیکا".

میری (قایناف)یش لەبەر خاتری زیرەکییان, ئازادیان دەکا. چیاییەکان بەم شێوەیە رێز لەیاساکانی میوانداری دەگرن. ئەمنیش حیسابێکی وام بۆ خۆم دەکرد.

# 1

کاتی بەجێهێشتنی (چاراخ)، من لەوپەڕی خۆشبەختیو ئارامی گیانیدا، لەسەر کەپکێکی بەردەڵانەوە، بەنیشانەی خوداحافیزی چاوێکم بەتەواوی گوندەکەدا گێڕایەوە. زۆر روونە! هەگبە زۆر قورسەکەم، مافووری چاکی ((کارچار))ی دەستکردی ((زولفی))ی قشتیلەی تێدایە، کە دیارییەکی شایستەیە بۆ دەزگیرانەکەم.

من بوومەتە ماخۆی مافوورێك کەنەوەی دەمڕاستی ئەنجوومەنی ناوچە، تەواوی بەهرەی خۆی تێدا خەرج کردووە. ئێستا، دووجاران مەمنوونم، چونکە زمان لووسیم لەهونەرمەندیم زیاتر بەهاناوە هات. (زولفی) یەکێك لەو کیژە (چاراخی)یانەیە کە بەکەللەڕەقی بەناوبانگن، بەڵام من بەهەزار زەحمەت توانیم لەبەرانبەر ئەو دەستە خشڵەی بەتالووکە دروستم کردوئەوەندەش باش نەبوو، ملوانکەیەك، گوارەو ئەنگوستیلەو کەرەستەی ئارایشت، رازی بکەم مافوورەکەم بداتێ، وادیارە مامم بەخۆڕایی فێری نەکردبووم **کەلەکاتی ئاخاوتن لەگەڵ ژنان**، **هەتا ئەگەر ناشیرینیش بێ، یەکەم شت خاڵی جوانی تێدا بدۆزرەوە، بەم شێوەیە نە تەنیا سروشتی چاك دەکەی، بەڵکو خۆشت لەبەرچاوە شیرین دەکەی.**

کاتێ ملوانەکەکەم بۆ تاقی کردنەوەی درێژیو کورتی زنجیرەکەی، بەملی زولفییەوە کرد، بەسوود وەرگرتن لە زەخیرەی بێ پایانی وڵاتی شاخاویو بەیادی هەموو شاعیران- لە (چانکای)و (ئەلداریلاوا)و (ئەحمەد مۆنگی)و (باتیرای)یەوە بگرە تا دەگاتە "سلێمان"ی خەڵکی "دیبگاشی"، مۆڵەتی

www.pertwk.com

پیاهەڵدانی گەردنە سافو لووسەکەیم لەدەست نەدا. کاتێکیش بەپارێزەوە گوارەکەم کردە گوێی، نەمدەتوانی بڵێم: **ئامادەم تەواوی تەمەنم لەپشت ئەم گوێیانەوە لەهەتاو بڕوانم، چونکە تەنکن، تیشك بەناو خۆیاندا رەت دەکەن.**

هێشتا گەلێ قسەی ترم دەربارەی دەستەکانی، لەناو هەگبەکەدا مابوون، ئەمما لێنەگەڕا بازنو ئەنگوستیلەکەی دەدەستی کەم. وێدەچوو قسەکانم بووبنەهۆی بێڕاددە ورووژانی.

بەهەرحاڵ، بۆم دەرکەوت، ئەوەی گوتبووم بەس بوو. (زولفی)وەك مۆمی سەرئاگر نەرم بوو. مافوورەکەی دامێ. من لەقووڵایی دڵمەوە هەستم بە ناڕەحەتی‌یەك دەکرد، چونکە هەنگاوم بەسەر شوونی پێی مامم دا نابوو: ئەو، کڵاوی لەسەر دەمڕاستی ئەنجوومەنی ناوچە نابوو، لەباتی پێستی ورچ، پێستی مانگای کردبووە کۆڵی، ئەمنیش دەمەوێ مامەڵە لەگەڵ نەوەکەیدا بکەم..... چ بکەم –دیاری پێویستە!

تا ئێستا سەرکەوتنی وام دەست نەکەوتبوو، بۆیە نەمدەتوانی شانازی بەخۆمەوە نەکەم. ئاخر ئێستا ئەو سەردەم نی‌یە. پێشان بۆ نموونە: **مەودایان بە گوللە، ماهوت بەئاریشنو دەغڵو دانیان بە ربە دەپێوا.** مەودا پەیوەندی بەوەوە هەبوو کەتۆ تفەنگەکەت چۆن پڕکردووە، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بەئارشینو ربەوە هەبوو لەشاخان، هەر بازاڕێك گەزو ربەی خۆی هەبوو.

ئەدی ئێستا؟حسابی هەموو شتێك دەکەن! بۆ نموونە، گوندە شاخاوی‌یەکەی ئێمە. ئەم گوندە دوو دوکتۆرای زانستو دوازدە کاندیدی زانستی فیلولۆژی، کیمیاییو پزیشکیو جوگرافیاو سێزدە پزیشكو ئەندازیارێکی کشتو کاڵی، پێشکەشی کۆمەڵ کردووە. ئەمەی دوایی‌یان کەدۆستمە، ئەنیستیوتی کشتوکاڵی تەواو کردووە، بەڵام ئێستا پسپۆڕی‌یەکەی لەکارگەی سازکردنەوەی گەوهەر لەشار بەکاردێنێ. چەند کەسێکیش بوونەتە مامۆستاو ژمارەیان

www.pertwk.com

لەژمارەی پەنجەکانی چوارکەس تێدەپەڕێ. تاقیبکەوە, خەڵکی وا هەڵخەڵەتێنی! (زولفی)یش ساڵی رابردوو, ئامادەیی تەواوکردووە. سەرباری هەندێش, رازیم کرد.

ئەگەر وەڕێ کەوتم (زولفی) هەگبەکەی لێ وەرگرتمو چووە دیوەکەی دی. خۆی, مافوورەکەی دەق کردو بەزانایی لەپارچە پەڕۆیەکی وەرپێچاو خستییە لایەکی هەگبەکەمو وەك یادگاریش لای دیکەی هەگبەکەمی پڕ لەخواردن کرد.

بەدوور کەوتنەوە لەگوندە شاخاوییەکەی (چاراخ), هەستم بەئارامی‌یەکی واقیعی دەکرد. ئەسپینداره بەرزەکان سەریان لە ئاسمانی شین هەڵدەسویو ڕیزی درەختەبەردارەکان لەشاخەوە بەرەو خوار شۆڕدەبوونەوە. لەناو دۆڵ, درەختە بە ناوبانگەکەی (چناری رۆژهەڵات) کە دەڵێن تەمەنی لەچوار سەت ساڵ کەمتر نی‌یە, سەری لە کەشکەڵانی فەلەك دەسووی. پێشان لەبەشی وشکەڵاتووی قەدە مەزنەکەیدا, جێگای چل کەس یان سێزدە سوار دەبۆوە. ئەم شوێنە بەختیارە, مسۆگەر مەکۆی پیاوخراپان بووە, ئێستاش کەلخووز کردوویەتی‌یە مۆزەخانەیەکی تایبەتیو عارەبانەی شکاوو گاسنو کڵاوی ژنانە "چوختە", واتە تەواوی ئەو شتانەی پەیوەندی‌یان بەرابردووەوە هەیە, تێدا پارێزراوە.

لەبەرزایی‌یەکان, ئاوڕ دەدەمەوەو لەشە ڕێكو پێکەکەی کیژەکان لەنزیك کارگەی چنینی مافوور دەبینم. ئەوەش کراسە تەنکەکەی (زولفی). ئەو شتێك بۆ دەستە خوشکەکانی باس دەکاو ئەوان پێدەکەننو دەسرۆکەکانیان بەنیشانەی خودا حافیزی بۆمن رادەوەشێنن.

ئەی کیژە دڵبەرەکان! رووتان سپی بێ, ژیان لەم دونیایەدا بەبێ ئێوە بەتایبەتی لەبیست ساڵیدا, زۆر ناخۆشە! ئەمن خودا حافیزتان لێ ناکەم, چونکە مسۆگەر دەزانم لە مانگی هەنگوینم دا, لەگەڵ ئەو(سەرمینان)ەی کە بەیارمەتی هونەری (زولفی) دەستەخوشکتان, وەدەستی دەخەم, دەگەڕێمەوە لاتان کڵاوە تەفلیسی‌یەکەمیان بۆ رادەوەشێنم– چونکە لێوەکەی بەراحەتی بەدەست دەگیرێ– ورێگام درێژە پێ دەدەم.



## 2

کوێرە ڕێگا منی بەتەنیشت گردۆلکەیەك دا دەبرد کە شوانێکی لەخۆگەڕاوە لەبەرهەتاو دووزەلەی لێدەدا. لەوان دەوروبەران دا, مێگەلێکی کەلخووزی لەسەر ئەو گیایەی دوای درونە شین دەبێتەوە, دەلەوەڕاند. شوان باشی لێ نەدەدا, وام دەهاتە بەرچاو خەریکی فێربوون بێ. کارەکەی لەکاری کەسێك دەچوو کەچل ساڵی تەواو لەپشت مێزی فەرمانگەیەك دانیشتبێو دوای خانەنشینی, بیەوێ بەگوتنی شیعری ئاشقانە گەنجێتی‌ی خۆی وەبیر بهێنێتەوە.

من بە پرسیاری "دەیانلەوەڕێنی؟", شوانەکەم دواند. ئەمما ئەو وەرامی نەدامەوە. تەنیا چاوی لێ کردمو هەر لەسەر کارەکەی خۆی بەردەوام بوو. لەگەڵ ئەوەش دا, پرسیارم کرد ئایا ڕێبوارێکی بەناوی "دایان–دۆلدوروم" نەدیوەو ئەگەر دیویەتی, بەرەوکام لا رۆیشتووە؟. شوانە, بەبێ ئەوەی لێوان لە دووزەلەکەی بکاتەوە, بەدەستی, هێمای بۆ ڕێچکۆڵەیەك کرد: واتە بۆ ئەوێ بڕۆ!. من مەودایەك لەشوانەکە دوورکەوتبوومەوە ئەگەر هاوارێکم گوێ لێبوو– داردەستە خوارو خێچەکەی رادەوەشاندو بانگی دەکردم. کە گەڕامەوە, دایە قاقای پێکەنینو وەك بەران خۆی لەسەر گیاکان دەگەوزاند.

بەسەرسووڕمانەوە پرسیم:

www.pertwk.com

–چی بووە؟

–چۆن چی بووە؟ پیاوی عەنتیکە، ئەو بزنە ڕێیە بەردەڵان و هەڵدێرە، کەری وەستاوی تێ داوین.

–ئەدی خۆت ئەو ڕێیەت نیشان نەدام؟

–بەڵێ!

–بۆچی؟

–دەمویست بزانم، باوەڕم پێ دەکەی!

توڕەیی خۆمم نەشاردەوە، پرسیم:

–باشە چۆن بوو زانیت؟

–بەڵێ کاتێ دڵنیابووم باوەڕ دەکەی، گازم کردیەوە کەپێت بڵێم من "دایان–دۆڵدوروم" ەکەی تۆم نەدیوەو ناشزانم بە چ ڕێگایەکدا ڕۆیشتووە.

ئاخ کە لەو کابرایە تووڕە بووم! ئەویش بەگاڵتەی گێلانە حاڵ و ڕۆژی وێران دەکردم. پێویستی بەدارکاری یەك هەیە، ها! چتۆ پیاو لەدنیادا هەن! خەڵك دەرەنجێنێ و پێشدەکەنێ.

–چیتە، نەتدەتوانی قسەی ڕاست بکەی؟

–دەمتوانی بەڵام نەمویست، چونکە تۆ سووکایەتیت پێکردم.

–من؟

شوانە بەتووڕەیی‌یەوە گوتی:

–بەڵێ، تۆ! من دووزەڵەم بۆ لێ دەدای و تۆش نەتویست وەسفێکی هەوڵەکەم بکەی.

–باشە ئەگەر تاق و تریقی عارەبانەی چەور نەکراو بە دووزەلە لێدان بژمێرین؟

–من ناڕەحەت بووم –نازانی دووزەلە لێ دەی، ئاخر بە فووکردن گاڕان ڕادەکا.

–ئاوها، باشە، تۆڵەت لێ دەکەمەوە!



هەگبەکەم لەسەر زەوی دانا:

–چی، شەڕبکەین؟

–نا، چما جلەکانمان بدڕێنین! شتێك دەزانم پێت ناڵێم!.

گوێم شل کرد:

–چ شتێك؟

نازانم بۆچی ئەودەم ئەم بیرەم کەوتە مێشکەوە: ناوی ئەو هیچ و پووچە دەزانێ کە (سەرمیناز)ی فریوداوەو بەمنی ناڵێ و دەیەوێ بۆنی زارم بکا.

–چی دەزانی؟

–ئێستام وەبیر هاتەوە (دایان دۆڵدوروم) بۆ کامە لاڕۆیشت، ئەمما پێت ناڵێم– شوانی لەخۆڕازی، دانیشت و دەستی بەدوو زەلە لێدان کردەوە.

–باشە، پێویست ناکا!.

–ناڵێم، بۆهەر لایەکیش دەتەوێ بڕۆ! –گرژی‌یەوەو دەمی نابەدووزەلەکەیەوە، فووی پێدا کرد.

وەرە لەپیاوی وابگە! لەخۆڕا نەگوتراوە: پیاو هەیە سەت پیاوان دێنێ و، پیاویش هەیە بێ نرخە. دەست گەمەی پەیداکردووە– گاڵتە بە ڕێبواران!.

لەگوندەکەی ئێمەش پیاوێکی وا هەیە. هاوزێی منەو پێکەوە خوێندوومانە. ناوی ناهێنم، خۆی تێ دەگا. ئەگەر ڕێتان کەوتە (کووباچی)، مسۆگەر لەگۆدەکان دەیبینن. لەمندالی‌یەوە ناوی (وای بارك) واتە (بێ بەخت)ی پێوە لکاوە.ڕۆژێکیان باپیری لەسەر سەفەر بۆ شار پێی دەڵێ: (ئەوکاتە تەمەنی دە ساڵان بوو)– ((نەوە گیان پێش سەفەر قسەیەکی خۆشم لەگەڵدا بکە، ئەگەر گەڕامەوە شتێکی خۆشت بۆ دێنم)). ئەگەر نەوە ئەمەی گوێ لێ بوو، ڕووی گرژ دەکاو دەتگوت گوژارکی خواردووە، دەڵێ: ((لەکوێ بزانم دەگەڕێیتەوە؟)). باپیریشی دەڵێ: ((ئاخ تۆ چەند بەدبەختی نەوەگیان)). هەوڵ دەدا ئیدی قسەی لەگەڵدا نەکا.

بـەم شـێوەیە ناوەکـەی پێـوە دەلکـێ. کەسـانی ئەفسـانەیی، بـەدەوری ئـەو خـانووەدا دەسـووڕێنەوە کەئـەوی تێـدا دەژیـاو هـەتا خزمەکانیشـی بـەپارێزەوە لەگەڵیدا دەئاخفن، نـەکا قسـەیەکی خراپـی لـەزاری بێتـە دەرێ. بـەڵام دەزانـن، ئـەو پـێ‌ی خۆشـە خـەڵکی وەك چـۆن لـەئاگر دوور دەکەونـەوە، لێی دووربکەونـەوەو شـانازیش بـەوەوە دەکـا. بـەردەوام قسـەی بەتانـەی لـەدەمی دێنـە دەرێ، ئـەمما لەعنـەت‌و نەفرەتـەکانی تایبـەتن بـەخۆی. ئـەو بەسـادەیی نـاڵێ: ((لێ گـــەڕێ چارەنووس، خۆشبەختییەکی گەورەت بۆ بنێرێ‌و هەر ئەودەمەش لێت بستێنن!)) هەرگیز ناڵێ: ((ماڵت وێران بێ!)) دەڵێ: ((بریا جێ ئاگردانت گەزگەزۆکی لێ شین بووبـا و دراوسـێکان کولیچـەیان لێ بکردایـە!)) ئەگـەر رێبوارێـك ببینـێ، لـەباتی ئـارەزووی سـەفەرێکی خۆش گوتن، دەپرسـێ: ((بـۆ کـوێ دەچـی؟)) چونکە ئـەم پرسیارە لـەلای ئێمـە بـە (فـالێکی) خـراپ دەژمێـردرێ. بـەڵام ڕێبوارەکـان قەباحـەتی وای لێ نابەخشـن‌و هەندێکیان وەرام دەدەنـەوە: ((دەچمەلای شـەیتان‌و دەتـوانم تـۆش ببـەم!)). خواردنی خۆشـیش لـەلای، سـیری کـوتراوی تێکـەڵ بەهـەنگوین‌و بیبـەری رەشـی بەسـەردا دەکا. پێشان وام دەزانی کە تـەنێ ئەو بەدبەختـە، بەڵام وادیارە نموونـەی لەهـەر گوندێك دا پەیدا دەبێ.

ئەفسانەیی نیم‌و باوەڕیشم بە شـەیتان‌و فریشـتان نی‌یـە، بـەڵام کەسانی وەك ئەم شوانە دەتوانن هەموو کەس لەخۆیان تەرە بکەن: هێشتا نەگەیشتبوومە سـەر جادەکـە هـەوا گـۆڕا. هـەوری خۆڵەمێشـی ئاسمانیـان داپۆشـی‌و هـەورە تریشـقە دەستی پێ کرد ..... باران.

جێگـای خۆدانـە پـەنا نـەبوو. بـەو جادەیـەی کـە بەلۆفـە دەچـووە خـوارێ‌و دەشـبریقایەوە: هـەڕام کـرد، –لـەوێ داری چڕوپڕ، دەوروبـەری جادەیـان گرتبـوو. ترسـام لـەژێر درەختێـك دا پـەنابگرم، لـەهیکڕا بایـەك هـەڵی کـردو هـەموو ئـاوی سەرگەڵاکانی بەسەر وەرکردم.



کاتێ (دایان–دۆڵدوروم) وەڕێـی خستم، ئامۆژگاری کردم ڕێ‌و ڕەسمی باوو باپیران بپـارێزم‌و تـەنێ رێگـای ئـەوان بگرمەبـەر: پیـادە، سـواری ئەسـپ یـان عارەبانە. هەڵبـەت ئەگـەر کەسێك فەرمووی سواربوونت لێ بکا. بـەڵام سواربوونی تڕومبێـل قەدەغەیـە: زەمـانیش هـەروا تیـژ تێدەپـەڕێ‌و ئیـدی پێویسـت ناکـا بـە ئامرازە میکانیکی‌یەکانی گواستنەوە هەی دەی لە ژیان بکەی. ئەوەندەشی گوت: ئـەوەی پیـادە دەیبینـێ، سـوار ترومبێـل نـایبینێ. ئـەمما مسـۆگەر ئـەو خـۆی قەدەغـەی شکاندووەو بەهەلیکۆپتەر چۆتە (چاراخ)، دەنا چۆن دەیتوانی پێش من لەوێ بێ. لەژیان دا ڕووداوی وا زۆر دەقەومێن– هەموو ئامادەی ئامۆژگاری کردنن.

دەگێڕنـەوە: پێنـەدۆزێك کـوڕێکی شـاعیری دەبـێ . لێی دەپرسـێ: کـوڕم ئـەو ئامۆژگاریيانـەی بەخـەڵکی دەڵێـی، خـۆت بـەکردەوە، جێبـەجێیان دەکـەی ؟ کـوڕە وەرام دەداتەوە: چما بابە، تۆ ئەو هەموو سۆلانەی دروستیان دەکەی‌و دەپێیان دەکەی؟.

بەجلکی تەڕ لەبن دارەکە هاتمە دەرێ. یەخەی چاکەتەکەم بڵندکردو دەلینگی شەلواریشم تا چۆکان هەڵکێشا، پێڵاوم لەپێ کردنـەوە، لـەحاڵێك دا سوپاسـی ئـەو تەفلیسی‌یانەم دەکرد کە کڵاوی وا چاك دروست دەکەن، بەپێ‌ی پەتی شڵپ شاپ بەسەرجادەوە هەڕام دەکرد. کڵاوەکەم، بەدڵنیایی‌یەوە دەم‌و چاوی لـەو پرووشـکە ئاوە ساردانەی لە لێوارەوە بەڕێچکە دەهاتنەخوار، دەپاراستم. تەنێ کەپووم لەبەر سەرمابوو، ئەویش خەتای کڵاوەکەم نەبوو.

لـەپڕ جێ‌تایـەی تـرومبێلێکم بـینی کەهـەر ئێسـتا تێ‌پـەڕیوە. چـۆن ئاگـام لێ نەبووە، خۆ هەر ئێستا رەت بووە، ئەگەر تەماشام کرد ترومبێلەکە بە لۆفەکان دا دەچێتە خوارو دەتوانم قەدبڕ لێدەم‌و بیگەمێ.

بـەڵێ بەخـەیاڵی خۆشـی سـواربوونی ترومبێـل وەنـاو دارو بـەردەکان کـەوتم. دڕك‌و دڕی‌و تووتڕك لەشیان وا بریندار دەکردم، دەتگوت دەیانـەوێ سەرزەنشـتی قەدەغەکردنم بکەن. ئەگەر گەیشتمە خوارێ، بەخۆشحاڵی‌یەوە ڕوانیم هێشتا جێ

www.pertwk.com

تایە دیار نی‌یە– دیارە وەپێشی کەوتووم. بەڵام دەنگی نەدەهات. تەماشام کرد کەسێکم دی گوێ ناداتە باران, وەك رەبەنان, بەرێگادا دەڕوا. کڵاوێکی گوشی کە لەپشت ملی‌یەوە گریێ دابوو لەسەر نابوو, پەستەکێکی لۆکەی دەبەردابوو, شەلوارێکی چوچونچەی تەڕی دەپێداو بنی پێڵاوەکەی ئەستوور بوون: بەهێواشیو لەسەرخۆ, لەوەدەچوو خەمێکی گەورەی بەکۆڵ دادابێو لەژێریدا ناڵەی بێ, لێم تێپەڕی.

ترومبێلەکەش دیار نەبوو. بیرم کردەوە دەبێ هەر پیادەبڕۆم. بەڵام باشترە لەباتی تەنیایی هاوسەفەرێکم هەبێ, هەرچەندە رووگرژیشە! وەدوای کابرا کەوتمو سڵاوم کرد:

–سەفەر بەخێر!

ئاوڕی دایەوە:

–خێر بۆ کێو شەڕ بۆکێ؟

–پیاوی ماقوول, ئەوە چ دەڵێی؟

– ها! ها "پیاوی ماقوول" –لاسایی کردەوە– تۆ نازانی من کێم؟

– تۆ کێی؟

–پیاوکوژ!

بەگاڵتەوە پێکەنیم:

–ها... ها! بەم شێوەیە دەتوانم بڵێم: منیش هەمان ئەو گورگە رەشەم کە زارۆکان لەلانکێدا دەدزێ, چ پیاوێکی سەیر!.

–بەڵێ, پیاوکوژم! –چاوەکانی, برووسکەی تووڕەیی‌یان لێ دەباری– ئەگەر باوەڕ ناکەی, رێگات بگرەو بڕۆ!.



ئیدی تێ گەیشتم, وێ ناچێ گاڵتە بکا. چەند جارێك لەسەرتاپای وردبوومەوە– ئاخر من قەت پیاوکوژێکم, یەکێکی نەك لەشەڕدا, بەڵکو لە لەگوندە کوێستانی‌یە ئارامەکەمان دا, کوشتبێ, نەبینووە.

جگە لەچاوەشینەکانی کە پڕ لەنائومێدیو خەم بوون, شتێکی دیکەم تێدا نەدەدیت. نەخێر, بەراستی پیاوکوژێکم لێ راست هاتبوو؟! خۆمن نەمدەتوانی مریشکێکی بێ نەواش سەرببڕم, چ بگا بەمەڕو گۆلك!.

پیاوەکە, وەك چۆن مار بۆق رادەکێشێ, رایدەکێشامو نەمدەتوانی هەنگاوێکی لێ بەجێ بمێنم. سەیر پێ هاتنو حەز بەزانینی بێ راددە, منیان بەرەو ئەولاوەی بەپێنج شەش ساڵان لەمن گەورەتر دیار بوو, کێش دەکرد.

وەختێ گەیشتینە کانی‌یەکی نك جادەکە, لێی پرسیم:

–باشە, بۆ لێم نابیتەوە؟

کانی‌یەکە بەگومبەتێکی وەك قوونکە پیاز داپۆشرابوو, –پیاو چاکێك لەرۆژێکی پیرۆزدا بۆ شادی خەڵکی دروست کردووە.

هاوسەفەرەکەم داهاتەوەو سەری بە هەرکەوی پەلکەدار گوێزێکەوە ناو بینی پێوەنا. لەژێر لێوەوە وەرامم داوە:

–هەروا....

ئەو لە حاڵێك دا زاری بەپشتە دەستی دەسڕی‌یەوە, ئاوڕی دایەوەو گوتی:

–هەروا مانای چی‌یە؟ جێگات نی‌یە بچی, یان خەمو خەفەت تۆشی وەدنیا خستووە؟

–نەخێر, من بەپێچەوانەوە خۆشحاڵ وەڕێ کەوتووم– بەمەبەستی دڵ نەرم کردنی پێشنیارم کرد, بچینە ژێر گومبەتەکەو نانێك بەیەکەوە بخۆین. چونکە دڵ چ شاد چ غەمبار خواردنی دەوێ.

لەپڕ هەوا سرنجی راکێشا:

www.pertwk.com

–دەڵێی تەواو تەڕ بووم، وادیارە باران دەبارێ!.

–وادیارە؟ بابچینە پەنایەك و چاوەڕێ بین.

نارەزا نەبوو، وێ دەچوو لای گرنگ نەبێ، چ بچێتە پەنایەك و چ هەر لەوێ بێ. من ئەو بوخچەیەم هێنادەرێ کە (زولفی) جوان، نان و پێخۆری تێنابوو. بوخچەم کردەوەو مێشکی سۆرکراوەو پارچە نانێك. پیاو کوژ، بەئارامی لەسەر بەردێك دانیشت. پارچە نانێکی هەڵگرت و چەقۆیەکی زامنداری دەستکاری (ئامۆزگی) لەگیرفانی کورتەکی دەرهێنا –پیاو خراپەکان هەر لەم جۆرە چەقۆیانە بەکاردێنن، چونکە بەپەنجە خستنەسەر زامنەکە دەکرێنەوە– بەچەقۆ هەندێ لەگۆشتەکەی خستە سەر نانەکەو دەستی بە خواردن کرد. هەرچەندە مێشك بەگەرمی زۆر خۆشترە، لەگەڵ هەندێش بەلەززەتەوە دەمخوارد.

باران بەردەوام دەباری، بەڵام هەست دەکرا هەورەکان دوا دڵۆپی شێکەیان دەچۆڕێننەوەو لەشەقەی باڵ دەدەن بەرەو سەرەوە هەڵدەکشێن و جارێکی دی رەنگی سپی بەفر ئاسای خۆیان وەردەگرنەوە. لەهەندێ جێگادا، هەورەکان درزیان دەبردو تیشکی هەتاو شۆڕ ببۆوە خوارێ و ئاسمانی شینی بەرز، وەدەرکەوت. هەوا رووناك بۆوەو هەراو هۆریای رووبار کە لەو نزیکان لەنێوان گاشەبەردەکان دا تێ دەپەڕی، روونتر دەبیسترا. لەو نێوانەدا ئەو درەختە تاك و تووکانەی دەبینران، لەوە دەچوون لەلایەن هاوڕێکانیانەوە لە لێڕی چڕەوە وەدەرنرابن.

بۆ رەواندنەوەی بێ دەنگی، گوتم:

–هەوا خەریکە روناك دەبێتەوە–و بەتیلی چاو لەکابرام روانی. وێ دەچوو، دوای کەمێ خواردن، رووی نەرمتر بووبێ– ئاخر، لەوانەیە ژانی جەستە ژانی گیان توندتر بکاو وەختێ مرۆ کەمێ زگی تێربێ– هەست بەئارامی‌یەك دەکا.



جورئەتم پەیدا کردو دووبارە گوتم:

–لەگەڵ هەندێش باوەڕ ناکەم لاوێکی وەکوو تۆ بتوانێ مرۆڤێك بکوژێ!.

–یەکێك هەر هیچ، سێم کوشتوون! تێ دەگەی، سێ کەس، ئەگەر زۆرتر نەبن.

سەر لەنوێ بێ دەنگی باڵی بەسەردا کێشاین، چونکە من بەڕاستی قسەیەکی دیکەم پێ نەمابوو. کوشتنی سێ کەس!... هەرچەندە ئەمە زۆر لە راستی‌یەوە نزیك نی‌یە، بەڵام بەو چەقۆ (ئامۆزگی)یەی دەستی، کەس کاری باش بۆکەس ناکا. خەڵکی (ئامۆزگی) خۆیان، ئیدی چەقۆی واناقۆڵا دروست ناکەن و ئێستا چەقۆی باغەوانی کە بە سوودترە، دروست دەکەن. ئەمما هاوسفرەکەم بەئاسایی چەقۆکەی هەڵگێڕو وەرگێڕ دەکرد. لەلایەکەوە بیری تاریکی تێدا دەخولقاندم و لەلایەکی دیکەشەوە مێشکی مەڕەکەی بەخێرایی هەڵدەلووشی.

پیاوکوژ پرسی:

–تەمەنت چەندە؟– وادیار بوو تاقی کردنەوەی سەبرو حەوسەڵەی من، تەنگاویان کردبوو: تێ گەیشت چەندە من حەزم لەبیستنی بەسەرهاتی ئەوە، ئەویش هەندە حەزی لەگێڕانەوەیەتی.

گوتم:

–بیست ساڵ.

–بیست ساڵ ... لەوان ساڵان دا منیش خۆشبەخت بووم.

–چ شتێك بۆتە هۆی بەدبەختیت؟

–لاوۆ! ئەشق، ئەشقی لەعنەتی! –هاوسفرەکەم بێ دەنگ بوو. بیری لەوە دەکردەوە ئایا دەهێنێ بەدرێژی بیگێڕێتەوە یان نا. بەڵام شتێکی وەك سپرینگی چەقۆی (ئامۆزگی) تێدا وەدەنگ هات، قسە وەك لافاو دەرپەڕی و بەربەستەکەی شکاند:– من دەربارەی خەمەکانی خۆم قسەت بۆ دەکەم، پێم خۆش نی‌یە کەسی دی هەڵەکانی من دووبارە بکاتەوەو وەك من کە خەفەتبار بم، خەمباربێ.

www.pertwk.com

من بەکورتی قسەکانی دەگێڕمەوە: لەکوێستانێ دەڵێن, خەم مرۆ زۆڕەو دەکا. هاوسەفرەکەی منیش کە قسەکەرێکی باش نەبوو, لە لکێکەوە دەچووە سەر لکێکی دیو دووبارەی دەکردەوە. دەستەکانی رادەوەشاند, دەستی لەشانی دەدام, پەنجەی لێ هەڵدەتەکاندم, سەری دەجولاندەوە, دەستی کردە مست, ددانی دەقرساند– بەگشتی شوێنەوارێکی ترسێنەری لەنك دەمگۆکەی دا بەجێ دەهێشت.

ئەو, خەڵکی گوندی (سوفکرا)ی کوێستان بوو کە بەجیمناستیكو ئەکرۆبات بەناوبانگە, ناوی "سوگوری" بوو. (سوگوری) لەبیست ساڵیدا, ئاشقی کیژێکی ناو (چاتا)دەبێ کەمانای پەڕەسێلکەیە. من بەهۆی قسەکانی, واتێ گەیشتم (چاتا) بەڕاستی هەر لە پەڕەسێلکە دەچێو سوکیلەو جوانەو لەنێو ئاماتۆرەکانی ولاتی شاخاویدا, سەماکەرێکی وەکوو ئەو پەیدا نابێ. (سوگوری) ئەکرۆپات یان لەبەر بەهرە, یان لەبەر جوانی "چاتا", وای ئاشق بوو کەهیچ کەس لەولاتی ئێمەو ئێوەش دا وائاشق نەبووە. لەبەر ئەشقەکەی, لەدۆستو خزمەکانی خۆی تەرەبووە, بەپێچەوانەی مەیلی ئەوان خواستیو یان بەشێوەیەك ئێمە بەوانەی دەچنەوە ماڵە خەزووران دەڵێین: بووە زاوای سەرماڵ. ئیدی لەگەڵ دایكو بابی کیژەکە پێکەوە دەژیان.

کیژە ئەوەندەی دایكو بابی خۆش دەویست هەتا بووە حەسوودی (سوگوری)یش. ئەمە لە لایەكو لەلایەکی دیکەش سەماکردنەکەی تەگەرەیەك بوو. (چاتا) لە یانەی ناوچەدا سەمای دەکردو بەلەنجەو لارەکەی نەتەنیا هاوگوندییەکانی, بەڵکو سەری ئەوانەشی سووڕ دەهێنا کە لەدوورەوە دەهاتن. دوای سەرکەوتنی (چاتا) لەپێشبڕکێی ئاماتۆرەکانی شار, (سوگوری) بە ئومێدی وازهێنان لەسەما بڕیار دەدا لەگەڵ ژنەکەی ماڵ بگوازێتەوە گوندێکی دی بەناوی (کوموخ)کە بنکەی رۆشنبیری لەکەکانەو ناوبانگی سەماکەری لاو لەسەرتاسەری



ولاتی شاخاویدا دەنگ دەداتەوە. دڵی ئۆتیللۆی چیایی ئۆقرە ناگرێو کاسەی سەبری پڕدەبێو شەڕ لە دوای شەڕ لەماڵیدا روودەدا. ((سوگوری)) بەخەمبارییەوە دەیگوت:

–تۆ منت خۆش ناوێ!

–نە, تۆم خۆش دەوێ, زۆریشم خۆش دەوێی.

–بەلام سەمات لەمن خۆشتر دەوێ.

–من چۆن هونەری خۆم خۆش نەوێ؟ شادی بۆ خەڵك دەخولقێنمو خۆشم شاد دەبم. تۆ پێت خۆش نییە کاتێ ئەکرۆپاتی دەکەی, خەڵك چەپڵەت بۆ لێ بدەن؟

–ئەمە شتێکی دیکەیە. من مێردم, من چیاییم, ئەمە کارمە. ئەمما تۆ تەنیا لەبەر ئارەزووت لەدەستەی هونەری (لەزگینکا)ی.

–بەڵێ, لەم ئارەزووەم دام...

–منیش هەروا دەڵێم, تۆ دەتەوێ بەجێم بهێڵی!.

–بەلام ئێمە بەیەکەوە دەچینە ناو دەستەوە.

–من پێم خۆش نییە!

–پێت خۆش نییە– ئیدی هەر جۆرێکی پێت خۆشە. بەلام لێم تووڕە مەبە, هەم تۆم خۆش دەوێو هەم سەما.

رۆژێك (سوگوری)وای دەکەوێتە زەینەوە کە (چاتا) تاقی بکاتەوەو بزانێ ئایا کامەی خۆش تر دەوێ, ئەو یان سەماو دەستەی (لەزگینکا). گوریسی ئەکرۆپاتی هەڵدەگرێو لەداری ناوەڕاستی خانووی دەبەستێو ئەڵقەیەك دروست دەکاو چوارپایەکیش لەژێری دادەنێ. پوختەی قسە, هەموو شتێ بۆ خۆ خنکاندن ئامادە دەکا. بەلام چونکە حەزی لە مردن نابێ, بۆ پارێز ئەڵقەکەی بەیەك گرێ دەبەستێ.

www.pertwk.com

"سوگوری" دەنگی پێی کەسێك لەسەر پلیکانەکە دەبیستێ ملی خۆی دەخاتە ناو ئەڵقەکەوە، چوارپایەکە لەبن پێی لادەدا. (چاتا) دێتە ژوورێ. وەسفی حاڵی ئەو بەدیتنی ئەو دیمەنە ترسناکە، ناگێڕدرێتەوە. ژنی کلۆڵ، ئەوەندەی نامینێ شێت بێ. زۆر زۆر دەکاتە شین و شەپۆڕ، پرچی دەڕنێتەوەو لەعنەت لە خۆی و لەسەما دەکا.

(سوگوری) داستانەکەی بەچاوی پڕ لە رۆندکەوە درێژە پێدەداو منیش لەشم شین و مۆر هەڵگەڕابوو:

–لەو دەمەدا باوەڕم کرد منی لەهەموو دنیا خۆشتر دەوێ، وەدەرکەوت. خەریك بوو هاوار بکەم: " چاتا خۆشەویستەکەم، من زیندووم سەغڵەت مەبەو هاوار مەکە، من زیندووم ودەمویست گوریسەکە لەملم بکەمەوەو دوای کەوم، نەمتوانی. بەبێ بوونی شتێك لەبن پێ، کردنەوەی یەك گرێش کارێکی ئاسان نەبوو. هەر لەوکاتەدا، (چاتا) لەناو کۆڵان دا شینی دەگێڕا.

کابانی ئەو ماڵەی ئێمەی تێدا دەژیاین، پێش هەمووان هاتەژوورو ئەگەر چاوی بەمنی هەڵواسراو کەوت، بەبێ تێڕامان کەوتە پیاهەڵدانم: "خودایە، ئەی شەهیدی بێچارەی کلۆڵ، دەروازەکانی بەهەشتت بەروودا بکرێتەوە! لەبەر خاتری ئێمەی ژنان، ئێوەی پیاو تووشی هەموو بەدبەختی‌یەك دەبن، ئاخر دەمزانی هەموو ئەو سەمایە ئاکامی خێر نابێ، ئاخ سوگوری، بۆچی لەم تەمەن و ساڵەدا کەوتە سەرت بەرووی خۆت دا هەڵشاخێی!". ئەو دەمە، ژنە ڕێوراست بەرەو ئەو سندووقە هات کە (چاتا) کەل و پەل و جل و بەرگی سەمای دەستکردی خۆی تێدانابوو: **"لێ گەڕێ ئەمانە سەدەقەی سەری بن!"** –پیرەژن ئەمەی گوت و دەستی خستی باخەڵی. بەڕاستی ئەو بۆ ماڵی بێ ماخۆ، دەستێکی ناقۆڵای هەبوو!. لەخۆڕا نەبوو گوندی‌یەکان دەیان گوت: **"لەنانەواخانەی گشتی نانی خەڵکی دەدزێ و تا جارێکیش دووگردی مزگەوتی بردەوە ماڵی".**



ئەمما ئەمن نەمدەتوانی رێگا بدەم لەبەرامبەر چاومەوە هەموو شتەکانی (چاتا) تالآن کەن. بۆیە لەناو ئەڵقەکەوە هاوارم کرد: "ئاهای، دەستیان لێ مەدە!".

ئەم قسانە بۆمن و بەتایبەتی بۆ ئەو شووم بوون. لەترسان قیژاندی و دەتگوت کارەبا لێی داوە، دەستبەجێ کەوت. پاشان پزیشکەکان دیاری‌یان کرد کە دڵی لە لێدان کەوتووە. باشە، دڵ لە لێدان کەوتن لەجێی خۆی، ئەمما بکوژی راستەقینە من بووم! راستتر، گوتنی، قسەکانم بوون. بەزوویی منیان لە رێکخراوی لاوان وەدەرناو بەزیندانیش مەحکووم کرام.

دوو ساڵان لەکانگای بەردان کارم کرد، ئەویش چ کارێکی زەحمەت. بەم شێوەیە بوومە پیاوکوژ، –هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو داستانەکەی خۆی کۆتایی پێ هێنا.

–بەڵام گوتت سێ کەسم کوشتووە؟

–وایە! مەگەر لەدەست دانی ژنە خۆشەویستەکەم کوشتن نی‌یە؟ هەر ئێستا لەکن باب و دایکی‌یەوە دێم. ئەوان بەتوندی داخوازی‌یەکەیان رەت کردمەوەو "چاتا"شم، نەیویست قسەیەکم لەگەڵدا بکا. وەك ژنم، ئەوم کوشتووە، ئەمە دەبێتە دووان.

–ئەدی سێیەم؟

–خۆشم. دەکرێ کاتێ نەتوانم لەبەر چاوی دۆست و خزمەکانم دا خۆم نیشان بدەم، بەزیندووم بزانی؟ ئێستاش خەریکم بیردەکەمەوە: ئەرێ بۆچی بەڕاستی خۆم هەڵنەواسی؟ دەمویست وەك تاقی کردنەوەیەك بێ– ئەمەی گوت و زامنی چەقۆی ئامۆزگی داخست و نایە بەرکی.

چ پیاوکوژێك! لەخۆڕا نی‌یە چیایی‌یەکان دەڵێن: **لەبەر چاوی خەڵك خۆت هەڵمەواسە!** –پێت پێدەکەنن. بەکورتی من نەمدەزانی چ هەڵوێستێکم لەمەڕ ئەم چارەنووسەوە هەبێ، رووداوێکی گاڵتەجاڕی‌یە، بەڵام کەسێکی بەدبەخت

www.pertwk.com

کردووه. ئەگەر مامم (دایان–دۆڵدوروم)، ئەم کورتە مێژووەی گوێ لێ با، قاقا پێدەکەنی. بەڵام ئەمن بەدیتنی ئەو کەسە خەمبارە، زەردەیەکشم نەدەهاتێ.

ئەگەر لەژیان دا داستانی تراژیدی– کۆمیدی هەبن، بێگومان ئەمە یەکێکیانە.

–ئێستا بۆ کوێ دەچی؟

–پێکانم دەزانن!

–ئەمە مانای چییە؟

–لەوانەیە خۆم بخەمە بەردەمی رەزەوانەکان تا خەمەکانم لەشەراب دا نقووم بکەم. لەوانەیە بچمەلای ماسیگرەکان– دەڵێن ئێستا وەرزی ماسی گرتنە. لەوانەیە بەلەمەکەم لەدەریادا بچەقێ و رەوانەی بنەوەی دەریا بم، چونکە مەلەوانی نازانم. ئەگەر نقووم بم زۆر باشترە. ئێستا هەموو شتێك بۆمن وەك یەکە. دەریا یان ئاسمان، سەرما یان گەرما ... ئامادەم دەست بدەمە هەرکارێك تەنێ لەکەی پیاوکوژیم لێ بێتەوە. هەتا داوام کردووە لەباتی سەگ بمخەنە ناو مووشەك و بۆ ئاسمانم بنێرن، بەجەهەندەم!.

–باشە وەرام چی بوو؟

–هیچ، وەرامیان داوە:"ناکرێ" کورت و پوخت. ژیان بەبێ ژنەکەم بۆ من ژیان نییە.

–لەباتی خەم خواردن، یەکێکی دی بێنە!

–ئاه، دەست لەدڵم مەدە! تۆ هێشتا لاوی و لەمانای ئەشق ناگەی .. تۆ لەژیانت دا بەلایەنی کەمەوە جارێك ئاشق بووی؟

–هەڵبەتە، –خۆم تۆراو نیشان دا– زۆر جاریش!.

–بەڵام کاکە گیان، ئەمە ئەشق نییە! (وەختێ پیاوکوژ ناوی منی بەکاکە هێنا، نارەحەت بووم). پەپوولە لەگوڵێکەوە بۆ گوڵێکی دی هەڵدەفڕێ، کەچی



ئەشق– شەوق و حەزە تەنیا بەلای یەك گوڵ دا لەهەموو دونیادا. نە، من هەرگیز لەگەڵ کەسی دی زەماوەند ناکەم.

–باشە، ئەگەر (چاتا)کەت نەگەڕاوە؟

–گرنگ نییە، هەر ئەوم خۆش دەوێ.

ڕێگامان لێك جوودا دەبۆوە– من دەبوایە بەرەو باکوور بڕۆم و ئەویش بەرەو رۆژهەڵات، بەرەو دەریای خەزەر، دوورترو هەتا دەهات لەگوندە کوێستانییەکەی خۆی– "سۆڤکرا" دوورتر دەکەوتەوە. ئێمە خوداحافیزیمان لێکتر کردو داوای سەرکەوتنم بۆ خواست و یەکڕاست چوومە گوندە دێرینەکەی (گۆبدین).

هەر لەکۆنەوە جوانەکانی (گۆبدین)لە ولاّتی کوێستانیدا ناویان رۆییوە. زۆر دەنگبێژ بە قارەمانی وایان دا هەڵگوتووە کە بەختیان یاربووە و دیداری کیژێکی (گۆبدینی) یان پێ بڕاوە. سیمای ئەم کیژە چیاییە وەك مانگی چواردە دەدرەوشێتەوەو لەشیشی وەك مانگی یەك شەوە باریکە ...

(گۆبدین) لەسەردەمی تەیمووری لەنگ دا لەبناری گردێك دروست کراوە. کەسێك بەناوی (گۆبدین) کە سەرکردەی چیاییەکان دەبێ, لەشەڕی ئەو مێوانە بانگ نەکراوە دڵ ڕەقەدا, ناو دەردەکا. ئەو چاوێکی کوێر دەبێ, بۆیە چیاییەکان ئەو شەڕەی لەنزیکی (شاری مۆم)دا لەنێوان تەیمووررو گۆبدین دا رووی‌دا. گۆبدین هەست دەکا, (لەنگ) پاشەکشەی پێ دەکا, لەگەڵ دەستەیەك لەپیاوەکانی, لەشوێنێك کەئەمڕۆ (گۆبدین)ـە, رادەوەستێ. فەرمان دەدا خێوەتەکانیان هەڵدەن روودەکاتە جەنگاوەرەکانی: "یەك هەنگاو بەرەو دواوە رانێن تا دەرکەوتنی یەکەم ئەستێرە لێرە چاوەڕوانم بن‌و ئەگەر تا ئەوکاتە نەگەڕامەوە, یەکەم جار ژن‌و منداڵانی من بکوژن". سوار دەبێ‌و دەڕوا.

(گۆبدین) بەتیژی, خۆی بەناو ئۆردووگای (لەنگ)دا دەکاو هەڵدەکوتێتە ژوورەکەی:

–من کە یەك چاوم, دەمەوێ پرسیارێك لەتۆی (لەنگ) بکەم: ئەگەر دایکت تۆی بە لەنگی هێناوەتە سەر دنیا, لەوانەیە وابیربکەیتەوە: دنیا بخەیتە ژێر رکێفت, ئیدی نەلەنگی؟! (لەنگ) دەکەوێتە ناوبیران: هیچ کەس تا هەنووکە جورئەتی نەکردووە پرسیاری وام لێ بکا. بەراستیش ئەگەر هەموو دنیا بگرم, (لەنگی)م ناشاردرێتەوە!.

–بەباوەڕی تۆ چ بکەم تا (لەنگی)م نەبێ‌شم؟



–دەبینی منیش یەك چاوم هەیە!

–دەبینم!

–ئایا پێشتر ئەمەت لەکەسانی دیکە بیستبوو؟

–نا.

(گۆبدین) دەڵێ:

–کەوایە, بزانە, ئەگەر ناتەوێ خەڵك لە (لەنگی) یەکەت بڕوانن, بگەڕێوە شوێنی خۆت, ئەگەر نا سوێند دەخۆم, ئەمنیش نەبم, (یەك چاو) ێکی دیکە پەیدا دەبێ: ئەو دنیایەی تۆ (لەنگی) دەکەی, ئەو دەیکاتە (یەك چاو).

چ پێویست دەکا, ئێمە کرێتی خۆمان بەسەر سەرزەمینی باوو باپیرانی خۆمان دا بسەپێنین؟.

شای توانا, گوێی لەبانگی هۆش راگرت‌و کشایەوە . (گۆبدین)یش گەڕایەوە لای جەنگاوەرەکانی‌و دەڵێن جوانەکانی گۆبدینی ئێستا نەوەی ئەون, چونکە ئەو گەلێکی مگێز لێ بوو دنیا جوان بێ.

من بەناو رەزە زۆرەکانی گوندی "گیجوخ"ی بەناوبانگ‌و "سوفخوز"ی "عەلییف" بەرەو (گۆبدین) تێ دەپەڕیم. فەرشێکی سەوزی ئەفسانەیی کە لەبالاّی مرۆ بەرزتر بوو, دۆڵی (تارکاما)ی داپۆشیبوو.

لە رێگا رەزەوانێکی خەڵکی (گیجوخ) رایگرتم‌و داوای لێ کردم یاری بکەم لەگەڵیدا مەکینەی ژەهر وەشێن لەترومبێل داگرم. دەیگوت ئەگەر شەرابی ئەم ساڵت نۆشی, ئەو رۆژە بهێنەوە بیر کە یاری دەستەی منت دا تا مێوەکان لەبێ بەزەیی ترین دوژمنی گیا, نەخۆشی (میلدیو), بپارێزرێن.

من قسەکەی (دایان–دۆڵدوروم)م هاتەوەبیر کە تفێکی ئامادە لەحەلْوای بەقەرز باشترە. کاتێ بارەکەمان هێنایە خوارێ, بەگاڵتەوە گوتم:

–باشتربوو, فەرمووی شەرابی پارەکەم لێ بکەی؟

www.pertwk.com

خۆشحاڵ بوو, بەدەنگی بەرز گوتی:

–لاوۆ, بۆچی نەکەم؟ بیرێکی جوانە! تا کرێکارەکان دێن, ئێمە لێرە سەرمان گەرم دەکەین. ئەو, گۆزەیەك‌و پەرداخێکی لەناو ترومبێلەکە دەرهێناو, وەختێ لە ژێر سێبەری مێوەکان دەمانخواردەوە, ئەمن سەرگوزەشتەی میسرییەکی کۆنم وەبیرهاتەوە: **میسرییەك بۆ یەکەمین جار مێوی چاندو پەروەردەی کرد. ئەوێ ساڵێ, قات‌و قڕییەکی ترسناك روودەداو ئەویش بۆ رزگارکردنی تاکە مێوەکەی, جگە لەسەر بڕینی تاوسەکەی‌و بەخوێن ئاودانی مێوەکەی, چارەیەکی دیکەی نابێ. ئەمەش داد نـاداو مێوەکە سیس هەڵدەگەڕێ. میسرییەکە شێرێك دەکوژێ‌و مێوەکە بە خوێنی تێراو دەکا. ئەمەش دادی ناداو پاش ماوەیەك ناچار دەبێ مەیموونە دەست‌– پەروەردەکەشی فیدا بکا. دوای ئەمەش نۆرەی بەرازدێ. لەوان سەردەمانەوە: ئەگەر چۆڕێ شەراب دەنۆشی, وەك کلکی تاوس دەگەشێیتەوە. هەندێکی دیکەی بەسەردا بکەی, حاڵی شێرت تێدا پەیدا دەبێ‌و پەرداخێکی دیکە, ئەسڵی خۆت (مەیموون)ت دەکەوێتە یاد. ئەگەر لە راددەش تێپەڕێنی, وەك بەرازی بەرازانت لێ دێ.**

من‌و کابرای کیجوخی بەوەخت دەستمان هەڵگرت‌و لەوانەیە هەر لەقۆناغی تاوس دا مابینەوە. دۆستە تازەکەم بەدەنگێکی بەرز گوتی: "**بەداخەوە, دۆستی من, دایکم ژنی بابت نەبوو, دەنا من‌و تۆ برای هاوخۆین دەبووین!**", چونکە هێشتا کرێکارەکان نەگەیشتبوون, کەمێکمان شێر لەخۆدا بێدارکردەوەو ئیدی من لەو دەمە شادو سەربەخۆشییەی کە کەس راناسپێرم فڕی دیکەی لێدا, لێك جودا بووینەوە. سوپاسی کابرام کردو هەردوو دەستە شەقار شەقارەکەیم گوشی‌و رۆیشتم.

زەوییەکانی ئەم ئاقارە بە بەرکەت‌و دەوڵەمەندن. لەخۆڕا نییە دەڵێن: **ئەگەر پەنجەی بڕاوی تێ باوێی, مێوی لێ شین دەبێ.** یەکێك لە خەڵکی (سیراهین) وەسفی بەپیتی ئەم زەویانە دەبیستێ, دەیەوێ خۆشی بیانبینێ. ئەگەر بەدۆڵی



(شارکاما) دا شۆڕ دەبێتەوە, رێژنە بارانێك لەوەی ئەمڕۆ بەر من کەوت, دادەکا, کابرا کە فەروەیەکی درێژی دەبەردا دەبێ, تەواو تەڕ دەبێ‌و دامێنەکەی سەنگین دەبێ‌و لەسەر زەوی دەخشێ. کابرا هاوار دەکا:

–بەراستی! چ سەرزەوییەکی بەبەرەکەتە! لێرە هەتا فەروەش گەشە دەکا– بەبێ تێفکرین دەست بۆ خەنجەرەکەی دەبا, دامەنی فەروەکەی دەبڕێ, دیارە دەیەوێ لەماڵ کڵاوێکی لێ دروست بکا. کاتێ دەگەڕێتەوە ماڵێ‌و لەفەروەکەی دەڕوانێ, تەماشا دەکا ناگاتە سەرچۆکانی. ئەو دەم (کابرای سیراهینی) تێدەگا: ئەمما لەسەر زەوییە بێ بەرەکەتەکەی ئێمەدا, شتێکی لەدۆڵی (گارگان) پێ گەیشتووە, کورت دەبێتەوە.

ئەو جادەیەی من پێیدا دەڕۆم, رۆڵی شاڕێی وڵاتی کوێستانێ دەبینێ. لە هەردوولای, لافاوی بێ پسانەوەی ترومبێلان لە رۆیین دایە. ئۆتۆبووسی لوکس لە ناوچەکانی قەوقازی سەرێ بەلەز بەرەو ئەودیوی قەوقاز بەڕێوەن. سەیرانکەران بۆ تەماشاکردنی دیوارە کۆنەکانی شار, دەرگا ئاسنینەکانی (دەربەند)و (مسجد جومعە)ی بەناوبانگ دەچن کە نووسەری "**کونت مۆنت کریستۆ**" لەژێر سایەی چنارە بەگەڵاکانیدا, رودەنیشت وتێ دەفکری. لۆرییەکان بەهۆڕن لێدانەوە, هەوای روونی دوای باران, شەق دەکەن. نەسیمی تازەی دەریا لەرێگا زۆر دوورەکانەوە تا ئێرەش دێ‌و پیاو حەز دەکا وەك لەخەودا, دەسووڕێ‌و دەستەکانی وەك باڵی باڵندان بجوڵێنێ‌و بفڕێ. شەوان, بەزۆری خەو دەبینم کەلەسەر بانی خۆمان راوەستاوم, هەڵدەستم‌و لەپڕ بڵندتر لەتێلی تەلەفۆن‌و خەتی پاڵەپەستۆی کارەبا, لەئاسمانی شین دا کە تەنێ باڵندەکان دەتوانن لەوێدا رابوەستن, هەڵدەفڕم. پیاوەکان لەخوارێ بەسەرسامییەوە دەڵێن: "**ئەمە ئیدی, پەڕجووە!, بەهادۆری ئێمە هەڵدەفڕێ! چ قارەمانێکە!**".

www.pertwk.com

بەراستیش, تەنیا لەخەودا گوندیيەکان وا بەباشی باسم لێوە دەکەن. بەکردەوە هەر لەمنداڵییەوە, وردەگاڵتەیان پیٚ دەکردم کە بەکەڵکی هیچ نایەم. بۆیەش هاتوومەتە دنیاییٚ تابیٚ هودە بەسێبەرم بەری تیشکی رۆژی دنیا بگرمو هەر باری سەری سەنگینی سەرشانی زەوی بم. ئەمما چ سەنگینیيەکم هەیە؟ من وەك پەڕێکی سووکمو ئەگەر شتێکی گرانم هەیە, هەمان مافووری بەناوبانگی (کارچار)ی خاوەن دوازدە رەنگی پەلکە زێڕینەیە.

من چاکەتەکەم کەلەدوای باران هیشك بۆتەوە, دادەکەنمو هەگبەکەم بەشانەکەی دیکەم دادەدەمو وێڕای رۆیشتن, لەدڵەوە سوپاسی باووباپیرانم دەکەم, چونکە ئەو ڕێو رەسمە پەسەندەی بەدنیادا گەڕان بۆ پەیداکردنی دیاری دەزگیرانیان, داهێناوە, چەند خۆشە, بەدڵێکی پڕ لەخۆشی بە دنیادا بگەڕێی, خەڵکی ببینیو خۆت نیشان بدەی: **"هۆ پیاو چاکینە, بزانن و ئاگاداربن, لاوێکی وا بە ناوی (بەهادۆر) لە دنیادا دەژیو (سەرميناز)ی جوانکیلەی دەوێ کە چاوەڕوانیەتی."**. بەڵام ئایا ئەو چاوەڕوانە؟ رەنگە هەر بیریشم لیٚ نەکاتەوە!.

بۆئەوەی جارێکی دی (سەرمیناز) دڵکێشی خۆم بکەم, هەتا ئامادەم قسەکەی (میتسادای)ی دراوسێمان کە دەیگوت: (دەبیٚ کلکی پڵنگێکی زیندوو ببڕیٚ), جیٚ بەجیٚ بکەم. لە راستیش دا ئەم کارە زۆر زەحمەتو ترسناکە, بەڵام ژنی سیحرباز دڵنیایی دەدا کە ئیشەکانی دی زۆر سادەو ئاسانن: هەرئەوەندە سەری کلکی لەهێسکی لووتی کچەکە نزیك بکەوێتەوە, نەبەیەك دڵ, سەت دڵ ئاشقت دەبیٚ!.

"ئاه , سەرميناز, سەرمیناز" ئەگەر ئێستا لەتەنیشتم دەبووی! ئێمە بەڕاشکاوی دەدواین, پەیوەندی خۆمانو لەگەڵ ئەوەش دا پەیوەندی تۆ نە تەنیا لەگەڵ من, بەڵکو لەگەڵ ئەو زارۆکەی خودا دەزانیٚ لەکوێت هێناوە, روون دەکردەوە.



ئەمما وەختیٚ دەورووبەر ئەوەندە خۆشە, بۆ دەبیٚ گیروگرفتەکان بهێنێتە گۆڕیٚ؟ ژیان لە دەرەوەی ماڵیٚ خۆشەو ئەمەش بەو مانایەیە لە دۆڵەکانی کوێستانیٚ رزگارت بووەو باڵە مەزنەکانت راست دەکەیتەوە.ئایا لەبەر هەندیٚ نیيە چیاییيەکانی گوندە دوورەکان حەز دەکەن سەربەرەو ژێر ببنەوەو لەشاڕیٚی راستەقینەی ژیان وەنزیك کەون؟ لەگەڵ ئەوەش دا, ناتوانریٚ بگوتریٚ ژیان لە کوێستانیٚدا خۆش نیيە. بەڵام ئێستا کە خەڵك هەستیان کردووە ماخۆی زەوین, حەزیان لیٚیە خۆیان رێگای خۆیان هەڵبژێرن.

ئێستا منیش وەکوو ئاغایان بەسەر زێدەکەم دا هەنگاو دەنیٚمو ئەوەندەم رۆیشتن لەکن خۆشە, قەت خۆزگە ناخوازم بەوانە کە لە تڕومبێلە تیژڕەوەکاندا بەقەرەپەستە دانیشتوونو بەلەز بەتەنیشتم دا رادەبوورن. ئاها , تاکسیيەکی بەتاڵ پێشم کەوتۆتەوەو شوفێر تڕومبێلەکەی رادەگریٚو بەڕووخۆشیيەوە دەرگایم بۆ دەکاتەوە. لاوێکە لەتەمەنی من داو کراسێکی سپی دەبەر دایەو چاویلکەیەکی دژە دووکەڵی لەچاوان دایە. مسۆگەر لەتەنیا سەفەرکردن, وەتەنگ هاتووە.

لیٚی نزیك بوومەوەو سەرم نەوی کردو پرسیم:

–ئازادی؟

بەگەرمو گوڕیيەوە, وەرام دەداتەوە:

–ئازادم!.

–بژی ئازادی! –ئەمەم گوتو دەرگای ترومبێلەکە بەتوندی دادەخەم.

ئەو, هەڵبەتە ئەنگوست دەخاتە سەرهەنیەیو پاشان هەمان پەنجە چەند جارێك لەسووکان دەدا! ئەمما من دەستی بۆ رادەوەشێنم: واتە لاوۆ تووڕە مەبە ئەگەر تۆش دیارییەکی وات بۆ دەزگیرانەکەت بەشانەوەبا , رەنگ بوو ئەو دەم هۆشت, تەختەی زۆرتریشی پێویست با.

www.pertwk.com

ئەم دەوروبەرە بەچای بۆنداریش بەناوبانگە. قاوەخانەیەك كە بەبەردی رەنگاو رەنگ رازاوەتەوەو وەك مەدالیۆنێكی خڕ بەسەر مافوورێكەوە دەدرەوشێتەوە, لەسەر گردەكەیە. تابلۆیەك بەم مانایە لەسەر جادەیە: "**بەگەرما, چ شتێك لە ئیستیكانە چایەك باشتر هەیە؟**". بەڵێ لێرە پسپۆڕی دێم كردنی چای, وای لێیە, لەهیچ شوێنێكی دی پەیدا نابێ. لەگەڵ هەندێش, خواردنەوەی پیاڵە شەرابێكی سارد, بەتایبەتی ئەو شەرابەی لەگوندەكەمان, لەژێر زەوی (پیساخ) دا هەیە, لەچای خراپ تر نییەو لەخۆڕا یەكەمین دێڕی شیعری ئایندە, لە مێشكم دا وەدەردەكەوێ:

**بەجامی زێڕینی كووباچی, شەرابی گیچوخ**

**خواردمەوە, كە شیرەی نایابی زێدەكەمە!**

وێڕای تێفكرین لەچەند دێرێكی دیكە, گەیشتمە گوندی "گۆبدین".

(گۆبدین)– گوندی چەكمەدۆزانی هونەرمەندە, هەروەك (كووباچی) گوندی زێڕینگەران, (چاراخ) هی تەونكەران, (ئونسوكول)– دارتاشان, (ئاندی) هی لبادی بەناوبانگ, (بالخار) وەستایانی سیرامیكو (كاتاگنی) گوندی قەنەفەكەرانە.

لەئاقاری (گۆبدین), نەباخ هەیە, نەچیا. تەنیا گردی سەیر سەیری وەك گۆڕی كۆن, دەوریان داوە. رەنگی ئەو گردانە سەوز نەبووە, بەڵكو رەنگێكی وەك دووكەڵەو كێ دەزانێ, رەنگە لەژێرەوەیاندا باوو باپیری هۆزێكی فەرامۆش كراو نووستبن و لەوانەیە لەژێریان دا شارێكی تەواو كە پایتەختی وڵاتێكی كۆن, شاردرابێتەوە. مەگەر, ماوەیەك بەر لەئێستا لەنێوان "گۆبدین"و گوندی "ئەلوبی" شارێكی شاردراوەیان نەدۆزییەوە كە مێژوونووسەكان ناوی "ئورسكی" یان لێنا؟ ئەو كرێكارانەی بۆ بنیات نانی شاری "ئیزبۆرگ"– بەندەری نوێی نەوت لەكەناری دەریای خەزەر بەدوای بەردا دەگەڕان, دۆزییانەوە. بەدۆزینەوەی ئەم گەنجەی ژێر زەوییە چەند خۆشحاڵ بوون! پاشانیش بەشانازی بەخۆكردنەوە لەراپۆرتەكەیان نووسیان: پلانی دەرهێنانی بەرد, لەسەتا حەفت سەتیان جێ بەجێ كردووە, لەبارێك دا نەئەوان, بەڵكو باوو باپیرانیان ئەم تەختە بەردانەیان بۆ شاری گەشاوەی خۆیان كەپایەی لەدەربەندی ئەو سەردەم كەمتر نەبووە, دەرهێنابوو.





(گۆبدین) لە شارێكی كۆن دەچێ. خانووەكانی لەبەردی نەخشینی زەرد دروست كراون, بانەكانیان راستو سیمایان كە بەرەنگی جۆراو جۆر رەنگ كراون, بەرەو رۆژهەڵات دەكرێتەوە.

كاتێ لەگوند نزیك دەبوومەوە, رێبوارێك كە دیار بوو لەرێگایەكی دوور ڕادەهات, گەیشتە لام. بەجلكو بەرگو دارعەسا درێژو خوارەكەی دەستی, زانیم دەبێ شوان بێو بەئەدەبەوە پرسیم: ئایا بەری مێگەلەكەی باش بووە؟

قسەكردن لەگەڵیدا, زەحمەت بوو, چونكە زمانی دەگیراو دەبوایە من وشەی پێویستی بۆ پەیدا بكەم. لەبەر هەندێ, بەراستی, من قسەم دەكردو ئەو هەر سەری بادەدا. لەگەڵ هەندێش, خۆش بوو. زۆر بەزەحمەت تێی گەیاندم كەچوار مانگان لەماڵێ دوور بووە: مێگەلی لەچەقێنەكانەوە بردۆتە كێوو سەرباریش لە مێرگەكانی كوێستانێدا بەدوای پاوانی نوێدا گەڕاوەو ئێستاش بە خۆشحاڵییەكی تەواوەوە بۆ چەند رۆژێك دێتەوە ماڵێ. ئەم شوانە, بە پێچەوانەی

www.pertwk.com

شوانەکەی (چاراخ) پیاوێکی زۆر باش دەرچوو. ناوی ڕەجەب بوو. تێ‌ی گەیاندم ئەگەر نەبمە میوانی، نارەحەت دەبێ (باوەڕم پێ دەکەن، نەمتوانی تێ‌ی گەیەنم).

ڕەجەب گوتی:

–ئێمە، قۆناغی کۆنی یەکدین!

–بەڵام من بەتەواوی ناتناسم!

–تۆ هێشتا گەنجی‌و وەبیرت نایە، ئەمما من دەزانم مامی تۆ لەبازاڕ، کەڵەشێرێکی لەمامی من کڕیوە.

باشە، دوای ئەم قسەیە دەکرێ، نەچی؟ من شان بەشانی ئەو بەرەو ئەو خانووەی کەوتبووە یەکەم کۆڵانەوە، ڕۆیشتم.

لەڕێگادا، ئەوەندەی قسە لەمەڕ ژنە میوان دۆست‌و کابانەکەی خۆی کرد کە من لە کاتی یارمەتی دانی بۆ دەربڕینی قسەکان– تائەو ڕاددەیەی هێزی لاوازم مۆڵەتی دەدا– بۆم ڕوون بۆوە: لەماڵی ئەوان دا، وەك بەهەشت دەژیم.

شوان دەرگای کردەوەو شکۆمەندانە ڕایگەیاند:

(حەلیمە)، وەرە دەرێ بەخێرهاتنمان بکە، میوانم هێناوە.

سەرەتا، بێ دەنگی‌یەکی تەواو باڵی بەسەر ئەوێ‌دا کێشابوو، پاشان تەواوی کەلەن‌و قوژبنەکانی ماڵەکە، بووە دەنگەدەنگ و بغەبغ و جیکەجیك و هەشت کیژی لەحەڤدە ساڵەوە بگرە تا خوارێ –تا کیژێکی دووساڵە کە بووکۆکەیەکی ئەوەندەی خۆی بەدوای خۆیەوە ڕادەکێشا، ڕژانە ئەو ژوورە گەورەیەی ئێمەی لێ بووین. ئەوان بەدیتنی من شەرمیان کرد، بەڵام بەگەڕانەوەی بابیان دڵخۆش ببوون‌و تێکڕا هاواریان دەکرد: "بابە، بابە". و کیژە دووساڵەکە، دەستی کردە گریان. شوانە، خستی‌یە باوەشی‌و یەکسەر فرمێسکەکانی وشك بوون. ئەو دەم پرسی:

–ئەدی دایکتان لەکوێ‌یە؟



–حەفتەی پێشوو، چووە سەردانی داپیرەو ڕایسپاردین ئاگاداری ماڵێ بین.

–ئەدی کەنگێ دەگەڕێتەوە؟

–گفتی‌دا هەینی داهاتوو لێرە بێ ... دەبێ بچێتە خەستەخانە.

دانی پێدا دەنێم کە دڵم خەبەری دا: لەماڵێك دا، کابان بەجێ‌ی هێشتبێ‌و سەرباریش نەخۆش بێ، میوانداری چۆن دەبێ؟ بەڵام خانەخوێ کەم پێشنیاری کرد جلك‌و بەرگم داکەنم‌و بحەسێمەوەو فەرمانیشی بە کچەکان دا چێشتێك ئامادە بکەن. دوانی لەگەڵیان سەیرتر دەهاتەبەرچاو. بۆ نموونە کاتێ دەیویست، فەرمانێکی نوێ بدا، بانگی دەکرد:

–(چاکار)! نا (پاخو)، نە، دەمویست بڵێم (موسڵی)! دروست تر (زومردە)!.

ئەو کیژەی قسەی لەگەڵ دەکرا، چاوەکانی دادەخستن‌و وەرامی دەداوە:

–بابە، نە (چاکار)م ونە (پاخو) و نە (موسڵی) ونە (زومردە)و هەتا (مومنت) یش نیم. (زبێدە)م، بابە تۆ هەمیشە بەهەڵە بانگمان دەکەی!

بابیش بەشەرمەوە گوتی:

–چۆن دەکرێ هەموتانم وەبیر بێ؟ دەبێ ناوتان لەتەوێڵتان بنووسم.

–باشە وابێ، ئەمما منیش دەتوانم کوزەرە لێ نیم! –شەیتانی بچکۆلانە نیگایەکی مەکربازانەی کردم‌و بەدوای خوشکەکانیدا هەڕای کردە ناندین.

دڵم ئارام بۆوەو گەدەم بە ئومێد بوو.

ڕێك دوای نیو سەعات، (زبێدە) کولیچەیەکی کەئەوەندەی دەستێ دەبوو، لەسەر سینی‌یەك هێنایە ژوورێ. ئێمە چوار مەشقی لەسەر دۆشەکەکە دانیشین. من بەمگێزەوە دەمخوارد، چونکە ئیمانداریش لەکاتی خواردنی خواردنێکی وادا، پەلەی چوونە بەهەشتی نی‌یە. گۆشتی قیمە کراوو سەوزەی بۆنخۆش لەگەڵ ئەو خواردنەدا، ئەوەندە بەئاوبوو دەبوایە یەکەم جار لێوی بەدوو پەنجە بگری‌و گاز لەتوێکڵەکەی کەهەویرە بگری‌و شیرەکەی بمژی. بەڵام ئەوەی لەهەموو شتێك

www.pertwk.com

زیاتر سەری سوورِ دەهێنام, ئەمەبوو, هەتا لێرەش زەوقی چیاییەکان جوان خۆی دەردەخست: قەراغی کولیچەکان قاڵبێکی نەخش‌و نیگاریان بەخۆوە گرتبوو. منیش لەگەڵ روانینی ئەم نەخشە سادانەدا, خێرا خێراویەك لە دوای یەك کولیچەکانم لەنێو دەبردو دەخوارد. دەڵێن: ئەگەر دوای کولیچە شەراب‌و دوای (خینگاڵ) بولیون نەخۆیتەوە, لەناو گەدەت دەبنە بۆق. بێگانەیەك گوتبووی: گەدەی ئێوە, چۆن بەرگەی ئەم شتە گرانانە دەگرێ؟ ئاخر ئەمانە ژەهرن! "بەڵام دۆستی هاوسفرەی, لەبارێك دا دوای (خینگال) چۆرە بۆلیۆنێکی چەوری فڕ دەکرد, ئارامی دەکاتەوە: "ئۆباب, بۆ ئەم کارانە, ئێمە دژە ژەهرمان هەیە".



5

ئایا چیایی دەتوانێ دوای جەمێکی چەور, لەماڵێ, لەتەنیشت ئاگردان دانیشێ‌و پاڵداتەوەو دارە دووکەڵاویەکانی خانووەکەی بژمێرێ؟ نەخێر, ئەگەر لەدەرێ پیاسە نەکا تا لەشی نەرم بێتەوە, نانەکەی لێ ناکەوێ. ئەمما ئەگەر چیایی لەماڵ بێتەدەرێ, هەر رێگایەك بگرێتەبەر, هەر دەگاتە گۆدەکان!

ئەمڕۆ وا رێك کەوتبوو: خانەخوێ‌و مێوان وێکڕا بچنە گۆدەکان, بەتایبەتی کە ئەو نەیدەتوانی لەماڵ دانیشێ. ئەمەش رێکەوت نییە, کە لەنێو ئەو نەفرەتانەی بۆ دوژمنانی دەنێرن, یەکێك هەیە دەڵێ: "**لێ گەڕێ مێوان نەیەتە ماڵەکەت!**" یا "**خودایە, رێبوارێکیش پێ نەنێتە کۆسپەی دەرگات!**".

بەهۆ ئەوەی شوانە شانازی پێمەوە دەکرد, خۆشحاڵ بووم‌و هەڵبەتە هەوڵم دا قسەی پێ ببڕم. لەگەڵ هەندێش دانی پێدا دەنێم‌و وەختێ مەدالیای (دایك)م بە زی خانەخوێکەمەوە دیت, بەسەرەخۆدا شکامەوە. راستە, مەدالیاکە پلەدوو بوو, بەڵام هی دایکە! لەوانەیە لێروکانە, وا باوبێ؟!.

رەجەب لەناساندانم دا, رووی دەمی کردبووە گوندییەکان‌و لاڤ وای لێدەدا, هیچ قسەکەرێك واباسی خۆی ناکا. من کە هەوڵم دەدا سۆر هەڵنەگەڕێم‌و سەرم داخستبوو, دەستی ئەوانم دەگوشی. لەهیکڕا, کەسێك وای دەست گوشیم هێسکەکانم قرچەیان لێوەهات. چاوێکم لەپاڵەوانەکە کرد –خەیاڵ دەکەی کێ بێ؟

www.pertwk.com

مامی میهرەبانو, زۆر بەڕێزم (دایان–دۆڵدوروم)!, بێ ئەوەی خزمایەتیمان بدرکێنێ, منی لەلای خۆیەوە داناو رەجەبیش لەلاکەی دیکەم دانیشت.

قسە لەگۆدەکان بڕا, دەتگوت کەسێك لەهەوادا بەشیر کەرتی کردووە. لاوێکی رێكو پێك لەوانەبوو قوتابی بێو بەسەردان هاتبێتەلای خزمەکانی, بەلامان دا تێپەڕی. ئەو, بە لەخۆبایی بوونێکەوە, سیگارێکی گرانبەهای بە دوو پەنجان گرتبوو, تەماشاکردنی, زۆر خۆش بوو. من لەلایەن خۆمەوە خۆزگەم پێ دەخواست. کەچی ئەو بەهێواشی تێ دەپەڕیو هەتا بەتی چاویش, تەماشای نەدەکردین.

مامم بە تووڕەیییەوە, کەوتە بۆڵە بۆڵ:

–چتۆ گەنجمان هەن؟

ئەم سەرزەنشتە تا رادەیەکیش منی دەگرتەوە. مامم دەتوانێ شتەکان پێچەوانە شی بکاتەوە. بەڵام ئەمن لەو دەمی‌دا تێ گەیشتم کە "دایان–دۆڵدوروم" نارەزایی گشتی دەردەبڕێ. گوێ نەدانە ڕێو رەسمی باووباپیران, هەمووی رەنجاندن: ئاخر ئەگەر کەسیش لەگۆدەکان نەبێ, چیایی کاتێ لە بەرامبەری دا رادەبوورێ, دەبێ بەلایەنی کەمەوە سەر بۆئەو بەردانە دابنوێنێ کە شایەدی بێدەنگی گفتوگۆی باو و باپیرانن. من کەهەر ئێستا پەسنی لاوەکەم دەدا– تەماشاکە چتۆ لاومان هەن! – لەبەر ئەم گەنجە شەرمم لەخۆم دەکردەوە.

مامۆستایەکی خەڵکی گوند, پیرەمێردێکی بەڕێز کە چل ساڵە دەرس بە زارۆکانی گۆبدین دەڵێتەوە, چاویلکەکەی سەر لووتی جووڵاندو پرسی:

–ئەم قازە, سەری لە کیهە هێلکە دەرهێناوە؟ ئەمن وەبیرم نایە خەڵکی گۆبدین هێلکەی وایان دانابێتەوە؟

رەجەب وەرامی داوە:

–نەوەی خۆت نی‌یە؟

–نەوەی من؟

–بەڵێ, کچەزات! خۆشت مەمرێنە!

–ناکرێ!

مامۆستا هەستاو بەدوای لاوە گەمژەکەدا چوو. هەموو چاوەڕوان بوون, پیرەمێرد دەرسێکی باشی ئەو دابدا کەهێشتا تامی شیری خاوی لەزاری دێ– لێ گەڕێ ساختەچی, مەزەی مستەکانی باپیری کەبەهۆی ئەوەوە لەکن گوندی‌یەکان شەرمەزار ببوو, بچێژێ.

بەڵام ئەوە رووی نەدا. پیرەمێرد کە گەیشتە نەوەکەی, سڵاوی لێ کردو بە پەرۆشەوە گوتی: "وعليكم السلام", پاشان بەشانازی‌یەوە هاتەوە جێگای خۆی.

رەفتارە چاوەڕوان نەکراوەکەی مامۆستا بەپشتگیری‌یەکی پڕ هەراو هۆریای دانیشتوان پێشوازی کراو رەفتاری وا لەلایەن باپیرەوە بۆ قوتابی‌یەکە لەتفێکی ئاوداریش خراپتر بوو. دەرسی واناتوانرێ لەگەڵ هیچ جۆرە دارکارییەکدا بەراورد بکرێ.

مامم بەڕێزەوە دەستی پیرەمێردەکەی گوشیو رووی کردە لاوەکانو قسەی حەکیمانەی شاعیری ئێرانی (سەعدی) خوێندەوە: "**تۆ چاکە بکەو دە دیجلەی باوێ, خودا لەبیابان دا بەهاناتەوە دێ!؟**.

دوای بیستنی ئەم دێڕە شیعرە زۆربەیان گوتیان:

–راستی گوتوە! تەنێ خەڵکی بەهۆش دەتوانن قسەی وایان لەزاری بێتە دەرێ.

مامیشم گوتی:

–هەڵبەت بەهۆش بووە, ئاخر ئەم قسەیە دۆستێکم گوتویەتی!

پیرەمێردی چاویلکە لەچاو, چاوی بڕیە چاوی مامم:

–دۆستی تۆ؟ چتۆ؟

www.pertwk.com



–دۆستی من, واقیعی ترین دۆست!.

–بەلاّم ئەمە قسەی سەعدی‌یە!

–جا چ قەیدی‌یە؟

ماموٚستا بەگاڵتەوە گوتی:

–ئەدی چۆن دەڵێی دۆستی منە؟ ئاخر ئەو حەفت سەت ساڵە کۆچی دوایی کردووە!

–وای! –مامم بەبێ خۆ خوراندن ئەمەی گوت – ساڵەکان, چ خێرا تێدەپەڕن, ها؟

بەڵێ مامی من وایە: هیچ کاتێ ناکەوێتە تەڵەوە. ئەگەر بەفریودان تاوانباری کەن هەمیشە بەگاڵتەیەکی گونجاو خۆی دەرباز دەکا, نەك وەك (قەرە میرزا)ی قازی (گۆبدین) کە هەر لەوێ دانیشتبوو. من, پێشتر ئەوم لەبازاڕی گوندەکەی خۆمان دیتبوو, ئەو نە تەنیا وەك پیاوێکی بەدو گاڵتەجاڕ, بەڵکو چاوبازیش بەناوبانگ بوو. بەزۆری لەکاتی گرفتاری دا دەیانگرت, بەلاّم هەراو هۆریایەکی وای دەخولقاند, زوو خۆی دەرباز دەکرد.

ئێستا مسوٚگەر زۆربەیان مەدالیای دایکیان بە زی رەجەبەوە بینیبوو, بەلاّم وەك رێزگرتن بێ دەنگ بوون. ئەمما "قەرەمیرزا" –نەخێر, ئەو لەوان خەڵکان نی‌یە, لەسەر مۆڵەتان بازبدا! لەرەجەب وەنزیك کەوت و مەدالیا بریقەدارەکەی خستە سەر دەستە گرانەکەی و هەڵی سەنگاندو ترینگەیەکی لێوە هێناو گوتی:

–کاتی هەندێیە, پلەی یەکەم وەربگری, خراپ تێ دەکۆشی!.

مامم بەبێ لێکدانەوە, لەباتی رەجەب وەرامی داوە:

–داوات لێ دەکا یارمەتی بدەی, بەلاّم وادیارە دەزانێ بێ سوودە!.

رەجەبی شوان, ئەبرۆی وێك هێنانەوە– مەگەر بەرگەی هەتکی وا دەگرێ! –وەك وەلاّم, وەك بلێی قسە بۆ مامم بکا, داستانی کوڕە وێڵەکەی (قەرەمیرزا)ی دەگێڕاوەکە چۆن فێڵی لەباوکیشی کردووە.

لەو دەمی‌دا (ئەلخیلاڤ)ی هەواڵنێر, ئەو کەسەی لەئاقاری گوندەکەمان بە سواری ئەسپێکی خورتەوە, پێم گەیشت, لەوانەیە, نەیتوانیبێت وەك پێویست لەگوندەکەمان رامێنێ, بەلاّم مسوٚگەر سەری لە دۆڵی (رووباس) نەداوە– دەنا نەیدەتوانی لێرە سەردەرینێ. هەواڵنێرەکان خەڵکانی وان: لەهەموو کارێك دا خۆتی دەگەیەنن, هەموو شتێك دەزانن!... دەستی مامی گوشی و ئەگەر چاوی بەمن کەوت, بەدەنگی بەرز گوتی: تۆ! ئەی ئەوەی بەدوای جوانی‌دا دەگەڕێی, ئەوە لێرەی؟ خۆشحاڵم کە سلاّو لەهەردووکتان دەکەم!.

من گوێم دابوە (ئەلخیلاڤ)و نەمدەناسی‌یەوە. لەیەکەم دیداردا, بەپەنگرکێش وشەم لەدەمی دەردێنا, بەلاّم ئێستا وەك رژانی هەرزن لەکیسەیەکی کون, قسەی لەزاری دەڕژا. لەوانەیە دوای دیتنی گوندەکەمان و هونەرمەندەکان و دەستکارە مەزنەکانیان, ئەم گۆڕانەی بەسەردا هاتبێ؟

ئەو, درێژەی پێدا:

–(دایان–دۆڵدوروم)ی بەڕێز, دەبێ هەموو کەسێك وەستای وەکوو تۆ بناسێ و منیش بەدڵنیاییەوە لەیەکێك لەباشترین گۆڤاردا لەسەرت دەنووسم, چەند وێنەیەکی دەستکارەکانیشم گرتووە.

مامم لەبارێك دا فووی دەکردە گوپەکانی, شکۆمەندانە گوتی:

–بەڵێ, زۆرجار دەربارەیان نووسیوم!.

–گۆبدینی‌یە بەڕێزەکان, بمبەخشن قسەی ئەوانم بڕی. کارێکی بەپەلەم هەیە.

گۆبدینی‌یەکان تێکڕا گوتیان رێگات لێ ناگرین و قەرەمیرزاش خەریك بوونی خەڵکەکەی بەهەل زانی و بەهێواشی خزی و لەچاوان بزربوو.

www.pertwk.com



(ئـەلخیلاڤ) بـەبێ هـیچ روونکردنەوەیـەك, درێـژەی بەقسـە ئاڵۆزەکـانی داو مامیشم هەتا دەهات تووڕەتر دەبوو:

–باشە, مەسەلە چیە. وەك ئەو کابرایە مەکە: چەندان سەعات قسان دەکاو ئەگەر دەگاتە کرۆکی بابەتەکە, دەردەکەوێ ماوەی قسەکردن تەواوبووە.

–مـن دوای بینـینی برازاکـەت زۆڕەو بوویمـە!. ئـەو پـێی سـەلماندم کـە زمـان تەنێ بۆ خواردن بەکار نایە. ئەمما قسە لەوەیە نامەیـەکی تـۆ گەیشتۆتە دەستەی نووسەرانی رۆژنامە .

–دەبێ لە (جیرکە) وەبێو هی (سەفەر عەلی)بێ؟ لەمێژە هەواڵی نازانم.

–(سەفەر عەلی)– خودا تەمەنی درێژکا! –زۆرباش دەزانم, ئەویش باش دەزانێ کەدەبێ لەکوێ بەدوات دا بگەڕێین! ئەمما نامە لەلایەن بیانییەکەوە نووسراوە.

–لەگەڵ هەندێش, سەرم سوڕ نامێنێ. کووباچییەکان بەزۆری لەو بیانییانەی رێزی هونەرەکەیان دەگرن, نامەیان بۆ دێ. ئەم نامەیە لەکوێوە هاتووە؟.

–لەئیتالیا, هی کەسێکە بەناوی "پیروسوریانو".

–چی نووسیوە؟

وام هاتە بەرچاو مامم هەتا دەنگیشی گۆڕا, بێجگە لەهەندێش شانەکانی پانتر بوون.

–ئـەم ئیتالیاییـە نووسـیویەتی: ئاشـقی دەسـتکارەکانتەو تـۆ بـە میراتگـری راستەقینەی "بنونوتوچلینی" دەژمێرێو بەهیوایە یەکێك لەدەستکارەکانت بخاتە ناو ئەلبوومەکەی.

–چ دەڵێی؟

–دەڵێم, بیسـتنی قسـەی وا لەمـەڕ کارەکانـت, لەلایـەن هـەر کەسێکیشـەوە بـێ, هەر خۆشە.

–ئەدی لەمەڕ دیاری؟

–شتێك پێك دێنین!....

(ئەلخلاڤ) ماممی هان دا:

–قـەرزداریش نامێنیتـەوە! وەرە ئەمـە نامـەو ئەمـە نـاوو نیشـانی ... کـاتی رۆیشتنمە.

بـازیدا سـەر ئەسـپەکەیو رکـێبی لێدا. منـیش لـەلای خـۆم بـیرم دەکـردەوە: سـەردەمێك دەبیـنم مـامم دیارییەکی وای لـە ئیتالیـاوە بـۆ دێ کـە مـن قـەتو قـەت شتی وام پێ پەیدا نابێ! چ خۆش دەبوو, ئەگەر مامم منی بۆ ئەم کارە راسپاردبا.

قـەرەمیرزا کەنـەزانرا لـەکوێڕا پەیـدابۆوە, زنجـیرەی بیرەکـانی بـڕیم. ئـەو, بـەبێ لێکدانـەوە منـی بۆلایـەك پـاڵ نـاو خـۆی لـەنێوان مـنو رەجـەب پەسـتا. ئەگـەر لەکووباچـی وام لێ قـەومابا, بـەزەییم بەکـەس دا نەدەهاتـەوە, بـەڵام لەگونـدێکی غـەریب بـوومو دەبـێ رێـزی ئاکـارو رەفتاریـان بگـیرێ. لەگـەڵ هەنـدێش, مامـە بەڕێزەکـەم لـەوێ بـوو, نەدەبوایـە بـە بـێ ئەدەبییـەك, بیرەنجێـنم, بەتایبـەتی کـە (ئەلخیلاڤ) لەکن ئەو بەڕێزانە, ئەوەندەی وەسف کردبوو.

www.pertwk.com



# 6

ئێستا تووڕەیی لەسیمای (قەرەمیرزا)دا نەماوەو زەردەیەکی مەکربازانەی لەروودا نەخشی بەستووە. (قەرەمیرزا) کەهەستی کرد, هەموو تەماشای دەکەن بەبیٚ هیچ لیٚکدانەوەیەك دەستی شوانی گرت. سەردەستی چاکەتەکەی هەڵکردو بەوردی لەسەعاتەکەی راما. پاشان کەهێشتا دەستی شوانەی لەناو دەستان دا بوو, پرسی:

–رەجەب, ئەم سەعاتە زێڕە؟

رەجەب بەسەر سووڕمانەوە گوتی:

–بەڵیٚ!

–درۆناکەی؟!

–رەجەب ناڕەحەت بوو:

–نەکا وابزانی, چونکە من شوانێکی ساکارم, ناتوانم سەعاتی زێڕ بکڕم؟ ئەگەر دەتەویٚ بزانی, کریٚکەم لەمانگانەکەی تۆ زیاترە!.

–ها! ها! ها, پیاو چاکینە تەماشاکەن! دیارە من پارەی کەمم دەست دەکەویٚ؟ ها! ها!

هەموو مات بوون. من بەهیچ شێوەیەك نەمدەتوانی لەوجۆش‌و خرۆشەی بگەم یان لەوانەیە بەهۆی بیستنی قسەی خراپ دەربارەی خۆی, ئەقڵی لە دەست دابیٚ؟ مامە بەڕێزەکەشم, بەبیٚ ئەوەی لەشتێك بگا, بەناو فیکران دا روو چوو بوو,ویٚ دەچوو هیچ شتێك نەتوانیٚ سەرەگوریسی بیرەکانی لەدەست دەرێنیٚ.

–هۆی ئەم پێکەنینە چی‌یە؟

شوانی تووڕە هەستا پیٚیان‌و منیش لەگەڵی دا هەستام, چونکە دەبیٚ میوان لەگەڵ خانەخویٚی دا بیٚ چ هەق چ ناهەق!. ریٚو شوێنی نەگۆڕی میوانداری وایە. بەتایبەتی کە ئەم جارە بۆ بێزارکردنی خانەخویٚ کەم, بنچینەیەکیش هەبوو.

–ئەوە گاڵتە بەکیٚ دەکەی؟

–بەتۆ– (قەرەمیرزا) کەهەموو سنوورێکی بەزاندبوو, وەرامی داوە. چاوە مشك ئاساکانی شەڕیان تێدا دەچریسکایەوە.

–بۆچی؟

لەحاڵێك دا, بەهۆی پێکەنینە ساختەکەی دەبوراوە, گوتی:

–ئەوە, ئەمن باشتری لیٚ دەزانم!

–ئاخر لەبەرچی, ئەمن پێت دەڵێم؟

–ناتوانم پێت بڵێم.

–بۆچی؟

–ئەگەر ئاشکرای کەم, هەموو پێت پیٚدەکەنن!.

–لیٚ گەڕیٚ با وابیٚ. بەڵام ڕێگات پیٚ نادەم بەبیٚ هۆ ددانان گڕکەیتەوە!

–دەڵیٚی بەبیٚ هۆ؟

–بەڵیٚ!

–ئەگەر هۆیەك هەبیٚ؟

–ئەگەر هەبیٚ, ناچارت دەکەم بیڵیٚی, دەنا پێت نیشان دەدەم کوڕی کێم؟

www.pertwk.com

–باشە، ئەتۆ خۆت ئەم ڕێگایە هەڵدەبژێری! –(قەرەمیرزا) رووی کردە گوندی‌یەکان کەلە دەوری خڕبوونەوە: پیاوچاکینە، ئاگاتان لێ بێ، بە تایبەتی خەنجەرەکەی، نەوەك شتێك بکا.

رەجەب لەدەوروبەری راماو تێگەیشت چی‌یان دەوێ. خەنجەرەکەی لەکەلان دەرکێشاو وابە لێزانی بۆداری تەلەفۆنی هاویشت، نووکە تیژەکەی لەدارەکە چەقی و زرینگەی لێوەهات.

–باشە، بڵێ!

–ئەتۆ لێرە، لەگۆدەکان فیشاران دەکەی و ژنەکەشت لەشار گەڕاوەتەوەو پیاوێك لەباوەشی‌دا خەوتووە!.

–چی؟

–دووبارەی ناکەمەوە! –(قەرەمیرزا) ئەمەی گوت و بەلەخۆڕازی بوونێکەوە لەسەر بەردێك دانیشت.

شوانە دەمێك چاوی زەق بوونەوەو لەجێی خۆی وشکەڵات، بەڵام لە پڕ وەك پڵنگێکی بریندار هەڵی کوتایە سەر قەرەمیرزا. باش بوو، خەڵکەکە پێشیان لێگرت دەنا قەرەمیرزا فاتیحەی خوێنرابوو. ئەودەمی، هەتا مامیشم دەستی لە تێفکرینی خۆی هەڵگرت و خۆتێ گەیاندنی بەپێویست زانی. چونکە وانەبوایە، شوانی تووڕە دانەدەسەکنا. بەراستیش، ئەو هەتکەی بەشوانەکرا، بەکەس نەکرابوو.

خانەخوێکەم کە کەمێکی مابوو لەدەست گۆبدینی‌یەکان دەرپەڕێ، هاواری کرد:

–درۆیە، درۆیان دەکا! –واوژابوو، هەتا زمانیشی ساف و لووس ببوو.

–گوێتان لێ بوو؟ دەڵێ درۆ دەکەی! شایەدبن! قەرەمیرزا هاواری دەکرد:

–ئەگەر راست نەکەم، بەرانەکەمت دەدەمێ –خۆت دەزانی چەند جاران گرۆی بردۆتەوە!.

–ئەگەر پیاوێکیشت لەسەر جێگای ژنەکەت دیت سەعاتە زێڕەکەت بدە.

–درۆیە، من دەزانم! بەرانی تۆم ناوێ! لێ گەڕێ بۆتی بکەنە خێر! ئەی بێ شەرم! –شوان لەتووڕەیی‌یان دەلەرزی، بەڵام ددانی بەخۆدا گرتبوو. رووی کردە گوندی‌یەکان و دەیگوت:

–باشە، ئێستا دەستی لێ نادەم، بەرم دەن! هەمووتان ئاگادارن ئەم پیاوە چ هەتکێکی پێ کردم. ئەگەر درۆ بکا بەم دەستانەم، کرمە شەیتانۆکە دەخنکێنم. بابچین.

بەهۆی ئەم قسانەوە، هەموویان وایان زانی (قەرەمیرزا) واز لەگاڵتە– رك ئاساکەی دێنێ، بەڵام وانەبوو. کرمە شەیتانۆکە لەحاڵێکدا لەترسان خۆی لەڕەجەب بەدوور دەگرت، بەرەو ماڵەکەیان وەڕی کەوتین.

تێفکرین لەوەی ئایا رەجەب لە چ فیکرێك دایە، زەحمەت نی‌یە. نەتەنێ ئەو، بەڵکو هەموو ئەوانەی "حەلیمە" یان دەناسی، ئەو ژنە میهرەبانەی خاوەنی هەشت منداڵ و چاوەڕوانی نۆیەمیشە، نەیاندەتوانی قسەی وا باوەڕبکەن. لەشوێنەکانی دیکە، هەرچی‌یەك دەبێ، بابێ ئەمما لە گوندەکانی کوێستانێ، ئەم کارانە نابەخشرێن. بەڕاستی، ئایا ژن تا ئەم رادەیە ساختەچی‌یە؟

رەجەب وەك کەسێك کارەبا لێی دابێ، بەرێگادا دەڕۆیشت و لەگەڵ هەر هەنگاوێك دا رك و تووڕەیی، زۆرتر دەبوو. ئەو بۆ ئەو شوێنە بەلەزبوو کە دەکرا ریسوایی‌یەکی ترسناکی چاوەڕێ بێ. ئەو جێگایەی دەبوایە بەچاوی خۆی لە واقیعی بوونی لەکەی شەرمی هەمیشەیی کەدامەنی پیس کردووە، دڵنیابێ! لەبەر هەندێ، ئایا شایستەی ئەم پەلەکردنەیە؟ لەوانەیە هەنگاوەکان هێواشتر بکاتەوە؟ بەڵام مرۆ هەوێنێکی سەیری هەیە: بێ ئاگایی لەمردن خراپترە. دەیەوێ بەهەر نرخێك بێ، راستی بۆ دەرکەوێ. لێ گەڕێ با تاڵیش بێ!.

www.pertwk.com


مەعلووم بوو، رەجەب حەلیمەی زۆر خۆش دەویست، بەلاّم بوختانی قەرەمیرزا توورەیی‌یەکەی گەیاندە ئاستی شێتی.

منیش لەو باوەڕەدابووم کەتەنیا خەڵکی هیچ‌و پووچ دەتوانیّ برینی وا بخاتە جەستەی خانەخویّکەم. چونکە خەڵکی هیچ‌و پووچ بۆ قازانجی تایبەتی خۆیان، هەرکیّیان بویّ، لەکەداری دەکەن. زۆر جێگای داخە، یاساکانی ئێمە خەڵك لەدارکاری دەپارێزن، بەلاّم ریّگا لەبرینی گیانی کە بەهۆی خەڵکانی وا دروست دەکرێن ناگرن، لەبارێك دا، گیان لەلەش ناسکترەو ئەو زامانەش ساڕێژ بوونیان زەحمەتە!

خەڵکە ورووژاوەکە لەماڵی رەجەب وەنزیك دەکەوتن‌و من بەبینینی ئەم حەشامەتە وام دەزانی، نەکا لەو ئاپۆڕەیەدا، هەگبە پڕ لەدیاری‌یە بە نرخەکەم، تێدابچیّ. ئاخر، زۆرجار لەشەڕو بێنەو بەردەدا، وادەبیّ ناوبژیکەر لەهەردوولا زۆرتری مست‌و پێلەقە پیّ دەبڕیّ.

لەدوایی‌دا، گەیشتە حەوشەو بەرەو هەیوان رۆیشتن. لەو دەمی‌دا، شوانە، هەمووی راگرتن‌و تەنیا منی وەگەڵ خۆی داو بیّ دەنگ چووینە ژووریّ.

دەربارەی رەجەب چ بڵێم، هەتا دڵم کە بەپەراسووەکانمەوە نووساوە، زۆری نەمابوو قەفەزی سینگم شەق کاو، خوێنیش وا جۆشی سەند بوو، لە دەمارەکانم دا هەڕای دەکرد، دەمگوت هەنووکە پارچە پارچەی دەکەن.

چرایەکی بیّ شەوق، بەزەحمەت ژوورە سادەکەی رووناك دەکردەوە. دۆلاّبێکی سپی لە دارچنار لەپاڵ دیوار دانرابوو.(حەلیمە) لەنزیك دەرگاکە نوسیتبوو. لەخەوێکی قووڵ‌و ئارام دا، بسکە درێژەکانی بەسەر بالیفەکەدا پەخش بووبوون. رەجەب بەپرتاو لەسەر بالیفەکەی دی راکشاو حەلیمەی راپەڕاند.حەلیمە، جلکێکی واتەنکی دەبەر دابوو، بەئاشکرا لەشی دیاربوو کەدەلەرزی. وێڕای چاو هەڵگڵوفتن، پرسی:

–کیّیە؟ –(رەجەبی) ناسی‌و پێی گوت: چەندەت ترساندم، مەگەر خەڵك وادێنە ژوور؟.

بەلاّم نیگاکانی شوانە، روویان لەکەسێکی دی بوون کەلەتەنیشت حەلیمە راکشابوو. (رەجەب) زاری بەش کردەوە شتێك بڵیّ، بەلاّم هەناسەی دەرنەهات.

–رەجەب، خۆشەویستەکەم! چیت بەسەر هاتووە؟ وەرە سەرخۆ! –حەلیمە هێنایە سەردۆخی جاران– نابینی چ خۆشی‌یەك رووی تیّ کردووین! کوڕێکت بۆ هاتۆتە سەر دنیا! چەندت پیّ خۆش بوو کوڕێکت هەبیّ! بەلاّم ئێستا من‌و منداڵەکەشت ترساند!.

راستیش بوو: منداڵەکە گریا.

رەجەب هاواری کرد:

–باشە، دەیکوژم! ساختەچی! لیّ ناگەڕێم بگاتە سبەینیّ! – دەیویست بەدوای قەرەمیرزادا بگەڕیّ. بەلاّم حەلیمە توندی گرتبوو، و هەتا لەسیری هەتا پێوازیّی پیّ نەگێڕاوە، بەری نەدا.

وەختی شوانە، کەمێك ساردبۆوە، هاتەدەریّ‌و چووە بەردەرکیّ کە گوندییە ورووژاوەکان چاوەڕوان بوون. (قەرەمیرزا) ئەگەر دیتی شوانە ئیدی توورە نی‌یە، جورئەتی پەیداکردو دڕی بەخەڵکەکە داو لەرەجەب وەنزیك کەوت‌و بەگاڵتەیەکی رك– ئامێزەوە پرسی: –باشە هەقم بوو یان نا؟ گوندییەکان چاوەڕوانی قسەی تۆن.

رەجەب بەزەحمەت لێوی لێك ترازان:

–هەقت بوو!

–مادام هەقم بوو، سەعاتەکەت بدە!

خانە خویّکەم هاواری کرد:

www.pertwk.com

–سەعاتت لەگەروودا گیربیٚ! –سەعاتەکەی لەدەستی کردەوەو ویٚڕای دانی بەقەرەمیرزا، پاڵیٚکیشی پیٚوەنا، کەبە زەحمەت خۆی گرتەوە– بۆ دواجار گاڵتەی وات لیٚ قبووڵ دەکەم!

خەڵکەکە هیٚشتا سەرسوڕماو بوونو (قەرەمیرزا) بەشانازییەوە رووی کردە گوندییەکان:



–من هەواڵیٚکی خۆشم بۆ رەجەب هیٚنابوو: خیٚزانەکەی کوڕیٚکی بووە. ژنەکەی بەسەردان دەچیٚتەلای دایکیو کاتی گەڕانەوەی، ژان دەیگریٚ. سوپاس بۆ خودا بەخۆو بەکوڕیٚکەوە گەڕاوە. کاتیٚکیش زانی میٚردەکەی لەگۆدەکان خەریکی قسانە، نەیویست نارەحەتی بکا. ئەوەبوو من بڕیارم دا: لیٚ گەڕیٚ کەمیٚك زەحمەت بکیٚشیٚ، تا میراتگرەکەی خۆشتر بویٚ! –و زۆر رەسمییانە کۆتایی بەقسەکانی هیٚنا: –بەناوی خودا! –پاشان سەعاتەکەی کردە دەستیو دوورکەوتەوە.

ئەویٚ شەویٚ، کەس لەگوندە دیٚرینەکەی (گۆبدین)، خەوی نەچووە چاوان. شوانو کیژەکانی هەموو خەڵکەکەیان واگاهیٚنا. مەڕیٚکیان کوشتەوەو ئاهەنگی شەوانەش کەدەبیٚ تا تاریكو روون دریٚژە بکیٚشیٚ، دەستی پیٚکرد. منیش لەم جەژنەدا بەشداریم کردو تا ئەو دەمەی توانیم بەسەر پیٚوەبووم، کاتیٚکیش خۆم پیٚڕانەگیرا، راکشام. ئەگەر هەموو گۆبدینییەکانیش لەبەر دەرکی ماڵی شوان بەدەهۆڵو زووڕناوە هەڵپەڕیبان، نەیاندەتوانی واگام بیٚنن!.

7

ئەگەر واگا هاتم مامە دڵسۆزو خەمخۆرەکەم بەدوو ئەنگوست کەپووی رادەکیٚشامو دەیگوت: "بۆ لەحیم کاری باشە، ها، هەر سەفارچییەك خۆزگەی پیٚ دەخوازیٚ!". ئەمەش زۆر بۆمن ناخۆش بوو، چونکە ناکریٚ کەپووی خەڵکی لەخۆت گەورەتر بگری، نەخەسەلە مامیش بیٚ. بەڵام بەسەر خۆم نەهیٚناو هەستام، جلکەکانم دەبەرکرد.

لەماڵیٚ، دیسان سفرەی ئاهەنگ راخرابوو. (رەجەب) هیٚشتا بۆ لای میٚگەلەکەی نەگەڕابۆوەو ئیٚستا کەدوای ماوەیەك چاوەڕوانی خودا کوڕیٚکی دابوونیٚ، کاری زۆری هەبوو.

ریٚگای نەدا حەلیمە هەستی– ئەوەندەی دویٚنیٚ شەو ترساندی بەس بوو، لیٚ گەڕیٚ ئیٚستا پاڵ بداتەوەو بحەسیٚتەوە. کیژیٚکیان نانی بەیانی بۆ ئامادە کردین.

دوای خواردنی پەتاتەی سۆرکراوەو کالباسی کویٚستانو پیاڵە چایەکی خەست، مامم لەهەگبەکەم ڕاماو منیش لەهەگبەکەی ئەو رامامو تیٚك گەیشتین: کاتی ئەوە گەیشتووە شانازی بەشتە کڕدراوەکانی خۆمانەوە بکەین.

مامم هەگبەکەی کردەوەو مافووریٚکی جوانی دەرهیٚنا کەبەفیٚڵ بەرامبەر پیستی مانگاکەمان لەسکرتیٚری ئەنجوومەنی کویٚستانی وەرگرتبوو. بەڵام من لەو

www.pertwk.com

باوەڕەدا بووم, ئەو مافوورەی زولفی لەبەرامبەر دەستکارەکانم‌و زمانە لووس‌و نەرمەکە پێشکەشی کردبووم, زۆر لەهی ئەو باشترە. دوای ماوەیەك بێ دەنگی, هەگبەکەم, کردەوەو دەرم هێنا ... ئێوە خەیاڵی چ دەکەن؟

من پێستێکی قاوەییم لەهەگبەکەم دەرهێنا.

(دایان–دۆڵدوروم) قاقا پێ دەکەنی‌و لەو ماوەیەی من خەریکی خوێندنەوەی کاغەزێکی زولفی بووم کەخستبوویە ناو دیارییە مەکرکەرانەییەکەی, ئەو هەر پێ‌دەکەنی. کاغەزەکەی وابوو:"**شێرپیاوی میهرەبان, وانەزانی تەنها کووباچی‌یەکان دەتوانن شتی واقعی لەشتی ساختە جودا بکەنەوە. ئێمەش کەمێك سەرمان لە جوانناسی دەردەچێ. ئەگەر ئەمن مافووری (کارچار)م لەگەڵ ئەو خشڵە قەڵپانەی بەپەلە دروستت کردن, گۆڕیباوە, گورزێکی کوشندەم لەنرخی هونەری مافوور چنین دەدا. بۆیە لەباتی ئەو پێستەی مامت بەسەر باپیرمی‌دا دابوو, وەرگرەوەو وەبیرت بێ, هیچ جۆرە ساختەو فێڵێك ناتۆنی پیشەگەری بکاتە هونەر. هونەر, خۆی, دەربڕی خۆیەتی. (بەهادۆر) لەمن تووڕە مەبە, داوای خۆشبەختیت بۆ دەکەم!.**"

مامم کاتێ تێر پێکەنی, گوتی:

–باشە, برازاکەم! ئێستا من بەتەواوی بۆم روون بۆتەوە: تۆ بۆئەوە لەدایك بووی ببیتە گاڵتەجاڕی گوندییەکان, واتە خەڵکی (چاراخ) گەمەکەیان بەتۆ تەواوکرد. هەر وای لێهات, وەك خەڵکی قایتاق دەڵێن: "ساخوشالە, سانوشانە – **یەکێك لەئێوە, یەکێك لەئێمە**" دەزانی بۆ وادەڵێن!؟

من واگرژومۆن ببووم, هەڵبەتە حەزم لە بیستنی کورتە مێژووی قایتاقەکان نەبوو, بەڵام ئەگەر مامم دەیەوێ حیکمەتی وڵاتی کوێستانێ لەکن خەڵکی دی بخاتە گۆڕێ, بەئاسانی پێشی لێ ناگیرێ.

**–جارێك دوو قەیتاقی لەدەوروبەری زۆنگاوێك دا خەریکی راو دەبن. مێشوولە وایان تەنگەتاو دەکەن, لەئاکامدا ناچار دەبن تەقە لەمێشوولەکان بکەن. مێشوولەیەك لەسەر تەوێڵی یەکێکیان هەڵدەنیشێ, ئەوی دیکە روودەکاتە دۆستەکەی‌و هەڵبەت بەگەمە دەڵێ: (بیتەقێنە)- ئەویش بێ لێکدانەوە, تەقە دەکا. خۆشت دەزانی قایتاقییەکان تفەنگچی چاکن. گوللە مێشوولە دەپێکێ, بەڵام لەگەڵ ئەویش دا دۆستەکەی شەڵتانی خوێن دەبێ. کابرا دادێتەوەو روودەکاتە دۆستەکەی‌و مێشوولەکەو دەڵێ :"باشە, یەکێك لەئێوە, یەکێکیش لەئێمە...".**

بەرووگرژی‌یەوە گوێم دابووە مامم‌و لەلای خۆشم بیرم دەکردەوە کەبەسەرهاتی من‌و مافوورەکە لەدەمی مامەوە زۆر خراپتر لەبەسەرهاتی راوچی‌یە بەدبەختەکان, بڵاو دەبێتەوە. بەتایبەتی ئەگەر ئەو مێشکە سۆرکراوەیەی کە (زولفی), زۆر بەمانا, وەك پێخۆر خستبوویە ناو هەگبەکەم, بگێڕمەوە!.

ئیدی هەگبەکەم سووك بوو. مەسەلەکەش ئەوەبوو, (رەجەب) بەپێ‌ی ئاکارێکی پیرۆزی کوێستانێ منداڵەکەی بەناوی من کرد. هەڵبەتە ئەوە بۆمن شانازی‌یەکی گەورەبوو بەڵام من لەدڵەوە حەزم دەکرد ناوی بنێن (قەرەمیرزا), چونکە ئێستا دەبوایە من مەڕێك بۆ مێوانان سەربڕم, پارەم نەبوو, بۆیە ناچاربووم (هەرچەندە حەیف بوو) خوداحافیزی لەکەرستەی کارو پاشماوەی زیوەکانم بکەم. شتەکانم لەبەرامبەر مەڕێك دا بەقەرە میرزا, هەرچەندە دوو مەڕیشی دێنا ,بەڵام هێلکە شەیتانۆکە دڵنیای کردم کە بەرانەکە بەرانی شەڕەو تا ئێستا هەشت جار سەرکەوتووە. لەراستی‌دا بەران نی‌یە, دێوە. دەرکەوت دێوە, سەرکەوتنەکانی بەهەوەنتە وەدەست نەهێناوە, چونکە ئەگەر بۆ سەربڕینم دەبرد بەزەحمەت دەجولاوە. بۆیە چاوەڕوانی مەرگی سروشتی ئەوم نەکرد, لەڕێگا داوام لەڕێبوارێك کرد, سەری ببڕێ.

کاتێ کەلەشی بەرانم تا ماڵی رەجەب راکێشا, رەجەب هاوارێکی وای لێ بەرز بۆوە لەحەوت ئاسمانانیش دەبیسترا: "**سوپاس بۆ خودا, هێشتا لەکوێستانەکەمان پیاوی راستەقینە ماون!**".

www.pertwk.com

بۆ رۆژی دوایی، ئێمە ماڵە میوان پەروەرەکەی رەجەبی شوانمان بەجێ هێشت. ورەم، کە مەکرەکانی (زولفی) لەناویان بردبوو، خێزانەکەی (رەجەب) کەمێکی بەرزکردەوە. ئەو بەچاوتێری لەبەرامبەر پێستە مانگا شوومەکەدا، جووتە "ماچایتی"یەکی نایابی گۆبدینی کەبەپسپۆڕی لەچەرمی سۆر دروست کرابوو، پێشکەش کردم. ئەمن لام وابوو، ماچایتی وا حەیفە دەپێ بکرێو پێویستە لەپێشانگای پێڵاوی نموونە یان مۆزەخانەیەك دا بپارێزرێ.

بەڵێ، (گۆبدین) بەجێ ماو منیش لەگەڵ مامم لەحاڵێك دا ئومێد رێنومایی دەکردین، دووبارە هەنگاومان بەرەو رێگا بێ کۆتاییەکانی ولاتی کوێستانێ، رانا.



# 5 دووکەڵی بارووت، دووکەڵی تووتن!

## 1

مامم- خودا بکا بگاتە هەموو ئارەزووەکانی! -مێگزی لێیە ئامۆژگاری بکا:

**"کاتێ لەگەڵ خەڵکیدا قسان دەکەی، تەماشای چاویان کە، تا بزانی قسەکانت چ نرخێکیان هەیە".**

ئێستاش ئەی هاونیشتمانە خۆشەویستەکان، من لەخەیاڵم دا تەماشاتان دەکەمو دەبینم: وادیارە هێشتا بێزارم نەکردوون. ئەمەش بەو مانایەیە کەلەوانەیە، لە پاشەرۆژدا، داستان بێژێکم لێ دەرچێ.

هەڵبەتە، تووڕەیی لەچاوەکانی (دایان-دۆڵدوروم)ەوە دادەباریو برۆکانی وێك هێناوەتەوە، بەڵام ئەمن لەو باوەڕەدام مامم لە قووڵایی دڵییەوە رێزی

www.pertwk.com



نووسین دەگرێو رێگا بەکەس نادا, گەمەی پێبکاو, چونکە (نووسەربوون) لەئاستی هونەری هەڵکۆڵین دادەنێ.

هەموومان لەبیرمانە دووساڵ لەمەوپێش لەیەکێك لە رۆژەکانی بەهارێ, دەمێ گوڵە سوورە کێویلکەکان لەمێرگەکانی کوێستانێدا دەپشکووتن, سێ نووسەری بەناوبانگ هاتنە گوندو خانەخوێشیان ئەم (دایان-دۆڵدوروم)ە بوو. میوانەکان بریتی بوون لە **(سلیمان دیگاشی)**, دۆستی گەورەی ژیانو پەسن کەری زێدەکەی, (موسا)ی خەڵکی (کاخیب) کە ئەوکاتە تازە یەکەمین رۆمانی خۆی نوسیبوو, و بەڕاشکاوی بەرگری لەو بیرۆکەیە کردبوو کەهەر گاڵتەجاڕییەك رەتدانەوەیەکی توندی هەیە, چونکە کەروێشك بۆئەوەیە راوبکرێو لەدواییدا **(بادوی)** خەڵکی (کای) کە کتێبی **"ئەو کیژە گۆزەی شکاند"** و "ولاغو ترومبێل"ی ئەو, لەلای هیچ داغستانییەکدا, غەریب نین.

ئەوان لەشارەوە بۆ دیداری خوێنەران هاتبوون, بەڕاستیش سەرنجی گوندییەکانیان راکێشابوو. وایان چەپڵە بۆ لێدەدان, مەگەر تەنیا بۆ "عەلی کازبەك"ی پاڵەوان, لێدرابێ, دیاری بەنرخیان بۆ نووسەرەکان هێناو مامم بەتەواوی گوندەکەمانی پێ نیشان دان کەبەپێی قسەی میوانەکان یادگارێکی خۆشی لەلابەجێ هێشتن. دیدەنەکە بەچوونە ژێر زەوی ساقی بەناوبانگ (پیساخ) -قەت شەرابی لەدەستدا تەواو نەبێ - کۆتایی هات. ئیدی نازانم مامم ئەوانی بردە ئەوێ, یان ئەوان مامميان بۆ ئەوێ راکێشا؟.

میوانەکان, ماوەیەك لەژێر زەوی دانیشتنو پاشان بەگوتنەوەی گۆرانی "دا-لا-لای" لای "هاتنەدەرێو: ئەوان نەیانپرسی ئایا شتێك دەنووسم یان نا, هەتا پرسیاری ئەوەشیان لێ نەکردم بەچی خەریکم! بەکورتی هیچ سرنجی منیان نەداو منیان رەنجاند, بۆیە جارێکی دی گەڕامەوە لای پیساخ.

خەڵکێکی زۆری لێ نەبوو. (موختار)ی کوڕی (لیونید), ببوورن لەوەی زۆر ناوی دێنم, چ بکەم, هەندێ جار ناچارین هەندێ کەس ببینین (کە دیتنیان چاوان رۆشن ناکاتەوە). و (نیکا سەعید)ی دۆستی ئەو سەری خوارێی گوند, کەلەنك مێز راوەستابوون, مامیشم (دایان-دۆڵدوروم) دوای وەڕێ کردنی نووسەران گەڕابۆوەو بەبێ ئەوەی قەننە لەدەمی بکاتەوە, لەپشت مێزەکەوە, لەگەڵ پیساخ دەدوا.

من تازە هاتبوومە ژوورێ, ئەگەر موختارو دۆستەکەی لەمەڕ نووسەران قسەیان دەکرد: بەشێوەیەك دانیشتم پشتم لەوان بێو هەوڵم دا هەتا وشەیەکیانم لێ بەفیڕۆ نەچێ. ئەوانیش لەبەر هەندێ گفتو گۆکەیان قووڵتر دەکردەوە, چونکە دەیانزانی منی گوناهباریش شتێك دەنووسم.

موختار, کە وێ دەچوو بەقووڵایی بابەتەکەدا شۆڕ بووبێتەوە, دەیگوت:

-نیکای خۆشەویست, کارامەیی نووسەر تەنیا لەکڵاو نانەسەری خوێنەرە.

-چۆن شتی وا دەبێ؟

-زۆر بەئاسایی! وادابنێ خوێنەر تاژییەو نووسەر راوچییە. کاتێ خوێنەر لەلای تەڕاشێك کە کەروێشکێکی تێدایە, رادەوەستێ, نووسەر لەباتی ئەوەی کەروێشکەکەی نیشان بدا, دووری دەخاتەوە.

نیکا قسەکەی موختاری بڕی:

-بەڵام راوی بێ ئامانج, خوێنەر بێزار دەکا.

-چۆن تێناگەی, مەسەلەی بنچینەیی ئەمەیە, خوێنەر بەدوای بێهودەییدا رابکێشێ. کاتێکیش نووسەر هەست بکا, ئیدی خوێنەر ماندووبووەو ئامادەیە واز لەم گەمەیە بهێنێ, جارێکی دیکە, دەیباتەوە لای هەمان کەروێشکی ناو تەڕاش. بێگومان لەرێگایەکی دیکەوە.

نیکا گوتی:

www.pertwk.com

–کەروێشکەکە, چەند لەناو تەڕاشەکەدا دەمینێتەوە؟ ئاخر لەبەر ئەو هەموو هەراو هۆریایە رادەپەڕێ.

–دیارە تۆ نەتزانی ئەم کەروێشکە هی کێیە؟

–هی کێیە, چییە؟ ئێستا هی کەس نییە.

–چیتە؟ نووسەر کەروێشکەکە نیشان دەداو خوێنەریش بە گوللەیەك دەیکوژێ؟

–نا, مسۆگەر گوللەکەی هەڵە دەکا.

–باشە, ئەگەر نووسەر کلاو دەنێتەسەری خوێنەر, دەکرێ گوللەی خوێنەر لەباتی کەروێشك خودی نووسەر بپێکێ!



موختاری کوڕی لیونید, لەو باوەڕەدابوو:

–ناکرێ!

–بۆچی؟

–چونکە تفەنگەکە سوار نییە!

–ئەگەر سوار بوو؟

–دۆستی من, ئەوە چ دەڵێی؟ کام نووسەر چەکی ئامادە دەداتە دەستی خوێنەرەکەی؟ ئەگەر کرابا, ئەگەر ئەمن جورئەتم دەکرد بڵێم کارامەیی نووسەر جگە لە هونەری کلاونانە سەری خوێنەر, شتێکی دیکە نییە!.

موختاری کوڕی لیونید, زۆر بەمانا کۆتایی بەقسەکانی هێناو پێکەکەی خۆی چۆڕبڕکرد. لەوکاتەدا, (پیساخ)ی ساقی حیکایەتێکی بۆ مامم دەگێڕایەوە کە چۆن ئەمریکایییەك لەم ژێرزەمینەدا, دڵۆپە شەرابی بەسەر چاکەت و پانتۆڵەکەی داڕشتووەو پێشبینی کردووە: ترێی ئەم وڵاتە جگە لەئارەق و شەراب, رەنگیشی لێ دروست دەکرێ. بۆیە قاشۆیەکی بردە ئەمریکا, ئەمما ئەو ترێیەی کە لێرە سوور بوو, لەوێ سپی دەرچوو.

ئیدی مامم کە ئاشکرایە, بەگوێیەك شتێك و بەگوێکەی دیکەی شتێکی تری دەبیست, رووی کردە لاوەکان:

–بەڕێزینە, ببوورن ئەگەر دێمە ناو باسە زانستییەکەتانەوە ..

(نیکا سەعید)ی دۆستی موختاری کوڕی لیونید, بەئەدەبەوە وەرامی داوە:

–هەموو لەشمان گوێیە. (دایان–دۆڵدوروم)ی بەڕێز!

–بەبڕوای ئێوە, دیارە نووسەر تەنیا درۆزنێکی فێڵبازە!.

موختار ناڕازی بوو:

–چ دەڵێی؟ ئێوە دروست تێم نەگەیشتوون!

–باشە, دۆستی لاو من بەتووڕەیییەوە قسەم کرد. ئەمما گوێ بگرە بزانە چیت پێ دەڵێم. پێشان ئەو سەردەمانەی شەمچەمان نەبوو, (بەردەستێ)ش لەهەموو ماڵێك دا پەیدا نەدەبوو, خەڵك هەوڵیان دەدا بەهەموو توانایەك ئاگریان لەئاگردانێدا نەکوژێتەوە.

ئیدی من تێ گەیشتم, مامم دەیەوێ موختاری سەرەڕۆ بهێنێتەوە سەر رێگای راستی و بۆیەش لەدوورەوە دەستی پێ کردووە. لەو سەردەم دا, من هێشتا نەمدەزانی موختار بەچ جۆرێك گومڕایە!.

بەڵام مامم, دوای کەمێ بێ دەنگی, دەستی پێکردەوە:

–کاتی وادەبوو ئاگر بکوژێتەوە, مرۆ دەچووەلای دراوسێکانی, بۆ ئەوەی سەرەبزوتێکی بەقەرز بدەنێ. بەڵێ, بەبڕوای من, **نووسەر بۆ ئێمە هەمان ئەو کەسەیە کەئاگر لەئاگردانەکەیدا بۆ خەڵکانی دی هەڵدەگرێ.** هەرکەسێك دەتوانێ بەدوای ئاگردا بێتەلای!, پیساخی من وانییە؟

–هەڵبەتە, دایان–دۆڵدوروم!

منیش لەسەر قسەی پیساخ بووم. لەخۆڕا نەبوو کە موختاری کوڕی لیونید شێواو نەیدەزانی چ وەرامێك بداتەوە! بەشێوەیەکی گشتیی, بەهۆی ئەم

www.pertwk.com

رووداوەوە ئەوەم هەڵێنجا کە مامم لە قووڵایی دڵیدا تێڕوانینێکی گونجاوی لەمەڕ نووسەران هەیەو، ئەمەش بۆ من، بنچینەیی ترین بابەت بوو. هەمیشە ئارەزووم ئەوەبوو شتێك بنووسم، دۆستەکانم وەهۆش بهێنێتەوە ...



## 2

هەڵاتنی رۆژ هەمیشە پەڕوباڵم پێدەبەخشێ، ئاوابوونیشی نیگەرانم دەکا. سەعاتەکان هەندێ جار وەك داڕژانی ئەستێرەکان بەخێرایی و بەبێ دەنگی تێدەپەڕن و هەندێ جاریش وەك ریخۆڵەیەکی مەڕ لەدەستی ئەو کەسەی دەیگرووێنێ، درێژ دەبنەوە. بەڵام هەر چۆنێك بێ، هەر هەنگاوێك و هەر هەناسەیەك، من لە وەئەنجام گەیاندنی کارێك کەهێشتا جێبەجێ نەکراوە، نزیکتر دەکاتەوە، هەرچەندە دەشڵێن لەژیانی مرۆڤدا، گرنگ هەبوونی ئامانجێکی دیاری کراوەو گەیشتن و نەگەیشتن پەیوەندی بەگەلێ هەل و مەرجی جۆراو جۆرەوە هەیە، بەڵام یەك مەسەلە گومان هەڵناگرێ: هەروەك هێشتا دوو سەرەتای وەکوو یەك بوونیان نییە، هەر بەم شێوەیەش دووکۆتایی وەکوو یەکیش نابن. هێشتا کەس دووبارە بوونەوەی یەکێکی دی نەبووەو من بەدرێژەپێدانی گەشتەکەم، تەنیا دڵی خۆم بەوە دەدەمەوە کەهەوڵ دەدەم وەکوو شەخسی خۆم بمێنمەوە.

بەڵێ، دووبارە بەرێگاوەم، بەتەنێشم! بەڵام چەندەم پێ خۆش بوو لەوڵاتی خۆم و لەتەك مامم دا هەنگاو هەڵێنم!.

دەڵێن: "هەرچۆنێکی ئەنگوستەکانت بجوڵێنی، هیچیان جودا نابنەوە!" گوایە خزمیش وان. بەڵام من زۆرتر دڵنیام چونکە مامم بەپێی راستی هاتۆتە ناو سەدەی بیستەمەوەو، ئەگەر بەپێی چەپی هاتبا رەفتاری تێکەڵ بەتووڕەیی دەبوو، چونکە ئەگەر ئێستا بەتەنێ رێگام درێژە پێ دەدەم خەتای خۆمە یان راستتر بڵێم خەتای زمانمە. منیش وەك کابرای (سیراهین)م لێ بەسەر هات.

جارێکیان: کاتێ دەگەنە حەوشەو میوان پرسیار دەکا ئەسپەکەی لەکوێ ببەستێتەوە، کابرای (سیراهین) ئاکاری ژنە خراپەکەی خۆی وەبیردێتەوەو دەڵێ:

-لێرە- و زمانی پێ نیشان دەدا.

منیش هەر وام کرد. رۆژێك دوای قسەکانی گۆدەکانی گۆبدین، کە (ئالخیلاڤ) هەواڵی نامەی (پیرو سوریانو)ی بەمامم گەیاند، من بەمامم گوت: بێگومان کابرای ئیتالیایی بەدیارییەك سوپاست دەکا...

مامم بەتێفکرینەوە وەرامی داوە:

-بەڵێ، لەوانەیە راست بکەی، ئەی ساختەچی! -بەئاشکرا خۆشحاڵ بوو- وام دەزانی ناو کەللەت بیابانە.

-لەهەر بیابانێکیش دا چەند مێرگێك هەن! -ئەمەم لەژێر لێوەوە گوت، چونکە تێگەیشتم، مامم خستۆتە بیرێکی پڕ لەمەترسییەوەو ئەوەندەش بڵێم هەموو حوشترێك ناتوانێ ئەو مێرگانە بدۆزنەوە، بەڵام جڵەوی خۆم گرتەوەو، چونکە بەرۆژی رووناك، خەریك بوو دەم و چاوی مامم تاریك دابێ.

-مێرگ دەڵێی...؟ -مامم وەك کەسێك وڕێنە بکا، بەبێ ئاگایییەوە گوتی: مێرگ، واتە ... -لەپڕ وەرەی گۆڕاو ئیدی بەوریایی درێژەی پێدا: -ئەدی برازا خۆشەویستەکەم- لەوکاتەدا تێگەیشتم کار بەخێروخۆشی تەواو نابێ، چونکە

www.pertwk.com

هەرگیز بەبرازا خۆشەویستەکەم بانگی نەکردبووم– لەمەودوا دەتوانی بە تەنیا ڕێگاکەت درێژە پێ بدەی ...

لەزارم دەرچوو:

–چۆن بەتەنێ؟

–زۆر ئاسانە. ئەمن دەگەڕێمەوە گوند چونکە نابێ نامەی ئیتالیەکە بێ وەلام بمێنێ. هەر بزانە بەراستیش کیسەی چاوتێری شل کرد؟ ئەم وڵاتە هەمیشە بەگەوهەر سازەکانی بەناوبانگ بووە, (بنونوتوچیلینی) وەبیربێنەوە. سەرباری هەندێش ... الوداع.

گێژانە گوتم:



–خودا حافیز ...

–باشە, مسۆگەر یەکدی دەبینینەوە, –مامم بەبێ دەربڕینی خۆشحاڵی ئەمەی گوت و پاشان درێژەی پێدا, ئاگادار بە, تیرەکەمان لەکن گوندی‌یەکان شەرمەزار نەکەی. لەمەڕ (سەرمینان)یش نارەحەت مەبە– دڵی دەدامەوە– ئەو لە هیچ جێیەك شوون بزر نابێ!.

چونکە وام هەست کرد, مامم دەربارەی دەزگیرانەکەم بەشێوەیەك بیردەکاتەوە گوایە لەکچانی دی خراپترە, نارەحەت بووم. لەوەرام دا, کەدەبێ چۆن لەقسەکانی تێ بگەین, بێ پەروا گوتی:

–بەم کلکەوە, کێ دەتوانێ بیگرێ؟ –مامم مەبەستی ئەوەبوو لەسەر پاشنەی بچەرخێ و بەتالووکە بەرەو زێدی بگەڕێتەوە, بەلام شانیم گرت:

–ئەو دەم, ئەنجامی ئەو گەشتەی من چی دەبێ؟

–لەوانەیە هۆشت وەبەر بهێنێتەوە!

–باشتر بوو, ئەمنیش بەدواتەوە بم ...

–بیری گەڕانەوە بەدەستی بەتاڵ, لەسەرت دەرکە! ...

مامم زۆری پەلەبوو –وێ دەچوو بیربکاتەوە کەدایکم, پێش گەڕانەوەی کوڕەکەی کە(من)م دەبێتە ژنی!

بەم شێوەیە, لێك جوودابووینەوە. (دایان–دۆڵدوروم) لەبارێك دا مافووری (زابزاب)ی دەستکاری (چاراخ)ی لەهەگبەدا بوو, دوورکەوتەوەو منیش رەق راوەستابووم‌و تا ئەو دەمەی دووکەڵی قەننەکەی لەسەر گەوەی گردەکە بەرزبۆوە, تەماشام کرد.

دیسان لەسەر جادەیەکی خۆڵ دا, هەنگاو دەنێم.

ئێستا لەدۆڵی (گاژلاشین)دام کە بەدەرماناوو قوڕەباشەکەی بەناوبانگە. لە سەدەی رابردوودا سکەی شەمەندەفەر بەم دۆڵەدا راکێشراوەو باوو باپیرانمان بەدیتنی, سەر سووڕماوانە هاواریان کرد: "**مەگەر دەکرێ عارەبانەی ئاسن بەبێ گا, مرۆوبار هەڵگرێ**! لەگەڵ هەندێش, ئەوە حەفتا ساڵە ئەوان بەخۆشحاڵییەوە هات‌و چۆی پێ دەکەن. لەهەردوولای سکەکە, ئێستگای گچکە گچکە لەخشتی سوورو بورجی ئاو کە لە بڵندترین دارگوێزیش بەرزترە, دەبینرێن.

بەلام ناوو ناوبانگی دەشتی (تارکاما)و دۆڵی (گاژلاشین) هەر لەبەر, ئەمانە نی‌یە. لێرە هەر درەختێك, گاشە بەردێك, وەك دێتە بەرچاوی من, پستە پست دەکەن: "**ئێمە, (دایان–دۆڵدوروم) دەناسین**!. مامیشم باش ئێرە شارەزایە: هەر لێرەدا خوێنی ئەو چیایی‌یانەی لەڕێگای شۆڕش دا تێدەکۆشان, رژاوە. مامیشم کە ئەو دەم لاوێکی بێ سمێڵ بوو, لێرە خۆی پاك کردەوە. لەوان سەردەمان دا, گەلێ کەس تاجی شانازی‌یان لەسەرنا, بەلام کەمیان زیندوومان. بەرێکەوتیش نی‌یە ئەو هەموو مێژوونووسانە بەسەردان دێنە گوندەکەمان تا لەگەڵ (دایان–دۆڵدوروم)ی قارەمانی زیندووی شەڕی ناوخۆیی هەمپەیڤ بن.

لەوان کاتاندا, دوو هەست پێکەوە لەدڵی مامم دا لەشەڕدان: لەخۆبوردن‌و ئەدەب. ئەگەر کاربەدەستانی وەزارەت تا گوندەکەمان ڕێگایەکی وادوورودرێژ

www.pertwk.com

دەبڕن, ناکرێ هەموو شتێکیان وەکوو خۆی بۆ نەگێڕدرێتەوە. تەنیا شتێك کە (دایان–دۆڵدوروم) حەزی پێناکا ئەوەیە: حەز لەو ڕێزە ناکا کەشایستەی نییە. بەڵام هەندێ مێژوونووس کەدێنەلای, ڕووداوەکان بەشێوەیەك دەنووسنەوە, گوایە ئەو لە شیرە خۆرییەوە هەستی چینایەتی هەبووەو لەمێرمنداڵیش دا بۆتە شۆڕشگێڕێکی هۆشیار!.

لەبەر هەندێیە ئەگەر (دایان–دۆڵدوروم) لەگۆدەکان ڕەخنە لەوانە دەگرێ کە هەوڵ دەدەن کارەکانی ڕابردوو بەپێوەری ئەمڕۆ بپێون. بەتایبەتی, جارێکیان لەڕۆژنامەی سەردیوار, کاریکاتۆرێك هەبوو: (دایان – دۆڵدوروم)ی جەسووری لەبارێك دا نیشان دابوو کە بەهەردوو دەستی کڵاوەکەی خۆی وەك ئارمی پارتیزانی لەسەر ناوەوەو بەڕێچکەیەك دا لەدەست ڕەوە مێژوونووسێکی قەڵەمو دەفتەر بەدەست ڕادەکا. ئەو لەوە زۆر تووڕە بوو.

ئەو دەم, مامم بەدەنگی بەرز گوتی:

–سێ جاران سێ– نۆ! پێویست بەدان جیڕکردنەوە ناکا! منی کەرەوان لەکوێ دەمتوانی تەواوی حیکمەتی ئەم سەدەیە بزانم؟ ئەمە مێژوونووسە تازەکارەکانن کەئێستا هەوڵ دەدەن وابخەنە مێشکی (دایان–دۆڵدوروم)ی سەربازی پیر: ڕووداوەکان نەك وەك ئەوەی من دیومن, بەڵکو وەك ئەوەی ئەوان دەینووسنەوە, وابوون.

ماوەیەك پێش ئێستا کتێبێك دەربارەی من نووسرابوو. گوایە لەیەکەمین شەڕدا, تۆپێکم لەچنگی سپییەکان دەرهێناوە. شەرم دەکەم بڕوانمە چاوی ئەوانەی پێکەوە لەبەتالیۆنێك دا خزمەتمان دەکرد! ئاخر وانەبوو, پێچەوانە بوو.

لەو سەردەمانەی من دەستم بۆ چەك دەبرد, زۆربەی گوندییەکان چووبوونە شەڕ. من کە نەمدەتوانی لەوان بەجێ بمێنم!. سەرباری هەندێش بیرم لەوە دەکردەوە, دەبێ لەم شەڕە شەرافەتمەندانەیەدا, وەك لەکۆن دا باوبووە, شتێك وەدەست بخەم, چونکە ماڵەکەم بەهەژارترین ماڵی گوند دەژمێردرا.

جارێکیان لەدۆڵی وەك لەپی دەستی (گاژلاشین)دا, تووشی گاردە سپییەکان بووین. ئەمن هێشتا سەرم سووڕما بو کە ئیستگەیەکی بچووکی دۆڵێکی ڕووتەن, چ بایەخێکی بۆ هاووڵاتییەکانم هەیە؟ بەڵام هاونیشتمانییەکانم بەهاواری (گو–گاریا) لەپشت بەردو بنچکەکانەوە دەرپەڕینو بەسەر سپییەکانیان دادا. هەڵبەتە ئەو دەمی تێنەدەگەیشتم لەبەرچی پێیان دەڵێن سپی. هەرئەوەندە, دەمبینین بەپێچەوانەی چیاییەکان پۆشتەو تاددان چەکدارن. ئەمما کاتێ سپییەکان دیتیان ئێمە هێرش دەبەین, چەكو عارەبانەکانیان بەجێ هێشتو هەڵاتن. بۆ یەکەمین جار لەژیانم دا هەستم بەو خۆشییە کرد کەدوژمن پشتت تێ دەکا.

لەگەرمەی پێکدادانەدا, بیرێکم کەوتە سەر: "(دایان–دۆڵدوروم) لەبیر مەکە, کاتی ئەوەیە شتێك پەیداکەی, تا کەلێنی هەژارییەکەتی پێ پڕبکەیتەوە".

دەبوایە کارەکە وا ڕێك کەوتایە کەمن لەوان دەمان دا, تووشی تۆپێکی بەجێ ماوبم؟ یەکسەر کڵاوەکەم لەسەر کردەوەو لەسەر لوولەکەیم دانا کە هێشتا دووکەڵی لێ دەهاتەدەرێو بەدەنگی بەرز, تا هاونیشتمانییەکانم گوێیان لێ بێ, گوتم: "ئەمە, هی منە!".

ئێستا ئێوە پێدەکەنن, بۆخۆشم پێکەنینم پێدێ. بەڵام ئەو دەمی, بواری بیرکردنەوەم نەبوو: ئاخر تۆپ بەکەلکی چیم دێ؟ هەتا زەویشی پێ نەدەکێڵراو ناشچێتەوە بیبەمەوە ناوگوند. ئەمما لەدواییدا, ڕێبەر منی بانگ کرد. ئەوکات وام بیردەکردەوە ناوی ڕێبەرەو خەڵکی لەبەر بلووزە لەچەرم دروستکراوو دووربینو قایشەکانی ڕێزی دەگرن. بەڵام نەخێر, بانگی کردمو لەبەر ئازایەتیم لەشەڕدا سوپاسی کردمو فەرمانی دا بچمە سەر بورجی پاسەوانان. هاتمە دەشتەکەو ڕۆیشتمو پاشان کە ماندوو بووم لێی ڕاکشامو کەڕکەکەم بەسەر

www.pertwk.com

خۆمدا داو نووستم. ئەگەر واگا هاتم، کەوتبوومە دەست سپییەکان– لەخەودا بەگوریس پێچرابووم‌و لەگەڵ خۆیان دەیانگێڕام.

سەرەتا وام هەست دەکرد کەوتوومەتە بەهەشت: نانیان دامێ، ئاویان دامێ‌و هەموو برین‌و داڕووشانی لەشیان تیمار کردم. پاشان لێیان پرسیم، کێم: **بەلشەفیك** یان **مەنشەفیك**؟ گوتم ئەمن چیاییم‌و ناوی هەموو خزمەکانی خۆمم گوت. بەڵام ئەوان وایان دەزانی کڵاویان لەسەر دەنێم، بۆیە ئەوەندەیان تێهەڵدام، وابزانم لەتەواوی شەڕو لێکدانی منداڵانی گوندەکەمان هەندەم وێ نەکەوتبوو. ڕاستییەکەشی ئەوەیە، منیش مستێکی باشم خێواندە کەپووی یەکێکیان‌و لەگەڵ لێدانەکەم کەوتەسەر زەوی‌و هەڵنەستاوە. ئەوانی دیکەم لێ دوورکەوتنەوەو سەرۆکەکەیان دەمانچەی دەرهێناو ڕووبەڕووی ڕاگرتم‌و گوتی: "یەك دەقیقەت مۆڵەت پێ دەدەم، وەرام بدەرەوە: بەلشەفیکی یان مەنشەفیك؟". ئەمن کەدڵم بۆ مردن لێی نەدەدا، کەوتمە ناوفکرانەوە، چ وەرامێکی ئەم شەڕە بدەمەوە.

کەمێکم ڕووسی دەزانی: سەماوەر، ماتووشکاو، سەگ، زۆرتر بدە، کەمتر مەدە...

بۆیە وام بەخەیاڵدا هات کە بەلشەفیك واتە ئەوکەسەی هەموو شتێکی هەیەو مەنشەفیکیش– واتە هەژار. مسۆگەر، ئەوان بەو پۆشتەیی‌یەی خۆیان، بەلشەفیکن!

باشە، منیش هاوارم کرد: "بەلشەفیك".

چیم بەسەرهات! وام سەرسووڕماو کردن، زۆری نەمابوو بکەونە سەر زەوی. جارێکی دیکەم وەرگەڕانێ. ئەگەر ئێستاش وەبیرم دێتەوە هێسکی لەشم دەلەرزن. دیسان هەندێ پرسیاری دیان لێکردم کەمن سەرەدەریم لێ دەرنەکرد. ئیدی سەلیقە بەفریامەوە نەهات– بێپەروا دەستم بەدرۆیان کرد، درۆی وام هەڵدەبەست ئەو سەری دیار نەبێ. وێ دەچوو بێزارم کردبن، بۆیە بڕیاریان دا

تاریك‌و ڕوونی ڕۆژی دوایی بمکوژن. بەڵام مەلای گوندەکەمان (مەلا محەممەد) لەوێ پەیدابوو. یەکسەر منی ناسی‌یەوەو شتێکی بەسەرۆکەکەیان گوت، بۆ نموونە وەك: "ئەمە گێلە، فەردەکایەو کوڕی شەیتانە، بۆچی بەخۆڕایی لێی دەدەن؟". بەهەرحاڵ هەتا ئەمڕۆش لەبەرخاتری قسەکانی ڕێزی دەگرم. سپییەکان بەقسەیان کردو پێلەقەیەکی توونديان خێواندمێ‌و بەڕەڵڵایان کردم، منیش خۆم گەیاندە هێزەکانی خۆمان‌و لەوێ تێ گەیشتم وشەی بەلشەفیك چ مانایەکی هەیە. لەو سەردەمی‌یەوە بۆ ترساندنی دوژمنان، ئارمی سۆر لەکڵاوەکەم دەدەم.

ئەم ڕووداوەم بۆ نووسەرێك گێڕاوە. بەڵام ئەو وای نوسیبوو کە گوایە تەنیا ئەو شۆڕشگێڕانە دەتوانن بەرگەی ئەو ئازاردانە بگرن کەلەبۆتەی خەباتدا قاڵبوونەتەوە. لەوانەیە بگوترێ، لێگەڕێ با بۆخۆی هەرچی دەنووسێ، بنووسێ. ئەمما لەلای گوندی‌یەکان ناپەسەندە. ئەوان زۆرباش دەزانن مەسەلەکە چۆنە. من کەبەئێوە دەڵێم– سێ جاران سێ– نۆ! مێژوو بابنووسرێ، بەڵام باشتی لێ زیاد نەکرێ.

وڵاتەکەمان بەبێ ئەوە هەژارە، لەوکاتەی کەمامم قسەی دەربارە دەکرد ببووە دورگەیەکی بەردەڵانی‌و لەهەموو لایەکەوە کەشتی‌یە شکاوەکان لەکەناریدا لەنگەریان دەگرت. چ کەسانێ هەوڵیان نەدەدا بەیارمەتی چیایی‌یەکان بەسەلامەتی لەدەریای پڕجۆش‌و خرۆشی شۆڕش دەربازبن! تورکیش‌و ئەڵمانەکانیش‌و قۆزاخی سپی‌و ئینگلیزەکانیش دەستیان لەدامەنی چیایی‌یەکان گیردەکرد. لەم هەراو هۆریایەدا، هەموو کەس نەیدەتوانی ڕێگای ڕاست بدۆزێتەوە. بەڵام ژیان خۆی، چیایی‌یەکانی لەگەڵ ئەوان کەساندا یەك خست کەمەشخەڵی ئازادی‌یان هەڵکردبوو، داوای لێ کردن لەپێناوی زەوی‌و خودموختاری دا، بجەنگن.

www.pertwk.com

بەشێوەیەك کە (حەسبۆلات)ی کەم دوو، پیرەمێردی گوندەکەمان دەیگێڕێتەوە، لەوان ڕۆژان دا (دایان – دۆڵدوروم) بێ درەنگ چووەریزی پارتیزانەکان‌و بەدروست کردنی شمشێری ئاسنینی (دیمەشقی)کە تائەمڕۆش بەناوبانگە، خەریك بوو. بۆیە لەخۆڕا نی‌یە، خۆی بەنەوەی (عەلی ئەسحاب)، ئەو ئاسنگەرە بەناوبانگەی ڕەمزی پۆڵای (دیمەشقی) بەئێمە گەیاند، کەخودی عەرەبەکانیش بزریان کردووە، دەژمێردرێ.

ناوبانگی ئەو شمشێرانە وەکوو هەورە برووسکە لەکوێستانێ دەنگی دایەوەو هەموو تێگەیشتن ئەوەی نەیبێ، پیاو نی‌یە. جگە لەهەندێش، لەهەموو بازاڕە بەناوبانگەکانی وەك بازاڕی (سوداخار) و (خۆنزاخ) و (ئاقوشین) یا (کووباچی) نرخی خەنجەرو شمشێری وەستاکانی دیکە، دەستبەجێ شکا. مامیشم– تەمەنی درێژبێ! –شانازی بەوەوە دەکردو شمشێرەکانی بەمۆری خۆی کە رستەی" **مردنی شەرافەتمەندانە لەچۆك دادان لەبەرامبەر دوژمنان دا، باشترە**"ی لەسەر هەڵکەنرابوو، دەفرۆشت.



بەڵام کابرایەك بەناوی (چوپالاو)ی خەڵکی (خاربوك) فێڵێکی کردو مۆرێکی لەمۆرەکەی ئەو دروست کردو دەستی بەفرۆشتنی دەستکارەکانی خۆی کرد بەناوی شمشێری (دایان – دۆڵدوروم). ڕۆژێك لەبازاڕی (سوداخار)، مامم بەرێکەوت گوێی لەم قسەیە دەبێ: "هۆی، کێ شمشێری(دایان – دۆڵدوروم) دەخوازێ!".

مامم یەکێکیان بەدەستەوە دەگرێ‌و لەکالانی دەردەکێشێ‌و لەمۆرەکەی کەبەخەتی عارەبی نووسرابوو، رادەمێنێ. یەکسەر (ساختە)کەی بۆ دەردەکەوێ. لەخۆڕا نی‌یە، پێشینان دەڵێن: "**ئەلف‌و بێی عارەبی سەیرە: ئەوەندە بەسە، مێشێك هەڵنیشێ‌و پاشماوەکەی بەجێ بهێڵێ، تا تەواوی مانای قسەکان بگۆڕێ**".

(دایان – دۆڵدوروم) بەبێ ئەوەی خۆی بناسێنێ، دەپرسێ:

–نرخی ئەم شمشێرانە چەندە؟

چاپالاوی خەڵکی (خاربوك)، وەرام دەداتەوە:

–تەنیا سێ ئەوەندەی نرخی شمشێری ئاسایی!

مامم پارەکەی دەداتێ، ئەمما هەر لەبەرامبەر کابراو لەبەرچاوی خەڵکی‌دا، شمشێرەکەی خۆی لەکالان دەردەکێشێ‌و شمشێرە کڕاوەکەش بەدەستی چەپ دەگرێ، بەیەك لێدان شمشێری کابرا بەکالانەوە دەکاتە دوو لەت. خەڵکەکە بەسەر سووڕمانەوە هاواریان لێ بەرزدەبێتەوە. مامیشم روودەکاتە ئاسنگەرە ساختەچی‌یەکەو پێی دەڵێ:

–لەبەر ئەوەی بەبێ ویژدانی ناوی منت بەکارهێناوە، سەرزەنشتت ناکەم. بەهۆی درۆزنی‌و ساختەچییەکەشت قسەیەك ناکەم، ئەمما دڵم دەسووتێ، وەختێ دوژمن دەرگاکەمان لێ دەگرێ تۆ چەکێکی بێ کەڵك دەدەیتە دەست سەربازان!.

تا ئەمڕۆش، ئەم ڕووداوە لەتەواوی گۆدەکانی کوێستانێ دەگێڕنەوە. ئەوەندە هەیە، نەڵێن تۆ لاف بەخزمایەتی خۆتەوە لێدەدەی!. واباوە دەڵێن: "**ئەگەر بێتاقەتی- شانازی بەکارەکانتەوە بکە، نەك بەکاری خەڵکی دی!**".

بەکورتی من هەوڵ دەدەم بەگێڕانەوەی بیرەوەریی پیرەمێردانی وڵاتەکەم، هەر نەبێ ڕێگا سەختەکەم کەمێ کورت بکەمەوە.

www.pertwk.com



# 3

شاره پڕ لەنەوتەکەی خەزەر (ئیزبرگ) کەوتۆتە بەردەمم. ئەم شارە تازەو پڕ لە گوڵو سەوزی‌یە، هاوزێی منەو بەمسوگەریش ئەوەندەی من بەئومێدە، بەخۆڕایی نی‌یە لەوێ پەندێك باوە، دەڵێ: **مادام"(ئیزبرگ)ت نەدیوە، لەمەڕ جوانی مەدوێ!"**، بەڵام شار هەرشارە!. لێرە، چاوت بەگۆدەکان ناکەوێ کەیەکسەر خانەخوێت لێ پەیدابێو فەرمووی ماڵەوەت لێ بکا. خانوی کوێستانیشی لێ نین کە بتوانی لەدەرگا بدەیو بڵێی: "**بیستوومە دەڵێن چاوەڕێی مێوانان دەکەن**!" بۆ سەرمێز داوەتت بکەنو پاشان بۆ حەسانەوە جێگاو ڕێگات پێ نیشان بدەن... — بەداخەوە، لەم شارەدا، شتی لەم بابەتە خۆشی هێنەرنین .. میوانخانەو چایخانەو چێشتخانە هەن– فەرموو هەموویان لەخزمەتت دان بەو مەرجەی پارەت هەبێ.

ئەمما کەسێ کەگیرفانی وەك دەشتی کاکی بەکاکی تەنیشت خەزەر رەشەبایە، دەبێ چ بکا؟

زمانم لەبرسانو لەبەر تێنوێتی وەك دارێکی لێهاتووە کە لە کاغەزی سمپارەیان وەرپێچابێ. لە پێڵاوەکۆنەکانم تەنیا قەیتانەکانیان بەسەلامەتی ماون– لە زۆزانەکانی ئێمەدا نارچەش دەسووێ! (دایان–دۆڵدوروم)یش ئەگەر بەجێی هێشتم شتی گچکەی وەك پارەی هەر وەبیر نەبوو، لەوانەیە بەئەنقەست ئەوەی کردبێ واتە فێر بە، خۆت خۆت بژێنە...

لەم بارودۆخە خەمبارانەیەدا، هەر لەخۆڕا ئەو پەندەم وەبیرکەوتەوە کەدەڵێ:

**"هەر بەردێکی تەنیشت ڕێگا لادەی، (کووباچی) یەکی بەکەرستەی تەواوی کارەوە لەبن دێتە دەرێ".**

ئەم پەندە ئارامی کردمەوە. شاری (ئیزبرگ) چەندەش تازەبێ، مسۆگەر کارگەی خشڵسازی تێدایەو هەرچۆنێکیش بێ ناکرێ تەقەی چەکووشی کووباچی تێدا نەیێ. ئەو شوێنەی جێگای هاوگوندی‌یەکانمی تێدا دەبێتەوە، بەمسۆگەری جێگایەکیش بۆ من پەیدا دەبێ.

بەدڵێکی پڕ لەئومێدو بەورەوە چوومە ناوشار.

دۆزینەوەی کارگەی خشڵسازی کارێکی زەحمەت نی‌یە: هاوگوندی‌یەکانم دەزانن ئاپۆڕەترین شوێن هەڵبژێرن. بەرەو ناوەندی شار دەڕۆیشتمو لەخەیاڵم دا ئەو وەستایەم دەهێنایە بەرچاو کە چاوەڕوان بووم، ببیینم. رەنگە پیاوێکی ردێن سپی کەبەسەر دەزگاکەی داهاتۆتەوە یان پیاوێکی مام ناوەندی کەحەزی نەکردووە لەگەڵ پشکنەری دارایی مامەڵەبکا، لەگوند چۆتە شارو ئیمتیازی پیشەی خشڵسازی وەرگرتووە ... بەڵام کاتێ رووبەڕووی جامخانەی کارگەیەکی وابوومەوە کەلەخەیاڵم دا دروستم کردبوو، ژنێکی پیری چاویلکە لەچاوم بینی خەریکی نەخشاندنی جلو بەرگ بوو.

www.pertwk.com

دانی پێدا دەنێم, شێوام, ژن زۆر بەدەگمەن ئەم کارانە دەکا. ڕێگایەکی دیکەم لەبەردەمدانەبوو. چوومە ژووریٚو بەزاری (کووباچی) پیرۆزباییم لەژنەکە کرد. ژنە هونەرمەندەکەش سەری بەرزکردەوەو وازی لەکارەکەی هێناو چاویلکەی لەچاوان کردەوەو, پاشان بەتووندی دەستی گوشیم‌و فەرمووی دانیشتنی لیٚ کردم: منیش لەکارەکەی ورد دەبوومەوە. بەرگێکی زیوی بۆ ئەلبومێك دروست دەکرد. دیاربوو بەهرەوەر بوو.

ژنی هونەرمەند ئەگەر زانی کارەکەی بەدڵی منە, دەستی بەگلەیی‌یان کرد: ئەو قەت ناتوانیٚ نەخش‌و نیگارێك بدۆزێتەوە لەگەڵ نەخشەکانی جودابن‌و لەهەمان کاتیش دا تایبەتمەندی هونەری میللی داغستانیش لەدەست نەدا.



ژنی هونەرمەند وەختیٚ لەمن گەیشت داوای لیٚ کردم یارمەتی بدەم. منیش بەخۆشحاڵی, ڕازی بووم‌و بەخۆشحاڵی‌یەکی زۆرترەوە داوای ژنە کووباچی‌یەکەم بۆنان خواردنی نیوەڕۆ, لەچێشتخانەدا قبووڵ کرد.

دوای نیوەڕۆ, ژنە میهرەبانەکەی (کووباچی)لیٚم ورد دەبۆوەو, ئەمنیش تیٚ دەکۆشام پێڵاوە گوناحەکانم لەنیگاکانی بەدووربگرم. لەگەڵ هەندێش, پرسیاری کرد: ئایا کەسێك بەناوی (دایان–دۆڵدوروم) دەناسی؟

بەشانازی‌یەوە گوتم:

–مامەمە!

ئەو کە بەگاڵتە پێدەکەنی‌و گوتی:

–لەبەر هەندیٚ بوو پێڵوی چاوی چەپم لەبەیانی ڕا هەڵدەپەڕیٚ! واتە هێشتا زەوی بەرگەی دەگریٚ؟

–بەڵیٚ ساغ‌و سەلامەتە ...

بەتێفکرینەوە گوتی:

–چەندان بەفر بەسەر دوادیدارماندا باریوە, مسۆگەر منی لەبیرچۆتەوە!.

ئەمن بەبیٚ سەبری گوتم:

–کیٚ, ئێوەی لەبیرچۆتەوە؟

–ژنی پێشووی ...

–ئێوە ژنی ئەو بوون؟ –زۆری نەمابوو بکەوم– ئەتۆ (سیباتس)ی؟

–بەڵیٚ, وام ناودەبەن. باشە, ئەو هێشتا ڕەبەنە؟

–نا, بەترسەوە گوتم: نەکا مەبەستی گەڕانەوەی لای (دایان–دۆڵدوروم)ی هەبیٚ!؟

درێژەی بەقسەکانی دا:

–خودا دەزانیٚ چیم دەربارە دەڵیٚ! پیاوێك بوو بەرگەی نەدەگیرا! قەت نەیدەویست هونەری زێڕنگەریم فێربکا. هەر دەیگوت ئەمە کاری ژنان نی‌یە.

ئەم قسانە مات‌و سەرسووڕماویان کردم. وەختیٚ لەیەك لاوە دەڕوانی‌یە ڕاستی‌یەکان چتۆ بەهەڵەدا دەچی! ئایا دەمتوانی وابهێنمە بەرچاوم کە مامە تیٚگەیشتووەکەم لەژیانی تایبەتی‌دا, دیکتاتۆر بووبیٚ!.

–تۆ بۆ پەشۆکاوی؟

–چۆن؟ ڕووبەڕووبونێکی وا, مامۆژنم...

–باشە, خۆ ئەو ماوەیەکی ئەوەندە زۆریش فەرمانڕەوام نەبوو! – "سیباتس" بەجۆرە فیزێکەوە گوتی: –ئاخر منیش زۆر کەللەڕەقم! کاتیٚ تیٚگەیشتم ئەو بەهیچ شێوەیەك مۆڵەتی کارکردنم نادا– دەستم لەهیچ نەداو گوندم بەجیٚ هێشت. ئێستاش من بەهونەرمەندی هەڵکۆڵین‌و نەخشاندنی واقیعی دەزانن. هەر چۆنێك بیٚ, ئەوەی ڕابرد, ڕابردو هەنووکەش گرنگترین مەسەلە لەلای من ئالبومە.

دەستمان بەکار کرد.

زۆرم حەز دەکرد یارمەتی ئەم ژنە بەورەیە بدەم‌و بەدوای کاریگەرترین نەخش دا زیاتر لە دە پارچە کاغەزی گەورەم ڕەش کردەوە تا بەسەرسوڕمانێکی زۆرەوە

www.pertwk.com



نەخشێکی فرەجوانم دروست کرد کە (سیباتس)یش بەدڵی بوو. لەو ماوەیەدا کەخەریکی کار بووم، بەردەوام مامم لەخەیاڵ دا بوو. لەوانەیە، هەستی پێشبینی ئەم دیدارە ببێتەهۆی گەڕانەوەی؟ ئەگەر وابێ، دیارە گەلێ خۆشبەختە.

نزیکی سەعات پێنج، نەخشەکەم تەواو کردو دەمویست بچمە دەرێ. (سیباتس) نەیدەویست بڕۆم، دەیگوت هەر ئێستا مێردەکەی کە کرێکاری نەوتە لەئەسکەلەی دەریایی دەگەڕێتەوە، بۆچی ئاشنا نەبن؟ ئەمنیش بەهەنجەتی ڕێگای دوورو ماندوبون، هەستام.

خۆی نرخی بۆ کارەکەم داناو پارەیەکی وام کەوتە گیرفان کەدەمتوانی بەبێ هەست کردن بە شەرم بچمە هەر دوکانێکی پێڵاوفرۆشی. بەزوویی بەخۆو بە پێڵاوێکی مارکە (تیژرەو) لەجادەکانی (ئیزبرگ)دا وەدەرکەوتم، وەك ئەوە بوو پۆتینەکە، خۆی منی بۆ ڕێگایەکی دوورتر، ڕێگای ئاوارەیی دەبرد.

بەر لەهەندێ دەبوایە کەللەم بخەمەکار، تا خۆم لەپێڵاوە کۆنەکانم رزگارکەم کە کچە فرۆشیارەکە خستبوونیە ناو ڕۆژنامەیەکەوە. وێ دەچوو، جادە خاوێنەکانی شارە تازەکە، تاقە شوێنێکیان بۆ پیسایی کۆکردنەوە، تێدا نەبێ. ڕەنگە لەدوا یەك شەممەی پاککردنەوەی گشتی بزر بووبن. یان بەرپرسانی شار وەبیریان نەبووە زبڵدان پێویستە؟

بەکورتی، بەدزی لەدەوروبەری خۆم رامامو پێڵاوە بەڕۆژنامە پێچراوەکەم لەسەر کورسی‌یەکی بلوار بەجێ هێشت. دە هەنگاو دوورنەکەوتبوومەوە ئەگەر پیرەمێردێکی نوورانی دڵساف، شانی گرتمو ڕۆژنامە پێچراوە (لەبیرچووە)کەی خستەوە ناودەستم.هەوڵم دا پێڵاوە شوومەکان بخەمەناو عەرەبانەی نەوت فرۆشێك (چ بکەم، شار لەبۆڕی گاز خێراتر فراوان دەبێ، بەناچاری نەوت بەعارەبانە کە کەرێك رایدەکێشێ، دەگەیەننە گەڕەکە تازەکان). بەڵام نەوت فرۆش کە دیتی پیاوێکی نامۆی لێوەنزیك دەکەوێ، یەکسەر گومانی لێکردمو لێنەگەڕا پێڵاوەکانم دانێم.

دوای کەمێك، عارەبانەیەکم لەکوچەیەك بینی کەدوو ئەسپ رایاندەکێشاو باوڵێکی گەورەی تێدابوو. وام بەخەیاڵ داهات، لەوانەیە پیسایی بەهۆی باوڵی واوە لەشار ببەنە دەرێ. سەری باوڵەکەم هەڵداوە تا پێڵاوەکەی خۆشمی تێباوێم! خودا رۆژی خراپ نەهێنێ! لەو باوڵانەوە سەگی جۆراو جۆر، گەورەو گچکە هەڵمەتیان کرد. وێرانەگەیشتم سەریان بەسەردا بدەمەوەو وەك ئاگر لە عارەبانەکە دوورکەوتمەوە. ئەگەر ئاوڕم دایەوە، دووسەگەوان بەجوێن‌و نەفرەت وەدوام کەوتوون. ناچار بووم، گیانم رزگار بکەم، یەك نەفەس بۆ جێگایەك هەڵێم تا ئەم شارە پاك‌و خاوێنەم لەدواوە بەجێ بمێنێ. لێرەدا، کەوشە پێچراوەکەم فڕێدایە ناو ئاوی تەنیشت جادەکەو بەدڵێکی خەمبارەوە ملی ڕێگام گرت.

## 4

کۆتایی ڕێگام دیار نی‌یە! دیسان دەگەمەوە زۆزانەکانی زێدەکەم، دوور لەخەزەری درەوشاوە، دوور لە (ئیزبرگ) کەلەسەرەوە تێ‌ی دەڕوانی، لەمێزێکی پڕ لە سەوزی دەچێ، دوور لەوشارەی، لێوارەکانی ئەستێرەی دەریایی وەبیر

www.pertwk.com

دێننەوە. چونکە ئەسکەلەکانی وەك تیشکێکی درێژووکانی لەناو دەریادا پەخش دەبن.

پێشان, کووباچی‌یەك بەدوای تریٚدا دەچێتە تارکاما. ئەگەر لەگوند وەدەرکەویٚ لەسەر ڕێگا تلی‌یە تریٚیەك دەدۆزێتەوە. دەیخاتە زاری‌و بیر دەکاتەوە:

"چ یەك قل, چ یەك قەرتاڵە" تامیان یەکە! منیش کە تامم کرد, دەتوانم بگەڕێمەوە!. و گەڕایەوە.

ئەمما من وانیم, لیٚگەڕیٚ بامەزەی سەفەری دوورودرێژ دەرك بکەم, بۆیە تا نەگەمە ئامانجم, ناگەڕێمەوە ماڵیٚ. بەتایبەتی کەپەرجووی زۆر هێشتان لەوڵاتی کوێستانیٚ چاوەڕوانمن. بۆ نموونە ئەمە– ئایا پەرجوو نی‌یە؟ لەنزیك مەیدانە



ئاسفەلتەکەی, فڕۆکەخانەی هەلیکۆپتەرەکان خەڵکێکی زۆر کۆبوونەتەوە. ئەمانە بەخۆو کامیراکانیانەوە دەچنەلایەك‌و بەپەنجە لایەك نیشان دەدەن‌و بەهاوار پەرۆشی خۆیان دەردەبڕن. لەراستی‌دا چۆن پەرۆشی دروستکراوی دووبارە نەبۆوەی سروشت نەبوو؟لەو شوێنەی ئێمەی لیٚ راوەستاوین, کەپکە شاخێکی گەورە لەزەمینەی ئاسمانی شین, وێنەی رووێکی پۆشکین– نەوەی گەورەی ئاراپی تزاری گەورە, دەنوێنیٚ. لەوە دەچیٚ لەسەر کورسی‌یەك بەراحەتی پاڵی دابێتەوەو بەتیٚفکرینەوە لەپانی‌یە بیٚپایانەکەی دەریا بڕوانیٚ. درەختە پڕ گەڵاکان, وەك ئەوە دێنەبەر چاو کە مووە پڕوگروازەکەی پێك دێنن‌و ئەو بەردانەی تەوێڵ‌و کەپووی‌و چەنەگەی دەنوێنن, ویٚ دەچیٚ لەلایەن پەیکەرتاشێکەوە دروست کرابن. گوایە سروشتی قەدرزانی قەفقازی ئەم پەیکەرەی بۆ دەنگبێژە ئیلهام بەخشەکەی خۆی خولقاندووە.

ئەمن تەنیٚ داخم ئەوەیە, ناتوانم ئەم پەرجووانە پێشکەشی (سەرميناز ) بکەم...

لەسەرەوەی ئاسمانەکان, هەلیکۆپتەرێك بەدەنگێکی زەلام هەوای شەق کردو نیشت‌و سەیرانکەران روویان کردە زگە سەوزەکەی. بهێننە بەرچاو, دوای دووسیٚ سەعاتیٚ کەئەوان لەشوێنێك دەباتە شوێنێکی دی, من دەبیٚ بەچەندان رۆژ بیگەمیٚ!.

منیش هەر لەخۆمەوە چەند هەنگاوێکم بۆلای هەلیکۆپتەرەکە رانا, بەڵام دەتگوت لەو دەمی‌دا مامم دەنگی داوم:

–چۆن شەرم ناکەی؟

لەمێشکی خۆمدا پرسیم:

–مەگەر چیم کردوە؟

–خۆت بەدەست هەواو حەزەوە دەدەی ... ڕیٚ‌و شوێنت پێشێل دەکەی. رێگات پیادە یان سواری ئەسپ بوونە! –زۆر بەروونی ئەمەم گویٚ لیٚبوو.

–بەڵیٚ, مامی خۆشەویست, بەڵام ئاخر. کاتیٚ ئەم ڕیٚ‌و شوێنە دانراوە, نەهەلیکۆپتەر هەبووە نە ترومبێلیش!.

–مەسەلەی ترومبێل نییە. تۆ پێویستت نی‌یە وەك باوبرووسکە بڕۆی, بەڵکو وەك گوتراوە دەبیٚ پاشنەکانت لەڕێگاکانی زۆزانی‌دا بسووێنی‌و لەژیان بگەی.

بنچینەی مەسەلەکەش لێرەدایە, زیاتر دنیا ببینی ...

وەرامم داوە:

–لەسەرەوە, باشتری دەبینم!

–دیارە بڕیارت داوە قسە لەقسەی گەوران بکەی؟ "لەلای خۆمەوە دەمخستە بەرچاوم کەچۆن (دایان–دۆڵدوروم)م بەهەڕەشە برۆکانی گرژ کردۆتەوە" من لە تەمەنی تۆدا ....

–خۆ تۆ خۆت هەڵناکێشی, لەتەمەنی من دا ئەوەندەت دەزانی کەمن هەنووکە دەیزانم؟

www.pertwk.com

—زۆرترم دەزانی.

—دیارە ژیان بۆ پێشەوەنا, بۆ دواوە دەگەڕێتەوە؟ وەبیرت بێنەوە کەدەتگێڕاوە چۆن لەقوتابخانەی لەناوبردنی نەخوێندەواری‌دا دەتخوێند.

—قەیدی چی‌یە؟

—ئاخر, خۆت دەتگوت ئەو دەمی بەسپی لەسەر رەشتان دەنووسی, بەڵام ئێستا بەرەش لەسەر سپی دەنووسن. لەشتەکانی دیکەشدا, جودایی جۆر بەجۆر هەیە!

—نەکا فەلسەفە بکەی؟ —مامم سەری سووڕما, بەڵام لەدوایی‌دا بەزەیی پێمدا هاتەوەو فەرمانی‌دا— باشە, سواربە, دەنا شەوێ لەچۆڵ و بەرپیادا دەمێنیەوە...

هەڵبەتە, بێ‌درەنگ ئەومۆڵەتەم قوستەوە کەبەگوێی خۆم بیستبووم. هەر چۆنێك بێ, ئەگەر مامم پێ‌بزانێ من ڕێ‌و شوێنی باووباپیرانم پێشێل کردووە, دەتوانم بەپشت بەستن بە گفت‌و گۆ خەیاڵی‌یەکەمان بەرگری لەخۆم بکەم.

هەلیکۆپتەر بەرەو شاخەکانی (سالاتاو) هەڵفڕی.

نازانم بەهۆی ئەوەوە کەمن پێم لەرادەی دیاری‌کراوی یاسا درێژترکردبوو, یان ئەم یاسایە بەوردی رێك نەخراوە, بەڵام بەو دڵە پیسەی سواری هەلیکۆپتەر بووم, خەمێکی واقیعی خستمە سەرملان. لە (چیرکە) زانیم پێش چەند سەعاتێك (سەفەر علی) خاڵوانی مامم, مردووە. ماوەیەك بوو, بەهۆی نەهاتنی نامەکانی, مامم هەستی بە ناڕەحەتی دەکرد. دیارە ئەم پیرەمێردە میهرەبانەی, ناوی لەتەواوی کتێبی قوتابخانەکانی وڵاتی شاخاوی‌دا تۆمارکراوە, زۆر نەخۆش بووە.

(سەفەر علی), یەکێك لەبەلشەفیکە کۆنەکان و قارەمانی دووشەڕ بوو کەهەتا لەژیانیشی‌دا, بووە کەسایەتیەکی ئەفسانەیی. لەمەڕ کەڕکەکەی دەیانگوت گوللە نایبڕێ, هەرچەندە من خۆم بینیبووم وەك بیژینگ کون کون ببوو. (سەفەر علی) لەشەڕی رابردوودا کەئەودەمی تەمەنی گەیشتبووە حەفتا ساڵ لەگەڵ هاونیشتمانی‌یەکانی تا بەرلین چوو, و بەهەمان کەڕك, شەوی لەسەر پلیکانەکانی (رایشتاگ)دا رۆژی کردووە.

چیایی پیر, پیاوێکی وابوو.

من هاوکاتی ناشتنی گەیشتمەجێ. پرسەداران بەخێرایی بەرەو ئەو گۆڕستانە کۆنەی, کێلەکانی لەدوورەوە دیاربوون و خەڵکی (چیرکە)ش شانازییان پێوە دەکرد, دەچوون. ئەم کێلە, گۆڕێکە بەمۆری (ئیمام شامیل) نەخشێنراوە. لە ژێری‌دا (ئەمیرخان)ی چیرکەیی, یەکێك لەمریدەکانی ئیمام, بەئارامی خەوتووە. ئەمەش کێلی گۆڕی چیایی‌یەکە کە وێڕای کۆمۆنارەکان لەپاریسی دوور, شەهید بووە. لێرە, کەسانی ئازاو دانا, وەستاو جەنگاوەر, خەوتوون. (سەفەر علی) خزمیشم تێکەڵیان دەبێ.

ڕێ‌و شوێنی شاردنەوە تەواوبوو. شەوێکی گەرم دەستی پێ‌کرد. خشە خشەی گەڵاکان, جریوە جریوی باڵندە بێدارەکان و هاژەی رووبار— هەموویان لەپەلکە زێڕینەی دەنگەکانی ئاسمانی شەوانە دەچن.گوندە کوێستانی‌یەکەی (چیرکە) لەبەر تریفەی مانگ دا, سەرپۆشێکی سپی بەسەر خۆداداوەو لەسەر لەپی دەستی زۆزان دا, ئارامی گرتووە. لەوە دەچێ, خانووە کۆنەکان لەژێر شوڕە شوڕی بەردەوامی رووباردا, بچرپێننە گوێی یەکدی. لەوانەیە ماخۆی کۆنیان و میوانە بەناوبانگەکانیان وەبیر بهێننەوە؟ (گاگارین) ی وێنەکێشی رووس لەنێو ئەم چوار دیوارانەدا ژیاوە. ئایا لەشەوێکی وادانەبوو کەتارمایی خانووی زۆزانیێ نقوومی مانگەشەو— هەمان شتێ کە پاشان لەتابلۆیەکدا زیندووکرایەوە, بووەهۆی سەرسووڕمانی؟ لەشەوانێکی وادا نەبووە, کە (پیراگوف)ی نەشتەرگەر زامەکانی (شامیل)ی نایبی تیمارکرد کە لەمەیدانی نەبەرددا لەتەك ئەفسەرێکی بریندای رووس کەوتبوو؟ رەنگە لەشەوێکی وادا بووبێ, خەڵکی (چیرکە), ئەو دەرەجەدارو سەربازانەی رووس کە لەقەڵای (یوگن) رایان کردبوو, دیل کردبێ‌و

www.pertwk.com

سندمیان کردبنە پیٚو لەچاڵێك دا زیندانیان کردبن؟ ئیدی مسۆگەر لەشەوێکی وادابووە کیژێکی مێردمندالًی چیرکەیی یارمەتی دان تالەزیندان هەڵێن. کێ دەزانیٚ بنچینەی چیرۆکە بەرزەکەی (دیلی قەفقاز)ی **تۆلستۆی**، ئەم رووداوە نەبووە؟ کێ دەتوانیٚ بڵیٚ، (میرزا)ی لاو، هەمان شۆڕشگێڕیٚ کە لەباریکادەکانی کۆمۆنی پاریس دا دەجەنگا، لەشەوێکی وادا بەدوای چارەنووس دا، گوند– زێدەکەی بەجیٚ نەهێشتووە؟

بەردەکانی (چیرکە) یادگاری زۆریان هەیە، رابردوویان پڕ لەشانازی بووە، بەلاٚم بەم نزیکانە ئەوان لەژێر دەریایەك دا کەهۆشە جەسوورو دەستەزێڕینەکانی مرۆڤـ ، لەدلی کوێستان دا دروستی دەکەن، دەنێژرێن. لەگەڵی‌یە قووڵەکەی (سولاك)، ئیستگەیەکی کارەبایی ئاو بەبەربەستێکی بڵند، دروست دەکریٚ. (چیرکە)ی کۆن دەسڕێتەوە، بەلاٚم لەلێواری گۆلاوە گەورەکەدا، (چیرکە)ی نویٚ کە ئیدی گوند نی‌یە، شارە سەرهەڵدەبڕیٚ. ئەم شارە وەك دامەنی کەپەنگی سوارێك کە بەپێچەوانەی با رکێب لیٚ دەدا، ئاوەلاٚ دەبیٚ. لەشەوێکی وادا چرای جادەکانی، لەپێشبڕکیٚدا لەگەڵ ئەستێرەکان دەجریوێنن و لەبەرزایی، مێرگەکانی کۆنە کوێستانیٚدا کە بۆتە دەریا، کۆنە هەلۆیەکی زۆزانی (سالاتاو) جێگای خۆی بۆ باڵندەیەکی پیٚپانی باڵدرێژ کە هاوڕیٚ لەگەڵ ئاودا، ژیان بەخشە، چۆڵ دەکا.

5

لەم شەوەدا، قسە لەمەڕ بەردەکانی گۆدەکانی (چیرکە)، لەمەڕ فیداکاری‌یەکانی (سەفەر عەلی) بوو. زۆربەی روداوەکانی ژیانی، لەیادی خەڵکی‌دا زیندوون، چونکە هەموو ژیانی مرۆیەکی شایستە لەبەر چاوان رادەبریٚ.

ژمێریاری کەلخووز، تەمەن شێست ساڵەی (چیرکە)یی کەلێرە بەتەمەنێکی مام ناوەندی دادەنریٚ، دەیگوت:

–بەڵیٚ، (سەفەر عەلی)– خەوی هەمیشەیی ئارام بیٚ، – پیاوێکی سەیربوو. وەبیرم دیٚ کەلە (قیزلار) لەکن کابرایەکی ئەرمەنی بەکریٚکاری دەکرد، گەڕایەوەو گوتی: بوومەتە کۆمۆنیست. بەلاٚم گوندی‌یەکان، هەرچۆنێکی تیٚی رادەمان، شتێکی تایبەتی‌یان تێدا نەدیتەوە، لەکاتێکدا خوا دەزانیٚ ئەو دەمی چی‌یان بەکۆمۆنیستان دەگوت!. تەنیٚ دیتیان (سەفەر عەلی) سمێڵی کورت کردۆتەوەو چەنگە مووێکی لەبن کونە لووتی‌دا، هێشتۆتەوە. رۆژی دوایی، (زەینەدین)ی

www.pertwk.com

دەوڵەمەند و دەست ڕۆیشتووی (چیرکە)، وەك ناڕەزایی دژی بەلشەفیکەکان، سمێڵی خۆی هەڵپاچی، دەتگوت دووباڵی تێکەڵ و پێکەڵی باڵندەن. ئەگەر (سەفەر عەلی) چاوی پێکەوت، بانگی کرد: "ئەی پیاوچاکینە، سمێڵ، چ گوناهی هەیە؟!".

(زەینەددین) ئەم هەتك پێکردنەی (سەفەر عەلی) لەناو دوونانی گەرم ناو لەوانەیە بەرێکەوتیش نەبووبێ کەدوای جێگیرکردنی دەستەڵاتی سۆڤیەتی لە کوێستانێ، (سەفەر عەلی) لەگەڵی ڕووبەڕووبۆوە.

ئەو، دەستەی زەینەددینی لەجێگایەك دا بەناوی (ئۆرسکی) ئابلووقەداو ماوەی بیست ڕۆژ ڕێگای جوولانەوەی پێنەدان. ڕۆژی بیست و یەکەم (زەینەددین)، بە پەیکێك نامەیەکی بۆ نارد: "بەهیچ شێوەیەك، ئێمە خۆمان بەدەستەوە نادەین، بەڵام ئایا سەرکەوتن بەسەرخەڵکی بێهێزو برسی پێویستی بە ئازایەتی‌یەکی زۆر هەیە؟ من تۆ بەمەرد دەزانم، بەڵام دەبێ دوژمنان لەهەل و مەرجی بەرامبەردا، دژی یەکدی بجەنگن" ...

بەڵێ (زەینەددین)، سوودی لەدڵپاکی (سەفەر عەلی) وەرگرت، چونکە چەند عەرەبانەیەکی پڕ ئازووخەی بۆ ناردن. دوای سێ ڕۆژ، دوای نەبەردی نێوانیان دەستی پێکرد. هەردوولا بێ بەزەیی‌یانە لێکیان دا. (زەینەدین) لەسەرەمەرگدا گوتی:

–"سەفەر عەلی" تۆ سەرکەوتی! ئەو سێ ڕۆژە پێویست نەبوو تا پیاوەکانم بحەسێنەوە، بەڵکو چاوەڕوانی یارمەتی دۆستەکانم بووم. دیارە هێزەکانمان لەهەموو شوێنێ تێشکاون"...

بەڵێ، (سەفەر عەلی) پیاوێکی ئازابوو، یادی هەمیشە بەخێربێ!

(ئۆدورات)ە خێل، قسەکانی کورت کردنەوە:

–ئازایەتی بریتی‌یە لەبەرگەگرتن، هێزو ئامادەیی بۆ نەبەرد! شەڕ تەواو ببوو و (سەفەر عەلی) چەکەکەی دانەدەنا. جارێکیان پێمان گوت: ئەرێ کاتی ئەوە نەهاتووە، چەکەکەت دانێی تا لەکاتی پێویستی‌دا هەڵی گریەوە؟ لەوەرام دا، بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی: "من ئامادەم ئەم کارە بکەم، بەڵام کاتی پێویست چۆن دەست نیشان دەکرێ؟".

لەگەڵ تەواوبوونی قسەکانی (ئۆدورات)ە خێل، میوانێك کە لەگوندێکی دیکە بۆ بەجێگەیاندنی دواڕێزو گەردەن ئازادی هاتبوو، هاتە ناوقسان:

–لەپێناوی دەستەڵاتی خۆمان (سەفەر عەلی) لەخوێن ڕشتن و بڵاوکردنەوەی زانیاری‌یەکانی، درێغی نەدەکرد. ئێوەی هاووڵاتی دەزانن کەئەو چۆپان بوو. ڕۆژێك یەکێك لێی پرسی: بۆچی بەدەستی چەپ کاغەز دەنووسی؟ (لەوکاتەدا ئەنجوومەنی ناوچەبوو) وای وەرام دەداتەوە: "چونکە بەدەستی ڕاست چەك هەڵدەگرم و داکۆکی پێ لەوە دەکەم کەبەدەستی چەپ دەینووسم".

ئەو، وەکوو هەموو خەڵکە بەهۆشە واقیعی‌یەکان، خەڵکی لەخۆڕازی خۆش نەدەویست. جارێکیان سەرۆکێکی خۆپەرست کەهیچی لەکارەکەی نەدەزانی، لەگەڵ خۆ دەهێنێتە گۆدەکان. لەوێ بەردێکی گەورەی پێ نیشان دەدا: "هەڵی گرە!" سەرۆك وەرام دەداتەوە "پێم هەڵناگیرێ!". ئەودەم (سەفەر عەلی) دەپرسێ: "دانی پێدا دەنێی ئەم بەردەت پێ هەڵناگیرێ، ئەمما شەرم دەکەی بڵێی ئەو پلەو پایەیەی هەمە، جێگای خۆم نی‌یە!؟ ئەگەر ڕێك و ڕاست بتگوتبایە ئەم کڵاوە بۆسەری من گەورەیە، -هەم بۆ خۆت و هەم بۆ خەڵکیش ڕاحەت تربووا!".

ژمێریاری کەلخووز خەمبارانە گوتی:

–قارەمانەکان، ناوەخت بەجێمان دێڵن. ژنێك هەبوو، خەڵکی تورکیا، تەمەنی گەیشتبووە سەدو پەنجا ساڵ. ئەگەر هەستی کرد مەرگی نزیك بۆتەوە، بەگوڕ گریا: (کەم ژیام!). ئەمما (سەفەر عەلی) یەکەی ئێمە تەنێ نۆهەت ساڵ ژیا. دەیتوانی چەندان ساڵی دیکەش دەرهەق بەخەڵك چاکە بکا.

www.pertwk.com

–ئەی پیرەمێردینە وەبیرخۆتانی بهێننەوە کەساڵانی بیست چەند بۆئێمە سەخت بوو ... دەتگوت بۆیە بەسەر دوژمنان دا سەرکەوتین تا لەبرسان و لەبەر نەخۆشی بمرین!. کاتێ داغستان چەند نوێنەرێکی نارده لای (لینین), (سەفەر عەلی)یشیان لەگەڵ دا بوو. هەرچەندە لەرووسیاش بارودۆخی ژیان نالەباربوو, بەڵام (لینین) گوێی لەقسەی نوێنەرەکانی گرت– چەندان شەمەندەفەری پڕ لە کوتاڵ و تۆو, بۆکشت و کاڵ شۆڕبوونەوە لامان. لەوکاتە سەختانەدا, نە لەرۆژهەڵاتەوە کەهەتاوی لێ هەڵدێ و, نەلەخوارێ و نەلەڕۆژئاواش لەگەڵ جوانی وەسف کردنیان, بەڵکوو لەسەرەوە, لەڕووسەکان دەستی یارمەتی بەرەولامان درێژ کرا. چیایی‌یەکان وەبیریانەو هەمیشەش وەبیریان دەمێنێ ...

وێژەر (ئۆدورات) بوو, پشووێکی داو لە هیکڕا رووی دەمی تێکردم:



–بەهادۆر, چما بێ دەنگی؟

–(ئۆدورات)ی بەڕێز, بەڕاستی لەبەر هەندێ ناڕەحەتم کەلێرە لەخزمەتی پیاوانی بەڕێز دانیشتووم و مامم ئامادە نی‌یە. ئاخر (دایان – دۆڵدوروم), لەگەڵ خوا لێخۆشبوودا زۆر دۆست بوو!.

–بەڵێ, هەردووکیان شایستەن. لەمەڕ خەڵکی وا قسە زۆرە. وەبیرم دێ لە ساڵی بیست و دوو, سەیرانکەرێکی بیانی بەرێکەوت ڕێگای کەوتبووە (کووباچی). تەماشای کرد (دایان – دۆڵدوروم) کە ئەودەم هێشتا تەواو گەنج, بەڵام وەستایەکی بەناوبانگ بوو, وێنەیەکی جوانی (لینین) لە عاج هەڵدەکەنێ, سەیرانکەر دەڵێ:

–"کارێکی جوان و سەختە! مسۆگەر چەندان مانگە پێوەی خەریکی؟".

(دایان–دۆڵدوروم) بەبێ سەر بەرزکردنەوە, دەڵێ:

–نزیکەی یەك ساڵ!

کابرای بیانی درێژەی بەقسەکانی دا:

–"بەئومێدی چ سوپاسێکی؟".

(دایان–دۆڵدوروم), ئاوڕ دەداتەوەو پەنجە بۆ وێنەکە راکێشاو دەڵێ:

"من دەبێ سوپاسی بکەم!".

ئەو شەوەم لەگەڕەکی وەستایان لەگەڵ (بیبۆلات)ی کوڕی (سەفەر عەلی)ی خوا لێخۆش بوو, لەژێر خێوەتێك دا بەسەر برد.

(بێبولات), پێی گوتم:

–ئێستا دەبێ هەموو ئەوکارانەی بابم وێ رانەگەیشت ئەنجامیان بدا, ئەنجام بدەم! –وێدەچوو (سەفەر عەلی) جێگرێکی شایستەی پەروەردە کردبێ!. بەڵێ مندالّی باش– باشترین یادگاری باوکە.

(بیبۆلات) وەستایەکی بەئەزموونە. لەمێژە ئاکاری شارستانیەتی واز لێ هێناوەو خێوەتی دەستەی خۆی, لەخانووی ماڵی بابی هەڵداوە.

وەختێ ئێمە بەسێرەی دەستان لەلێواری دەریای ئایندەدا بەرەو سەرەوە دەخزین, پێی گوتم:

–خووم بەدۆستەکانم گرتووە! مرۆ لەگەڵ دۆستان ئاسانتر دەتوانێ ناخۆشی‌یەکان فەرامۆش کا. زستانی پار بارودۆخمان نالەبار بوو: حەڤدە رۆژ بێکارەبا بووین, ئازووخەمان تەواو ببوو, و بووو رێگامان بەستەڵەك و ترۆومبێلەکان نەیاندەتوانی وەڕێکەون. ئێمە بێڵ و باریەمان هەڵگرت و روومان کردەملەی "ناخۆش", بەپیر ئەوانەوە چووین کەبەهاوارمانەوە دەهاتن. سەرما لەرادده بەدەر سەخت بوو, تەنیا خۆشەویستی گەرمی کردینەوە ...

بەدەم قسەکردنەوە, گەیشتینە خێوەتەکە. من لەنێوان جەستە ماندووەکان دا, جێگایەکم بۆ خۆم کردەوەو لێی نووستم.

کەڵەبابێك کە لەگوندی (چیرکە)وە هێنابوویان, بەقووقە قووق واگای هێنام. وێ دەچوو کەڵەشێر کەیفی بەجێگا نوێکەی هاتبێ, دەنا گیرنەدەبوو. دوای

www.pertwk.com

(بیبۆلات) منیش لەخێوەتەکە هاتمە دەرێو هەناسەیەکم لەهەوای پاکی بەیانیان هەڵکێشا. وێ دەچوو خوێنێکی تازەم لەدەماران دا گەڕابێ. لەدەوروبەری خۆمم ڕوانی: سروشتی سەخت، بەردی سەیرو سەمەرە لەگوند کە خونچەی ئاڵباڵوو زەردەلووەکان، کەڤ سپی ئاسا، دایان پۆشیبوو، ژیان دەخرۆشا: چیاییەکان زوو لەخەو رادەبن. خووناو وەك دانەسەدەف بەسەر گیاو گەڵای درەختەکانەوە، دەچریسکانەوە، (بێولات) پەنجەی بۆ ڕۆژهەڵات راکێشاو گوتی:

–ڕۆژ هەڵدێ!

لەهەمان کات دا، گوللەیەکی گڕدار لەپشت شاخەکانی ڕۆژهەڵاتەوە، خۆی لە زنجیرە چیا مەیلەوسۆرەکە کردەوەو بەئاسمانی سافەوە هەڵواسرا.

کێ دەتوانێ گوێ نەداتە دیمەنی هەڵاتنی ڕۆژ؟ وام دێتە بەرچاو، دەبوایە وشەی نوێو نەگوتراو بۆ دەربڕینی شەیدابوونم پەیدا بکەم، بەڵام هەرئەوەندەم پێکرا، قسەکانی (بیبۆلات) بڵێمەوە:

–ڕۆژ هەڵدێ!

کرێکارەکان بۆ نان خواردن بانگیان کردم. لەسەر سفرە، بەداخەوە دەمڕوانییە ئەو لاوە بەهێزانەی لەشوێنە جۆربەجۆرەکانەوە بۆ دروست کردنی بەربەستێکی گەورە بۆ کوێستان، هاتبوون. ئەوان هانیان دەدام لەکاتی کارکردنیش دا لەلایان بمێنمەوە.

لەمەڕ خۆم، قسەم بۆکردنو لەوکاتەدا دەرکەوت کەمن داخ بۆ ئەوانو ئەوان داخ بۆ من دەخۆن. یان راستتر بڵێم خۆزگەیان بەپیشە جوانو دەگمەنەکەم، هەڵکۆڵینو زێڕینگەری، دەخواست. ئەوان دەیانگوت:

–کاری تۆش ئەوەندەی کاری ئێمە پێویستە. تۆژیان جوان دەکەی، کارەکەت شایستەو جێگای ڕێزلێنانە. (بەهادۆر) بەختت یاربێ!.

لەهەر بارێك دا، دەبوایە چوار ڕۆژی دیکەش کە بەپێی ڕێو ڕەسمی کوێستانەکەمان، خزمەکانی کۆچ کردوو بەیانیو ئێواران دەچنە گۆڕستان، لەوێ بمێنمەوە. هەرچەندە بشڕۆیشتبام، (بیبۆلات) نەدەتۆرا، ئەمما ئەرکی سەرشانم بوو ڕێزی ئەو کەسە بگرم کەدنیای بەجێ هێشتووە!.

ڕۆژێکیان سینییەکی مسم چاوپێکەوت کەچەندان وێنەی جوان جوانی لەسەر هەڵکەنرابوو. (بیبۆلات) ئەم سینییەی لەماڵی بابییەوە هێنابوو، خێریان پێ دەبەخشییەوە. کەس تەماشای نەدەکرد. وێ دەچوو، لاوەکان بیریان لێ نەکردبێتەوە ئەم سینییە چەند کۆنە!. وەختێ ئەمەم گوت، دۆستەکانم دەستیان لەدەست داو بەوردی تێی رامان. بەڵێ، لەڕاستیش دا سینییەکە دەستکارێکی نایابی وەستاکانی گوندی (قازی کوموخ) بوو. لێوارەکانی بەنەخشی جوان جوان رازابوونەوەو قارەمانێتی جیگیتەکانیان دەردەخست. هەرچەندە چەند جێگایەکی کونو جێگایەکیشی رووشابوو، لەگەڵ هەندێش وەدەست خستنی، خەیاڵی لەدەست چوونی (کارچار) و (ماچاتاڵ)ی گۆبدینی لەسەر دەردەکردم. هەڵبەت جورئەتم نەدەکرد داوای بکەم، بەڵام (بیبۆلات) چریسکەیەکی لەچاوان دا دەدیتم. بۆیە کە خۆی پێشکەشی کردم، گوتی: "سینی وا لەچیرکە پەیدا دەبێ. "بەڵام ئەگەر زۆرە –بەنائومێدی تێفکریم– نابێتە ئەوشتەی هاوگوندی "سەرمیناز"م شێتو شەیدا بکا.

بەهەرحاڵ. دیارییە، نەدەبوو قبوولێ نەکەم!.

# 6 ئەگەر سەر هەبێ, کڵاو پەیدا دەبێ!

1

مـن بەدرێـژایی رووبـاری (سـۆلاك), بـەکۆرە رێگـاو هەڵـەت دا دەڕۆمو هێشـتا رێگایەکی دوورو درێژم تا گوندە کوێستانی‌یەکەی (ئونسوکول) لەبەردەم دایە.

لەنزیك سێڕیانی (قویسوی), (ئاند) و (ئاڤار) لەو جێگایەی گەڵی‌یە قووڵەکەی (سولاك) دەست پێ‌دەکا, چیایی‌یەکم بینی لەسەر هەڵدێرێك راوەستابوو, بەهاوار هاوار داوای یارمەتی لەخەڵکی دەکرد. خەڵکێکی زۆر بەلەز لەباغە نزیکەکانو لەو کێڵگانەی بژاریان دەکرد, بەهانایەوە هاتن. چیایی‌یەکە پرسی:

–پیاو چاکینە, دەمناسن؟

خەڵکەکە وەرامیان داوە:

www.pertwk.com

–چۆنت ناناسین؟ دەتناسین! میوانی ئێمەو خەڵکی (سوداخار), فرۆشیاری بەناوبانگی زەردەلوو, هەڵوژە!.

–دۆستان, راست دەڵێن!. ئێستاش خەریك بووم زەردەلوو, هەڵوژەتان بۆ بهێنم. وەك خۆتان دەزانن زەردەلوو زووتر لەگوندەکەی ئێمە پێ‌دەگا. بەڵام لێرە وڵاغەکەم پێی ترازاو بەقەرتاڵەوە هەڵدێرا. من بۆیە ئێوەی پیاوچاکم بانگ کردۆتە ئێرە تا پاشان نەڵێن بۆچی نۆبەرەی زەردەلووی بۆ نەهێناین!. دواییش نۆبەرەی هەڵووژەو سێویشتان بۆ ناهێنم, چونکە کەرە داماوەکەم هەڵدێراو کەرێکی دیکەشم پێ ناکڕدرێتەوە.

سوداخاری خەمبار لەسەر رێگا دانیشتو سەری خستە نێو هەردوو دەستی. یەکێك لەناو خەڵکەکە ویستی دڵی بداتەوە:

–خەم مەخۆ, لەوانەیە خودا کەرێکی باشترت بۆ بنێرێتەوە!.

سوداخاری وەرامی داوە:

–نا, کاکەگیان, لەبیستو حەفت رۆبڵ کەمتر, کەرم بۆ پەیدا نابێتەوە.

خەڵکەکە بۆ دەربڕینی هاودەردی, هەریەکەی هەندێ پارەی لەگیرفانی دەرهێناو خستیانە ناو کڵاوە سپی‌یە لێو پانەکەیەوە.

وەختێ پارە کۆکراوەکەی ژمارد, تێ‌گەیشت دووکەریشی پێ‌دێ. سوداخاری رازی ببوو, بیستو حەفت رۆبڵی خستە ناو بەرکی‌و زیادەکەشی دایەوە خەڵکەکە:

–پیاوچاکینە, زۆرتر وەرناگرم. سوپاس بۆ یارمەتی‌یەکەتانو یەك کەپیکی دیکەشم پێویست نی‌یە.

–ئاخر لەگەڵ وڵاغەکەشت, دوو قەرتاڵە زەردەلووشت لێ خەسار بووە!.

–ئەو زەردەلووانەی زاری کەسیان شیرین نەکردووە, حیسابیان ناکەم, – بەتوندی وەرامی داوەو سەری نەوی کردو بۆکڕینی وڵاغێکی تازە وەڕێ کەوت.

www.pertwk.com

هەتا گومانیشی نەدەکرد کە گوندی‌یەکانی لەچ وەختێکی ناخۆش بەجێ هێشتووە: نەیدەزانی هەر یەکەی چەندی پێبداتەوە. خەڵکی ئەم ناوچانە ئەوەندە بەقیژە قیژن, دەستبەجێ هەراو هۆریایەکی وا لەسەر رووبارەکە دەستی پێکرد, هاژەی رووبارەکەشی قووت دا, ئەگەر ئەمن وەدەنگ نەهاتبام, لەوانەبوو کارەکە بەبێ شەڕو شۆڕ تەواو نەبووبا. چوومە سەر بەردێك تا هەموویان بمبینن و دەستەکانم بەرز کردەوە تاسرنجی هەموویان بۆلای خۆم راکێشم, پاشان دەستم بەقسان کرد:

–پیاوچاکینە! هەر ئێستا بەچاوی خۆم چاوتێری‌ی ئێوەم بینی, ئێوە واشەرافەتمەندانە یارمەتی پیاوە هەژارەکەی سوداخاریتان دا ... بەلاّم ناخۆشە ببینم لەسەرچەند شتێکی بێنرخ, چاوتێریتان ببێتە قرچۆکی!

–تۆ کێی کەخۆ لەکاروباری ئێمە هەڵدەقورتێنی؟

–مێوانی ئێوەم!

–کام میوان؟

–مەگەر خەڵکی زۆزانەکانی (سیراهین) لەلای ئێوە بەمێوان ناژمێردرێن؟

چیایی‌یەکان هاواریان کرد:

–هەڵبەت بەمێوان دەژمێردرێ!

–باشە خۆتان چارەسەری بکەن. ئەم پارەیە وەك یەك دابەش ناکرێ. بەشێوەیەکی گشتی هەر دابەش ناکرێ. ئەمنیش کەمێوانی ئێوەم, دەتوانم ئەم کێشەیەتان لەیەخە بکەمەوە.

–چۆن؟

–لێگەڕێ ئەم پارەیە رێگام ئاسانتر بکا!.

لەبەر توندوتیژی هاوارو قیژە, دەمگوت ئەم دونیایە قەت ئارام نابێتەوە. بەلاّم لەدوایی‌دا, خۆشیان تێگەیشتن کە ئاسانترین رێگا, ئەوەیە پارەکە بەمن بدەن.

ئەگەر پارەکەم خستە بەرکمەوە, سوپاسی خۆمم دەربڕی:

–چیایی‌یە بەرچاو روونەکان, سوپاستان دەکەم. هەریەکێکتان ئێستا دەتوانێ من بەمێوانی خۆی بزانێ. ئەمە, بۆ ئێوە, چ شانازی‌یەکی گچکە یان گەورە بێ, گرنگ نی‌یە, گرنگ ئەوەیە هەم مێوان‌و هەم خانەخوێ رازی بن.

لەخۆڕا نی‌یە کە لەکوێستانێ, دەگوترێ: **"خودا نیعمەتی داوەتە هەموو بەندەکانی, بەلاّم زۆریان, ناتوانن سوودی لێ وەربگرن!"**.

2

خۆم‌و ئەوپارەیەی بەوەخت دەستم کەوت, بەدرێژایی, "قویسو" وەڕێ کەوتم. هەر زوو پیاوێکی باریکەلەی رەشتاڵە کەمن لەناو ئاپۆرەی چیایی‌یەکاندا, بینیبووم, پێم گەیشتەوە. ئەو خۆی بە (داود)ی خەڵکی (خاراخی) بەمن ناساند.

نێوەڕۆ داهات‌و داود تکای کرد, رابوەستین. بەلاّم ئەوەندە بەخێرایی نوێژەکەی تەواو کرد, من بەسەر سووڕمانەوە گوتم:

–مسۆگەر زیکرو پاڕانەوەکەت ناگاتە خودا!.

هاوڕێکەم بەتووڕەیی‌یەوە وەرامی داوە:

–ئەو, (استغفر الله) وەکوو تۆ گێل نی‌یەو دەزانێ من ناتوانم لە رێگا دوابکەوم.

www.pertwk.com

لەرێگا داود هەر باسی زیرەکی منی دەکرد کەچۆن وا بەئاسانی توانیم بەرکی چیاییە سادەکان، بەتاڵ کەم. هەرچیم کرد نەمتوانی قەناعەتی پێبکەم کە ئەم کارەم تەنێ بۆ ئاشتیو تەبایی نێوان ئەو کەسانەی لەکاتی کاردا تا ئەم رادەیە کاتی بەنرخی خۆیان خەرجی مشتو مڕ دەکەن، ئەنجام داوە. بێ سوود بوو، ئەو تەنیا فێڵبازانە بەڕووم دا دەگرژییەوە. پاشان باسی کرد کە (دایان-دۆڵدوروم) باش دەناسیێو بەرێکەوتیش بەرەو ئەو ناوچانە دەچیێو لەوانەشە بیبینیێ. هەروەها ئەمەشی گوت: گوایە زەحمەتکێشانی (کووباچی) حەز بەچارەی ساختەچیو فێڵبازان ناکەنو ئەگەر کەسانیواش لەگوند پەیدابن، لێ ناگەڕێن ئاوێکی خۆشیان بەگەروودا بچێتە خوار. لەدواییدا، درکاندی کەئێستا پێویستییەکی زۆری بە پارە هەیەو ئەگەر پێشنیارم کرد تا پارەی چیاییە بەرچاو تێرەکان برایانە بەش بکەین، بێ لێکدانەوە رازی بوو، گوتیشی هەرگیز ئەم خزمەتەم لەیاد ناکا...

هێشتا (داودی خاراخی) وێڕا نەگەیشتبوو بەشە پارەکەی بشارێتەوە، کابرایەك بەفانیلەیەكو کڵاوێك لەسەر، بەهینکە هینك خۆی گەیاندینێ.

-ئاهای (داودی خاراخی) راوەستە! لەچنگم دەرباز نابی، راوەستە! -هەڕای کردە لامانو یەخەی هاوڕێگەکەمی گرتو هاواری کرد: -ئاهای کتو کوڕ، هێلکەی شەیتانو ئیبلیس، حەرامزادە، ساختەچی!

کابرا لەتووڕەییيان وەك رەشاش قسەی دەکردو داودی بێچارەی وا رادەوەشاند، ئەگەر درەخت با هەموو گەڵاکانی دەوەرین. ئەمن نەمدەتوانی داکۆکی لەهاوڕێگەکەم نەکەمو بەڕووێکی توونـدەوە شانی کابرام گرت. ئەو پێلەقەیەکی وای لێدام گەر خۆم بەئیزگیل نەگرتباوە، دەبوایە لەئاوەساردەکەی رووبارەکە، مەلەبکەم.

هەگبەکەم لەشان داگرتو پرسیم:

-ئەمن لەبەرچی؟

-ئەوەی بەرگری لەساختەچییان بکا، خۆشی ساختەچییە!

من بەپەلە گوتم:

-لەکوێڕا بزانم ساختەچییە -ئەگەر تێفکریم، تێگەیشتم کابرای فانیلە لەبەری کڵاو لەسەر هەقیەتی: ئەم داودە زۆر بەخێرایی نیوەی پارەکەمی بۆخۆی برد؟

-تۆ نازانی! ئەمن باشم ناسیوە!

-باشە، بامنیش بزانم چتۆ پیاوە؟!

-لێگەڕێ باخۆی ئاشکرای بکا!

داود کەهەوڵی دەدا خۆی لەدەست کابرا دەربێنێ، بەگلەیییەوە دەیقیژاند:

-سوێند دەخۆم، هیچ شتێك نازانمو ئاگام لەهیچ نییە.

-لەوانەیە بڵێی "عەلی بەگ"ی "ئاشیلتی"ت بەچاو نەبینیووە؟

-نا! نا! دەتناسم.

-سوپاس کە منت لەبیر نەبردۆتەوە! -کابرا دەستی شل کردنو کەوتە روون کردنەوەی مەسەلەکە: -دەزانی چییە، هەموو خەڵکی گوندەکەمان خانوی خۆیان نوێ کردەوەو وەك بڵێی لەناو (کۆشك)دا بژین. تەنێ ئەمن مابووم. پاشان منیش بڕیارم دا دوو هۆدەی دیکە دروست بکەم. ئەو دەمی، ئەم وەستا درۆزنە، ئەم هیچو پووچە هاتەلام.

من قسەکەیم بڕی:

-بەبێ جوێن ناکرێ؟ تۆ، هەم گوێی منو هەم زاری خۆشت پیس دەکەی!

-سەیرکە هێشتا ئەم بێویژدانە فێڵبازەم وەك پێویستە ناو نەناوە.

هاتو گوایە وەستایەکی لەو باشتر لە (سوتبوگ)یش پەیدانابێ، خۆشت دەزانی بەردتاشەکانی (سوتبوگ) چەند بەناوبانگن. باوەڕم پێکردو رازیش بووم،

www.pertwk.com

گوتم مادام وەستایەکی وایە, هەقدەستەکەی بەزیادەوە دەدەمێ. دوای سێ ڕۆژ ئەگەر لەکێڵگە گەڕامەوە, –ئاخر من خۆ مشەخۆرنیم, لەکەلخوز کار دەکەم, دیتم هەتا نازانێ بەردیش لەسەر بەرد دانێ. چوومەلای و گوتم: مەگەر دیوار وا دروست دەکرێ؟ هەتا چیلەی باغەکانی بناری شاخەکانیش لەمە باشتر دروست دەکەن. ئەم, بێ شەرمانە وەرامی دامەوە: "کاکەگیان, ناڕەحەت ئەمە بۆ جوانی نی‌یە, بۆ قایمی‌یە". بیرم کردەوە, لێگەڕێ بزانین چی بەسەردێ. ئەو هەر خەریکی بەرد لەسەر یەك دانان بوو, تا دیوار بەرز بۆوە. ئەوەخۆش بوو, لەگەڵ کارکردن دا گۆرانیشی دەگوت:

**جوانی بەتەنێ چی دەبێ حاسڵ؟**
**قایمی‌یە دەرمانی هەر دەردێك!**
**ئەم دیوارە پتەوبێ تا سەت ساڵ,**
**لێم رازی بی تۆ بەهەرحاڵ!**



ئەگەر دیوارەکەی تەواوکرد, تەواوی هەقدەستەکەییم یەکجێ دایێ. ئەگەرچی لەدڵەوە هەستم بەناڕەزایی‌یەك دەکرد, وەلێ ئەمن کابرایەکی بەویژدانم و وام زانی خەڵکی دیکەش هەروان. نەشمدەتوانی باوەڕ بکەم کەچیایی‌یەك پەیدا دەبێ بەرامبەر کاری ناشایستە پارە وەربگرێ. هەر خواداحافیزی کردو نەکردو لەچاوان بزربوو, کەڵەشێرە کەچەڵەکەمان هەڵفڕی‌یە سەر دیوارەکە– دیوار رووخا! قسە بکە ئەی هیچ و پووچ! –داودی بەتووندی بۆخۆی راکێشا – قسە بکە, قایمی‌یەکەی کوا؟ لەمەڕ جوانی پرسیارت لێ ناکەم, بەڵام قایمی‌یەکە لەکوێ‌یە, وەرام بدەوە؟

–باشە, یەخەم بەردە, دەنا دەخنکێم, ئەو دەمی ناتوانم وەرامت بدەمەوە. کابرا زی وەستا داودی بەرداو بەتووڕەیی‌یەوە گوتی:

–خراپ نەبوو بمخنکاندبای, یاڵلا پارەکەم بدەرەوە.

–لەبەرخاتری خودا ئارام بگرەو ئەوەندە هەڵمەچۆ! لێگەڕێ نوێژەکەم بکەم, داود دەستی بۆ ئاسمان بەرزکردەوەو بە راستیش دەستی بەنوێژ کردو ئەم جارە زۆرتری پێچوو. ئەگەر نوێژەکەی تەواو کرد رابوو, بەدەنگێکی بەرز گوتی:

– الحمدلله!.

(عەلی بەگ) ئەو دەمی کەمێ خۆی ون کردبوو. وێ دەچوو پیاوێکی ئیماندار بێ, لەبەر هەندێ ڕێگا لێگرتنی ئەرکە ئاینی‌یەکانی بەگوناه دەزانی. لەدوایی‌دا داود دەستی بەقسان کرد:

–ئەمە دەهێنێ مرۆ, کاتی خۆی لەکارەسات رزگاری بووبێ, ئەوەندە بۆ کەوتنی دیوارێك ناڕەحەت بێ؟ پێم بڵێ, وەختێ دیوارەکە رووخا , کەسی نەکەوتە ژێرەوە؟

–نا!

–کەواتە بەسەر کەسدا نەڕووخاوە؟

–بێجگە لەکەڵەبابی کەچەڵ! ...

–خودا میهرەبان بووە! ئەگەر دیوارەکە زۆرتر خۆی راگرتباو دارەڕاکراباو ماڵت تێ هاویشتباو بڕووخابا؟ مسۆگەر کەسێکی دەکەوتە ژێرەوە. خودا تۆومالّو منداڵی پاراستووی! بەپێی ڕێو رەسم, دەبێ مەڕێك یا عەلەشیشێك بکەیتە قوربانی و نانی هەموو دانیشتوانی گوندەکەتان بدەی. سەرباری هەندێ, دەبێ سەدەقەش بدەی!.

ئەم قسانە نەك هەر (عەلی بەگی) ئاشیلتی, بەڵکو منیشیان مات و سەر سووڕماو کرد. ئەودەم زانیم ئەوە یەکەمین جارە پیاوی ساختەچی و قوڵبڕی راستەقینە دەبینم.

(داود) کەدیتی کابرای سارد کردۆتەوە, درێژەی بەقسەکانی دا:

www.pertwk.com

–(عـەلی بـەگی) خۆشەویسـت, هەروایـە! هەرچـەندە مـن ئێسـتا سـەدەقەت لێ وەرناگرم, بەڵام وەبیرت بێ, ئەگەر ڕێم کەوتەوە (ئاشیلتی) بە (خینگاڵ)و گۆشتی سینە, مێوانـداریم بکـەی!. لەلایـەك سـەرم لەساختەچـییەتییەکەی سـووڕمابوو, لەلایـەکی دیکەشـەوە (عـەلی بـەگ) خـەریك بـوو, پاشـگەزبێتەوە. بۆتـەواو ئـارام کردنەوەی (عەلی بەگ), نە بۆ (داود) خستنەوە سەر ڕێگای ڕاستی, گوتم:

–گـوێ بگـرە! پارەکـەی بـدەوە– ئـەمما لەمـەڕ پارەکـەی خـۆم جورئـەتم نـەکرد شتێك بڵێم!.

–تۆ هێشتا منداڵی و خۆ لەکاروباری ئێمە مەگەیەنە. (عەلی بەگ) خۆی داوای پارەم لێ ناکاتەوە.

–چۆن داوات لێ ناکا! تەماشای کە چاوەڕوانی پارەکەیەتی!

(عەلی بەگ) قسەکەی بڕیم:

–پێویسـت ناکـا! بەراوێـژەکانت مەبـە نـۆکی هـەر شـیوێك! خـۆ مـن داوام لێ نەکردووی, بەرگریم لێ بکەی. خۆم کڵاوم بەسەرەوەیە. ئەم پیاوە هەقیەتی! ئەگەر لەژێر دیوارەکە ڕاوەستابام, ئێستا زیندوو نەبووم. لەبەرهەندێ بۆ هەمیشە منـەت باری دەبم!.

–کڵاوت لەسەر دەنێ! هەر ئێستاش بەفێڵ پارەی لەمنیش بەرداوە!

بەڵام (عەلی بەگ) خۆی لەمن تەراند:

–ئەمە کاری خۆتانە, هەردووکتان چارەسەری بکەن.

سەری نەوی کردو بەتێفکرینەوە گەڕایەوە گوند. دەبێ هـەر بیری لـەلای ئـەوە بووبێ کە چ بەدبەدختییەکی گەورە بە بن گوێیدا تێپەڕیوە!

–ئـاخ, چ پیـاوێکی دادپـەروەرە! –خـۆ لەهـەموو شـتێ هەڵـدەقوڕتێنێ! تـۆش دەبێ سوپاسم بکەی.

سەرم سووڕما:



–لەبەرچی؟

–ئاخر ئەگەر ئەمن نەبام, ویژدانت لەڕێگا لەبەر پارەی غەریبان دەتخوا. ئەمما ئێسـتا ویـژدان, جێگـای خـۆی بـۆ یـەکێکی دی, چـۆڵ کـردووە. دەڵـێ بـۆ نیـوەی پارەکـەم بەیـەکێکی دیدا؟ هەرچـییەك بـێ, ڕق وەکـوو ویـژدان, ئـازار بـەگیان ناگەیەنێ.

–واتە دەبێ سوپاسیشت بکەم؟ ئای چ ساختەچییەکە؟

–باشە, پێویستم بە وەسفی تۆ نییە. ڕێگامان لێك جودا دەبێتـەوە. من بـەرەو (گیمرا) دەڕۆم. لەوانەیە کەسێك لـەوێ پێویستی بەوەستا بێ. ئەگەر گەڕایتـەوە (کووباچـی) باسـی مـن بـۆ مامـت بگێـڕەوە: بـابزانێ وەسـتایەکی بەهۆشـی وەکـوو (داود)ی خاراخی, لەکوێستانەکەمان هەیە.

بـەبێ دەسـت گوشـین, ڕێچـکەی (گیمـرا), زێـدی یەکـەمین ئیمـام (قـازی مـەلا)ی گرتەبـەر. منـیش درێـژەم بەڕێگاکـەم داو چـوومە (ئونسـوکول), زێـدی (ماچـاخ) یەکـەمین ڕێبـەری بەلشـەفیکەکان. هەرچـەندە نیـوەی پارەکـەم لەدەسـت دا, بـەڵام خۆشحاڵ بووم چونکە بەڵای هاوڕێیەکی وام لەکۆڵ بۆوە.

ئایـا دەربـارەی ئـەم جـۆرە کەسـانە نییـە کـە دەڵـێن: **"کـەرە لـەئاوێ دەگـرێ!"** دەتـوانم سـوێند بخـۆم ئـەم داودە خـوێنی (ئاکسـائی)ی کـۆنی لەدەمارەکانـدا دەگەڕێ, چونکە ئاکسائییە کۆنەکان بەدڵێکی ئارامو زەردە بـەلێوەوە دەیـانکڕی, دەیانفرۆشـت, فریویـان دەدا, دزیـان دەکـرد, هـەراو هۆریایـان دەکـردو دەیانکوشت.

مـن بەجادەیـەکی هاوتـەریبی ڕووبـارێکی بەشـڵپو هـۆڕدا دەڕۆیشـتمو وام دەهاتەبەرچاو کێوەکانی دەوروبەر, دێوی وان کە شتێکیان لەدەست بەرەو ڕەوتـی بەجۆشو خرۆشی ڕووبارەکەوە, بەرەڵلابووەو هەنوکەش کۆبوونەتـەوەو خـەریکی پشکنینن. هەندێ لووتکە وەك نـووکی قەنـدە شـەکر لەکاغـەزی خۆڵەمێشـیدا, بۆ

www.pertwk.com

سەرەوە هەڵدەکشێن. هەندێکیان راکشاون و لەبەر ماندوێتی دەبۆرژێن, ئەوانی دی سینگە پانەکەیان کەبەلیێڕی تێکەڵ و پێکەڵی پەراگەندە داپۆشراوە, خستوویانەتە بەرهەتاو.

بەردەکان هەرچەندە بێگیان بێنە بەرچاو, بەڵام گەزو گژوگیای دیکەیان لەسەر دەڕوێ و پنچکی فاونیا لەبەر با دەلەرێتەوە. نزیکتر لەئاو, جەگەن و قامیشەلان و گیای تەڕو تازە کە دەگاتە چۆکان و پشکۆ بۆرەکانی بادەم کەخەریکی هەڵوەرینە, دەبینرێ. لەگەڵ هەموو ئەمانەش دا, ئەم کێوانە بەپێچەوانەی (یوژداغ) کەلەهەر کوێیەك بم, لوتکەکانی دەناسمەوە, ئاشنا نین.



لەڕێگا, تا شوربوونەوە بەرەو پردی قویسوی ئاڤار" تووشی کەس نەهاتم. پردەکە لەبەر لافاوی بەهاران تێك چوو بوو, وهێشتاش چاك نەکرابۆوە. کابرایەك لەسەر رووبارەکە دانیشتبوو و فەردە پیوازێکی لەتەنیشت بوو. لەگەڵ پیواز خواردن دەشگریا.

پرسیم:

–ئەی بێچارە, چ بەدبەختی‌یەك بەرۆکی گرتووی؟

چاوی بەسەردەستەکانی پاك کردەوەو گوتی:

–بەدبەختی‌یەکی گەورە, بەدبەختی‌یەکی گەورە! دەچوومە بازاڕ, وەك دەبینی پردەکە خراپ بووە. دەمتوانی بەمەلە بپەڕمەوە, بەڵام دەترسام فەردەپیوازەکەم نقوومبێ. لەبەر هەندێ, بڕیارم دا هەموو پیوازەکان بخۆم تاماڵەکەم بەفیڕۆ نەچێ!.

من بەلێکدانەوەیەك گوتم:

–بەڵێ, وادیارە هەموو سامانێك نابێتە ئەگەری خۆشی!

دڵم بۆی سووتاو بڕیارم دا یارمەتی بدەم. بەڵام چۆن؟ لەتەنیشتی دانیشم و پیوازەکانی لەگەڵدا تەواو بکەم و بگرێیم؟ نا, وانابێ!. پرسیم:

–فەردە پیوازەکەت, لەبازاڕ چەند دەکا؟

–گران نی‌یە, هەمووی چاردە رۆبڵ!

بیرم کردەوە: "رێکەوتێکی سەیرە! ئەمنیش چواردە رۆبڵی تەواوم لە دیاری چیایی‌یە بەرچاوتێرەکان لەگیرفان دا ماوەتەوە". چونکە حەزم بەدیتنی فرمێسکەکانی نەدەکرد, پارەکەم پێشکەش کرد, زۆر خۆشحاڵ بوو. بەهەردوو دەستی گرتمیە باوەش و گوتی:

–هەڵگرە! ئێستا هەموو پیوازەکان هی تۆن, هەتا گوشەکەش!

من گوتم:

–نا, ئەمن پیوازم ناوێ! پیواز چ دەردێکم دەرمان دەکا؟ خۆناشبێتە دیاری؟! بەجێی بهێڵەو بڕۆ!

–ئاخر تۆ هەقەکەیت دامێ!

–جا, چ قەیدی‌یە؟

–هەڵگرە!

–نا, سوپاست دەکەم, پێویست ناکا, –ئیدی وەڕێکەوتم. ئەگەر کەمێك وەدوورکەوتم و ئاوڕم دایەوە, دیتم کابرا لەنك فەردە پیوازەکە دانیشتووەو دەخواو دەگرێی!. ئیتر گوێم پێنەداو هەنگاوەکانم, توونددتر کرد, چونکە لەپێشەوە دەنگی مۆسیقای شادمانیم دەهاتە بەرگوێ!.

## 3

لەکوێرەرێیەکەوە بەرەو جادەیەك کە (ئونسوکول) بەگوندی (ئیرگانای) دراوسێوە دەگەیەنێ، شۆڕبوومەوەو بێ درەنگ خۆم لەسایەی باغە دڵخۆشکەرەکانی "ئونسوکول" دا دیتەوە.خەڵکی راست دەڵێن: "**بەردیش لەبەر دەستی خەڵکانی شایستەدا، گوڵ دەدا**". ماخۆی باغەکانی (ئونسوکول) سوود لەهەر بستە زەوی‌یەك وەردەگرن‌و ئەو زەوی‌یانە وەکوو پاچینە لەنێوشاخان دا دروست کراون، هەر لە پەرجوو دەچن. وادێتە بەرچاو کە هەموو درەختە خورماڵووە بڵندەکان، سێوەکورتەکان، هەرمێی رێك‌و پێك‌و هەڵووژەو زەردەلووی گران کە بەرە شیرینەکانیان لەژێر گەڵاکانیان دا دەبینرێن، نەتەنیا بەڕەگ‌و ڕیشەیان چنگیان لەخاك گیرکردووە، بەڵکو پەنجە تواناکانیان وا بەزەوی‌یەوە چەسپاوە کە توێژی بەرهێنەری لێك نەترازێ‌و بەردە رووتەکانی وەدەرنەکەوێ!.

بەڵام ناوو ناوبانگی ئەم گوندە تەنیا بەهۆی ئەم باغانەوە نی‌یە. ناوبانگی لەبەر هونەرمەندانی پیشەسازی دارو هەڵکۆڵینی سەرداریشە کە کاری هونەری بەڕاستی ناوازەیان داهێناوە. لەبەر هەندێ بوو پێیە ماندووەکانم، بۆ وێیان راکێشام. لەوانەیە دیاری‌یەکی شایستە بۆ سەرمینازەکەم پەیدابێ!.

لەماڵی ئێمە، دەستە جلێکی (چەرکەس)ی قاوەیی تۆخ هەیە کەهی (حاتەمی کووباچی) ئەمانەتداری (شامیل) بووە، نرخیشی وەك توحفەیەکی گرانبەها دەپارێزێ‌و، لەبەر ئەو بیست‌و چوار فیشەکەیە کەلەدارو بەدەستی وەستا (خومادار)ی کوڕی (ئەبووتالیب)ی خەڵکی (ئونسوکول) بە جوانترین نەخش ڕازاوەتەوە.

جگە لەمە، لەزۆربەی ماڵەکانی (کووباچی) دەستکاری قامیش کە سەردەمێ لە لێوارەکانی ئەم ناوچەیەدا بەفراوانی ڕواوەو، هەروەها خشڵی ژنان، هەگبە، دار عەسا وشتی سەیر سەمەرە، دار جگەرەو سەرقەننەی نەخشێنراو بەلمووزی ئاژەڵ یان سیمای سێگۆشەیی چیایی‌یەکان کەهەموویان لەدار هەڵکەنراون، دەپارێزرێن. (قلیان)ی پیر، باوکی عەزیزی هەڵکۆڵێنەری بەناوبانگ شانازی بەدارسیگارە جوانە (خوچبار)ەکەیەوە دەکا کەپێش سێ سەت ساڵ، کلۆڵەکانی (ئونسوکول) دروستیان کردووەو پێشکەشی چیایی‌یەکی بەناوبانگی (**خوچبار گیداتلی**) یان کردووە. (**لیو تۆلستۆی**) ئەفسانەی (خوچبار) کە بەرگری کەری راستەقینەی کلۆڵانەو زراو ڕژێنی فەرمانڕەوای (خونزاخ) بووە، بە (جوان) وەسف دەکا. ئەم خەڵك پارێزەش، وەك زۆربەی قارەمانەکان، لەسەر خەرمانە ئاگرێك دا، کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا.

باوکم لەم گوندەدا،دیاری‌یەکی لەشێوەی هەگبەیەکی سەیر بۆ دایکم هەڵبژارد کەهێشتا دەزگیرانی بووە: لەوە دەچوو هەموو لاکانی بە رەگی درەخت تەنرابێ‌و تەنیشت‌و دەرکەکەی بەنەخش‌و نیگاری مس، ستیل، فەیرۆزەو هێسکی رەنگ کراو داڕێژرابێ. بەڕاستی، چ دەبێ ئەگەر منیش لە (ئونسوکول) بەخت بەهانامەوە بێ؟ لەوانەیە بەرێکەوت، لێرە دەستوقاچی سوارکاری (شامیل)ی نایب

www.pertwk.com

یان خودی (حاجی موراد) لەنك كەسێك پارێزرابیٚ؟ مسۆگەر سەرمیناز نرخی شتی مێژوویی دەزانیٚ! لەوانەیە لەژێر شێروانی‌یەكی (ئونسوكول)دا ملوانكە بەناوبانگەكەی وەستا (تۆپچی)ی هونەرمەند شاردرابێتەوە كەدەیان ساڵ هی بنەماڵەی ئێمە بووەو پاشان شوون بزربووە؟

لەو ماوەیەی كە من گیانم وەبەر خەیاڵەكانم دەناو وەك بلٚێی گەنجی قاروونم لەدەست دابیٚ, پێش وەخت خۆشحاڵ بووم, ترومبیلێك بەتەنیشتم دا تێپەڕی. لەناو تڕومبێلەكەدا, كلاٚو حەسیر بەسەرێك دانیشتبوو, یەكسەر بیرم بۆ ئەوە چوو, ڕەنگە یەكێك لە (حەكیمە)كانی ناوچەبیٚ. (حەكیم) لەكن داغستانیان بەسەرۆك دەڵێن. (كاتیٚ لەیەكێكی خەڵكی (ئاشتی)یان پرسی, داخۆ لە گوندەكەیان حەكیم زۆرە, وەرام دەداتەوە: "**وەڵلا عەزیزم, نازانم, بەلاٚم چاردەكەس كلاٚو حەسیریان بەسەرەوەیە!**).



لەرادیۆی ترومبێلەوە, گۆرانی‌یە خۆشەكەی "**بۆ زەماوەندەكەم پەلە كە!**" دەبیسترا. فالٚی چاكەیە! ئومێدەوارم بۆ بەشداری زەماوەندەكەی منیش, هەموو لەرێگا دوورەكانی كوێستانەوە لەیەك جیٚ كۆببنەوە. تەنیا بەشێوەیەك بیٚ, بەزوترین كات دوا تەگەرەی سەر رێگام, لابدەم. كیٚ دەزانیٚ, رەنگە هەر ئەمڕۆ ئەمەم بۆ بخولقیٚ؟.

پێكەنینێكی خۆشی كیژانە, داوی بیرۆكەكانی بڕیم. لەتەنیشت جادەی (ئونسوكول), كیژوكارەكان خەریكی زەردەلوو رنین بوون و بەیەك روانین دیار بوو كەیف خۆشن.

ئەمما من لەبیری سەرمینازەكەم دا بووم و قسەكانی (حەسبۆلاٚت)ی كوڕی (عەلی بۆلات)ی تیرەی (تەیموور بۆلات)ی پیرترین و بەهۆشترین كەسی گوندەكەمانم وەبیرخۆ دەهێناوە كەدەیگوت: "**لەم دنیایەدا, سیٚ شت نین: سەرپۆش بۆ دەریا, پاچینە بۆ ئاسمان و دەرمان بۆ ئەشق!**".

لەودەمی‌دا, بیٚمەبەست پیٚی بچوكی كیژێكم بینی كە بە كراسێكی تەنك لەسەرووی پاچینەكەیەوە بوو, هاواری كردە دەستە خوشكەكانی:

–بەری ئەم درەختە مەخۆن!

كیژەكانیش وەرامیان داوە:

–بۆچی (خەمیس)؟ ئەمە لەهەموو درەختەكان باشتر پێگەییووە!.

–ئەمە ترسناكترین جۆری– (ئەسلان كاخایتە) واتە (ئەسلان كوژ)ە! هەردەمی لێدەی لیٚی تێرنابی. ئەگەر زگیشت تێربیٚ, چاوت تێرنابیٚ: لەهەوەڵ جار لە (سوداخار) هێناویانەو دەڵێن لێرە (ئەسلان) ناوێك ئەوەندەی لیٚ خواردووە, مردووە...

–خەمیس, باشت دەناسین! هەندیٚ جار گۆرانیمان پیٚدەڵیٚی, هەندیٚ جاریش دەمانترسێنی!. رەنگە لەبەر هەندێت بیٚ, ئێمە نەخۆین!.

–هەڵبەتە! ئەوەندە بخۆین, چ بۆ كەلخووز دەمینێتەوە؟

–قەیدی ناكا, ئەم ساڵ هاوینەكەی خۆشە, زەردەلوو بەشی هەمووان دەكاو ئەگەر دڵت گۆرانی دەویٚ, بۆچی خۆت تیٚ هەڵناكەی؟

كیژەكان وێكڕا قیژاندی‌یان:

–بەڵیٚ, بەڵیٚ, ئەوەی (باتیر) لەبەر پەنجەرەكەتان دەیگوت, ئەوە بلٚیٚ!

(خەمیس) لەپاچینەكە هاتەخوارو بەلاسایی كردنەوەی جولاٚنەوەی مێر منداڵێك دەستی خستە كەلەكەی و بەلای درەختەكان دا رەت بوو, پاشان وای نیشان دا كلاٚوەكەی خوار دەكاو پیٚلەقەیەكی لە (چوگور)ی خەیاڵی‌داو دەنگی خۆی گۆڕی و بەدەنگێكی پیاوانە, دەستی پیٚكرد:

**چ بووم من**

**منداڵێكی گچكە**

**لەباوەشت دەگرتم**

www.pertwk.com



راتدەژەندم

بۆ هەمیشە

لەتەنیشتم دەخەوتی

بۆ هەمیشە

ئەوەندە تەماشات دەکردم

تا رۆندکەکانم

لەسەر روومەت دەتاراندی,

دڵت دەدامەوە,

نازت رادەگرتم,

ئامادەم بەرد بەسەر بشکێنم:

ئەگەر تۆ هەمیشە لەلام بی!.

کیژەکان لەتریفەی پێکەنینیان دا.

–باشە تۆ چۆنت وەرام داوە؟ دەکرێ بێوەرامت هێشتبێتەوە؟

–منیش گۆرانییەکم بۆ گوت.

–کامە, کامە؟

–ئەمە!–خەمیس ئەمجارە بێدەنگ گۆڕین, دەستی پێکرد:

کڵاو لەسەر دەنێی

کەمێك لار

بەڵام لەژێریدا

یەك تۆپە گەچ هەیە

گۆرانی دەڵێی

وەك هەزاران دەست

زۆریش تکا دەکەی

کە لەگەڵت میهرەبان بم

ئەمما ئەمە بزانە

بەبێ ئەم لاو ئەولا:

من نایەمە لات,

هەرگیز, هەرگیز, نایەم.

تۆ سازی خۆت لێدە,

گۆرانی خۆت بڵێ!

مێردت پێناکەم

مسۆگەر بیزانە!.

لەو دەمیدا, کیژەکان منیان دیتو چاویان تێبڕیمو دەستیان بەپستە پست کرد. منیش چاوم تێبڕینو راوەستابوومو خۆشحاڵ بووم تا یەکێکیان لەهەموویان شەیتان تر– ئەوەی گۆرانی دەگوت, بە رووێکی ئاگرین چاوانی کەمی گرژ هاتە نك پاچینەکەو لێم مۆڕ بۆوە:

–لاوۆ, بۆچی سەرت سووڕماوە؟

–ها, باغی پڕ لەمیوەی وام پێ جوانە!

–لەمیوەی خەڵکی مەڕوانە: لەوانەیە کوێربی!

–باڵندەی جوانن. حەیف کە یەك یەك هەڵدەفڕن– بۆئەوەی خۆی هەڵنەکێشێ, چاوێکی داگرت.

کیژە بەتووندی وەرامی داوە:

–هەرچەندە یەك یەکیش هەڵدەفڕن, بەڵام هەموو گاڵتەجاڕییەك دەبینن, – دارێکی بەدەستەوە گرت.

یەکسەر گەمەی کیژەکانی (ئیتساری)م وەبیرهاتەوەو بڕیارم دا ساغو سەلیم خۆم دەرباز کەم. ئەوان بەراستی خەریکی نەخشەکێشانی پیلانێك بوون, چونکە

www.pertwk.com

**وەختـێ دوورکەوتمـەوە، بەداخـەوە دەیانقیژاند: "ترسـا! چ شـەرمنە دەمانویسـت زەردەلووی بدەینێ!".**

**نەخێر، کابانینە! ئاشکرایە پاڵپشتی قسە هەمیشەییەکەی مامم نازانن "ژیان ڕێگا، ڕێگاش فێربوونە"** لەراستیش دا، بەدرێژایی ڕێگا، من هەندێ شت فێربووم‌و بۆیەش بێ ئاوڕدانەوە، بەلەز خۆم لەدەست کیژە کەیف خۆشەکانی (ئونسوکول) ڕزگار کرد.



لەگوندی (ئونسوکول) بێجگە لەو منداڵە پێ‌خواستانەی لەدەوروبەری کانی گەمەیان دەکرد کەسی دی نەدەبینرا. دەتگوت خەڵکەکە بۆلایەك رایان کردووە. ئەمن بچمە کوێ؟ لەکامە ماڵ پەنایەك بۆخۆم پەیدا کەم؟ ئەگەر شەوبا، دەچوومە گۆدەکـان. بـەڵام هەنووکـە ئاسمـان وەك ئـەو سـینی‌یە کۆنـەی لـە (چـێرکە) پێشکەشیان کردووم، شین بوو. ڕۆژیش بەرلەوەی بۆ حەسانەوە بچێتە ئەو دیوی شاخ، هێشتا ڕێگایەکی دوورو درێژی لەپێش بوو.

مامم زۆرجار دەیگوتەوە: **کاتێ دەگەیە گوندێکی نەناسراو، لەهەموو خانووەکان رامینێ‌و یەکێکی لەبار هەڵبژێرە. لێکی دەوە بزانە ئایا خانووێکی باشەو ئایا تۆ خۆشت شایستەی ئەوێ‌ی؟. بیربکەوە ئایا لەوێ بەهاتنت خۆشحاڵ دەبن یان تۆ دەبیتە بارێکی گران بەسەریانەوە. چاییەکان بەمێوان دۆستی بەناوبانگن، بۆیە ئەگەر لەمەڕ خانەخوێ تووشی هەڵەبی,ناخۆشە!.**

خودی (دایان–دۆڵدوروم)یش جارێك وای بەسەرهات کەبووە لەکەی شەرم بۆ هەموو داغستانی‌یەکان. لەکاتی چوونە گوندی (ئوراخی)دا، تووشی خانەخوێ کۆنەکەی خۆی (قبوڵدان) بوو. (قبوڵدان) زۆر لەژنەکەی کە لەتیرەیەکی زۆر بەڕێزبوو، دەترسا، بەڵام بەهیچ شێوەیەك نەیدەتوانی تەڵاقی بدا، بۆیە بەبێ دەنگی هەموو گاڵەو هەراو هۆریایەکانی قبووڵ دەکرد. بێچارە، بەبینینی (دایان–دۆڵدوروم) ترسی لێ‌نیشت، نەکا ژنەکەی بەبردنەوەی مێوان ببێتە شەوەی گیانی. لەبەرهەندێ رووی لێ وەردەگێڕێ‌و هەوڵ دەدا خۆی لێ نەناس بکا. بەڵام چۆن دەکرێ، تەنیا کوێر، ئەویش ئەگەر مەست بێ، (دایان–دۆڵدوروم) ناناسێ!.

مامم رەفتاری واناشایستەی لە کەس قبووڵ نەدەکرد. ئەو بەڕووخۆشی‌یەوە (قبوڵدان) رادەگرێ‌و چاك‌و خۆشی‌یەکی گەرمی لەگەڵدا دەکا. (قبوڵدان) هەرچی دەکا خۆی بۆ نادزرێتەوە، بەناچاری وەپێش (دایان–دۆڵدوروم) دەکەوێ، بەڵام لەڕێگا (ئۆراخی)یەك تەگبیرێك بۆ (قبوڵدان) دەکا کەچۆن خۆی لەمێوانی ڕەزا گران رزگار بکا. (قبوڵدان) مامم بۆلای کۆنە دەرگایەکی مزگەوت کەبەقفڵێکی ژەنگ گرتوو داخرابوو، دەباو بەئاخ‌و داخێکی ساختەوە دەڵێ:

–ئاه، براگیان وادیارە ژنەکەم لەماڵێ نی‌یە! سوێند دەخۆم پێشبینی ئەمەم نەکردبوو. جارێکی دیکە وەرەوە، سوپاس بۆ خودا کە ڕێگاکەش شارەزای ...

دەڵێن مامم چاوێك لەگژوگیا هیشکەکەی بەردەرگاکە دەکاو پاشان لەچاوەکانی (قبوڵدان) مۆڕ دەبێتەوەو زۆر بەماناوە دەڵێ:

–کاتی ئەوەیە ئەم گژو گیایە بدوری‌یەوە!

دەبێ وەبیر خۆمانی بهێنینەوە کەلەکوێستانێ، گوندی وا هەن خەڵك واناو دەنێن: **"ئەم پیاوە، لەو تیرەیەیە کەنان لەناو خۆڵەمێش دا دەبرژێنن!"**, **"ئەمە لەوانەیە کەخواردنیان گیایە"**, **"ئەمما ئەو، لەوانەیە مەگەر دەکرێ تێ‌یان بگەی! تیرەکەیان وەسف ناکرێ، شتێکی شایستەی سرنجیان نی‌یە ..."**.

www.pertwk.com

بەپێی ئەم پرانسیپە, قبوڵدانیشیان بە "لەکەی سەردونگ" ناو دەبرد, تیرەکەیان لەچاوتەنگی و ناتەبایی‌دا بەناوبانگ بوو. دەڵێن: لەکۆنەوە دونگێگیان لەهەیوانێ هەڵواسیوە کە وەك مانگی چواردە, خڕە. کاتێ (قبوڵدان) هێشتا مێر مندالّ دەبێ, لەدایکی دەپرسێ: بۆچی لای چەپی دونگەکە لەکەیەکی پێوەیە. دایکیشی وەرام دەداتەوە:

-باب و باپیرت پەنجەیات تێڕادەکرد. بەمە وایان دەزانی بەتێری زگیان دونگیان خواردووە. مێر منداڵەکەش بەناڕەحەتی دەڵێ: -هێ,ماڵیان خراپێ! مەگەر ئەو زۆرخۆرانە نەیاندەتوانی بەتەماشاکردنی قەناعەت بکەن؟

دەربارەی خەڵکی وا, مامم دەڵێ: ئەوانە تا نیوەڕۆ خەمبارن, لایان سەختە ببینن سێبەریان لەنیوەڕۆ کورت دەبێتەوە.



لەوکاتەدا, من دەنگی سمی ئەسپەکەیم لەدواوە کەوتە بەرگوێیان. ئاوڕم داوە تارێگای ئاوەڵاکەم, (دایان-دۆڵدوروم) بوو, بەڵێ, خۆی بوو, دەتگوت لە ئاسمان شۆڕکراوەتەوە!. هێشتا تەواو وەخۆ نەهاتبوومەوە, ئەگەر لە ئەسپ دابەزی و گرتمیە باوەش. پاشان گوتی:

-بەدکار, تۆ هێشتا لێرەی؟

سیمای نیشانی دەدا شتێکی گرنگ رووی‌داوە. بەڵام کاتێ هەواڵی مردنی (سەفەر عەلی) لەڕۆژنامە خوێندبۆوە, کەوتە گلەیی لەخەڵکی (چیرکە)کە بۆچی ئاگاداریان نەکردۆتەوە. هەروەها لەخۆشی نارازی بوو, چونکە بەر لەمردنی بەدیداری شاد نەبووە.

پاشان کەمێ زمانی تێك ئالاو گوتی کە بەدوام دا نەگەڕاوە, بەلاّم هەواڵیان پێداوە کەماوەیەك پێش ئێستا (چیرکە)ی بەجێ هێشتووە. لەبەر هەندێ بڕیاریداوە هەواڵێکی نوێم پێ‌ڕابگەیەنێ. حەزم دەکرد پێی بڵێم, منیش هەواڵێکی وام لایە- دیداری کۆنەژنەکەی لە (ئیزبرگ), -بەلاّم سیمای مامم بەشێوەیەك هاتە بەرچاو, نەمتوانی جگە لەوە قسەیەك بکەم, بەدەنگێکی لەرزۆکەوە پرسیم:

-دایکم هیچی بەسەر نەهاتووە؟

مامم بەئارامی‌یەوە وەرامی دامەوە:

-ساغ و سەلیمەو هێشتاش جوێنت پێ‌دەدا.

-باشە, ئەدی چ بووە؟

مامم راز- ئاسا وەرامی داوە. پاشان کەچووینە ناو گوند قسەت بۆ دەکەم.

-لەڕێگا تا ماڵی خانەخوێی مامم, زۆر لەخۆم دەکەم بزانم چ شتێك رووی داوە. ئەگەر هەواڵێکی خۆش با, یەکسەر باسی دەکرد.

مامم لە دەرگایەکی‌دا. ژنێك لەتەمەنی چل ساڵی‌دا کەسەرتاپا رەشپۆش بوو, دەرگای لێکردینەوە. چاوەکانی لەبەر گریان سوور هەڵگەڕابوون. دەکرا هەست بکرێ ئێمە لەوەختێکی لەباردا نەهاتووین.

(دایان-دۆڵدوروم) گوتی:

-مێوانان بەخێربێنە!

ژن وەرامی داوە:

-هەمیشە بەهاتنیان خۆشحاڵین, - جڵەوی لەدەست وەرگرت.

مامم ئەگەر حاڵی کابانەکەی بینی, گوتی:

-وێ دەچێ گرفتاری‌یەك رووی لەم ماڵە کردبێ؟

-گرنگ نی‌یە, گرنگ نی‌یە... -دیاربوو, ژنەکە نەیدەویست ئێمە ناڕەحەت بین.

-ئەدی (ئای دەمیر) لەکوێیە, چما بەپیر دەنگمانەوە نایە؟ براگەورەکەم لە کوێیە؟

-لێرە نی‌یە.

www.pertwk.com

–چۆن؟

–بانگیان کردووه.

–بۆ کویٚ؟

–بـۆ شـار, بـۆ دادگـا – کابـان ویٚـڕای ئـەوەی ئەسـپەکەی لەسـەر ئـاخوڕ دەبەستەوە, دەشگریا.

–ئـەدی بـۆ دەگریێـی؟ باشـە, بـا دادگـابیٚ! وام زانـی ئـەو بـۆلای خـۆی بـانگی کردۆتەوە – مامم بەئەنگوست ئاسمانی نیشان دا – تا ئەو دەمـەی مـرۆ زینـدووە, بیٚمانایـە فرمێسـکی بـۆ بڕیٚـژریٚ. (نوتسـالای), تـۆم وانەدەناسـی, (ئـای – دەمـیر) کەی بانگ کراوە؟



ژنەکە ئاهێکی هەڵکێشا:

–دوێنیٚ! تا ئێستاش نەهاتۆتەوە!.

–ئەو کە نەیدەتوانی بەپیٚچەوانەی یاسا هەنگاو هەڵێنیٚ, ئەگـەرنا, لەهەوەڵـەوە پرسی پیٚ دەکردم, –مامم دڵی کابانی دەداوە: –ئەمڕۆ دیٚتەوە.

(نوتسالای), لەماڵی خۆیان لەمەڕ گرفتارییەکانیان قسەی بۆکردین.

لـە (ئونسـوکول) ڕاپۆرتیـان لـە (ئـای – دەمـیر) داوە کـە دوو ژنـی هەیـە: "جەوهـەرات" و "نوتسـالای" واتـە ئـەو ژنـەی بـەخیٚری هیٚنـاین. ڕاسـتە, دەبـیٚ تەگبیرێك بکریٚ. گرنگ نی‌یە کەخودی (ئای – دەمیر) تەمـەنی حـەفتا ساڵەو ژنـی یەکـەمی "جەوهـەرات" پیرەژنێکـی شێسـت سـاڵەیەو ماوەیـەکی زۆرە بەیەکـەوە ناژینو چەندان ساڵە (جەوهەرات) لەماڵی خۆی نەخۆشە. گوناهی (ئای – دەمیر) لەوەدایـە کەئـەم ژنـەی بەئومێـدی خـودا بـەرەڵلا نـەکردووە, بـەڵکو وەکـو خزمێـك ئاگاداریـەتی, (نوتسـالای)یـش ویٚـڕای کـاری زۆرو منـداڵ بـەخێوکردنو ماڵـداری, ئاگاداریەتی.

بەڵام چەند کەسێکی کەللەڕەق, شکاتیان لـە (ئای – دەمیر) کـردووەو شـەش مانگ سزایان لەگەڵ کار بۆ بڕیوەتەوە. خانەخویٚکەمان بۆیە بانگ کراوە.

5

(نوتسالای) لەتیٚری, خینگاڵ بەکاڵباسی خۆمانـەی داینـیٚ. دوای نـان خـواردن مامم پیٚشنیاری کەمیٚ پیاسەی کـرد. دیـاربوو حـەزی نـەدەکرد گرفتـەکانی خـۆمان لە ماڵێك دا کەخەمەکانیان بەشی دەکردن, باس بکا.

من لەگەڵ دەربـڕینی هـاودەردی بۆیـان, لەدڵـەوەش پەلـەم لـەمامم دەکـرد: کـەی لـەو لێدانـە چارەنووسسـازە دەدویٚ کـە چـاوەڕوانمە؟ لـەو بـاوەڕەدا بـووم لەگـەڵ ڕۆیشتن دا, بیر لەوە دەکاتەوە کەچۆن سەری قسەکانی دەرخا. لەدواییدا پرسی:

–باشە, تۆ ئەو هیچو پووچەی کە (سەرمینان)ی فریوداوە؟ تۆ بابی منداڵەکەی ئەوی؟

–بەڵیٚ! –بەتووندی وەرامم داوە, هەرچەندە لەترسانیش زراوم ڕژابوو.

–چـەند بـەدکاری؟ – مـامم شـەیتانانە چـاوێکی لیٚداگـرتمو ڕۆخـی کڵاوەکـەی گرتمو دایکێشایە سەرچاوم.

–بۆچی؟ –کڵاوەکەم ڕێکخستەوەو هەڵچووم.

–باشت کردووە, ئەمما نابێ درۆ لەگەڵ کەس‌و کاری خۆت بکەی.

–درۆم نەکردووە! –بەنائومێدی‌یەوە ئەمەم گوت. بیرێکی ترسناکم بەمێشك دا تێپەڕی. مسۆگەر بابی ڕاستەقینەی منداڵەکەی (سەرمینان) پەیدابووەو مامم دەیەوێ ئاگادارم بکاتەوە.

–ئیدی, سەرسەختی پێویست ناکا! هەمووشتێك دەزانم, نەك هەر من, بەڵکو خەڵکی گوندیش.

–چی دەزانن؟

–ئەوەی کە (سەرمینان) منداڵی نەبووەو نی‌یە.

–چۆن دەکرێ, ئەدی جیهاندار خۆی نەیگوت چۆتە سەردانی نەوەکەی!؟



–ئەو قسانەی لەخۆوە هەڵبەستبوو, تۆش لەباتی ئەوەی لەمەسەلەکە بگەی, خۆت هەڵکێشا:

"من بابی منداڵەکەم!". چۆن دەتوانی بابی منداڵێك بی, وەختێ قسە لەمەڕ منداڵی کیژی یەکەم ژنی جیهاندارە. دیارە ئەو بێشەرمە لە (مەجالیس) ژنی هەبووەو ئەو ژنەش کیژێکی هەیەو ئەویش منداڵێکی هەیە واتە نەوەی!. بۆیە ئەوێ ڕۆژێ سەرۆکی (ئارتیل)ەکەمان لەگەڵ کچەکەی بۆ سەردانی نەوەکەی چووبوو.

–بۆ درۆی لەگەڵ کردین؟

–هەستی کرد زۆری لەمەڕ نەوەکەی گوتووەو فێڵبازە, نەیویست خەڵکی ئاوایی شتێك دەربارەی ئەو خێزانە بزانن. بەڵام بە هەرزانیشی لەسەر نەوەستا! چ هەراو هۆریایەك بەرپابوو. دایکی سەرمیناز داوای کرد کچەکەی‌و خۆی ماڵی (جیهاندار) بەجێ بهێڵن. ئەمما ئافەرین (سەرمینان)! گوتی لەمێژە ئاگاداری مەسەلەکەیە: بابی هەموو شتێکی پێ گوتووە ... لەگەڵ هەندێش ڕەفتاری شەخسی (جیهاندار) یان لەکۆبوونەوەدا خستە بەرباس‌و لێکۆڵینەوەو سەرزەنشتیان کرد. دەبێ دەرهەق بەم تاوانانە توندی بەکاربهێنرێ.

–ئەدی خانەخوێکەمان؟

–ئەمە شتێکی دیکەیە. چونکە (ئای دەمیر) نەیویستووە ژنە پیرو نەخۆشەکەی بێسەرپەرشت بەرەڵڵا بکا.

هەڵبەت لەمەش دەکۆڵنەوە ...

من بەدەنگی بەرز گوتم:

–دەبێ لەکارەکەی (جیهاندار) بکۆڵنەوە! تۆ ئەوەندەت قسەکرد, گێژبووم. وەرە باکەمێك لەسەر بەردێك دانیشین تا وەخۆبێمەوە ....

بەڕاستیش, رام لەمەڕ سەرمیناز تێکەڵ‌و پێکەڵ ببوو. دوای دووسێ دەقیقە, ئینجا سوپاسی مامم کرد بۆئەو هەواڵە خۆشەی بۆی هێنابووم. مامم بەگشتی, بەرگەی ئەم جۆرە, بەقسەی خۆی "**نازو فیزە کەرانەیە**" ناگرێ, بەڵام هەست دەکرا ئەویش لەم بارەیەوە خۆشحاڵ بێ. من وام هەست دەکرد.

–گێلەپیاو, سەیر کە, لیکاوت لەدەم نەیەتەخوار! هەواڵی دیکەشم پێیە: دەتوانی بهێنیە بەرچاو. ئەگەر زانرا تۆ بەدوای دیاری بۆ (سەرمینان) ڕۆیشتووی داخوازکەری دیکەی بۆ پەیدابوون ... بڵێ کێ؟

–مسۆگەر (موختار)ی کوڕی (لیونید)؟

–باشت زانی, بۆنت تیژە.

–بڵێوا! ئەم داکحیزە وەك داڵە کەرخۆرە بەدەوری کۆترۆکەکەم دا دەسووڕێتەوە!

–(**داڵەکەرخۆرە**), (**کۆترۆکەکەم**) ئەم وشانە بۆ شیعرەکانت هەڵگرە. بەراست غەنیمت لە چ بارەیەکەوە خراپە؟ هونەرمەندێکی بە بەهرەیەو ڕێزی کارەکانیشی

www.pertwk.com

دەگرن. ئەگەر بشتوانی لە بەرامبەری‌دا راوەستی، گرنگ نی‌یە، چونکە یەکێکی دیکەشت کە کارت لەگەڵی‌دا کەمێ زەحمەتە، لێ پەیدا بووە.

–کێ‌یە؟

–(عەزیز)ی کوڕی (قلیان).

بەڵێ، گورزێکی بەزەبر بوو. عەزیز هەر ئەوەندەم وەبیرە کە بۆ خوێندن چووە ئەنستیتۆی هونەرەجوانەکانی مۆسکۆ وهەمیشە وام دەزانی جیگیتێکی گۆرانی کۆنە. رێك‌و پێك، بالآبەرز، سیما جوان‌و بەهەرحاڵ باشترین هونەرمەندی لاوی گوندەکەمان بوو.

–مەگەر لەئەنستیتۆ گەڕاوەتەوە؟

–هێشتا نەگەڕاوەتەوە، بەڵام بابی چۆتە داخوازی. دەتوانی بیهێنیە بەرچاوت، وەختێ سێ داخوازی کەر وێکڕا لەدەرگایان دا، جیهاندار لەچ حاڵێك دا بوو؟ وەك مانگی چواردە دەدرەوشاوە. من لەعنەتم لەخۆم دەکرد کەچۆن لەگەڵ داخوازیکەرانی بەڕێزی وەك (لیونید) و (قلیان)ی پیر لەماڵیان دانیشم. لەبەر تۆ شەرمم دەکرد.

لەبەر ئەم قسانە پێم خۆش بوو، زەوی قووتم، بدا. مامیشم درێژەی بەقسەکانی دەدا:

–هەڵبەت (جیهاندار) مەبەستی نەبوو کەس بڕەنجێنێ ... وەك چیایی‌یەکی رەسەن رەفتاری کرد. ئەو پێی گوتین: "سێ سوارچاك، سێ هونەرمەند، داواکەری کچەکەی منن. عەزیزی کوڕی قلیان، موختاری کوڕی لیونیدو برازای تۆ (دایان – دۆڵدوروم) بەهادۆر ... (دانی پێدا دەنێم لەوکاتەدا: خەریك بوو دڵم شەق ببا. ئاخر بۆچی ناوی منی خستەدوای هەمووان؟) لێگەڕێن! بەپێی ڕێو رەسمی باووباپیران هەریەکەی دیاری‌یەك بۆ بووك بهێنن. سەرمیناز دیاری کامەیانی قبووڵ کرد با ئەو خۆی بۆ زەماوەند ئامادە بکا!". ئیدی برازای خۆشەیوست، بزانەو ئاگاداربە کەتەنێ تۆنی رێگای کوێستانێ دەپێوی ... موختاری کوڕی لیونید وەڕێکەوتووەو عەزیزیش لەمۆسکۆ بگەڕێتەوە، وەڕێ دەکەوێ .....

من قسەکانی مامم بڕی:

–(دایان – دۆڵدوروم)ی خۆشەویست، لەو باوەڕەدا نی ئەمن ئێستا وەك ئەو کەسەم، لەبەر خاتری سەفەری دوورودرێژ پاداشتی وەرگرت‌و پاشان لەسێدارە درا؟ هەتا سەریشم خواربۆوەو قوڕگم گیرا. ئەرێ بۆ من ئاسانتر نی‌یە بگەڕێمەوە گوندو ئەم هەگبەیە لەجێگای خۆی هەڵواسمەوە؟ بەهەرحاڵ، لەپێشبڕکێی ئەم سوارچاکانەدا دەرناچم!.

–بەدکار! –(دایان–دۆڵدوروم) بەدەستی راستی، سمێڵی لای چەپی باداو بەدەنگێکی بەرز گوتی: –ئەوە چیتە، تەنیا خەمی خۆتە؟ ئەدی لەمەڕ من‌و دایکت هیچ بیرێکت نەکردۆتەوە؟

–ئەگەر من لەگەڵ کیژەکەی جیهانداری تیرەی مۆنگی زەماوەند نەکەم، تەنیا ئەو خۆشحاڵ دەبێ!.

–ئاه، تۆ هێشتا هەموو گۆرانی‌یەکانی دایکت نازانی؟ کاتێ ئاگاداربوو کە سوارچاکانی‌وا داخوازی (سەرمیناز) دەکەن، رایگەیاند: **"ئەگەر کوڕەکەم دەیەوێ (سەرمیناز) بیێتە هی یەکێکی دی، باشترە هەر نەگەڕێتەوە!"**. لەبەرهەندێ رێك‌وراست دەربارەی دەزگیرانەکەت بیربکەوە، بەڵام لەبیرمەکە، ئێمەش چاوەڕوانین .

من بەهیچ شێوەیەك نەمدەتوانی بەهۆی ئەو دنیا هەواڵەی مامم بەسەر سەری دا ڕشتم، وەخۆبێمەوە، ئەوەیش بەپەرۆشەوە دەستی بە لێپرسینەوە کرد.

–بەئومێدم شتێکت لەهەگبەدا بێ؟

بەبێ زەوقی، گوتم:

–هەڵبەتە!

www.pertwk.com

–چییە؟ ماچایتی (گۆبدینی)؟

–شتێکی دیکەش ...

–چی دی؟

دەمویست قسەیەکی دیکە بکەم بەڵام راستیم لەزاری دەرپەڕی.

=سینییەکی مسی هەڵکەنراوی (چیرکە).

ئەگەر بە دەکەسانیش قدیلانەی مامیان کردباوە، هێشتاش وا بەنائومێدی پێنەدەکەنی!. ئەگەر کوڵو کۆی دامرد، گوتی:

–بەڵێ، لەکەی شەرممان لێ رەش نابێتەوە. تۆی نەوەی باپیرانی شەریفو وەستای بێهاوتا، دەتەوێ سەری گوندی (کووباچی) بەسینییەکی مسو ماچایتییەکی گۆبدینی سووڕبهێنی؟ 248

–ئاخر هەموو دەیانەوێ شتەکە، شتێکی نائاسایی بێ! چونکە تا ئێستا کەس شتی وای پێشکەش بەدەزگیرانەکەی نەکردووە!.

–هەڵبەتە نیوەی ژنو کیژە چیاییەکان، ماچایتی گۆدبینییان دەپێدایەو زۆربەی ماڵەکانی (سیراهین)یش پڕن لەم سینییانە! ئاخ کە تۆش وەکوو بابت گێلەپیاوی! ئەویش سەری لەشتی وا سووڕدەما کەخەڵکی قەت سرنجیان نەدەدایێ. برازا گوێ بگرە! من ناتوانم فەرمانت پێبدەم، بەڵام ئەرکی سەرشانمە ئامۆژگاریت بکەم. ئەوەش بزانە، نەك هەردەبێ دیارییەکەت بەنرخ بێ، بەڵکو دەبێ پەیوەندی بەمێژووی نائاساییمانەوەش هەبێ کە ئاکاری چەندان سەدەی پاراستووە. دەبێ ئەو شتە چی بێ– خۆت بڕیار بدە. هەرکەسێك بیری خۆی هەیە. ئێستا دەتبەمە کارگەکانی (ئونسوکول)، بزانین دارتاشەکان چ دەکەن. لەوانەیە شتێکی باشیش هەڵبژێرین؟.

بەڵێ (دایان – دۆڵدوروم) مەتەڵێکی بۆ گوتم. ئەگەر پێشتر خەیاڵی وام کردبا، لەوانەبوو خۆم بتوانم ئەرکی دروست کردنی بەئەستۆوە بگرم. ئەمما ئێستا جگە لەبیرۆکەیەکی لێڵ، شتێکی دی کەللە کلۆڵەکەم بەهاتنی نارازێنێتەوە.

## 6

ئێمە بەتەنیشت پەیکەری (ماخاچ)و قارەمانی شەڕی ناوخۆییو یەکەمین رێبەری وڵاتی کوێستان، تێدەپەڕین. ئەو کە هێشتا زیندوبوو، ببووە ئەفسانە. لە ساڵە سەختەکان دا، کاتێ دەستەڵاتی سۆڤیەتی لەشاخەکان لەدایك بوو، ناوی (ماخاچ) زراوی دوژمنانی دەڕژاند، ئومێدی دەخستە دڵی دوودڵەکانو ئیلهامبەخشی تێکۆشەران بوو. کاتێ هێزەکەی دەچوونە گوندێك خەڵکەکە بەخۆشحاڵییەوە، پێشوازی رزگارکەری خۆیانیان دەکرد. قارەمانەکانیان بۆ حەسانەوە دەناردو پیاوەکانی دی شەوان نەدەخەوتن، ئێشکیان دەگرتو سەلامەتی پارێزگارانی خۆیان دابین دەکرد.

ئەمەش ئارتیل، ساباتێکی بەرینی گەڵادارە جۆربەجۆرەکان: داری باریکی ئاڵبالو، دار زەردەلوو، زرشكو لکە باوی لەباو باران دەپارێزێ. مرۆی نەشارەزا

www.pertwk.com

وادەزانیٚ تووشی کۆگای دارو سووتەمەنی بووەو قەتی بەمێشك دا تیٚناپەڕیٚ, ئەم دارە رەسەنانە چاوەڕوانی هەندێن لەدەستی وەستا لیٚزانەکان ژیانێکی تازە دەست پیٚبکەن.

دەچینە ناو کارگەکە. مامم پیرۆزبایی لەکریٚکارەکان دەکاو بەرەفتاری ئاشنایان هەست دەکەم هەموو دەیناسن. مامم بۆئەوەی لەئیشیان نەکا, خۆی شوێنەکان بەسەر دەکاتەوە. لەیەکە یەکەیان نزیك دەبێتەوەو دەستیان دەگوشیٚو پاشان بەسەر هێمام بۆدەکاو دەڵیٚ: "ئەمە برازامە". منیش دەستی وەستاکانی (ئونسوکول) دەگوشم– دەستیان بەهێز, زوورو وەك کاکڵەی دار گەرمە.

دارتاشەکان لەسەر سندووقچە تایبەتیەکانی دەستکردی خۆیان کە سەرەوەیان بەئاگر, گوڵو پنجکیان لەسەر دروست کردووە, دادەنیشن. ئەم سندووقچانە کەرستەو کارە ناتەواوەکانی ئەوانی تێدان.



لیٚرانەش, وەکوو کارگەی ئیٚمە, هەر دەستکردێك بەلای چەند دەستێك دا تیٚدەپەڕیٚ, یەکێك لەوەستاکان لەژێر ساباتەکە, گریٚ دارێکی هەڵبژاردووەو لەسەر ئاگر گەرمی دەکاو بەپیٚ خواری دەکاتەوە. یەکێکی دی دەیتاشیٚو بەکارتیغێکی گەورە لووسی دەکا. پاشان رووی دەستکارەکە بەپارچە مس, تیلی وارشو, فەیروزە نەخش دەکەنو دەڕازێنرێتەوە. ئەوەی دەمینێتەوە, شتە ئامادەکراوەکە مشتو ماڵ بدریٚو ئەم دەم دەستکارێکی تازەی هونەرمەندانی (ئونسوکول) لەبەر چاوان دا خۆی دەنوێنیٚ.

مامم, لەوبەرهەمانەی بەکۆمەڵ دروست دەکرێن, زۆر وردنەبۆوە. ئەو باش دەزانیٚ, باشترین هونەرمەند ئەوانەن کەهەموو قۆناغەکانی کارەکە بەدەستی خۆیان ئەنجام دەدەنو شێوازی تایبەتی تێدا بەکار دێنن. بەڵام کاری هەڵکۆڵینی سەرداریش لەزێڕینگەری سادەتر نییە, بۆیە حەزم دەکرد لەتەنیشت هەر وەستایەك دا زۆرتر رابوەستم. بۆ نموونە, ئەم پیاوە پیرە رەشتاڵەیە بەقەڵەم گوڵو پنچکی لەسەر تەختە دەکێشا, پاشان بەدرێشەیەکی تایبەتی تێلێکی پانکراوەی لەناو ئەو کونانەی دروستی کردبوون, رادەکردو لەبەرچاومان نەخشو نیگارێکی سرنج راکێش وەدەردەکەوت.

هاوسیٚی پیاوە پیرە رەشتاڵەکە, هاوکات کاری رەسم کردنی نووسینێکی تەواوکرد "**لەبیرمەکە, من دوو کۆتایم هەن**". مامم ئەمەی دیت:

–شتێکی نویٚیە!.

–ماوەیەك پێش ئێستا چیرۆك نووسێك لەمۆسکۆوە هاتەلامان. باڵابەرزیٚ بوو, بەڵام ناویم لەبیرچووە. مسۆگەر کوڕەکەم وەبیریەتی– وەستا رووی کردە کوڕەکە کەداردەستێکی بۆنیشان دانی نەخشەکان رەنگ دەکرد. زارۆك گوتی:

–مام ستیوپا بوو.

–بەڵیٚ, بەڵیٚ, خۆیەتی! دانەیەك (قامچی)مان بەدیاری پێشکەشکردو ئەویش داوای کرد نووسینێکی وای هەبیٚ. ئیٚمە, نەتەنیا ئیٚمە, زۆرمان پیٚخۆش بوو, ئێستا داواکارییەکمان لەکۆمپانیایەکی هەرەوەزی بۆ هەزار دانە بەدەست گەیشتووە.

(ئونسوکولییەکان) زۆر داهێنەرن. بەرهەمەکانیان بەنووسینی جۆراو جۆر, وشەی کورتو شیعری شاعیرانی کوێستانیٚ, دەڕازێننەوە. ئەگەر ئێوە داوای سێگارێکیان لیٚ بکەن. ئەوان قووتییە سیگارێکتان بۆ درێژ دەکەن. ئەگەر کردتانەوە دەخوێننەوە: "**مشەخۆر, تاکەی سواری ملی کەسانی تر دەبی, هی خۆت بکێشە!**".

لەسەر ملوانکەی ژنان, دەنووسن: "**جوانی راستەقینە نەلەشێوەدا, بەڵکو لەناوەڕۆك دایە**". لەسەر دەسکی قامچی سواران دەخوێنییەوە: "**شەرەفو شانازی بەسەرپشتی ئەسپەوەیە**". لەسەر قەڵەمدان: "**سپی, رەش مەکەوە**". نووسینی سەرکێرد بۆ

www.pertwk.com

جوداکردنەوەی لاپەڕەکانی کتێب, رادەگەیەنیٚ:"من ریٚگای زانست دەکەمەوە".

تەپڵەکیش فێر دەکا:

سۆتەك لێرە دانیٚ

بەلاٌم ئاگرەکە بپارێزە.

چونکە بەبیٚ ئاگر,

ئاسایش نابیٚ!

وەستاکان وشە پڕماناو پوختەکانی هاونیشتمانییەکەی خۆیان "ماخاچ" یان پیٚخۆشە: "ئاگرم لە لەکەو مەرگیشم لەهەتك کردن, پیٚ باشترە!"....

منو مامم, من بەئەشقێکی قووڵەوەو ئەو تەنیا بەوەسف, ماوەیەك توحفەکانی (ئونسوکول)مان تەماشاکرد. لێرە, هیچ شتێکیش بەپیٚی سەلیقە سەخت گیرەکەی, کەبتوانیٚ وەك چەکێك لەخەبات دا لەپێناوی دەزگیران, بەکەڵکی برازاکەی بیٚ, لیٚ نەبوو.



دەنگێك لەحەوشەکەوە هات:

–بگەڕێوە, مێردەکەم هاتەوە!.

(نوتسالای) بوو, مژدەیەکی خۆشی هێنابوو.

ئەودەم, نەتەنیا مامم کەمیوانی (ئای دەمیر) بوو, بەڵکو وەستاکانی (ئارتیل)یش هاودەردی خۆیان بۆ هاوگوندییەکەیان دەربڕیو منو مامم بەلەز بەرەو ماڵی ئای دەمیر چووین.

(ئای دەمیر) پیاوێکی بالأبەرزو باریکەلە بوو. سیما پڕ لۆچەکەی, خۆشحاڵی لیٚ دەباری.

لەناو کۆمەڵێك خەڵك کەبەوردی گویٚیان لیٚگرتبوو, راوەستابوو. دیاربوو باسی سەفەرەکەی بۆ دەگێڕانەوە.

–...... ئەمما سەرۆکی دادگا (عەلی) خەڵکی (ئاختین) مرۆ نییە, گەوهەرە, کاتیٚ بانگی کردم, گوتی: "باشە, (ئای دەمیر) چیت لیٚ بکەم؟ لەگەڵ ژنی یەکەم دا بڕوانامەی رەسمیتان نییەو لەمێژیشە لەگەڵ یەکیدیدا ناژین, لەبەر هەندیٚ (تەلأق) بۆ ئەم کارە نابیٚ: خۆتان لێکتر جوودابوونەتەوە. دەربارەی ژنی دووەم .. تەلأق بۆچی؟ بەپیٚی چ یاسایەك؟ منداڵتان هەیەو ئەویش تۆی خۆش دەویٚ". لێرەدا, من لە (عەلی ئاختینی)م پرسی: "ئێوە لەکویٚ دەزانن ئەو منی خۆش دەویٚ؟". دیاربوو, هەر کەمن لەماڵ وەدەرکەوتبووم, نوتسالای نامەیەکی پڕ لەئاخو دەردی نووسیبوو, تیایدا بارودۆخی ژیانمانی باس کردبوو. "لەوانەیە – ئەو گوتی– مەحکووم بکریٚی؟ بەلأم لەبەرچی؟ چونکە ژنی یەکەمت کە نەخۆشە بەرەڵلأنەکردووە؟ لەوانەیە سزا بدریٚی؟ بەلأم پارەش بۆ تۆ لەهەموو کەس پێویست ترە". هەموو ئەم قسانەی پێگوتمو پاشان گوتی: "دەڵیٚی چی, چیت لیٚ بکەین؟" وەرامم داوە: نازانم, خۆتانو ویژدانتان. ئەو گوتی: "هەروا دەکەم!". حوکمی یەکلاکەرەوەی خۆی دەرکرد: منی دوورخستەوە.

–چۆنی دوور خستیتەوە؟ –گویٚگرەکان دەستیان بەپستە پست کرد.

–دوومانگ بۆ سناتدریوم. هەروەها بڕیاریان دا بەڕێوەبەرایەتی کەلخوزی رابگەیەنن کەمانگانەیەك بۆ (جەواهەرات) وەك مافی خانەنیشینی ببڕنەوە.

بۆیە (عەلی ئاختنی) منی لەخۆم باشتر ناسی. قەت دادپەروەریەکەی لەبیرناکەم.

## 7

یەکێك لەوشەوە خۆشانەبوو کەماوەیەکی زۆر لەیادی چیاییەکاندا دەمێنێتەوە.ئەمەش لەبەرهەندێ نییە کە لەشەوانی وادا رووداوی تایبەتی روودەدەن– تەنیا جوانیی ئارامی ئەوان، کەس دوورە پەرێز ناهێڵێتەوە!.

لەئاسمانی شین دا، یەکەمین شکۆفەی ئەستێران دەکرانەوە. هەورەکان وەکوو ئەو شوانانەی خۆیان لەنێو کەپەنگی ئاوریشمی زۆر سپیدا وەرپێچابێ، نوستبوون. مانگە روو جوانەکەش وەك کیژێکی لەناو نووستوان بەدوای دەزگیرانەکەی خۆیدا بگەڕێ، بەشەرمەوە هەنگاوی دەنا.

وەختێ منو مامو ئای دەمیر چووینە گۆدەکان، نزیکەی بیست کەسێك دانیشتبوون.

مامم دوای چاکو خۆشییەکی ئاسایی، پرسی:

www.pertwk.com

–لەکوێستانەکەتان، چ هەواڵێکی تازە هەیە؟

یەکێك بەبێ مەیلی وەرامیداوە:

–هیچ! یەکێکی خەڵکی (ئیرگانە) گێزەری چاندووە. شینایییەکەی وا گەورەبووە مەپرسە. ئێمە ئێستا قسەمان لەوە دەکرد چۆن هەڵی کەنین، ئەدی لەلای ئێوە چ هەواڵ؟

(دایان – دۆڵدوروم) بەبێ هیچ لێکدانەوەیەك درێژەی بەقسەکانی ئەودا:

–وەستاکانی ئێمە، بڕیاریان داوە، یاری هاوسێکانی خۆیان بکەن. بەهەموومان مەنجەڵێك بۆ کوڵاندنی گێزەری ئیرگانەیی دروست بکەین. مەنجەڵەکە رێك بەئەندازەی گێزەرەکە دەبێ. کاتێ یەکێك لەوسەر بەچەکووش کاردەکا، ئەوی دی کەلەوسەر کار دەکا گوێی لەدەنگی نییە.

قاقای پێکەنین پاداشتی مامم بوو، بەڕاستی خۆ لەقسان دانەدەما.

بەداخەوە، ئەو هەموو قسە پەلارانە کەلەشەوچەرەدا دەگوترێن، ناگەنە گوێی خەڵك!. من ماوەیەکە دەفتەرێکی گەورەم لەباخەڵ ناوە، هەموو بابەتە شایستەو سرنج راکێشەکان دەنووسمەوە. حەز ناکەم، هەتا گەردێکیش لەوەی لەڕێگادا بیستوومە بزربێ. زۆرجار ناچار دەبم پاڵەپەستۆ بخەمە سەرمێشکم بۆ ئەوەی هیچ لەبیر نەکەم تا ئەو دەمەی کاتێکم بۆ نووسینەوەی شتەکان وەدەست دەکەوێ. خۆ لەگۆدەکان، شت نانووسرێتەوە: دەبێتە رێز لێنەنانی دانیشتوان سەرباریش، کەمێ تاریکە. لەبەرهەندێ بەهەموو توانایەك گوێ دەگرم، هەتا وادەزانم گوێکانم دەجوولێنەوە. لەم باریەوە، بەپێی کارو کاردانەوە لەسەر ئاوی کانییەکانی کوێستانێ، حوکم دەدەم، چونکە بۆ چیاییان باش نییە لەماڵی خەڵکی دی کەلەوانەیە بیبینن، تەماشای نەینۆك بکا.

لەمەڕ هەندێ، مامم دەگێڕێتەوە:

www.pertwk.com

–من ناتوانم درۆبکەمو بەرگەی ئەوانەشم پێناگیرێ کەدرۆ دەکەن. بەڵام ئەوە بزانن، ئەوەی بۆتانی دەگێڕمەوە، کورتە مێژوویێکی واقیعی هەیە. داپیرم لە هەیوانێ دانیشتبوو، هێسکە پیرەکانی خۆی گەرم دەکردەوەو گۆرەوییشی بۆ من دەچنی. پشیلەکەمان، وەك باوە گەمەی بەگلۆرە بەن دەکرد: جارێکی گلۆر دەکردەوە، خۆی دەگەیاندێو بەپەنجەکانی دەیگرتو گازی لێ دەگرت. بەکورتی گەمەی دەکرد، بەڵام هەر وەك دەگوترێ هەموو یارییەکیش تەواو بوونی هەیە. ئەم گەمەیە لەوێدا تەواو بوو، کاتێ پشیلەکە گلۆرە بەنەکەی قووت دا. داپیرم چی کردبا؟ داوەکەی بڕیو گۆرییەکەی بەجێهێشت. چونکە بەنی دی نەبوو. من زستانی ئەوێ ساڵێم بێگۆری گەرم بەسەر برد. زۆری پێنەچوو بەهار داهاتو پشیلەکە چەند بێچوویێکی بوو. راستی راستییە کەپێتانی بڵێم: هەریەکەی جۆتە گۆرییەکی خوری یان دەپێ دا بوو.

ئیدی نۆرەی (ئای – دەمیر) بوو، بەتایبەتی کەئەوێ شەوێ خۆشحاڵ بوو:

–ئەری هەمووتان وەبیرتانە ئەم تاتەبەردەی گۆدەکان بۆ درزی برد؟ وەبیرتان نییە؟ با بۆتانی بگێڕمەوە: جارێك دووکەسی خۆپەرستی لەسەر دادەنیشن. یەکێك دەڵێ: "لەداغستان سێ کەسی ئازا هەن. یەکەم ئامۆزامو دووەم کوڕی خاڵمو ئەوی دیش، ئەگەر ناوی خۆم بهێنم، جوان نییە". ئەوی تر وەرامی دەداتەوە: "ئایا دەزانی مرۆڤ لەمەیموونەوە پەیدابووە؟ هەمان مەیموون دامەزرێنەری تیرەکەمان بوو .. یەکەمیان دەیگوت: "**بابم دەیگێڕایەوە: بابی کەدەکاتە باپیرم، پیاوێکی باڵابەرزبوو. ئەگەر لەسەربان رودەنیشت سەری لەنێو هەورە خۆڵەمێشییەکان دا بزر دەبوو.** "دووەم وەرامی دەداتەوە: "**ئەوە هەور نەبوو، ردێنی باپیرم بوو کەلەسەربان دانیشتبوو**". بەم شێوەیە، تاتەبەرد بەرگەی لاف لێدەرەکانی نەگرتو شەقی برد. **پیاوچاکینە، ئاگاداربن ئەم تاتەبەردانە لەبەر چیرۆکەکانتان وردنەبن!**

گەنجێك بەجلو بەرگی شارستانییەوە کەلەتەنیشت مامم دانیشتبوو، بێدەنگی خۆی شکاند:

–بەدوای شتی گاڵتەجاڕیدا چما ئەوەندە دوور بڕۆین؟ هەر لێرە کە لێی دانیشتووین، عەلیو وەلی دانیشتبوون. عەلی لەوەلی پرسی: "وەلی، تۆ برات هەیە؟". –(هەمە!).

–(تەمەنی چەندە؟) –(چلو حەوت ساڵ) –(خۆت تەمەنت چەندە؟) –(سیو سێ!).

–باشە، ئەگەر تەمەنی هەردووکتان کۆبکەنەوە، دەکاتە چەند؟). وەلی بیری کردەوەو بیری کردەوە، پاشان ئاوڕی لەعەلی دایەوەو گوتی: (وەڵلا، عەلی، من برام نییە!).

تەماشاکەن لەکوێستانەکەمان دا، چەندە مرۆڤی حازر بەدەست هەن!. بۆ ئەمانە هەتا خۆ پڤ کردنیش پێویست نییە!.

–هەمووتان دەزانن خەڵکی (قایتاق) چەند تفەنگچی چاکن. –جارێکی دیکەش دەنگی مامم بیسترا– رۆژێکیان، قایتاقییەك بەناوی (کەمال) دەچێتە مەیدانی تفەنگانێ. ئەو کەمالە هەندێ جار بەشانو باڵی خۆیدا هەڵدەدا. تەماشا دەکا دوو دۆست بەناوی (بەشیر) و (مورتەزا) کە تفەنگچی چاکیش نین، گرۆدەکەن. کەمال بەفیزەوە دەڵێ: "**بەم تفەنگ هاویشتنەت ناتوانی بەرگری لەنیشتمان بکەی! بیدە من تانیشانی بدەم چۆن دەهاویشترێ!**". تفەنگ بەدەستەوە دەگرێو بەخێرایی دەیتەقێنێ: تەق! –لێی نەدا؟. ئەگەر لەباتی ئەو کەسێکی دیکە با، بەسەرەخۆدا دەشکایەوە، بەڵام قایتاقی لەوان نەبوو. –"بەشیر" دیتت چۆن تفەنگ داویشترێ! –ئەمەی گوتو جارێکی دی تفەنگەکەی بەرزکردەوەو تەقاندی. ئەم جارە باشتری هاویشت –دیسان نەبوو. "تۆ، مورتەزا واتفەنگ بتەقێنە!. ئەم جارە جێ پێی

www.pertwk.com

خۆی خۆش کردەوەو نیشانەی شکاند. "ئەمما من، وانیشانە دەشکێنم!". کەمال، ئەمەی بەدەنگێکی بەرزەوە گوت و بەشانازییەوە لەمەیدانیٚ وەدەرکەوت.

ئێستا تۆ ئەی دۆستی لاو، گوللەی خۆت تەقاند! –مامم وەك پشتگیری لێکردنی دەستی لەپشتیدا.

پێکەنین هێواش هێواش هێور دەبۆوە. سەرباری هەندێش شەو درەنگ کەوتبوو، گۆدەکانیش بەرەبەرە چۆڵ دەبوو. ئێمە خوداحافیزیمان کردو بەرەو ماڵی خانە خوێکەمان گەڕاینەوە. نازانم بۆچی من لەوکاتەدا، وام کەوتە مێشکەوە کەدیداری خۆم لەگەڵ (سیباتس) ژنە هونەرمەندی (ئیزبرگ) بۆ مامم بگێڕمەوە.

بریا ئێوەش لێرەبان، تابەچاوی خۆتان بتانبینیبا کەچۆن بەتووندی دەستی راکێشام و ئەنگوستیشی خستە سەردەمم و گوتی: "هێواش". پاشان بەچرپەوە گوتی:

–ئەدی بۆچی زووت بۆ نەگێڕامەوە؟!

–لەکوێوە دەمزانی ئەوەندە گرنگە؟



–هەڵبەتە گرنگە! بابچین، دەبیٚ پەلە بکەم. ئەسپەکەت بۆ بەجێ دێڵم و خۆم بەترومبێل یان فڕۆکە دەگەڕێمەوە. بەڵام دیداری (ئیزبرگ)ت بۆ کەس نەگێڕیەوە تیٚگەیشتی؟.

–چۆن، تیٚناگەم هەرچۆنێك بیٚ برازای تۆم! –خۆشحاڵ بووم لەوەی ئەسپەکەیم بۆ سەفەری ئایندە بۆ بەجی دێڵیٚ. وەسفی خۆم کرد.

دوای خوداحافیزی لەماڵی (ئای دەمیر)، مامم بەیەکەمین ترومبێل وەڕێکەوت. تیٚگەیشتم چی روویداوە. ئاخر من بەوم نەگوت کەلەمێژە مێردی کردۆتەوە! وادیاربوو لەوەدەترسا دەمگۆی زەماوەندەکەی بگاتە گوێی کۆنە ژنەکەی و ئەویش بۆ تۆڵەی زەحمەتەکەی بێتەوە (کووباچی). هەروەها تیٚگەیشتم کە ئیدی مامە خۆشەویستەکەم چاوەڕوانی گەڕانەوەی من ناکا. بەڵام مەسەلەکە ئەوەبوو، لەبەر ئەسپەکەی، سوپاسیم کرد چونکە، رێگاکانی کوێستانم بۆ کورت دەکاتەوە.

پێش وەڕێ کەوتن، چوومە دیدەنی (جەوهەرات). دەربارەی گەشت و گوزارم باسم بۆ کردبوو. ئەویش داوای لێکردم دەستکەوتەکانمی نیشان بدەم. ئەگەر نیشانیم دا بێجگە لەگرژینەوەیەك، قسەیەکی دی نەکرد.

–بەمنیان گوتووە (سەرمینان) نەك هەر خۆی جوانە، بەڵکو لەجوانیش دەگا، تۆ دەتەویٚ بەم شتە بیٚنرخانەت دڵی وەدەست بخەی؟. باشترە ئەم ماچایتییانە بدەیتە من. نەرم و نیانن، بۆمن باشن چونکە پێم دێشن. سینییە هەڵکەنراوەکەشت لەسەر ئەو تاقچەیە دانیٚ –پێنج دانەی دیکەشم هەن، بانیو دەرزەن تەواوبیٚ.

من نەمدەتوانی بەقسەی نەکەم، هەرچییەکی گوت، جیٚبەجێم کرد.

–ئێستا ئەی تازە زاوا، بچۆلای سۆبەکە. لەسەر ئەو تاقچەیە هەگبەیەك هەیە هەڵیگرە!.

من شتێکی گرانم هەڵگرت– دەتگوت لەهێسکی رەنگکراو دروست کراوە.

–لەپەنجەرەکە نزیك بەوە، باشی تەماشای بکە! لەبەرخاتری خۆشحاڵی و سەرکەوتنی تۆ ئەمەت پیٚدەبەخشم.

ئەگەر لەنزیك پەنجەرەکە تەماشام کرد، تیٚگەیشتم شتێکی نائاساییم دەست کەوتووە. ئەم هەگبەیە، کەوچك دان، چەنگاڵ دان بوو. بەشێوەیەك دروست کرابوو، سەدان پارچە داری رەشی بیٚ پەیوەندی بەیەکەوە نووسابوون. هەموو درزەکانی بەنەخش و نیگاری گڕنی گڕنی داپۆشرابوون. ویٚ دەچوو، هونەرمەندێکی شایستە زەحمەتی زۆری پێوە کێشابیٚ. شتێك منی سەر سووڕماو دەکرد: چۆن مامم هەوڵی وەدەست خستنی نەداوە؟ –ئەمن پرسیم:

–ئایا (دایان–دۆڵدوروم) بەم هەگبەیەی دەزانی؟

www.pertwk.com

–دەیزانی, بەلاّم داوای لیّ نەکردم, چونکە نەمدەدایە. ئاخر دایکم لەم هەگبەیە کەوچکی هەلّدەگرتو هەنگوینی دەدایە (ماچاخ) کەمان– شانازییەکەی نەمریّ.

–دەتوانیّ پیّشکەشی منی بکەی؟

(جەوهەرات) بەسادەیی وەرامی داوە:

–داومە, لیّگەریّ لەگەلّیدا خۆشبەختی بیّتە میّوانتو هەرگیز بەجیّت نەهیّلّیّ.

–سوپاســـت دەکـــەم (جەوهـــەرات). چـــەندەم پیّناخۆشـــە کـــەناتوانی لـــە زەماوەندەکەمان دا بەشداربی.

–چۆن دەزانـی؟ رەنگـە تـا ئـەویّ رۆژیّ چاك ببمـەوە! –(جەوهـەرات) بەرِوومـدا گرژییەوە.

–بەهەرحالّ هەولّی خۆم دەدەم.

–ئیّمەش بەهاتنت خۆشحالّ دەبین.



–باشـە کـورِم, سـەفەرت خیّـرا. هەرکویّیـەکت دەویّ بـرِۆ, بـەلاّم ئامۆژگاریـت دەکەم سەریّکیش لەگوندە بەناوبانگەکەی (بالخار) بدەی.

وەرامم داوە:

–ئیّستا کە ناوی (بالخار)ت هیّنا, با (بالخار) بیّ– خوداحافیزیم لەو ژنە باشـە کرد – سواری ئەسپ بوومو وەریّ کەوتم.

بەپیّچـەوانەی (قویسـوی ئاڤـار) بـەرەو سـەرەوە رۆیشـتمو گەیشـتمە گونـدی (ئیرکانە)و لەریّی گەلّییە سەرگیّژکەرەکەی (ئاراکان) گەیشتمە ئەو جیّگایـەی کـە (قویسوی ئاڤار) و (قەرەقویسوی) تیّك دەکەنـەوە. پاشـان گونـدی (گورگبیـل) کـە بـەپیّی گوتـەی (سـترابون) –جیّگـای ژنـانی جـەنگاوەربووە, کەوتـە سـەرریّگام. چونکە من لەدۆلّی (زاوایان)ی نزیك (ئیستاری)دا رووبەرِووی ژنـە جـەنگاوەرەکان بووبوومــەوە, بۆیــە بــەدەوری باغــەکانی (حــاجی ئەلمــەهی)دا ســوورِامەوەو تــا (سوداخار) چوومو بەربەیار بەرەو (بالخار) وەریّ کەوتم.

# 7 گۆزەکان, مرۆڤ دروستیان دەکەن

1

پیّشـان, لەگـەلّ خۆشەویسـتی دایـكو بابـدا, لاوی چیایی فیّـرە خۆشەویسـتی ولاّغیش دەکرا. سوارچاك, پیّش ئەوەی شانازی بەخانوو, بەسامانو هـەتا پیّش ئـەوەی شـانازی بەهاوسـەرە شـەرمنە پـرچ رەشو چـاو رِەشـەکەیەوە بکـا, دەبـا وەسفی ئەسپەکەی بکا. لەکۆندا چەندەی دامەنی "چوخا"ی لاوەکان لەبەر زۆر ســواری درِابــا, یــان لەبــەر لیّخشــانی شمشــیّرو دەمانچــە کونکــون بوایــە, شـانازییەکەی گـەورەتر دەبـوو. هـەروابوو, چـونکە چـیایی هـەموو مەترسـییە

www.pertwk.com

بێژمارەکانی ژیانی لەگەڵ ئەسپەکەیدا دەکردە دووبەشەوە. وڵاتی کوێستان، دەبوایە بەرگری لەهاتنی میوانە بانگ نەکراوەکان بکا– **لەسەرپشتی ئەسپ، ئابڕووی خۆی دەپاراست، لەسەر پشتی ئەسپ گراوییەکەی خۆی لەچنگی داكو بابە چاوچنۆکەکەی دەفڕاند– لەسەر پشتی ئەسپ و لەکۆتاییدا لەپێشبڕکێی سوارچاکان دا وەدەردەکەوت، لەسەر پشتی ئەسپ دادەنیشت.** لەوان سەردەمان دا، ئەگەر کەسێك هەتکی بە کەسێکی دی کردبا، کلکی ئەسپەکەی دەبڕی. بەڵام کوشتنی ئەسپ هەتکێکی مەرگ هێنەربوو.

بەنرخترین، بەتینترین‌و بەهۆشترین ئەسپ ئەوئەسپانەن کە لەڕەسەنی خۆماڵی (ئارگامان)ن. ئەسپی وا، زۆرجار سوارەکەی لەمردن رزگار دەکردو سواریش بەئەشقەوە وەرامی دەداوە. ئەوئەسپەی ئێستا لەژێرمدایە، ژیانی مامی رزگار کردووە.

(دایان – دۆڵدوروم)، رووداوەکەی وادەگێڕاوە:

زستانێك، دەچووومە کێوەکانی "نوکتلی". بەفردەباری‌و زریان هەڵیکردبوو. شەویش نزیکبوو. پردەکەی نێوان (سوریب)و (کونیب) رووخابوو. ئەمن زانیم دەبێ لەوێ لەئەسپەکەم جودا بمەوە: پێشەوەم هەڵدێرێکی هەزار بە هەزارە، پێداچوونی پیادە ئەستەمە نەخەسەلە ئەسپیشت پێ بێ. سەرەوەش، زریان بوو، لەوێ هەردووکمان رەق دەبووینەوە.

هەگبەکەم لەزینی ئەسپەکە کردەوەو بەشانی خۆم دا دا. دەستم کردە ملی ئەسپەکەم‌و گریام. وام دەهاتە بەرچاو کە ئەسپەکەش چاوی پڕی رۆندك بوونە. بەبێ ئاوڕدانەوە، داگەڕام‌و نیوەشەوێکی درەنگ لەو گەڵی‌یە ترسناکە پەڕیمەوە. بەڵام شاخەکەم پێ نەبوێردرا. چونکە رنی‌یە بەفر هێزیان لێبڕیم‌و هەستم دەکرد ئیدی بەکۆتایی ژیانم گەیشتووم. لەبەربا پەنام وەبەر تەختەبەردێك بردو لێی راکشام. چاوەڕوان بووم داخۆ کەی مەرگی سارد لەخەوی شیرین دا دێتە سۆراغم، لەهیکڕا هەستم بەشتێکی گەرم‌و تەڕ کرد لەسەر گۆناکانم. چاوم هەڵێناو سەرم سووڕما. ئەسپەکەم لەبەرامبەردا وەستاوە. وای تەماشا دەکردم دەتگوت سەرکۆنەکەم دەکا: ((گەورەم، وات دەزانی ئەو رێچکەیەی تۆ پێیدا رۆیشتی من ناتوانم پێیدا بڕۆم!)).

مامم دەگێڕێتەوە، کە دوای ئەو رووداوە تووشی ئازاری ویژدان بووە، چونکە خیانەتی لەدۆستە راستەقینەکەی کردووە.

ئەمن کەلەناو ئەو بیرانەدا رۆچووبووم، بەڕێگایەکی بەردەڵان دا بەرەو گوندی (بالخار) دەچووم. لەناو مێرگێکی تەنیشت رووبار، رێبوارێکم کەوتە بەرچاو. ئەسپەکەی راتەوراندبوو، خۆشی خەریك بوو دەست بەنان خواردن بکا، ئەگەر منی دی، هەستایە سەرپێ:

–هۆی سوار: پارووم لەگەرودا گیردەبێ، بەتەنێ نانم پێ ناخورێ. لوتف بکە وەرە یاریم بکە.

دەنگەکەیم لەکن ئاشنابوو. کاتێ نزیك بوومەوە، موختاری کوڕی (لیونید)، یەکێك لەغەنیمەکانی خۆم ناسی. قەت چاوەڕوانی دیداریم نەدەکرد. ئەگەر کەمێك زووتر هەستم پێ کردبا، مسۆگەر جڵەوی ئەسپم وەردەسووڕاندەوە. هەرچەندە هاوگوندی منەو وەستایەکی باشیشە، بەڵام کابرایەکی سەیرەو بەرگەی ناگیرێ، گوندی‌یە بەڕێزەکان لەتووندی‌یەکەم ببوورن! بەهەرحاڵ ئەمە رای منە، ئەو بەدکارە.

خۆی وا نیشان دەدا کەبەدیتنی من خۆشحاڵەو وەك خانەخوێیەکی میهرەبان‌و رووخۆش پەنجە بۆ خواردنە زۆرەکان رادەکێشێ‌و بەکەیف خۆشی‌یەوە دەڵێ:

–باشە کاکە گیان، باری ئەسپەکەت داگرەو رایتەورێنە. ئێمەش پێکەوە گۆشتی تەڕوتازە دەخۆین. –بەنیشان دانی گۆزەیەکیش، درێژەی بەقسەکانی‌دا:

www.pertwk.com

-ئەم گۆزەیە، ئاو نییە، شەرابە! سوێند بخۆم سوێندم ناکەوێ لەشەرابی (پیساخ) باشترە.

لغاوی ئەسپەکەم کردەوەو سەری جڵەوەکەیم بەزینەکەیەوە هەڵواسی و بەهێواشی دەستێکم لەتەرۆکیدا: ((بڕۆ بلەوەڕێ!)). هەگبەکەمم لەلایەك داناو بە شێوەیەك لەپیاوی راستەقینە بوەشێتەوە لەسەر سفرە رونیشتم. لەسەر پارچە رۆژنامەیەك دا، دەسکە تەڕە پیوازێك و چەند سەرکە توورو گۆشتی سۆرکراوە کە موختار بەوەستایی قاش قاشی کردبوون، دانرابوون.

پێکێکی بۆ درێژ کردم و گوتی:

-ئەمن پێکێکم خواردۆتەوەو ئەمەش هی تۆ (دەرخاب)

(دەرخاب)م گوت و پێکەکەم چۆڕبڕ کرد.



-چۆنە؟

-نایابە، -پارچەیەك گۆشتی سۆرکراوەم هەڵگرت و پرسیم:

-چ بایەك تۆی بۆ ئەم دەوروبەرانە هێناوە؟ -هەرچەندە دەشمزانی یەك با چارۆگەی هەردووکمانی پاڵناوە.

-راسپاردەیەکی تایبەتییان پێ ئەسپاردووم. بۆ دیتن و لێتوێژینەوەی نەخش و نیگاری چیاییەکان هاتووم. سەردەم داوامان لێ دەکا کارەکانمان دەوڵەمەند بکەین، ئەگەرنا لەخەڵکی خۆمان وەدوا دەکەوین.

وێڕای ڕوانینی من، بەڕووێکی وا کەبڵێی چارەنووسی هونەری (کووباچی) تەنیا بەو سپێردراوە، دەدوا. ئەگەر بۆ کەسێکی دی قسەی کردبا، مسۆگەر باوەڕی دەکرد، چونکە لەکاتی قسەکردن دا هەتا برژانگیشی لێك نەدەدان. وەك کسۆك درۆ دەکا، بەڵام نەك هەر تەریق نابێتەوە، بەڵکو بەدڵنیاییەوە ملچە ملچیش دەکا. من گوتم:

-کارێکی باشە، داوای سەرکەوتنت بۆ دەکەم.

-ئەمنیش داوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم. وەك من بزانم تۆ بەهۆی کارێکی دی سەفەرت دەست پێکردووە؟ - پێکێکی تری بۆ پڕکردم.

-بەڵێ!

-مسۆگەر شتێکت پەیداکردووە؟

-شتێکی وانییە.

-تکایە، نیشانی دە!

ئەو بەپێکەنینێکی گاڵتەجاڕانە تکای دەکرد، بۆیە منیش بڕیارم دا لەزەوقی بدەم، شتەکانم لەهەگبە دەرهێنا، بەڵام ئەو زۆر سرنجی نەدا شتەکان و تەنیا ئەوەندەی گوت:

-کاری تەنیا کەسێکە!

منیش لەزارم هاتەدەرێ:

-کەیفی پێدێ، ئەوە تۆ چ دەڵێی؟

(موختار) پرسی:

-کێ؟ -وام هاتەبەرچاو، لەرزی!

-سەرمیناز!

-ئاه، (سەرمینان)! ئێستا تێدەگەم دەربارەی کێ قسان دەکەی، نازانم .. نازانم.

# 2

ئەمن بەنائومێدی‌یەوە دیاری ژنە میهرەبانەکەم لەجۆڕکەکە هاویشتەوەو بیرم کردەوە: ((خراپ نی‌یە بزانم خودی موختار چی وەدەست کەوتووە؟)) ئێمە وێڕای خواردنەوە، قسەشمان دەکرد. بەڵام ئەوەندەی هەوڵم دا (سەرمیناز) بهێنمە ناو ناوان، "موختار" خۆی دەبواردو لەمەڕ ئاوو هەوا، بەری باشی هەڵووژەو ترێی ئەم ساڵ و ئەوفڕۆکەخانەیەی مەبەستیانە لەگوندەکەمان دروستی بکەن، دەدوا.

شەرابمان تەواو کردو جۆڕکەکانمان خستە ژێرو سەرو راکشاین. مسۆگەر بیرەکانمان وەکوو ئەو هەورە رەش و تاریکانە لەئاسمانی شینەوە بەرەو لایەک–لای سەرمیناز دەڕۆیشتن. لەبەر هەندێش، هەردووکمان بێ‌دەنگ بووین. بەڵام دەبێ جۆڕکەکەی موختار چی تێدا شاردرابێتەوە؟ لەژێر پارچەکەدا شتێکی خڕ هەیەو بەسەنگیشم دێتە بەرچاو. لەوانەیە بتوانم تا نووستووە وێ بکەوم چی تێدایە؟ ئەگەر دەمویست دەستم بۆلای جۆڕکەکەی درێژ بکەم، موختار پرخەی

www.pertwk.com

دەهات و خۆی بەرەو لاکەی تر وەردەگێڕا، وەك بڵێی بەڕێکەوت لایەکی جۆڕکەکەی بەخۆوە نووساندبێ. ئەو دەم بڕیارم دا کاتێ واگاهات و بەدوای ئەسپەکەی‌دا چوو، زۆر بەئاسانی دەست بۆ جۆڕکەکەی دەبەم و ئەگەر دیتی، دەڵێم وامزانی هی خۆمە: چونکە ئەوان وەك جمکانە وێك دەچن.بەڵام ئەو شەرابەی خواردبوومەوە، کاری خۆی کردو گەیاندمیە نزیك مەرگ.

ئەگەر واگاهاتم، بولیلە بوو، چاوم گێڕا (موختار) دیار نەبوو. کاتێ بە دڵەلەرزەوە جۆڕکەکەم هەڵگرت– هیشك بووم. هیچ و پووچە فریوی دام، هەگبە گرانبەهاکەمی دزیوەو هاوەنێکی قورسی بۆ بەجێ‌هێشتووم کە گوێزو سیری بۆ (خینگاڵ) پێ‌دەکوتن. لەتووڕەیی‌یان لەخۆم نەدەگەیشتم، ملی گۆزە بەتاڵەکەم گرت و بەهەموو هێزمەوە لەبەردێکم کوتا. ((ساختەچی!))– هاوارم کردو دەنگدانەوە گاڵتەجاڕی‌یەکەی دەنگم، دۆڵەکەی پڕکرد.

چۆنی فریودام! چۆن مەبەستە خراپەکەی لەژێر زەردەخەنە ساختەکەی دا شاردبۆوە؟ دیارە کاتێ قسەی دۆستانەی دەکرد، لەژێریشەوە نەخشەی فێڵبازانەی دەکێشا. بەڵێ، من نەمدەتوانی لێرە وەبیرخۆی نەهێنمەوە کە فریشتە چۆن گورگی خوێنخۆری بانگ کردو کەوتە ئامۆژگاری کردنی بەم شێوەیە: **ئیدی کوشتن و تاوان بەسە، گوناهەو دادپەروەری نی‌یە! تۆدەبێ خۆت پەروەردە بکەیتەوەو ژیانێکی نوێ دەست پێبکەی ... ئەمما گورگ هەر گوێی دەگرت و گوێی گرت: ((نابێ کورتتری بکەیتەوە؟ ئەوە مێگەل خەریکە بەتەنیشت لێڕدا تێ‌دەپەڕێ، شوانیش بەجێماوە!)).** زۆر روونە، کەسانێکی وەکوو (موختار)یش لەرووی ئاکارەوە پەروەردە ناکرێنەوە. لێ گەڕێ هەتابیری (سەرمیناز)یش لەمێشکی دەرکا. ئەو دەبێ لەگەڵ دێو، بەیەك جار لەگەڵ دوو دێو زەماوەند بکا.

هەموو لەشم لەبەر رق دەسووتاو دەمگوت ئەگەر دڵم لەسینگم دەرکێشم و لەزەوی بدەم، مسۆگەر وەك بۆمب دەتەقێ.

www.pertwk.com

بیرم دەکردەوە، هاوەنی گێلانە تووڕ هەڵدەم، بەڵام بەئومێدبووم. جارێکی دیکەی ببینمەوەو، لێگەڕێ ئەودەمی هەگبەکەم نەداتەوە.

سواربووم‌و بەدڵێکی خەمگین وەڕێکەوتم. ئەسپەکەم بەهێواشی بە ڕێچکەیەکی کوێستانیێدا شۆڕدەبۆوەو لەناکاو لەنێوان دەشتێکی کاکی بەکاکیدا، گوندی (بالخار) کە لەسەر گردێکی ناوەڕاستی دۆڵێکەوە هەڵکەوتبوو، دەتگوت کوورەی گۆزەکەرانە، وەردەرکەوت. سەربانی خانووەکان، لەهەمووڵایەکڕا بەگردەکەوە نووسابوون. لەجامخانەیەك دەچوو کەهەموو جۆرە کەرستەیەکی لەقوڕ دروستکراوی تێدا جێکرابێتەوە. دووکەڵێکی باریك لەدووکەڵکێشی هەر خانووێکەوە بەرزدەبۆوە، لێك چوونەکەی لەگەڵ کوورە، زیاتر دەکرد.

ئەم گوندە بەناوبانگەی گۆزەکەران، پەیدابوونی، قەرداری وەستا (بالخار)ە. خانوو و گۆڕەکەی نەپارێزراوە، بەڵام ئەو کارەی دوای سەرنەکەوتنی لەئەشقی ئاگراویو بەجێهێشتنی زێدەکەی دەستیپێکرد، پارێزراوە. تا ئێستاش بەوەستای دڵشکاو ناوی دەبەن‌و ئەو گۆرانییەی داینـاوە، لێرە وێردی سەر زارانە:

تۆ ئەی چەرخی گۆزەکەر
بسووڕێوە، بسووڕێوە!
بسوڕێوە بەردەوام
تۆ ئەی گوڵی سور
لەژێر پەنجە تواناو کارامەکانی دا
نەرم بە، نەرم بە، بەهێواشی
و تۆ ئەی کیژی نازەنینی ئازیز
ڕۆندك مەڕێژە بۆ گۆزەی شکاو
ڕەنگە هێشتاش خەبەرت نەبێ:
کە شکاندووتە دڵی گۆزەکەر
ئەی چەرخی دار، بسووڕێوە، بسووڕێوە!
بسووڕێوە بەردەوام،
گوڵی سۆر تۆش نەرم بە،
نەرم، بەهێواشی
لەنێو پەنجە تواناکانی دا
لەنێو پەنجە کارامەکانیدا
خۆشەویستە نازەنینەکەم
پێبکەنەو خەم لەدڵ دەرکە،
گرێی دڵم بکەوە
گۆزەکەت کە شکا چ خەمتە؟
گۆزەی نوێت بۆ دروست دەکەم هەمیشە!

لەگۆڕەپانە بەرینەکەی بەردەمی گوند، لەئەسپەکەم دابەزیم: چوونەناو گوندێکی نائاشنا بەسواری، بەبێ ڕێزی دادەنرێ. لەکووچەکانی (بالخار) شەڕی شەوانە لەگۆڕێدا بوو. گارانی گامێشەکان لە لەوەڕ دەگەڕاوە، گایەکان دەیانبۆڕاند، کەرەکان زەڕە زەڕیان بوو و خەڵکیش لەسەربانەکان کەبەدرێژایی ڕۆژ گەرم داهاتبوون، هۆی هۆی یەکدییان دەکرد. یەکێك هاواری دەکرد:

–ئاهای، هێی، خەڵکینە! کەرەشینە کلك بڕاوەکەی منتان نەدیوە؟

لەوسەری گوند یەکێك وەرامی داوە:

–ئاهای عەبدوڵڵا، من دیومە!

عەبدوڵڵا گەرووی خۆی دەدڕی:

–بەقوربانت بم لەکوێ، لەمێژە بەدوایدا دەگەڕێم!

–دوێنێ لەحەوشەکەی خۆتان بەسترابۆوە!

www.pertwk.com

(عەبدوڵڵا) بەناڕەحەتیەوە چەند جوونێکی ئاڕاستەی کابرا کرد کە کەس لە گۆدەکان قسەی وای نەدەکرد.



3

ئەو هەراو هۆریایە کەڕیان کردمو کەمێکم خۆ فەرامۆش کردبوو, بەڵام لەهیکڕا هەستم دەکرد ئازارێکی توووند پێیەکانم دەگوشن. بەوهۆیەوە کەوتمە سەر زەوی. رێکەوتێکی سەیرە! نێریەکی گەورە کە بەدەست کیژێکی گەنجەوە بوو, هەڵمەتی بۆ هێنام.

کاتێ بینیم قۆچی ئەم شەیتانە بەردینە وەك خەنجەر تیژن, ئەوەندەی نەمابوو هاوار بکەم: ((**ئاهای خەڵکینە, بگەنە هاوارم, دەمکوژن**!)), بەڵام خۆم راگیر کردو هەر ئەوەندەم گوت:

–چ شەیتانێکە! چاوی لەچاوی دڕندان دەچێ!

–خەتای من نەبوو, خۆی هەڵمەتی کرد.

کیژە بالخاری کەبەزەحمەت بەری پێکەنینەکەی گرتبوو, چارۆگەیەکی سپی بەسەرەوە بوو. ئەمن بەتیزەوە گوتم:

–جێگای پێکەنینە, وانییە؟

–تووڕە مەبە ئاژەڵ بەستەزمانە ....

–مەسەلەکە لێرەدایە! باشتربوو تێگەیشتبا, –ئەگەر قۆچی لەیەکێکی دی دابایە؟

–بابچینە ماڵی ئێمە, لەوێ بحەسێوە تا ئازارت کەم دەبێتەوە, یان لەم گوندەدا خانەخوێت هەیە؟

–نا, هیچ خانەخوێم نییە!.

ماخۆی نێری گوتی:

–باشە بابچین, لەوێ بحەسێوە! –چارەم نەما, وەدوای کەوتم.

کاتێ گەیشتینە حەوشەکەیان, کابان چارۆگەکەی لەسەری لادا ئیدی بۆم دەرکەوت جوانو جاحێڵە. لەسیمای تەڕو تازەیدا, گۆناکانی وەك هەڵووژەی (خونزاخ) بەکورك بوون, لەلێوە گۆشتنو جوانو کەپووە درێژەکەی, رامابووم.

ئەو, گوریسی نێرییە شەڕانییەکەی کردەوەو بەری هەڵدا حەوشەکەو پاشان زینی ئەسپەکەی منیشی هێنا خوارو جۆڕکەکەی بردە ژوورێ.

–ئەم هەگبەیەت چی تێدایە, بەردە؟

وەرامم داوە:

–بەڵێ!

شەیتانانە گرژییەوە:

–گاڵتە دەکەی؟

دوابەدوای ئەو وەسەر پاچینەکە کەوتمو چاوەڕێ بووم یەکێك بەپیرمانەوەبێ. بەڵام دیاربوو ماڵەکە چۆڵ بوو. من کە پەشۆکابووم, پرسیم:

–چۆنە, بەتەنێی؟

بەخەمبارییەوە گوتی:

www.pertwk.com

–ئێستا باپیرم لەناو پاوانان خەریکی مالاَت لەوەڕاندنە! ئاخر من بێوەژنم! وەرە تەماشاکە! کیژێکی هاوزێی منو بێوەژن.

هەروەك (سەڵتەنەت) (ناوی خاوەن ماڵیان وادەهێنا) دەیگێڕاوە، مێردە شۆفێرەکەی زستانی ئەمساڵ، لەبەر گێلیەتی خۆی یان بەهۆی گێلیەتی دۆستەکانی، کوژراوە. ئەویش ڕۆژە ناخۆشو خەمبارەکانی تەنیایی خۆی، یەك لەدوای یەك تێدەپەڕێنێ.

(سەڵتەنەت) دەردی دڵی خۆی بۆ هەڵدەڕشتمو منیش دەربارەی ژیانو کاروباری خۆمو سەفەرەکەم دەدوام، خۆشم نازانم بەچ هۆیەك بوو لەمەڕ ئامانجی سەفەرو (سەرمیناز) کەئێستا نادیارو زۆردوورە، وشەیەکم بەزاری دا نەهات. تکاتان لێ دەکەم، خراپم بیر لێمەکەنەوە.

کابانی رووخۆش کەمێ یۆدوپەڕۆی بۆ هێنام، چونکە قۆچی نێرییەکە بەڕاستی زۆر زۆر تیژ بوو. ماسوولکەی پێی واکون کردبووم، ئەگەر (سەڵتەنەت) چاوی پێکەوت، قیژاندی، نەفرەتی لەنێرییەکە دەکردو لەهەمان کاتیشدا داوای لێبووردنی دەکردو منیش بەهۆی ئەوەی نێریەکی گەڕ قۆچی لێ دابووم، بەسەرخۆم دا دەشکامەوە. باشە، **لەسەگ دەگەم، ورچ لە لێڕێ هەڵمەت بهێنێ بەدووری نازانم، ئەمما نێری**!... ئازاری برینەکەم هەتا دەهات زیاتر دەبوو.

(سەڵتەنەت) گوتی:

–کەمێ دانیشە، من لەسەر کوورە کارم هەیە، ئێستا دێمەوە.

من لەهەیوانێ دانیشتبوومو خەریك بووم نامەیەك بۆ (سەرمیناز) بنووسم، چونکە لەدونیادا ژنی جوان زۆرن، بەلاَم ئەمن هەر ئەوم هەیە.

نامە بە چ ناونیشانێك بنێرم؟ گرفتەکەم لێرەدایە. نووسین بۆ (کووباچی) مەحاڵە، هەمان ڕۆژ هەموو تێدەگەن نەك لەبەرئەوەی ژنە پۆستەچییەکەی گوند وەك قەلەرەشکە، زۆڕەوە، بەڵکو نیوەی خەڵکی گوندەکەمان توشی نەخۆشی



لەشت کۆڵینەوە بووینە. ئەگەر پیاو حەز نەکا رازێك ئاشکرابێ، ئەوان بەهەر رێگایەك بێ، ئاشکرای دەکەن. پۆستەچی بانگ دەکەنەوە ماڵێ، لەسەر دۆشەکێکی نەرمی دادەنێن، سەرتوو و هەنگوینی لەبەردەم دادەنێنو پاشان، بەهێواشی وەك بڵێی کاریان بەسەر هیچەوە نەبێ، سەر لەجانتاکەی خواردەکەنەوە: **((ئای چەندی نامە تێدان! تەنیا یەکێك هی ئێمەیە!))**. هەڵبەتە لەناو نامەکان دا، نامەی من بۆ (سەرمیناز) دەدۆزنەوەو بەسەرسووڕمانەوە دەپرسن: بڕۆنن! سەرمینازیش نامەی بۆ هاتووە!مسۆگەر هی کوڕەکەی (عەیشێ)یە... ژنی خاوەن ماڵ مێوان لەبیردەکاو دەچێتە سەربان تا هەواڵ بەژنە دراوسێکان رابگەیەنێ: "مەعلوومە راستیان گوتووە، سەرمیناز کەینو بەینی لەگەڵیدا بووە! کەس لەمن باشتر نازانێ! لەکوێڕا؟ ئەمە ئیدی کاری خۆمە! ئاخ گەنجینە..!"

بابەتێکی دیکە: نامەکە چۆن دەست پێبکەم؟ "ئازیزەکەم" بەلاَم ئایا من هەقم هەیە (سەرمیناز) بەئازیزەکەم بانگ بکەم؟ ئەمە زۆرە!، ئەگەر بەسادەیی (بەڕێز) بڵێم؟. نا، ئەمەش زۆر ساردو رەسمی دێتەبەرچاو. بنووسم (خۆشەویستەکەم)؟ خۆشەویستە بەلاَم ئایا دوای ناوبردنی وا، نامەکەم دەخوێنێتەوە؟ نەخێر، باشترە هەر بەسادەیی دەست پێبکەم: "سەرمیناز" پاشان چی؟ (تۆم خۆش دەوێ). بەلاَم ئەم وشانە کە زۆر جار لەچیرۆکە دڵدارییەکان دا لەلایەن نووسەرانەوە گوتراون، ئێستا رەنگو بۆیان لەدەست داوە. لە رابردوودا، بەلایەنی کەمەوە لەگەڵ خوێندنەوەی دا کەمێ سوور هەڵدەگەڕان. ئەمما هەنووکە کە بەقەڵەمی رەش دەینووسی– هەر رەش دەمێنێتەوە.

چۆنە ئەگەر بەزمانی شیرینی (لەك) یان (ئاڤار) و یان (کومێك) بۆی بنووسم؟ بەلاَم ئەو ئەم زمانانە نازانێ!. لەدواییدا من بیرم کردەوە کە من بێ نامەش زوو زوو بەردەوام بانگی دەکەم. ئەگەر ئەو لەبەرامبەرم دا گچکەترین هەستی هەبێ ئەودەم دەزانێ من هەمیشە بیرم لایەتی.

www.pertwk.com

نامە پێویست نی‌یە, نایینوسم....!

مریشکە کورکێك لەحەوشەکە لەناو جووجکەکانی‌دا دەگەڕاو لەدوورەوە هەر لە زەردەلووی گەییو دەچوون کە لەقەرتاڵەی فرۆشیارە گەڕۆکەکەی (سوداخاری) گلۆربووبنەوە. نەخێر, بۆچی ئەو (سوداخاری)یە کلاوپانەی لەسەر هەڵدێرەکە راوەستابوو, شینی بۆ کەرەکەی دەگێڕا, بەردەوام لەبەرامبەرم دا راوەستاوەو چی لە گیانم دەوێ؟

لەودەمی‌دا کە نێری‌یە قۆچ تیژەکە لەبن ساباتەوە هاتەبەر هەتاو, بریینم کولاوە. چاوم بەدەورو بەرم دا دەگێڕا شتێك بدۆزمەوە رایوەشێنمێ, بەڵام جگە لەخەنجەرێکی ژەنگاوی بێ دەسك, کە وێ دەچوو ئاگری مەنجەڵیان پێ‌خۆش دەکرد, شتێکی دیکەم نەدیت. بەناچاری هەمان خەنجەری ژەنگاویم راوەشاندێو هەڵبەت قەت لەو باوەڕەدا نەبووم, دەپێکێ. ئەمما بڕۆننە رێکەوت! رێك بەرقۆچی کەوت‌و یەکێکی لەبنەوە را شکاند. نێری لەبەر ئێش‌و ئازار وەکوو حوشتر کەوتە سەماو منیش بەدوای وەرامێك دا بۆ ماخۆی ماڵ, کەوتمە زەحمەتەوە.



بەغەمگینی لەهەیوان دانیشتبووم‌و تێدەفکریم ئایا باشتر نی‌یە تا کار لەکار نەترازاوە, بیکوژمەوە؟ لەهیکڕا, لەجێگایەك, لەوسەری گوندەوە دەنگێکم کەوتە بەر گوێ‌یان:

–ئاهای دراوسێینە ئەوە دەزگیرانی (سەڵتەنەت) گەیشتەجێ!

هاوکات چەند دەنگێکی ژنانە هەواڵەکانیان قۆستەوەو بەو سەرو ئەو سەری گوندیان راگەیاند.بیرم کردەوە: ((نەکا ئەم ژنە دوو زمانانە منیان دیبێ؟)).

بەڵام وادیاربوو دەنگەکە لەپەڕگەی گوندەوە هات, ئەمەش بەو مانایەیە کەهەر ئێستا ژنە بوختانکەرێکی وەك (میتسادای) ئێمە, دیویەتی کەسێك دێتە ناو گوند. نازانم لەبەرچی خراپم بۆ هات, لەبەر چاوی هەمووان دەزگیران دێتە ماڵی (سەڵتەنەت).

(سەڵتەنەت) خۆی هاتەوەو پیاوێکی کلاولباد بەسەریشی لەگەڵدابوو. من هەمان (سوداخاری)م ناسی‌یەوە کەچیایی‌یەکان پارەیان بۆ کۆکردەوە. وادیاربوو پارەکەی بەکەڵك هاتبوو, چونکە کەرێکی بۆزی بێ کورتان‌و قەرتاڵەی لەبەردەم دا دەڕۆیشت, من پرسیم:

–ئەدی زەردەلوولەکانت لەکوێن؟

–فرۆشتمن! –ئای لەو درۆیە!

–ئەی قەرتاڵەکانت؟

–زەردەلووەکانم رەواجیان زۆربوو قەرتاڵەشیان لەگەڵدا برد.

من بێ دەنگ بووم. **یەکەم**, کابرا مێوانی خانەخوێ‌کەم بوو, بۆیە نەدەبوو لەگەڵیا بکەومە مشت‌و مڕەوە, **دووەم** هێشتا نێری‌یەکە بەقۆچی شکاوەوە ئەم لاو ئەولای دەکردو (سەڵتەنەت) نەیدەزانی مەسەلە چی‌یە؟ و **سێ‌یەمیش** پەندێکم وەبیرهاتەوە: **مێوان مێوانی خۆش نەدەویست, خانەخوێش هەردووك!**. لەگەڵ هەندێش لەکاتی شێوخواردن بەنیگای ئاشقانە دەیڕوانی‌یە (سوداخاری)و هەر بە (ئیدریس گیان لەمە بخۆ..) دەیدواند. بەڵام کابرا وای تەماشا دەکردم, دەتگوت بەئاشکرا پێم دەڵێ: چ دەکەی لێرە؟.

(سەڵتەنەت) باسی ئەوەی دەکرد, چۆن لەبەشی گۆزەگەری‌دا کاردەکاو بڕوانامەی ڕێزلێگرتنی نیشان داین کەبەهۆی دەستکارە نایابەکانی, وەری گرتووە. (سوداخاری)ش هەموو هەوڵ‌و تەقەلای ئەوەبوو چۆنیەتی فرۆتنی زەردەلوەکانی بگێڕێتەوە. بەڵام من هەستم کرد هاتنی بۆ ئێرە بۆ کارێکی دیکەیە. منیش هەر وەسفی خۆم دەکرد کە بەسواری چ ئەسپێکی ڕەسەنەوە هاتوومەتە (بالخار). کاتی نووستن, (سەڵتەنەت) خەنجەرێکی نایە ناو مستم‌و گوتی:

www.pertwk.com

–خەتای خۆتەو خۆشت حیسابەکە تەواوکە: پووش و پەڵاش لەقۆرییەکە دەربێنەو لەحەوشە بخەوە, ئەگەر زانیت نێرییەکە مردار دەبێ, بیکوژەوە با گۆشتەکەی خەسار نەبێ.

باوەشە پووشێکم لەقۆرییەکە هەڵگرت. جێگایەکم دروست کردو لەسەر پشت راکشام. ئاسمان وەك کراسی دزان رەش بوو. هەورێکی چڵکن سەرتاسەری ئاسمانی داپۆشیبوو. چاوم لەتاریکایی بڕیبوو, بیرم دەکردەوە: جوانێکی وەکوو سەڵتەنەت بەهیچ شێوەیەك لەم ئیدریسە سوداخارییە ڕەزاگران و زەروو میزاجە ناوەشێتەوە. من وام دەهاتە بەرچاو. هێواش هێواش خەوم لێ کەوت, بەڵام زوو لەپرخە پرخی شتێك واگا هاتم. وەختێ وەبیرم هاتەوە بۆچی لێرەیان نواندووم, وام زانی کاتی سەربڕینی نێرییەکەیە. خەنجەرەکەم دەست دایەو بەسێرەی دەستان گەرووی بەستەزمانەکەم گرت و بەتووندی خیتێکم پێدا هێنا. چ ترسێکم لێ نیشت, ئەگەر دەستم لەلەشیداو تێگەیشتم ئەوەی کوشتوومەتەوە نێرییەکە نییە, بەڵکو کەرەکەی (سوداخاری)یە. بیرم کردەوە: **((چ دەستە گوڵێکم بەئاوێدا دا! بەیانی چیم بەسەردێ؟ نەخێر, واچاکە هەر ئێستا هەڵێم؟)).**

ئەسپەکەم لەگۆشەیەکی حەوشەکە راوەستابوو. هەرچەندە تاریکیش بوو, بەڵام بەزوویی زینم کردەوە. ئەدی چۆن هەگبەکەم لەهەیوانێ رزگارکەم؟

بەسێرەی دەستان پاچینەکەم دۆزییەوەو وەسەرکەوتم. هەستم بەتەواوبوونی پاچینەکە نەکرد, بۆیە کەوتم و لەگەڵ کەوتن دا دەستێکم کەوتە ناو گۆزەیەك و هەر چەندی کردم نەمتوانی بیهێنمە دەرێ. تەنیا رێگایەك دەماوە, ئەویش شکاندنی بوو.

تەماشام کرد کەمێ رووناکی هەیە. وام زانی ئەمە هەمان ئەو چەرخە دارەی گۆزەکەرییە کە بەڕۆژ دیبووم. گۆزەکەم پێدادا. بەڵام بەداخەوە لەمەشدا هەڵەم کرد. رووناکییەکە کڵاولبادەسپییەکەی (ئیدریس)بوو کە هەتا لەخەویش دا بەسەر سەرییەوە بوو. –ئاخ! –لەدەروونەوە هاواری کردو ڕاپەڕی و پڕیدا دەستەکانم–کێی؟, هەی برووسکەت لێدا, چی قەوماوە؟

–منم (بەهادۆر) –بەترس و لەرزەوە وەرامم داوە. خۆ ئەگەر کڵاولبادەکەی وائەستوورو نەرم نەبوایە, ئەویشم بەدوای کەرەکەیدا ڕەوانەی ئەو دنیا دەکرد. باش بوو, لەودەمەیدا قسەکانی مامم وەبیرهاتەوە کەدەیگوت: **((ئەگەر رێگایەکت بۆ کشانەوە نەدیت– بۆ پێشەوە بڕۆ!))** بۆیە هەرچەندەم دەتوانی تووڕەتر دەدوام: –دادو بێداد مەکە, ئەگەرنا تەواوت دەکەم! پێویست نییە لێرە بنووی! تۆش وەك من مێوانی: ئێستا نۆرەی تۆیە بچی لەحەوشەکە بنووی. ئاگات لەنێرییەکە بێ. خۆ من کرێ گرتە نیم!.

–ئەوجا پێویستی دەکرد بەچەکوش وەگەڕێیە منی بێچارە؟

–ئێمەی ئاسنگەر, دەست و چەکووشمان یەکە, حەزت لێیە تاقی کەیەوە؟

(ئیدریس) کە بەبێ مەیلی رابوو, گوتی:

–باشە, با رۆژ بێتەوە, پێت نیشان دەدەم دەبێ چۆنم لەگەڵدا بئاخفێی.

–بڕۆ, بڕۆ! خەنجەرەکە لەنزیك قۆرییەکەیە, هەرکاتێ لرخە لرخی نێرییەکەت بیست بیکوژەوە!.

(سوداخاری) لەپاچینە چووە خوارێ و نەچووە خوارێ, پێستێکی گەرم و نەرمم بەسەر خۆداداو راکشام تا هەست نەکا ئەم ماستە موێکی تێدایە.

ئەو ماوەیەی کە ئەو لەخوارێ دەهات و دەچوو, زۆری نەمابوو خەوم لێ بکەوێ. (سوداخاری) بێ دەنگ بوو. خەریك بووم بەدوای جۆڕکەکەم دا بگەڕێم, ئەگەر پەنجەرەکە کرایەوەو دەنگە ناسکەکەی (سەڵتەنەت)م بەر گوێ کەوت:

–ئیدریس گیان وەرە چاوەڕێم ...

من لەترسان جووڵەم لەخۆبڕی و بێ دەنگ بووم. ئەگەر بزانێ دەزگیرانەکەی وەدەرنراوە, چ دەقەومێ؟ یەك ڕێم لەبەردەم بوو: وانیشان دەم لەخەوێکی قووڵ

www.pertwk.com

دام. هەر واشم کرد: پێم لەژێر پێستەکە درێژ کردن و دەستم بەپرخە پرخ کرد. وەستایی یەکی وام نیشان دا، بێ ئەوەی ئاگام لێ بێ، کەوتمە ناو خەوێکی قووڵەوە.

بەیانی، لەهات و هاواری سەڵتەنەت واگاهاتم. لەسەر رۆخی هەیوانێ راوەستابوو، بەسەرسووڕماوی یەوە لەحەوشەکەی دەڕوانی. ئەمنیش سەرم کەمێك بڵندکردو تەماشایەکم کرد. قیژەو هات و هاوارەکەی بێ ئەگەر نەبوو! لەلایەکی پووشەکە، کەرەکەی (سوداخاری) کە من کوشتبوومەوە، لەلاکەی دی، ئەسپی (ئارگاماك)ەکەی من کە (سوداخاری) کوشتبوویەوە، راکشابوون، لەوسەریش نێری خانەخوێ کەخۆی مرداربببوو، وشك هەڵاتبوو.

بەدبەختی یەك لەدوای یەك بەسەرم دا دەبارین. لەوکاتەدا (سەڵتەنەت)یش بۆی دەرکەوتبوو دەزگیرانەکەی لەترسی تۆڵەی ئەسپەکە، هەڵاتووە. دیارە، وەبیری هاتبووەوە کە ئەمن شەوێ چ وەسفێکی ئەسپەکەمم دەکرد، ئیدریس گوایە لەتاریکە شەودا نەیزانیوە کەرەکەی ئەویش راکشاوە! دیارە لەترسان بۆ خاتوونەکەی بەجێ هێشتووە.

(سەڵتەنەت) وای پەلاماردام، وێڕا نەگەیشتم وەك پێویستە بۆ (ئارگاماك)ە خۆشەویستەکەی مامم شین بگێڕم.

تەواوی بەیانی مشت و مڕمان کرد تا کاتی چوونە سەر کار. ئەو بۆ سەر کار دەچوو، منیش بەئومێدی وەدەست خستنی دیاری یەك بۆ دەزگیرانەکەم بەزەحمەت بەدوای‌دا چووم.



# 4

ئەمەش کورە بەناوبانگەکانی (بالخار)کە لەدوور، دەمی بوڕکانێکی گچکە لە (ئایسلەند) یان (کامچاتکا) وەبیر دەهێنێتەوە. لەسەر هەر کوورەیەك، کەللەسەری گامێش، کلکی ولاغ یان قۆچی بزنە کێوی بەشیشێکەوە هەڵواسراوە: ئەوان باوەڕیان وایە بەرهەمەکانیان لەدرزبردن و کاشی یەکانیان ساف دەردەچن.

دەوروبەری گوند بێ دارو بارە. لەبەر هەندێ کوورە بەتەپاڵە دەسووتێنن و دیتنی قۆمەتە تەپاڵەی گەورە گەورە لەسەربان و دەوروپشتی کوورەکان، شتێکی ئاسایی یە. (بالخار)وێڕای بەرهەمی قاپ و قاچاخ، بەمەڕو ماڵاتیش بەناوبانگە. پیاوەکان ئاگایان لەمەڕو ماڵاتە، لەبەرهەندێیە هێواش هێواش پیشەی گۆزەکەری دەکەوێتە دەست ژنان. وێڕای ئەوەش، پیاوەکانی (بالخار) بەزۆری لەگۆدەکان

www.pertwk.com

یـــادی وەســـتا ناودارەکـــانی (بالخـــار) و (کالکوچـــی) کەنـــەخش‌و نیگـــارە بەسەلقیەکەیان تا ئێستاش نایابە, دەکەنەوە.

لـەو ماوەیـەی کـە ئێمـە لـە تەنیشـت کـوورە راوەسـتابووین, (سـەڵتەنەت) وەك بڵێی هەموو مشت‌و مڕەکەی لەبیرچووبێتەوە, وەرامـی پرسیارەکانی دەدامـەوەو باسی دەکرد کە گۆزەکەری وڵاتی کوێستان لەکۆنەوە ناوبانگی بەدنیادا گەڕاوە. گۆزەی لەگڵی سۆر دروستکراو کە لێرە خاکی مۆمی پێ دەڵێن, لـەپێش زاینـیش دا, نـاوی هـەبووە, کـەمێ درەنگتر نەخشـی (ئانگوب)و ئـەو لەگەنانـەی بەنەخشـی بزنەکێوی‌و بزن‌و پڵنگ دەنەخشـان, پەیـدابوون. لـەم دواییـیانـەدا, لـەنزیك گونـد, ڕەگـی خـاکی ڕەنگـاو ڕەنـگ, سـپی, سـۆرو خۆڵەمێشـی تـۆخ وەدەرکـەوتووەو بەرهەمەکەی نە تەنێ لەداغستان بەڵکوو لەدەرەوەش بەهەڕمێنە.

من گوێم لەسەڵتەنەت گرتبوو کە دەربارەی وەستاکانی کۆن, کاشـی فـەرامۆش کـراوو نەخشـی جـۆراو جـۆر دەدوا– و ورد وردیـش لەمـەڕ گوندەکـەم, پیشـەم‌و نەخشەکانم قسەی لێ دەردێنام. بەڵام من جارێکی دی سەری قسەم دەبردەوە سەر مێژووی هونەری گۆزەگەری‌و زانیاریم لەمەڕ هونەرمەندانی کۆن وەدەست دێنا.



ئەو بەشێوەیەکی چاوەڕوان کراو قسەکانی بڕیم:

–تـۆ بۆچـی خۆڵـەمێش تێـك وەردەدەی؟ زانـین دەربـارەی کەسـانێك کەلەمێـژە چـوونەتە ژێـر خـاك چ سـوودێکی هەیـە بـۆ تـۆ؟ باشـتر نیـیـە بـیر لەزینـدووان بکەیتەوە؟

–بەڵام سەرنج راکێشن!

(سەڵتەنەت) گوتی:

–باشە, پاشان, باسی هەموویانت بۆ دەکەم– بیرم کردەوە: ((پاشان چ کاتێك؟ ئایا واخەیاڵ ناکا لێرە دەمینێتەوە؟)).

من درێژەم بەقسەکانم دا:

–هـەرچـۆن بـێ, حـەز دەکـەم ئێسـتا شـتێك بـزانم: کامـە دەسـتکردی ئێـوە لـە هەمووان باشترو جوانترە؟

ئەو کەیفی بە درێژدادڕی‌یەکەم نەهات‌و بەگاڵتەپێ کردنەوە, وەرامی داوە:

–فیت فیتە!

–نا, سەڵتەنەت, بەڕاستیمە!

–منـیش بەڕاسـتی وەرامـت دەدەمـەوە!, ئەمـە گونجـاوترین شـتە بـۆ خـەڵکی وەکوو تۆ!.

–دەمڕەنجێنی؟

–مەگەر تۆ نامڕەنجێنی؟ بەردەوام دەڵێی: خاکوو تەپاڵـە, گۆزەو گۆزە. هـەتا تەماشایەکیشم ناکەی. مەگەر خاك لەمن سرنج راکێش ترە!

–ئەوە چ دەڵێی سەڵتەنەت؟ تۆ زۆر جوانی .. –ئەمەم گوت‌و نەمزانی بۆ سۆر هەڵگەڕام.

–منت خۆش دەوێ؟ چی دەڵێی؟

ئیـدی ترسـم لێ نیشـت. ئـەم بێوەژنـە ڕووخۆشـە واچاوی تـێبڕیوم, چ بکـەم؟– نـەخێر, دەبـێ خـۆ پـارێزتربم, ئەگـەرنا گونـدی (کووباچـی) یـم لێ حـەرام دەبـێ‌و ناتوانم جارێکی دی خزم‌و کەس‌و (سەرمینان)م ببینمەوە.

–بۆچی بێدەنگی؟ –سـەڵتەنەت ڕووی لێ وەرگێـڕام, گوایـە تەماشـای کوورەکـە دەکا.

–ئەڵبەتە! تۆ جوانی, میهرەبانی, بەگوڕی ... زیرەکی..

–چۆن دەزانی زیرەکم؟

–دوێنێ شەو وام هەست کرد.

–دوێنێ شەو تێپـەڕی! ئـەمما ئـەمڕۆ مـن خـۆم بـە بەدبـەخت تـرین کەسـی سـەر زەوی دەزانم (ئیدریس)ی هیچ‌و پووچیش بێ خودا حافیزی تێی تەقاند ...

www.pertwk.com

ئاهێكی قووڵی هەڵكێشاو منیش بیرم كردەوە: شەوێ دەیگوت: ((ئیدریس گیان وەرە!)) و ئێستاش جوونی پێدەدا. بەڕاستی سروشتی مرۆ هەر لەلێڕی (شیلاگی) دەچێ. بەشێوە وێ دەچێ شتێكی تێدابێ، كەچی شتێكی كەمە.

نازانم ئیدی (سەڵتەنەت)چ وڕێنەیەكی دەكرد، بەڵام گوندی‌یەكان كەماوەیەك بوو تەماشایان دەكردین، بۆ دەرهێنانی بەرهەمەكان لەكوورە، خڕبووبوونەوە. كاتی وا، هەمیشە وەك جەژن وایە. لەنێو چیمەنەكەی بەردەمی كوورەكان، شڕەیەكیان ڕاخستو بە بوتلە شەراب ڕازاندیانەوە. داوایان لەمنیش كرد بچمە ڕیزی ئەو پیاوانەی كە جامەكانی خۆیان پڕ كردبوو، كەچی ژنەكان خەریكی دەرهێنانی بەرهەمە سۆركراوەكان بوون. پێم سەیربوو، ژنەكان كار دەكەن، پیاوەكان جەژن دەگرن. لەگەڵ هەندێش هەموویان ڕازی بوون. ژنەكان بەرهەمەكانیان لەسەرتاتە بەردەكان ڕیز دەكردو لەگەڵ مێردەكانیشیان گاڵتەیان دەكرد. (سەڵتەنەت) بەسەرە بزوتێك لە لەگەنەكانی دەداو دەزرنگانەوە– واتە گچكەترین درزیان نەبردووە. ئەمن وێڕای گوێ گرتن لەقسەی پیاوەكان، لەخواردنەوە دوانەدەكەوتمو بەوردیش لە لەگەنە نوێكان ڕادەمامو بیرم لەوە دەكردەوە: دەبێ شتێكی شایستەی بۆ (سەرمینان) تێدانەبێ؟ جگە لە گۆزەیەكی خۆڵەمێشی تۆخ، ڕازاوە بەنەخشی سۆرو سپی، شتێكی سرنج ڕاكێشیان تێدا بەدی نەدەكرا.

گۆزە لەقاز دەچوو، جوانیی بەنەخش‌و نیگارەكەی، گیای تەڕو تازەی بەر ڕەشەبای دەنواندو لەگوڵ‌و پنچكی كووباچی كەمتر نەبوون. یەكێك لەتەنیشتم بە تیزەوە پرسی:

–چی‌یە چاو لە (سەڵتەنەت)ەكەمان ناتروكێنی؟ –دەم‌وچاوە درێژكۆڵانەكەی ئەو قسەیەی وەبیر دێنامەوە كەدەڵێ: هەر چۆنێكی بسووڕێی، هەر لە مەیموون كەوتۆتەوە.



دەستەپاچەبووم:

–نەخێر، نەخێر، گوێم لەتۆ گرتووە.

–هەڵبەت بەگوێ دەبیستی، ئەمما بەچاو بەدوای‌دا ڕادەكەی!

لەباتی وەرام، جامێ شەرابم فڕكرد!

–ئەمە تۆ نەبووی كە دوێنێ شەو بۆ پێشوازیت هاتبوو؟

لاوێكی دی گوتی:

–(حاتەم)، چما ملت دەبەر ملی ناوە؟

تاواز بهێنێ، گوتم:

–من بووم!

دە وا بڵێ! لەبەر هەندێ پیرەژنەكانمان كردبوویانە هەراو هۆریا! دانیشتبووم (خینگاڵ)م دەخوارد، ئەگەر داپیرە بەڕێزەكەم كەتەمەنی سەدو نۆزدە ساڵە لەسەربان هاتەخوارێ‌و گوتی: هەواڵی هاتنی دەزگیرانی (سەڵتەنەت) پڕینگایەوە. نەكا ببێتە ژنی ژەنەڕاڵ، بەڵام خۆتۆ هیچت لەژەنەڕاڵ ناچێ؟

هەستم دەكرد، ئەو پیاوە بڕیاری داوە بمڕەنجێنێ، بۆیە بێ دەنگ بووم. سەرباری هەندێش نەمدەتوانی بەلەكەداركردنی كابانەكە، ڕووداوەكان بگێڕمەوە، بۆیە قسەم نەكرد.

ئەمما ئەو وازی نەدەهێنا:

–دۆستان، ئێوە بڵێن چ شتێك بەنرخترە: هۆش یان سامان؟

هەرچەندە (حاتەم) پرسیارەكەی لەهەمووان دەكرد، ئەمما تەنیا لەمن ڕامابوو. ئەمنیش خۆم تێك نەداو بەهێواشی وەرامم داوە:

–هۆش!

حاتەم پرسی:

–چما سامان نا؟

من گوتم:

–چونكە پیاوی گێل سامانیشی هەبێ، بێ سوودە. –چاوەڕێ نەبووم قسەكەم واكاریگەربێ. بالخارییەكان بەنیشانەی راستی، پێكەنین و یەكێكیانیش گوتی:

–تۆ هەر لە لووتكەی (ئەلبورز) دەچی؟ هەر بەپیری لەدایك بووی؟

من كەنەمدەویست لەپاڵ زۆرەوی‌دا پاشەكشە بكەم، وەرامم داوە:

–لەوانەیە!

حاتەم پرسی:

–لەم بارەدا، تكا دەكەم بڵێ: ئایا هیچ لێك چوونێك لەنێوان هۆشیارەكان و گێلەكان دا هەیە؟

هەستم كرد، بالخارییەكان بڕیاریان داوە، كڵاوم لەسەر نێن، بەهۆشیارییەوە گوتم:

–هەیە! لێك چوونیان لەوەدایە: پیاوی هۆشیار بەخۆی ناڵێ هۆشیار، پیاوی گێلیش خۆی بەگێل نازانێ!

–وادیارە مێشكی كار دەكا! مادام وایە، جیاوازی‌یان چی‌یە.

لەتووڕەیی‌یان وەرامێكی باشم پەیدا كرد:

–پیاوی بەهۆش گێلان دەناسێ، ئەمما گێل هەست بەهۆشیاران ناكا.

هەموویان، جگە لە (حاتەم) لەوەرامەكەم رازی بوون. خۆشم رازی بووم. كاتێ بەرەو دیوارم دەكشێننەوە– خۆم بزر ناكەم. ئەمەش ئاكارێكی نایابە، بەڵام باشە.

(سەڵتەنەت) لێمان نزیك بۆوە. دەم و چاو درێژووكانی دەیویست تەریقم كاتەوە.

–پیاوی ماقوول، گوێ بگرە! –دەستە گرانەكانی بەچۆكم دا دا – ئەم گۆزەیە دەبینی؟

من بەساردی وەرامم داوە:

–باشی دەبینم.

–ئەوە پڕی دەكەم لەشەراب.

–دیارە!

–ئێستا لەسەر دوو مەتەڵ مەرجت لەگەڵ دا دەكەم، ئەگەر زانیت، من شەرابەكە دەخۆمەوە، دەنا دەبێ تۆ بیخۆیتەوە!

دەمزانی ئەگەر بخۆمەوە، كڵاوێكم لەسەر دەنێن!بۆیە گوتم:

–نا، سوپاس! لەمە زیاترم پێ ناخورێتەوە!.

–چ پیاوێكی كە لەبەر دەزگیرانەكەت –بەسەر سەڵتەنەتی نیشان دا– واز لە خواردنەوە دێنی؟

–(بەهادۆر) خەمت نەبێ! –(سەڵتەنەت) بەڕووم دا گرژی‌یەوە– ئەگەر پێویست بێ یارمەتیت دەدەم.

ئەڵبەت لەهەمووی ئاسانتر دەست كێشانەوەبوو. بەڵام مامم هەمیشە دەیگوت كووباچی لەهەر هەل و مەرجێك دا سەرسەختانە رادەوەستێ، چونكە لەهەر جێگایەك كڵاوی لەسەربنێن، دەنگ و دۆڵی دەگاتەوە گوندەكەی. بۆیە رووی دەمم كردە هاوسێكەم و گوتم:

–باشە، مەتەڵەكانت بڵێ!

–یەكەمین مەتەڵ. شتێكی رێسراوەو لەزەویش دا ناڕوێ، لك و پۆ دەردەكا، بەڵام پێویستی بەئاو نی‌یە؟

–دەزانم، دەزانم –(سەڵتەنەت) بەخۆشحاڵی‌یەوە چەپڵەی لێ دەدا. بەڵام پەی نەبردكە بەچ ڕێگایەك وەڵامەكەیم پێ بڵێ. خۆ مێشكی منیش كاری نەدەكرد!

–دووەمیش بڵێ! لەوانەیە هەردووكیان بەیەكەوە هەڵێنم– هەستم دەكرد بەناچاری دەبێ گۆزە شەرابێك هەڵقوڕێنم.

www.pertwk.com

مەتەڵی دووەمی هاوسێی گاڵتەجاڕ بەم شێوەیە بوو: "**منداڵیش‌و گەورەش، لەشاخان‌و لەدەشتێ- هەموو شتێك دادەپۆشێ، بەڵام خۆی بەڕووتی بەڕێگادا دەڕوا!**".

نەخێر، سەرم لێ دەرنەدەچوون، جگە لەفڕکردنی گۆزەکە، چارەیەکی دیم نەبوو. هەموویان لەبەر پیاوانە بەپیر شەرابەوە چوونم، کەیفیان هات‌و من کەبەو سەرکەوتنەم جورئەتم پەیداکردبوو، راپەڕیم‌و بۆ سەمای (لزگینکا) چووم.

پاشان، وەك وەبیرم دێتەوە (سەڵتەنەت)یش هاتە مەیدان. (حاتەم)ی دەم‌و چاو درێژووکانی پاڵی بەمنەوە ناو خۆی دەستی گرت. منیش ناڕازی بووم‌و گۆزە بەتاڵەکەم هەڵگرت‌و کوتامە سەری (حاتەم). پاشان، پاشماوەی هەموو ئەو گۆزانەی لەکووره دەرهێنرابوون، بەسەری من شکان. چی دیکەشم وەبیر نی‌یە. درۆناکەم. وەختێ هەموو بەرهەمی رۆژانەی کوورەکە وردوخاش کرا، نەزانرا چۆن (مەقسود) سەرگوردی میلیس کە لەسەرتاسەری داغستانێدا ناسراوە، پەیدابووو ئاژاوەکەی راگرت؟ -خودایە! هەتاو قەت لەسەربانی ئەم پیاوە ئازایە ئاوانەبێ! - ئەگەر ئەو نەهاتبا، لەوانەبوو ئێوە ئەم داستانەی من نەخوێننەوە، چونکە هەر ئەوێ رۆژێ بەسەرهاتی من لەگوندی (بالخار) دەبڕایەوە.



خۆتان کە سەرگورد مەقسود دەناسن- هەموو دەیناسن!، دەگێڕنەوە: چەندان ساڵ پێش ئێستا، دوو دۆست -پیرەمێردێکی زاناو شاعیری میللی" **ئەبو تالیب غەفورۆف**" و "**ئەلکساندەر تفاردوفسکی**" باوکی "**ڤاسیلی ترکین**" لەماڵی مێوان بوون. هەردووکیان لەدیوەخانی (مەقسود) لەسەر دۆشەکی لەپەڕ دروستکراو دەنووستن. بەیانی‌یەك، خانەخوێ لێیان وەژوور دەکەوێ‌و واگایان دێنێ. میوانەکان بەناڕەحەتی دەپرسن: "چی قەوماوە، مەقسود؟"، مەقسودیش وەڵام دەداتەوە: "زووتر هەستن! سەرۆك، بێ ئەوەی پێشتر ئاگادارمان بکاتەوە، بۆ پشکنین هاتووە!. بەڵام ئەگە دەزانن میوانی ناکاوی، سکرتێری کۆمیتەی ناوچەیەو ویستویەتی لەسەر رێگای خۆی سلاوێك لەودوو شاعیرە بکا، تێر تێر پێ‌دەکەنن.

# 5

ئەمن لەماڵی (سەڵتەنەت)، لەنێو جێگایەکی گەرم‌و نەرم دا وەخۆ هاتمەوە. خانەخوێی میهرەبان پارچە بووزی لەسەر تەوێڵ دادەنام. بەهۆی ئاوابوونی هەتاو دەکرا بزانم چەند سەعات بێ هۆش بوویمە. بەدەنگێکی لەرزۆکەوە پرسیم:

-ئەوان لەبەرچی لێیان دام؟

-دەزانی ئەو پیاوەی لەتەنیشتت دانیشتبوو، کێ بوو؟

-کابرایەکی هیچ‌و پووچ‌و بێ ویژدان بوو.

-راستی! لێت لەرك ڕاچوو بوو، چونکە من مێردم پێی نەکردبوو.

www.pertwk.com

–ئەوجا لەبەرچی توورەیی خۆی بەسەر من دا دەڕژاند؟

–دەیبینی کەتۆ بەچ ئەشقێکەوە تەماشات دەکردم.

–من؟

–هەڵبەتە, مەگەر وانەبوو؟

ئەگەر ئەشقی (سەڵتەنەت)شم کەوتبێتە سەر, بەڵام گۆزەکانی بالخاری هەموویان دەرپەڕاند. بەڵێ, ئێستا من زۆر لەوە لاوازترم کەپەیوەندی خۆمان روون بکەمەوە.

–(سەڵتەنەت), وەبەرهێنانی دەستکارەکان لەلای ئێوە هەمیشە بەم شێوەیەیە؟

–هەمیشە نا, بەڵام …

ئیدی تێگەیشتم بۆچی گۆزەکانی بالخار ئەوەندە بەهەڕمێنن: واپێ دەچێ هەر گۆزەیەك دوای سۆرکردنەوەو پێش ئەوەی بگاتە دەستی کڕیار, بەسەر چەند کەللە سەرێك دا تێپەڕێ, –بەڕاستی کالایەکی زۆر زۆر نایابە. بەڵام من چیم بەسەر دێ؟ ئاخر هێشتا چەند کوورەیەك بەرهەمەکانیان دەرنەهێناون؟ نەخێر, ئیدی خۆگیرکردن لێرە, باش نییە. خراپ نییە شتێك وەدەست بخەمو تێی تەقێنم!



–ئەرێ, ئەو گۆزەیەی لەقاز دەچوو, ساغە؟

–نا هەر ئەو گۆزەیەبوو وای بەسەر هێنای!

–حەزم دەکرد لەگەڵ خۆم بیبەم, تا لەگەڵ تەماشاکردنیدا گوندەکەتانم وەبیربێتەوە, ئاخر کاتی رۆیشتنمە.

–چۆن دەڕۆی؟ بۆ کوێ, لێ ناگەڕێم!

–چما لێ ناگەڕێی؟

–ئاخر لەکاتی شەڕدا دەتنەڕاند کەمنت خۆش دەوێ. رێگاشت بەکەس نەدەدا سەمام لەگەڵدا بکا! ئێستا تەواوی خەڵکی گوند دەزانن کەتۆ دەزگیرانی منی!!

بەبیستنی ئەم قسەیە هێزم لەبەر بڕاو کەوتمە ناو تاریکایی بێ کۆتایی فەرامۆشییەوە. بۆ سبەینێ, کاتێ هەتاوی دنیاگیر لەوپەڕی بەرزی دا بوو, وەخۆ هاتمەوەو چاوم هەڵێنا دیتم سێکەس لەژوور سەرمەوە دانیشتوون. یەکێکیان سمێڵ زل, جانتایەکی لەسەر کۆشی دانابوو, بەرلەوانی دیکە دیتی چاوم کردۆتەوە.

–ئاهای (سەڵتەنەت), زیندوبۆوە, وەرە دەست پێبکەین!.

–من ئامادەم! –دەنگێ لەدەرێ هات, بەڵام هەر زوو پەیدابوو.

لەیەکەم ڕوانین دا نەمناسییەوە, چونکە کراسێکی تەنکی جوانی شارستانی کردبووەبەری. جوان, تەڕو تازە, بالابەرزو رێك ئەندامو شادییەکی بێ حەوسەڵەی لەسیمادا بەدی دەکرا. بێجگە لەمن, سێ کەسەکەش چاویان لێ نەدەتروکاند.

کابرای سمێڵ زل, لێوی دەلێستەوە. دەستێکی بەسمێڵی دا هێناو دەنگێکی وەك باعەباعی مەڕی لێوەهات. پیاوی دووەم گوتی: بەڵێ –و سێیەمیش گوتی: "ئاخ! دەبێ (سەڵتەنەت)ی نەوەم بێ؟".

دیاربوو, ئەمەیان باپیریەتی. دەڵێی بانگ کراوەتەوە, بەڵام بۆچی؟....

–بەڵێ, خودی "کمال البشیر" لەبەرامبەری دا چۆك دادەدا– سمێڵ زل, وێدەچوو قسەیەك تەواو بکا کەلەمێژە دەستی پێکردووە. پاشان هەندێ کاغەزی لەگیرفانی دەرهێنا – بابزانین زاوا چ دەڵێ؟ کات بەنرخە, با دەست پێ بکەین.

–چ دەست پێبکەین؟ –لەناونوێن ڕاپەڕیم.

–میوانە خۆشەویستەکەمان دەبێتە زاوامان!, ئەمن سکرتێری ناوچەم, ئەم پیاوە بەڕێزەش باپیری سەڵتەنەتە, ئەمەش شاهیدە. بووكو زاواش ئامادەن. بەکورتی هەم یاساو هەم عەشق لەجێگای خۆیان دا ڕاوەستاون.

www.pertwk.com

لەو بارودۆخەدا نەك هەر هەقم نەبوو لەخۆ بچمەوە, بەڵكو كاتی ئەوەشم نەبوو بیر لە ڕێكەوتی شتەكان بكەمەوە. ڕێگا چارە یەكسەر پەیدابوو: خۆم گێژو وێژ كرد, زگی خۆم گرتو بەرەو حەوشە رامكرد. دەمزانی لەپەنجەرە ڕا تەماشام دەكەن. بۆیە بەپەلە چوومە ئاودەستو شووشەی پەنجەرە گچكەكەیم شكاندو بازم دا كۆڵان. هەر بیریشم لەهەگبەكەم نەكردەوە .. دوو پێم هەبوون, چواری دیكەشم قەردكردن, لۆقە درێژەكانم بەچەند چركەیەك منیان گەیاندە چیمەنەكەی بەردەم كوورەكان. بەڕێكەوت چاوم بەهەگبەیەك كەوتو هەڵم گرتەوەو بۆ ئەوەی بەدەستی بەتاڵ نەڕۆیشتبم , هەندێ لەگەنی ئاساییم تێ ئاخنیو بەرەوجادە هەڕام كرد. لەڕۆخی جادە دەستم لەترومبێلەكان رادەوەشاند – لێ گەڕێ با لەهەڵاتن دا تەكنیك بە هاوارمەوەبێ! –هەر كە وەسەرپشتەوەی ترومبێلەكە كەوتم, هاوارێكم لەنزیكمەوە گوێ لێ بوو.

شۆفێر بەخۆپارێزییەوە تێم ڕاما:

–نەكا هەڵاتبی؟

–سەرم ژان دەكا. –خۆم لەوەرام لادا.



–رەنگە دزیت كردبێ؟

وەك كەڕێك درێژەم بەقسەكانم دا:

–نەدەبوایە دوێنێ شەو, هەندەم خواردباوە!

–چما ڕادەكەی؟

–بەتایبەتی بەگەرما, زۆرخواردنەوە خراپە!.

–لەوانەیە یەكێكت كوشتبێ؟

ئیدی هێزم لەبەر بڕا:

–ئەگەر نەڕۆی, مسۆگەر من بەكوشتن دەدەی.

شۆفێر, ترومبێلەكەی كوژاندەوەو گوتی:

–بەڵێ, باشترە بتكوژم, نەك ڕێگا بدەم بكوژێك ڕابكا.

پاڕامەوە:

–هیچ كەسم نەكوشتووە! ئاخر من كۆمسمولم, كۆمسمول!

–باشە ئەگەر كۆمسمول بی.. –شۆفێر بەدڵنیابییەوە وشەكەی لێك دەكێشاوە.

ترومبێلەكەی داگیرساندو جوولا.

دوای تێپەڕبوونی چەند كیلۆمەترێك, ئینجا بەدڵنیایی هەناسەم هەڵكێشا.

دەگێڕنەوە: پیرەمێردێك لەسەر جادەیەكی كوێستانیدا (ڤۆلگا) یەك رادەگرێ, شۆفێر لێی دەپرسێ:

–دەزانی ئەم ترومبێلە هی كێیە؟

پیرەمێرد جێگای خۆی خۆش دەكاو وەرام دەداتەوە:

–نازانم!

–هی وەزیرە, وەرەخوارێ!

–وا هاوار مەكە, مەگەر نازانی من كێم؟

شۆفێر بەپارێزەوە دەڵێ:

–كێ؟

–باپیرم!

–باشە, پێتەوە دیارە!

–نەوەكەم كۆمسمۆڵە. بۆیە ئەوەندە درێژدادڕی مەكە, من بگەیەنە, با وەزیر چاوەڕێ بێ!

قسەكەی كاریگەر دەبێ.

شۆفێرەكە دەیویست لە (كوموخ) دامبەزێنێ, بەڵام ئەمن لەوە دەترسام لە (بالخار)ەوە تەلەفۆن بكەن, لەبەر هەندێ دانەبەزیمو رازیم كرد تا زینوی

www.pertwk.com

(واچی)یش بمبا. لێرە، وەك موسڵمانێك حیسابم لەگەڵدا كرد: بۆ خۆیو ژنەكەی یەك دەرزەنە منداڵو بۆ هەمووشیان هیوای ساغو سەلامەتیم خواست، بەڵام وێ دەچوو حەزبكا بەودەستەی دۆستایەتی كەبۆیم درێژكرد روبڵێكیشم دابایێ. بەداخەوە هەتا یەك كۆپیكیشم نەبوو. بەشێوەیەك دەگوترێ: **پیاو ئەگەر دەرپێیەكی نەبێ، حەفت كەسیش ناتوانن لەپێی كەنەوە.**

هەڵبەتە لەلای ئێوە مایەی پێكەنینە: ئەمە چ زاوایەكە، لەباتی دیاری بۆ بووك، لەگەنێكی ئاسایی هێناوەتەوە ... بەڵام ئەمن بەجۆرێكی دی بیردەكەمەوە بۆیە كاتێ ترومبێلەكە– قەت تایەكانی نەسوێن– لەسەر لۆفەكە بزربوو، بە دەنگێكی بەرزەوە گوتم: "ئافەرین بەهادۆر! بەڕاستی رزگاربوونت پەرجوو بوو!" بەڕاستیش چ ئاقڵ بووم كە تێم تەقاند، چونكە بەنرخترین دیاریش لەلای كیژی كووباچی، نرخی پووشكەیەكی نەدەبوو ئەگەر دەستی كیژێكی بالخاریم گرتبا! لێ گەڕێ لەم گوندە شوومەی گۆزەكەران زۆر شت لەدەست بدەم، بەس خۆم سەلامەت دەرباز بم. ئەمەش بەومانایەیە لەگەڵ لەگەنێكی خراپ، دڵێكی وەفادار كەلەسەفەردا قاڵ بۆتەوە، پێشكەشی (سەرمیناز) دەكەم!.



6

كێوەكانی (لەك) شتێكن لەنێوان لوتكە هەرە سەختەكانی (ئاڤار)و زنجیرە چیاكەی (یوژداغ). لێرەدا، هەڵدێری سەرگێژكەرو تاشەبەردی وەكوو بورجی قەڵا، نابینرێن، لێرە هەروەها لێڕی سەوزی وەكوو ئەوانەی بنارەكانی نزیك (كووباچی)ی زێدەكەم دادەپۆشن، نابینرێ. ئەم شاخانە لەلایەنێكی دییەوە، واتە گیای تەڕو تازەو پنچكی كوێستانێ، جوان جوانن.

لەخۆشترین رۆژەكانی ساڵدا، رێگام كەوتە ئێرە، لەوكاتەی رەگەكانی خاك سەرشاخەكانیان لەبەریەك ترازاندووە و لەژێر گەرمای هەتاودا، توتڕكی كێوی دەڕوێ، كاتێ لكو قەدی ترشۆكە، كەنگرو رێواسو گوڵە وردە خڕەكان، جوانو بەتامنو لەدواییدا كاتێ شیرەی گوڵە سۆرە كێویلكەكان كە لەسەرەوەی نشێوێك دا شنە سەمایان پێدەكا، تا ئەو رادەیە شیرینە.

لەنێو پاوانە سەوزەكەی كوێستانێدا، مێگەلی كەلخووزی هەروەك سێبەری هەورەكان دەجوڵێنەوە. شوانەكان لەپشت گردێك جێگای خۆیان خۆش كردووە. داری عارەبانەكانیان وەكوو تۆپی دژی ئاسمانی، روویان كردۆتە هەوا. لەتەنیشتیدا، چادرێكی گچكە هەڵدراوە، مەنجەڵێكی رەش لەسەر سێ كوچكەی ئاگردانێكی بێئاگر دانراوەو خودی شوانەكان دەوریان گرتووەو یاری كۆنكان دەكەن.

ئەم مرۆڤە رەش داگەڕاوو بەهێزانە، بەئەسپی تازە نەفەسەكانیان لەدەشتە بێپایانەكانی كەناری خەزەرەوە كە هەتاو هەمیشە بەرزە، بۆ پاوانەكانی كوێستانێ، سەركەوتوون. كاریان سووكو سادە نییەو لێگەڕێ ئێستا مەكینەی رستنی كارەباییان هاتۆتە یاریو نەبەپێی خۆیان، بەڵكو بەسكەی شەمەندەفەرو ترومبێل رەو دەكەن، –بە هەرحاڵ كاریان ئاسان نییە. شوان هەر شوانە – هەم لەگەرمای سووتێنەرو هەم لەباوباران دا بەشداری مێگەلەكەیەتیو كەپەنگی (ئاندی) لەلای ئەو رۆڵی خانوو، سەربانو نوێن دەگێڕێ ....

ئەگەر لەبنكەی شوانەكان نزیك بوومەوە، گوتم:

–سڵاو، خودا بەرەكەت بخاتە نێو مێگەلەكەتان!

پیاوێكی دەمو چاو كوتراو سەری لەسەر كاغەزەكان هەڵگرتو وەرامی داوە:

–بەرەكەت دەدا ئەگەر چاودێری بكەین.

شوانێكی بەتەمەن كە كەمێ لەولاتر رۆژنامەی دەخوێندەوە، بانگی كردم:

www.pertwk.com

–ڕێبوار دانیشه!

بەڵام ئەگەر لەمەنجەڵو ئاگردانە ساردەکەیان رامام، وام کەوتە مێشکەوە کە (خینگاڵ)یان لەلا ناخۆم!.

شوانی بەتەمەن پرسی:

–کیسەکەت چی تێدایە؟ نەکا کەروێشکێکت لەزینوی (واچی) گرتبێ؟

–نەخێر!

–دەنا شفتییە! – دەمو چاو کوتراو سەری بەرزکردەوە.

سەرم سووڕمابوو لەوەی بۆچی هەموویان پێدەکەنن.

–چ دەڵێن، کام شووتی لەو وەختەی ساڵ؟

پیاوە بەتەمەنەکە، وێڕای پێکەنین گوتی:

–مەگەر نازانی ئێرە شاخەکانی (لەك)ە؟

–چ قەیدییە؟

–مەسەلە ئەوەیە: لەکەکان لەکۆنەوە بەکلاّونانە سەر خەڵکی بەناوبانگن. چیاییەك لەیۆژداغەوە گۆستبوویەوە ئێرە. لەکەکان ناچاریان کرد بەبێ ئاوڕدانەوە بۆ زێدەکەی هەڵێ. ئەو بەنێو باغان دا رایدەکردو دەیویست لەگەڵ دەستی خۆی شفتییەکیش ببا. گەورەترین شفتی هەڵبژارد، خستییە ناو گوشێكو رۆیشت. رۆژئاوا، دەیویست لەناو دۆڵێك نان بخوا. شفتییەکەی دەرهێناو شکاندی. باوەڕی بەچاوەکانی خۆی نەکرد: لەکێك لەناو شفتییەکە هەڵکوڕمابوو.



ئەمن بیرم دەکردەوە خراپ نییە چاوێك بەدەوروبەری خۆم دا بگێڕم، نەوەك (بالخاری)یەك دانیشتبێ. ئەگەر تەماشام کرد، تێگەیشتم شوانەکان بێجگە لە نوکتە، فەرمووی شتێکی دیکەم لێناکەن. بۆیە خودا حافیزیم کردو رۆیشتم.

پیاوە پیرەکە، کەمن بەکابرایەکی ماقوولم زانی، لێنەدەگەڕا برۆم:

–سەبرکە، ئێوارێ (خینگاڵ)مان هەیە!

–نەخێر، پەلەمە. بەڵام رۆژنامەکەتانم دەوێ!

–بیبە، بەڵام هی دوێنێیە!

لەگەڵ خوداحافیزیدا گوتم:

–قەیدی نییە، خۆ من هی پێرێشم نەدیوە!

دوای کەمێك ئەگەر لاپەڕەکانی رۆژنامەکەم کەمێك لێك کردنەوە، وێنەی مامەو وێنەی پیاڵەیەکی تایبەتی شەراب خواردنەوە کە زۆر جوان رازابۆوە، کەوتنە بەرچاوم. لەژێریان گوتارێکی (ئالخیلاڤ) بلاّوکرابۆوەو گوترابوو، ئەم پیاڵە تایبەتییە دیاری هونەرمەندی بەناوبانگ (دایان–دۆڵدوروم)ە بۆ دۆستە ئیتالیاییە دوورەکەی (پیرو سوریانو).

## 7

رۆژنامەکەم لەتەنیشت رێگا، لەژێر بەردێك دانا: رەنگە کەسێك، رێبوارێك، رۆژنامەی دوێنێی نەخوێندبێتەوە. بەڵام هێشتا وەڕێ نەکەوتبووم، ئەگەر لەناو ڕێگا، لەبەردەمی خۆمەوە شتێکی سەیرم چاو پێکەوت. هەنگاوەکانم گورج کردنو زوو بۆم رون بۆوە کە پیاوێکی ئاساییەو دووپێ، دوو دەستو یەك

www.pertwk.com

سەری هەیە. ئەمما ئەو بەپێ نەدەڕۆیشت, بەدەست دەڕۆیشت. کڵاوی خستبووە سەر پێیەکی و هەگبەیەکیشی بەپێکەی دیکەی هەڵواسیبوو. خۆم گەیاندێ و لێی وردبوومەوەو لەهەر چوار لاوە تەماشام کرد. دەڕۆیشت و گوێی بەمن نەدا, لەهیکڕا, هاواری کرد –سەدو پەنجا! –لەسەر یەك دەست دەمایەوەو بەدەستەکەی تری کڵاوو هەگبەکەی لەپێکانی کردەوە, پاشان تەقڵەیەکی لێداو کەوتە سەر پێیان.

خەیاڵ دەکەی کێم لەبەرامبەردا وەستابێ؟ بەڵێ, بەڵێ, هەمان "سوگوری"ی بێ بەخت کەجارێکیان لەکن کانیاوێکی (یوژداغ) پێکەوە چێشتمان خوارد.

سڵاوم لێ کرد:

–خێرە!

ئەویش منی ناسییەوە:

–خێرە, خێر! بەمە دەڵێن دیدار!

–بەدیتنت خۆشحاڵم! وادیارە نەبۆ ئاسمان چوویو نەخەزەریش قووتی داوی؟

–شێتیش نەبوویمە! مەترسە. تۆ, دەبینم کاتێ لەسەر دەست راوەستابووم زراوت رژابوو. هەمووی رۆژێ سەت و پەنجا پێ لەسەر دەستان ڕێ دەکەم.

بۆی گێڕامەوە چی بەسەر هاتووەو بەدەگمەنیش چارەنووس وا سەرکەوتو دەردەچێت "چاتا" ئەوی لەلای ماسیگرەکانی خەزەر دۆزیوەتەوە, ئاشتیان کردۆتەوەو گەڕاونەتەوە گوندەکەیان. هەرچەندە خزمەکانی بەخشیویانە, ئەمما ئەو ناتوانێ لەخۆی ببورێ و بڕیاریداوە یەك مانگ رۆژانە سەت و پەنجا پێ لەسەر دەستان بڕوا. بەم شێوەیە گوناهەکانی دەشۆرێن و لەهەمان کاتیش دا بەهرەکەی گەشە دەکا.

پێکەوە بە رێگادا دەڕۆیشتین و بەردەوام دەیگێڕاوە کە چ ژنێکی جوانی هەیەو ژنەکەی خۆشی دەوێ و بەگشتیش ژیان خۆشە.

من بەدیتنی زۆر شادمان بووم, شادییەکەم بەراددەیەك بوو, گوایە خۆشبەختییەکی گەورە رووی تێ کردووم. لەدووڕیانێکی نزیك گوند, کە دەمویست خوادافیزی بکەم, هەر گوێشی لێ رانەگرتم.

–نا کاکە, دەمڕەنجێنی. ئێستا نۆرەی منە خزمەتت بکەم. مێوانم بەو لەگەڵ ژنەکەم ئاشنا بە.

هەڵبەتە حەزم دەکرد ئەم جوانی جوانانە ببینم, ئەگەرچی لەدڵیشەوە بەگومان بووم: سوگوری وای وەسف کردبوو, لەوانەبوو لەیەکەم ڕوانین دا ئاشقی بم و سیما جوانەکەی (سەرمیناز)م لەبەرچاو بکەوێ. بەڵام برسیەتی لەمێژبوو ئارامی لەبەر هەڵگرتبووم و نەمدەتوانی چاو لە بانگهێشتنەکەی بپۆشم.

ئێمە چووینە گوندە بەناوبانگەکەی "سوڤکرا" کە وەك (کووباچی)یەکەی ئێمە,منداڵەکانی لەتەمەنی حەفت ساڵییەوە هونەری باب و باپیرانیان فێردەبن. دەڵێن خەڵکی (سوڤگرا) لەسەر گوریس دڵنیاترن نەك لەسەر زەوی. کەس ئەمە نازانێ! بەڵام کاتێ مێرمنداڵێکی باریکەلە لەسەر بەرزاییەك سەمای خەنجەر دەکا, هەتا هەناسەی تەماشاکەرانیش دەوەستێ!. ئەمما ئەمانە لەلای من سرنج راکێش نەبوون. من تەنێ لەیەك شت دەگەیشتم: ئایا لە (سوڤگرا) دیارییەکم بۆ سەرمیناز وەدەست ناکەوێ!.

لەمەیدانی گوند, منداڵەکان خەریکی ئەنجام دانی جوڵانەوەی ئەکروپاتیك بوون و مێرمنداڵێك لەسەر گوریسێك کەلەبانێکەوە بەبانێکی دییەوە بەسترابۆوە, دەڕۆیشت. هەموویان جلك و بەرگی رەنگاو رەنگی خۆیان کردبوە بەریەراقی سەرسینگیان کەلەڕابردوودا بەتەلیسم دەژمێردران و ئێستاش وەك خشڵ وان, بەڕۆشنی دەدرەوشانەوە.

www.pertwk.com

(سوگوری) تەماشای کەسی نەکرد, چونکە ئەو هەموو رۆژێ دەیانبینیێ. بەلاّم ئەمن, سەرم بەرزکردبۆوەو لەوکیژە دەسالاّنەیەم دەڕوانی کە ڕێك لەسەر سەری منەوە بەسەر گوریسێکەوەبوو.

–تەماشاکە, کیژۆڵەکان ئەم هونەرە فێردەبن.

ئەگەر لەماڵیان وەنزیك کەوتین, (سوگوری) داوای کرد هێواش بم: ژنە جوانەکەی نوستووەو چما حەسانەوەکەی بشێوێنین؟... ئەو لەسەرخۆ چووە ژووریێو لەدەرگای ژوورێکی دا. کەس وەرامی نەداوە. لەدەرگایەکی دیکەشی دا, کەس دەنگی نەهات.

ئەکروباتیك کەناڕەحەت ببوو, هەموو دەرگاکانی کردەوەو بەدوای (چاتا) دا دەگەڕا. بەلاّم ئەو دیار نەبوو. هەوڵم دا, ئارامی بکەمەوە: –رەنگە چووبێتە سەر کانی, یان لەلای هاوسێکانی دانیشتبێ. بەلاّم (سوگوری) ئەنگوستی خۆی گەست و وەك کسۆکێکی بریندار بەسەرخۆیدا دەسووڕا. ئەگەریش هەبوو! کەل و پەلی ژنەکە دیارنەبوون. دڵنیا بوو کە خزمەکانی بردویانەتەوە.

پاشان (سوگوری) لەهەیوانیێ را بانگی پیرەژنێکی کرد, کە هێسکەکانی لەبەر هەتاو گەرم دەکردنەوە:

–هاوسێ, ژنەکەم بۆ کوێ چووە؟

–زمانت شیرین بێ. بەڵێ, خەریکم خۆم گەرم دەکەمەوە –داپیرە تەواو کەڕ بوو. سوگوری هاواری کرد:



–ژنەکەم بۆ کوێ چووە؟

–بەڵێ, بەڵێ, رۆژێکی خۆشە. هەروەك دەڵێن, هەتاو پیران خۆشحاڵ دەکاو نەمانیشی بۆ لاوان شادی دەهێنێ.

(سوگوری) بێ تاقەت بوو. بازێکیدا سەردیواری بەردەمی هەیوان و دەقیقەیەك خۆی بەسواندەوە هەڵواسی و پاشان وەکوو باڵندەیەك خۆی هەڵدایە سەربانی دراوسێکەیان. لەبن گوێی پیرەژنەکەوە هاواری کرد:

–ژنەکەم لەکوێیە؟

–رۆیشتووە, رۆیشتووە!

–بۆ کوێ؟

–چۆتە پاریس. شارێکی وایە. هەلیکۆپتەرێك لەبەرامبەر ماڵەکەتان نیشت و ژنەکەتی برد.

(سوگوری) بەئاشکرا پیرەژنەکەی بەشێت ناوبرد. لەوکاتەدا کیژۆڵەیەك کە من بەئاسمانەوەم دیبوو, خۆی گەیاندە ماڵی پیرەژن و هەموو شتێکی بۆ (سوگوری) باس کرد. نوێنەرانی تیپی هونەری "لەزگینا" کە بۆ دەرەوە دەچوون, لەشارەوە بەهەلیکۆپتەر هاتوون و (چاتا)یان رازی کردووە لەگەڵیان دا بچێ.

–ئەمما ئەو پەیامی بۆ تۆ –کیژۆڵەکە قسەی درێژە پێدا– ئەوەبوو, ئەگەر ئەوت خۆش دەوێ, وەدوای کەوی. شتەکانت لەشار ئامادەیە.

–ئەمن لەتیپی هونەریدا چ کارێکم پێ دەکرێ؟

–ئاخر تۆشیان بانگ کردووە. لەوێ ئەکروباتیك جێگای خۆی هەیە!.

(سوگوری) لەسەربانی هاوسێیەکانەوە بانگی کردمێ:

–دیتت! لەئاکام دا گەیشتە مەبەستەکەی! دۆستی من دەبینی ژنەکانمان چیمان بەسەردێنن!.

–نابینم!.

–چۆن نابینی؟

–هەروا: ئەمن ژنم نەهێناوە.

(سوگوری) کە بازی دەدایە هەیوانەکەیان, لەهەوادا گوتی:

www.pertwk.com

–ئاه! بیست ساڵەییم لەکوێی؟ کاکە ژن مەهێنە، هەرگیز ژن مەهێنە– ئەمە ئامۆژگاری منە بۆ تۆ. واخ، هەموو شتێك چۆن رووی‌دا!

(سوگوری) وێڕای گلەیی لەکەللەڕەقی ژنان، هاتەوە ماڵ‌و بەپەلە کەوتە ئامادەکردنی کەل‌و پەلەکانی.

–ئەتۆش دەبێ ببوری، نەمتوانی وەك شایستەی تۆیە، بەخێرت بهێنم!. ئاخر ناتوانم زووبگەمەوە هەلیکۆپتەر، بۆیە دەبێ خێرابم. ئەو ناتوانێ خۆیم لێ بزرکا، ئەو ئەگەر بەپێیەکانی بۆ هەر شوێنێك بڕوا، من بەدەستەکانم بۆی دەچم.

پێکەوە لەگوند وەدەرکەوتین‌و خوداحافیزیمان کرد. ئەو سواری ترومبێلێك بوو دوابەدوای ژنەکەی بۆ پاریس وەڕێ کەوت. منیش بەرەو کووباچی گەڕامەوە.لەڕێگادا، بیرم لەوە دەکردەوە: ئەو ناخۆشی‌یانەی ژنەکانمان بۆمان دروست دەکەن، بەزەماوەندیش تەواو نابن.





1

لەڕێگای گەڕانەوەم دا بۆ زێدەکەم، دیدارێکی دیکەم، بۆ لەبۆسەدابوو کە دوای ئەوە، هەموو شتێکم لەزەین دا بەتەواوی تێکەڵ‌و پێکەڵ بوو.

زنجیرەی چیای (سوتبوك)م بەجێ‌هێشت‌و پێم نایە سەر زەمینەکەم. دڵم وەکوو میلی (قوتب نوما) لێی دەدا کە لەگوندەکەی ئاسنگەران (ئامۆزگی) نزیك دەبۆوە. لەناکاو لەسەر جادە کەسێك، سواری ئەسپێکی سپی عەرەبی، وەدەرکەوت. سوار، هەرچەندە جلك‌و بەرگێکی سادەی سەفەری دەبەردابوو، بەڵام هەموو شتەکانی دیی نیشانەی ئەوەبوون، سوارێکی راستەقینەیە. ئەسپەکەی ژێری، وەك ڕێڕەوەی وەرزشی، تەقە تەقی ناڵەکانی دەبیسترا، دەتگوت سەما دەکا. ئەگەر نزیك بۆوە، ئەسپەکەی راگرت‌و بەسووکی خۆی فڕێ‌دایە سەر زەوی. ئەوە جگە لە (عەزیزی کوڕی قلیان)، غەنیمێکی دیکەی من، لەململانێ لەسەر سەرمیناز، کەسێکی دیکە نەبوو.

دێنمە بەرچاو کە من‌و ئەو لەسەر ئەو جادەیەدا چتۆ دیاربووین– ئەو– باشترین وەستای گوند، شانازی زێڕینگەرەکانمان‌و من پیشەگەری بێ توانا کە نەك هەر لەسەفەرەکەم دا شتێکم وەدەست نەهێناوە، بەڵکو سەرمایەی خۆشم– واتە کەرەستەی کاریشم– لەدەست داوە: ئەو، وەدوای خۆشبەختی کەوتووەو من، گێلەپیاو، دەست لەگونان بەرەو ژێرتر بەرەو سەرزەمینەکەی، دەگەڕێتەوە. ئەو، رێك‌و پێك بەجلك‌و بەرگی سەفەرو منی بەرگ دڕاو بەدەم‌و چاوێکی تووکنی پڕ لەکەی شین.

وێڕای تێڕامانم، سڵاوی کرد:

www.pertwk.com

–(بەهادۆر) سڵاو!

–سڵاو (عەزین) –دەستیم گوشی.

–دەگەڕێیتەوە؟

–دەبینی!

–ئەمما من تازە وەڕێ دەکەوم. دوای گەڕانەوەم لەمۆسکۆ، هەر سێ ڕۆژان لەماڵێ بووم. بابم هەتا گوێی بەحەسانەوەشم نەدا: دەڵێ، من بەناوی تۆوە گفتم داوەو تۆش دەبێ، بەسەر ئەو لاوە لەخۆبایی‌یانەدا زاڵ بی … – (عەزین) زمانی گیرا، چونکە تێگەیشت قسەی زیادی کردووە. بەنیگایەکی شەرمەزارانە تەماشای کردم– بەهادۆر بڵێ بزانم، لێم نەتۆراوی؟

–چما، (عەزین)؟

–باشە، ئاخر من‌و تۆ هەر چۆنێك بێ، غەنیمین!

–وادیارە، –من بەئارامی وەرامم داوە. هەرچەندە بەبیستنی وشەی (غەنیم)، وام هەست دەکرد درێشەیەکی داغیان لەجەرگم چەقاندبێ!

–بۆ من ناخۆشە، ڕێگام لەتۆ گرتووە، لەبەرامبەر (سەرمینان)یشدا شەرمەزارم

–ئێمە بەم ڕکابەری‌یە گێلانەیەمان هەتك بەو دەکەین. ئاخر من بەباشی نایناسم: کاتێ بۆ خوێندن گوندەکەمانم بەجێ هێشت، کیژۆڵەیەکی دە ساڵان بوو، تا ئێستاش باشم نەبینیوە.

ئەگەر دیاری‌یە پۆڵاکەی دەستکردی وەستا (لەفشای تۆلایی)یشی پێشکەش کردبام، ئەوەندە خۆشحاڵ نەدەبووم. بەڵام دەروێشێك فێری کردبووم کەدەبێ لەکاتی وادا خۆڕاگربم، بۆیە بەسەرخۆم نەهێناو پرسیم:



–ئەگەر وایە، چما بەدوای دیاری‌دا دەڕۆی؟

–بەهادۆر، خۆت دەزانی – عەزیز نەیدەزانی چۆن وشەی بەجێ بدۆزێتەوە– بابم ناچاری کردم. ئەگەر نەهاتبام ژیانی لێ ناخۆش دەکردم، ئاخر ناتوانرێ قسەی گەوران بشکێنرێ، وانی‌یە؟ دیسان بیرم کردەوە، مەگەر چ زیانێکی تێدایە گەشتێك بەنێو وڵاتەکەم دا بکەم؟ خۆ من مۆسکۆی دوور لەوڵاتەکەی خۆمان شارەزاترم. لەگوندەکان دەڕوانم، لەگەڵ خەڵکی و هونەرەکەیان ئاشنا دەبم. دەزانی، ئێمە لەهونەرستان دا وەك نموونەی سەرمەشق تەماشای دەستکردی پیشەگەرەکانی خۆمانمان دەکرد– بەڵام هەمووی بەوێنە، لەبەر هەندێ بڕیارم دا لەڕکەبەرایەتی‌یەکە بەشداربم. هەڵبەتە ئەگەر (سەرمینان) داواکەم ڕەت بکاتەوە، کارم تێ دەکا، سەربای هەندێش مۆڵەتم کەمە، –مسۆگەر تۆ توانیوتە شتێکی وا وەردەست بخەی کە من بەخەونیش نایبینم، وایە؟ –ئەو تەماشای کیسەکەی دەکرد.

–چی تێدایە؟ –بەبێ مۆڵەت وەرگرتن، قامچی‌یەکەی خستە نێو کیسەکە. دەنگی شکانی شتێك هاتو تێ گەیشتم، تەنیا دەستکردی سەفەرە پڕ مەترسی‌یەکەم لە دەست دا.

بەبێ گوتنی وشەیەك، پارچەکانم هەڵڕشتە سەر زەوی. (عەزین) بەترسەوە داهاتەوەو لێیان وردبۆوە:

–ئای– یا– یا، ئەمن دیاری‌یەکەتم شکاند! چ بکەم، چ بکەم، بەنرخ بوو؟

–وردتر تەماشای بکە!.

دووپارچەی شکاوی لەبەرامبەر چاوی‌دا هەڵگێڕو وەرگێڕ دەکرد:

–لەگەنی ئاسایی‌یە!

–بەداخەوە، ڕاست دەکەی. ئەمە کۆی هەموو ئەوشتانەیە کەمن توانیومە وەدەستی بخەم.

مسۆگەر هەتك بە (عەزین) کراوە کەلەگەڵ کەسێکی ناشایستەی وەکوو من دا کەوتۆتە ململانێ! کەسێك کەلەسەفەری چەندان ڕۆژی‌دا تەنیا لەگەنی ئاسایی دەست کەوتووە. بۆ دڵدانەوەم، گوتی:

www.pertwk.com

—بەڵام (بەهادۆر)، ئەگەر سەرمینازت خۆش نەویستبا، سەفەرت دەکرد؟.

—لەژیانم زیاترم خۆش دەوێ.

—ئەدی ئەو؟

—ئاه، ئەگەر دەمزانی!

—نابێ بێئومێد بی. ئەگەر بەڕاستی تۆی خۆش دەوێ، هەر پارچە گۆزەیەکی ئاسایی تۆی لەبەنرخترین دیاری من، پێ باشترە.

(عەزیز) بەقسەکانی کەمێ دڵی گەرم کردمەوەو وەکوو دوو دۆست لێك جودابووینەوە. بەڵام کاتێ دەنگی سمی ئەسپەکەی نەما، ئەمن لەناو خەمان دا نقووم بوومەوە. چونکە لەوانەیە وەك عەزیز دەڵێ، وانەبێ، دیارییەکەم لەلایەن خودی جیهاندارەوە پەسندبکرێ!، یان سەرمیناز بەو دیارییە بەنرخەی عەزیز وەدەستی دەهێنێ، هەڵخەڵەتێ. وێڕای ئەمانەش، ئایا سەیر نییە، لاوێك کەکووباچییەکان هەردەم بە نموونەی منداڵەکانی خۆیانی دەزانن، کوڕانە پەیڕەوی قسەکانی (قلیان)ی پیربکا؟ چونکە هەر وەك بابی پێی بڵێ: "سەرمیناز، بخوازە!" —و بابی سەرمینازیش بەکچەکەی بڵێ: "ببە ژنی عەزیز"! —ئەودەم گوێ پێ نەدانی دڵدارەکەم و لێ هاتوویی عەزیز چارەنووسم دەگۆڕن! زۆریش ڕێی تێدەچێ (عەزین) وازنەهێنێ و هەر بۆ شانازیش بێ، ببێتە ماخۆی (سەرمیناز). بە تایبەتی کەژاوەیەکی چاکیشە. بەلایەنی کەمەوە، داك و بابی تەواوی کیژەکانی گوند، باوەڕیان وایە. سەرباری ئەویش، (موختار)...

ئەو دەمی بیرەکانم تاریك تر دەبوون. چونکە من ئەو دزە، ئەوهیچ و پووچەی کوڕی (لیونید)م وەبیرخۆ هێناوە. نەخێر، باشترە (سەرمیناز) ببێتە هی (عەزین) نەك بکەوێتە چنگی ئەوەوە.

ئەدی خۆم؟.. لەبەرامبەری دیارییەکەی عەزیز کەخاوەنی زەوقێکی جوان و دروستە، یان لەبەرامبەر ئەو هەگبە بەنرخەی (موختار) لەمنی دزیوە، ئەمن چم هەیە؟.

بەکۆڵمەوە، پارچەیەك لەگەنی بێگانە، لەناو کیسەیەکی بێگانەدا، بەگلەییەوە دەنگیان لێوە دەهات.

لەکۆسپەی دەرگای ماڵەوەمان، تەنیا پڵنگێك بەدەمی بەشەوە پێشوازی لێکردم. چەندان سەدەیە، ئەم پڵنگە لەدیوارە بەردەکەی تەنیشت خانووەکەمان دا وشك هەڵاتووە. دەگێڕنەوە دەڵێن: وەختێ دەستەی زانستی مۆزەخانەی دەوڵەتی ئارمیتاژ هاتبووە (کووباچی)، زاناکان گفتیان بەباپیرم —یادی نەمربێ— دابوو کەنرخێکی زۆری بۆ دادەنێن. ئەوان دەیانگوت تەنیا جێگای ئەم کارە هونەرییە ئەلبانییە کۆنە، مۆزەخانەیە. باپیرم وەرامی دابۆوەو: "نەخێر، ئەم پڵنگە، پیرۆزبایی من و کوڕو نەوەو نەوەی نەوەکانم لەچاوی بەد دەپارێزێ. ئەگەر ئێوە دەڵێن جێگاکەی مۆزەخانەیە، چما تەواوی گوندی (کووباچی) ناکەن بەمۆزەخانە؟ ئاخر، ئێرە زۆر شتی تێدایە!".

هەڵبەتە ئەمن بەدیداری ئەم پاسەوانە وەفادارە خۆشحاڵ بووم، بەڵام وادیارە هەموو چاودێرییەکی ئاگردانی خێزانەکەی ئێمەیان تەنیا بە ئەستۆی ئەو سپاردووە. لەهیچ پەنجەرەیەکەوە رووناکی بەدی نەدەکرا. پەردەی ژوورەکەی سەرێ، هاتبووە خوارێ و قفڵە گەورەکەی دەستکردی (خاربوك)، هەرچەند بەبزماریش تێی بەربووم، نەکرایەوەو نەکرایەوە.

لەهەوای تاریك و روون دا، بۆ یەکەمین جار خانووەکەمانم بەدبەخت هاتە بەرچاو. تێگەیشتم دایکم گواستوویەتییەوە ئەو خانووە لەبەرد دروستکراوەی مامم بەئومێدی نهێنی درێژەپێدانی وەچەکەمان، چەندان ساڵ خەریکی دروست کردنی بوو. چ بکەم، ماسی بەدوای گۆمی قووڵترو، مرۆش بەدوای جێگای خۆشتردا

دەگەڕێ.... وێ دەچێ مامم گەیشتبێتە ئەو ئەنجامەی کەخانووە کۆنەکەشمان بۆ گومڕایەکی وەکوو من هێشتا زۆرە. هەڵبەتە بەسە! ئایا لە ڕۆژە یەك لەدوای یەکەکانی سەرگەردانی دا ئەمن ئارەزووی وام نەبووە؟ هەر ئەوەندە بگەڕێمەوە!. بەمنداڵی, چەندان جار بەدزی دەچوومەوە ماڵێ. ئەم جارەش ناچاربووم سوود لەئەزموونی رابردووم وەرگرم. بەدیواردا هەڵگەڕامو خۆم گەیاندە ماڵە دراوسێو لەوێوە بەپاچینە دارەکە کە بەهەموو خانووێکەوە هەڵپەسێردراوە, گەیشتمە هەیوانەکەی خۆمان.

لەو دەمان دا, ئەو ڕووداوەم وەبیرهاتەوە کەلە (ئیبراهیم)ی دز قەومابوو: ئەو بڕیار دەدا بەسەر دیواردا بچێتە ماڵە دراوسێ دەوڵەمەندەکەیان. ئەگەر دەگاتە هەیوان, پاچینەکە هەڵدەگرێ. ماخۆی ماڵ دێتە دەرێو لێی دەپرسێ:

چ دەکەی لێرە؟

مەگەر نابینی, پاچینە دەفرۆشم!

لێرە؟ نە بازاڕەو نە دوکان!

دز خۆی تێك ناداو دەڵێ:

-یەکەم, ئێستا شەوەو دووەمیش هاوسێی خۆشەویست, پاچینە لەهەموو جێگایەك دا دەفرۆشرێ. چونکە هیچ ماڵێك ناتوانێ بەبێ پاچینە کاروبارەکانی رێك بخا.

(ئیبراهیم) بۆ وەرام دانەدەما. ئەدی ئەمن؟ بۆ نموونە: ئەگەر کەسێك لەسەربانی هاوسێکەمان بمبینێ, بەخەیاڵیش نازانم چ بڵێم؟.

کاتێ گەیشتمە هەیوانەکەی خۆمانو کەس نەیدیتم, یەکەمین سەرکەوتنم لەماوەی چەندان هەفتەدا, وەدەست هێنا. بەوەستایی دەرگای کارگەکەمانم کردەوە: دەرگاکەم بەرز کردەوە, دامکێشاو پاشان بۆلای خۆم راکێشا. چوومە ژوورێکی چۆڵو تاریك وادیارە مامم هەرچی پێی چووە بردوویەتی تا دایکم وا هەست بکا لەناو ماڵی خۆی دایە. شەوم لەوێ بەڕۆژ گەیاند.



# 2

لەگەڵ بانگی کەڵەشێری هاوسێکەمان, لەگەڵ وەحە وەحی گاوانو بۆڕە بۆڕی گامێشەکان واگا هاتم. دەنگی دەهۆڵو ئاوازی بانگ راهێڵەری زوڕنا,واگایان هێنام. ئاوازە خۆشەکەی (ئابرخس) هەمووی بۆ بەشداری زەماوەند بانگ دەکرد. یەکەمین بیرم ترسناك بوو! —نەکا سەرمیناز بگوازنەوە. بەڵام دڵی خۆم بەوە داوە کە جیهاندار کابرایەکی بەوەفایەو تا هەرسێ لاو بەخۆو بەدیارییەکانیانەوە, ئامادە نەبن, کیژی خۆی بەمێرد نادا. دەنا, ئەم زەماوەندە هی هەرکێ بێ بەختی منی تێدایە! پێویست ناکا پاکانە بۆ گەڕانەوەمو پێشێل کردنی ڕێو رەسمی بابو باپیرانمان بکەم. بەو پێیە, لاوی سەفەرکردو لەدوو باران دا دەتوانێ بگەڕێتەوە: دیارییەکی نائاسایی دەست کەوتبێ یان ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو لە گوندەکە رووی دابێ. دەبێ لەشایی ئەمڕۆدا بەشێوەیەك خۆم نیشان بدەم کەس نەمناسێو سەروبنی هەموو ئەو شتانەش دەربێنم کە دوای ڕۆیشتنم روویان داوە. دەبێ بتوانم چەند وشەیەکیش بچرپێنمە گوێی سەرمیناز؟ بەهەرحاڵ تێریش دەخۆم, بێگومان خواردنی زەماوەند. کەس نامناسێ,چونکە دەمامك دەدەم.

تا ئێستاش لەزەماوەندەکانی ئێمەدا, ڕێو رەسمێکی وا هەیە: دوازدەکەس, لاوی بێ ژن بەدەمامكو زرێی کۆن, بەشێوەیەك کەس نەیاننناسێ, بەشداری زەماوەندەکە دەکەن. ئەم یاسایە وەك پۆلا وایە. هەتکیش لەوە گەورەتر نابێ ئەگەر کەسێك جورئەت بکا دەمامکی یەکێکیان داماڵێ. چوار لەو دوازدە کەسە

www.pertwk.com

(کارچی)یان پێ دەڵێن کەمانای گاڵتەچی‌یە. کاریان پێ کەناندنی خەڵکە. جلکی سپی دەبەر دەکەن‌و دەمامکیشیان لبادە بە لەکەی رەنگاو رەنگ. زاناکان باوەڕیان وایە، ئەمە پاشماوەی ئەو ئاکارە کۆنەیە کەڕوویان خاڵ خاڵ دەکرد. هەر (کارچی)یەك کلکی ڕێویەکی بەپشتە سەری‌یەوە هەڵواسیوە. چواری دیکەش (پیالتار)یان پێ دەڵێن‌و کاریان چاوەدێری‌یە. چوارەکەی دیکەش "هرئاوشی" یان پێ دەڵێن‌و جێ بەجێ کەری فەرمانی "تامادا" ی زەماوەندەکەن.

پیالتارەکان جلکی سەربازیان دەبەردایە. دەمامکیان لەئاسن‌و مسە. کڵاویان لەقوونکەپیاز دەچێ‌و کراسیان زرێیە. خەنجەریان لەبەر پشتێ دایەو هەندێکیان شەش ئاگرو باروتدانیش دەبەستن. پێیان لەچەکمە دایەو هەریەکەی قامچی‌و زەنگوڵێکیان بەدەستەوەیە. لەگەڵ دەنگی زەنگوڵی یەکێکیان هەموویان دەچنە یارمەتی دانی. تەنیا بەهۆی ئەم جلکانەوەیە کە لاوەکانی گوندەکەمان دەتوانن لەبەرچاوی خەڵکی‌دا لە بەرامبەر کیژەکان دا بوەستن، قسەیان لەگەڵ بکەن‌و داوای شایی کردنیشیان لێبکەن. تا نەناسرێی، دەبێ بەپارێزەوە بدوێی: دەنگت بگۆڕی‌و بەئاواز قسان بکەی، لەکاتی جولانەوە وەك خۆت نەڕۆی‌و پێت بەتووندی لەزەوی بدەی.

مامم بەزەیی بەجلکە کۆنەکەی پیالتار دەهاتەوەو لەماڵێ هەڵی گرتبوو. بۆیە بڕیارم دا بیکەمە بەرم‌و بەشداری زەماوەندەکە بکەم. گرنگ نی‌یە، ئەمڕۆ لەباتی دوازدە، سێزدە پیالتار وەدەر دەکەون، گرنگ ئەوەیە کەس جورئەت ناکا دەمامکم لە روو داماڵێ.

تۆزو خۆڵی زرێ کۆنەکانم تەکاندو بەزەحمەت کردمە بەرو دەمانچەی سوارم لەبەر پشتێن راکردو لەماڵ وەدەرکەوتم.

لەکۆڵان، منداڵەکان دەورەیان لێدام‌و بەهات‌و هاواری "پیالتار"، "پیالتار" وەدوام کەوتن. ڕۆیشتن بەم سەرو سەکۆتەوە، لەناو گەڕەك‌و پێ لەزەوی‌دان



کارێکی ئاسان نەبوو. پیرەمێردەکان دڵ ناسك بوون، چونکە پێشان نیوەی تەمەنیان لەناو زرێدا بەسەر دەبرد، بەڵام ئەمن دوای چەند دەقیقەیەك، هەموو لەشم بوو بەئارەقە. تەواوی ڕێگا، زەنگۆڵم لێ دەداو چاوەڕێ بووم پیالتارەکانی دی لەکوچەکان وەدیارکەون، بەڵام کۆڵانەکان چۆڵ‌و هۆڵ بوون. کاتێ گەیشتمە مەیدان‌و خەڵکەکە خەریکی نان خواردن بوون، سست بووم. دەبێ شایی کێ بێ! ئەوە دایکم بوو، دەبووە ژنی "دایان – دۆڵدوروم"ی بەڕێزو ماقوول! و لەزەماوەندەکەیان دا نە سێزدەیەمین (پیالتار)، بەڵکو بەتەنێش بووم؟ بۆیە ئەگەر زەنگۆڵم لێدا هەموویان بەسەر سووڕمانەوە سەریان بەرزکردەوە. مۆسیقا بڕاو سەماکەر کە لەناوەڕاستی مەیدان دەستەکانی وەکوو هەڵۆ بەرزکردبوونەوە، وشك بوو.

دەم‌و چاوی مامم لەتووڕەیی‌یان سپی هەڵگەڕا، لەپڵنگێکی ئامادەی هەڵمەت دەچوو. جیهانداری مڕومۆن کەلەو داوەتەدا (تاماد) بوو، بانگی کردم. من کەخۆم بۆ ترسناکترین بار ئامادە کردبوو، لێی نزیك بوومەوە. جیهاندار کە بەماقوولی پشتی بە بالیفێکەوە دابوو، بێئەوەی خۆی بجولێنێ، رایکێشامە لای خۆی‌و بەهێواشی ئەمما بەگوڕ، گوتی:

–دەزانم دەمامکت لانادەی‌و خۆشت ئاشکرا ناکەی!، هەرکەسێك هەی، بڕۆ!

من خۆشحاڵ بووم: وادیارە منیان نەنانسیوە. لەگەڵ هەندێش هەموویان زەق زەق تەماشایان دەکردم.

جیهاندار پرسی:

–تێگەیشتی چیم گوت؟

–تێگەیشتم!. بەڵام نازانم بۆ دەبێ بڕۆم؟ من بەقیژە قیژێکی گێڵانە بەئاواز قسەم کرد.

www.pertwk.com

–ئاها, تیٚنەگەیشتی؟ تیٚنەگەیشتی کەهاتنت بۆ ئیٚرە هەتکە بەم خەڵکە بەڕیٚزە, هەتکە بە (دایان – دۆڵدوروم), هەم هەتکە بە (عائیشە)و هەم بەمن کە (تاماد)م‌و هەم بەهەموو بەشدارەکانی ئەم شادی‌یە؟!

–هەرگیز مەبەستم گاڵتە پیٚکردن نەبووە! –دەنگی خۆم وەك باڕەی بزنان لیٚ کرد.

–بۆچی بەم جلکانەوە هاتووی؟ تەماشاکە کەس جلکی وای دەبەردایە!؟

–نا, بەلاّم ئایا ڕیٚو رەسمی کۆنیان هەڵوەشاندۆتەوە؟

–یەك جار وەك گوارە بیخە گویٚچکەت: لاوەکان تەنیا لە زەماوەندی هاوزیٚی خۆیان, جلك‌و بەرگی خۆیان دەگۆڕن. تۆ لەزەماوەندی ژن‌و پیاویٚك دا خۆت کردۆتە (پیالتار), ئەمەش هەتکیٚکی گەورەیەو دەترسم بەهەرزانیشت بۆ تەواو نەبیٚ!. ((دایان – دۆڵدوروم)) بەرگەی ئەمە ناگریٚو لەبەرچاوی هەمووان دەمامکت لەڕوودا دادەماڵیٚ. دەبینی, ئەوە خەریکە بۆ ئیٚرە دیٚ! زووتر گیانت ڕزگار کە!.



ناچاربووم ئامۆژگاری‌یە خیٚرومەندانەیی‌یەکەی (جیهاندار) لەگویٚ بگرم. بۆچی ئەو شتەی کەمایەی شادی لاوەکانە, بۆ پیران گاڵتە پیٚکردنە. ئایا دەمتوانی لەم بابەتە بگەم؟ بەهەرحاڵ, من کەوتبوومە جیٚگای ئەو کەسەی لەکاتی بردنی بووك بۆ ماڵی زاوا تەقەیەکی کردبیٚ یان گیٚلیٚك دەستیٚك لەسینگی خۆی بداو هاوار بکا: "پاتیخا" هەروەك لەڕیٚو رەسمی تازیەدا باوە.

وەکوو تەیر فڕیم, چونکە دەمزانی ئەگەر مامم (پیالتار)ی بکەویٚتە بەردەست‌و ئەویش برازا تاقانەکەی بیٚ, سەرپان کردنەوەی مسۆگەرە. لەگوندم وەدەر دەنیٚ‌و لەکاتی وادا پاڕانەوەی ریٚکخراوی لاوانیش داد نادا.

ویٚ دەچوو مامم بڕیاری دابیٚ مەسەلەکە ئەوەندە قووڵ نەکاتەوە. ئەو, سیٚ لاوی بانگ کردو ئەوانیش دەستبەجیٚ وەدوام کەوتن. ئەمن وەك باو برووسکە رام دەکرد, بەلاّم بەئاسانی نەدەشیٚردرامەوە, چونکە لەهەموو جیٚگایەك, ژن‌و منداڵم لەسەر ریٚگا هەبوون, هاواریان دەکرد: "تەماشاکەن, پیالتار!". بیٚجگە لەهەندیٚش هەلاّتن بەزریٚوە زەحمەتەو ئەم جلك‌و بەرگەش هی پیٚشبڕکیٚ نی‌یە.

ئەو لاوانەی بۆ گرتنم نیٚردرابوون, نزیك دەبوونەوە. توانام لەبەر بڕابوو. ئارەقەم لەسەرو سیماوە دەتکا, خۆم خستە یەکەمین ماڵ‌و دەرگام لەدوای خۆم قایم کرد, تا ئەوان وەسەر دیوارکەوتن, من خۆم گەیاندە ماڵیٚکی دی‌و سەرم لە زیرەکی خۆم سووڕمابوو. نەکا هونەری "سوگوری"ی ئەکروباتی "سوڤگرا" فیٚر بووبم؟ ئاخر لەگەڵ کیٚ هاموشۆت هەبیٚ وەکو ئەوت لیٚ دیٚ. یان وەك چیایی‌یەکان دەڵیٚن: "**کەریٚ لەکن گۆلکیٚ ببەستی‌یەوە, پاش ماوەیەك بۆڕە بۆڕ دەکا**". بەهەرحاڵ, کاتیٚ وەسەر دیواریٚکی تر دی کەوتم, گوتم ئیدی لەڕزگاربوونم دڵنیابووم, ئەمما لەپڕ خۆم لەبەرامبەر سیٚ لاوەکەدا دیتەوە.

مسۆگەر زریٚی باپیرانم, ورەیان وەبەر دەنام, چونکە وەکوو تانکیٚك هەڵمەتم کردەسەریان. یەکیٚکیانم خست‌و دووەکەی دیش هەلاّتن. ئەمنیش بەرەو پەڕگەی دیٚ, بەرەو لیٚڕی (پادازرانی) کە ئەوەندە چڕە نەك هەر مرۆ, بەڵکو گامیٚشیشی تیٚدا بزر دەبیٚ, تیٚم تەقاند. لەویٚ دەمتوانی دەمامکە ئاسنینەکەم داماڵم‌و بە خەیاڵی راحەت چاوەڕوانی شەو بم تا بەنهیٚنی بچمەوە ناو گوند.

www.pertwk.com

خراپیش نەبوو, کەمێ لەجێگایەکی فێنك, نزیك کانی و ژێر دارهەرمێیەك دانیشتم, بەڵام من لەباتی ئەوەی چێژ لەسروشت وەربگرم, هەموو ڕووداوەکانم وەبیر خۆ هێناوە: قاپی خۆراکی بەردەمی میوانەکان و هەموو شتانەی چاوم توانیبوویان ببینن, بەڵام دەستم پێیان نەدەگەیشت, وێڕای قۆڕەی تووڕەی زگم, سەرلەنوێ ئازارو تێشکانی چەند رۆژی رابردوو, کەئێستاش جلك و بەرگی تەواو بێ جێی (پیالتار)یشی هاتبووە سەر. کارم, بەخەڵکەوە نییە, ئەمما جیهانداری (تامادا), (کە ڕەوشتی دەزانم) لەبەر ئەو هەتکەی پێی کرابوو, نابوورێ. ئەمەش تەگەرەیەکی دیکەی سەر رێگام بۆ گەیشتن بە سەرمیناز!.

بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو هەستم بەدەرکەوتنی ترۆپکی ئیلهام کرد. چونکە کارێکی دیکەم نەبوو, لەوەسفیدا دەستم کرد بەشیعر گوتن:

**دەمەوێ وەسفت بکەم بەسروود–**
**تۆ ئەستێرەی منی,**
**ڕووناکی نەمری منی ...**
**بەڵام بەداخەوە لەناو شاعیرانی وڵاتەکەم دا**
**ئەمن گچکەترینیانم**
**هەرچەندە گچکەترینیشم**
**دیسان هەر وەسفت دەکەم**
**تەنیا لەوەسفی تۆدا ئەی (سەرمیناز)**
**ئەگەرچی قەڵەمم لەدەستی دا دەلەرزێ**
**ئەگەرچی دەنگیشم ناخۆشە**
**هێشتا نییە شاعیری دی**
**کەوەسفی چاوەکانت بکا**
**بانگت دەکەم!**
**ئامادەشم گیان بدەم**
**نیگای میهرتم بۆ بسوورێنە!**

– سەرمیناز ... سەرمینااااا ز " –لەو بەری جادە دەنگی دایەوە. ئەمن وام زانی دەنگ دانەوەی گۆرانییەکەی منە, بەڵام ئەوە دەنگی (موختار)ی کوڕی (لیونید)ی بێزراو بوو. تەنیا کابرایەکی وا هیچ و پووچ جورئەت دەکا بێ دەنگی کوێستانی وڵاتەکەمان بەهاواری گوێ کەڕ کەرانەی "سەرمیناز, سەرمیناز!" لاسەنگ بکا. ئەو هەتا شایستەی ئەوەش نییە, دەست لەسێبەری بدا.

خوێن لەدەمارەکانم دا وەجۆش کەوت. "باش بوو, من و تۆ تاك و تەنیا ڕووبەڕووی یەك بووینەوە!". بیرم کردەوەو بەناو تەڕاشەکان دا بەرەو جادەکە هەڵم کوتاو داخم دەخوارد کە ئەو هاوەنەی حەزم دەکرد سەری (موختار)ی پێ بکوتمەوە, لەناو هەگبەکەم دایەو ئەویش لەلای (سەڵتەنەت)ی ئەشق بازی (بالخار) بەجێ ما. بەڵێ, هەر ئێستا وام بەباش زانی کە نابێ ئاشکرابێ کێ لەزەماوەندەکەی "دایان دۆڵدوروم"دا پیالتار بووە, بۆیە بەخێرایی دەمامکە ئاسنینەکەم خستەوە سەرم. پاشان, شەش ئاگرەکەم دەرهێناو خەنجەریشم بەدەستی چەپەوە گرت و بەپارێزەوە لەجادەکە نزیکبوومەوە. کاتێ گۆرانیبێژە تازەکارەکە گەیشتە نزیکم, لەپشت تەڕاشەکانەوە دەرپەڕیم و, شەش ئاگرەکەم لێ ڕاگرت. تا نەمناسێ بەزمانی کۆمیکی هاوارم کرد:

–توختا, سنی ئاتاسی– ئاناسی!

ئێوە چ دەڵێن! (موختار) یەکسەر تێ گەیشت داوای چی لێ دەکەم: وشك بوو. من بەئاسانی جڵەوی ئەسپەکەیم لەدەستە بێ گیانەکانی دەرهێنا. هەڵبەتە لەسەدەی ئەتۆم دا, کەس چاوەڕێی ئەوە نییە ڕێ گرێك لەجلك و بەرگی باپیران دا هەڵمەتی بکرێتە سەر, بەڵام بەهەرحاڵ سیمای سەیرو سەمەرە بوو...

www.pertwk.com

–وەرە خوارێ‌و جلکەکانت داکەنە! توندتر, ئەگەر نا سوێند دەخۆم ئاتاسی– ئاناسی! موختاری کوڕی لیونید, بەترس‌و لەرزەوە لەئەسپەکەی هاتەخوارێ‌و لەدواییدا بەدەنگێك کە بەشەرمەوە دەلەرزی, گوتی:

–پیالتار, مسۆگەر گاڵتە دەکەی؟

–چی؟ گاڵتە! دایکەنە, خێرا..

ئەمما چۆن تەنیا بەدەرپێیەکەوە بچمەوە گوند؟

–جلکەکانی من بکە بەر, یاڵڵا زووکە, ئاتاسی– ئاناسی!

تا موختار دڵنیابێ گاڵتە ناکەم, بەئارامی خەنجەرەکەم خستە سەر سینگی. ئەو بەبێ تاقەتی‌یەوە خۆی رووت کردەوەو منیش جلکەکانیم هەڵگرت‌و کڵاوەکەیم لەسەر کردەوە– جوان نی‌یە بەسەری رووت بچمەوە گوند– حوکمێکیشم دەکرد:

–ئێستاش لێرە چاوەڕوانم بە.

گەڕامەوە ناو تەڕاشەکان.

موختار لەسەر بەردێك دانیشت‌و چاوەڕوانم بوو. هێواش هێواش دەلەرزی‌و ئەسپەکەشی لەتەنیشتی دا دەتگوت هاودەردی بۆ دەکا, سەری شۆڕ کردبۆوە. لەکاتی جلك گۆڕین, لەو فیکرە دا بووم جۆڕکەکەی بکەمەوەو هەگبەکەی خۆمی لێ وەربگرمەوە! ئەمما ئەگەر وام کردبا, کارەکەم لێ ئاشکرا دەبوو. لەبەر هەندێ رێك‌و راست ملی لێڕم گرت‌و لەدوورەوە هاوارم لێ کرد کە جلکەکانی (پیالتار) لەناو تەڕاشەکان دان.

زوو گەڕامەوە سەر رێگاو جەنگاوەرێکی کۆنم لەبەردەمی خۆمەوە دەدیت کەسەری شۆڕکردبوو, دەڕۆیشت. هەڵبەتە (موختار) دەمامکە ئاسنینەکەی نەکردبووە سەری, بەزینی ئەسپەکەیەوە هەڵیواسیبوو. منیش قەرە بەقەرەی ئەو دەڕۆیشتم. چاوم لێیە , ئێستا (موختار) لەو خانووە دوو نهۆمەی کردوویانەتە



خەستەخانە, ترازاو وابەرەو خانووی ئەنجوومەنی ناوچەکە کە یەکڕاست دەچێتە مەیدانی دێ, دەسووڕێتەوە. ئەمن دەمزانی ئەو بەهیچ شێوەیەك ناتوانێ خۆی لەچاوی خەڵکەکە بەدوور بگرێ ... چونکە ماڵیان ڕوو بەڕووی مەیدانەکەیە.

ئەگەر سوارە عەنتیکەکە لەکۆڕی زەماوەند نزیك بۆوە, چەند لاوێك لەبەردەمی چەقین. (موختار) شێتانە بەرگری دەکرد, بەڵام بەگورجی دایانبەزاندو راکێش راکێش بردیانە لای خەڵکەکە. پاشان چی بوو, ئەمن نەمدەتوانی بیبینم: پیاوەکان لەناو خۆیان گرت‌و ژن‌و کیژەکانیش ئاوڕیان دەدایەوەو پێکەنینیان لەژێر چارۆگەکانیان دەشاردەوە. بەهۆی هاواری نائومێدانەی (موختار) دەمتوانی بزانم مەسەلەکە هەر بەکوتەك تەواو نەبوو, "باشە, ئەگەرچی شایستەی ئەمەش نی‌یە کەچی سزای کارەکانی خۆت وەرگرت" –من کە بۆ جلك گۆڕین دەچوومەوە ماڵێ, بیرم دەکردەوە.

ئێستا, دەمتوانی بێ ئەوەی رووی خۆم لەکەس بشارمەوە, بەشداری زەماوەندەکە بکەم. هەر هیچ نەبێ جەژنی بنەماڵەکەمان بوو! ئەمەش یاسایی‌ترین هەنجەت بوو کەبتوانم پێش ئامادەکردنی دیاری, بگەڕێمەوە گوندەکەمان.

## 4

دوای ئەوەی دەرسێکی باشی دوژمنەکەمم داداو خۆشحاڵ بووم. پەندێك هەیە, دەڵێ: "**سامانی مرۆی بەدبەخت, خەمەکانیەتی**". –هەرواشە, بەڕاستی من لە

www.pertwk.com

زۆربەی گوندی‌یەکان دەوڵەمەندترم. چەند زۆر بوون ئەو رۆژانەی کە بیری ئاڵۆزی دیاری‌یەکی نائاسایی بۆ دڵدارەکەم، لەبەرامبەر چاوانم دا خۆیان دەردەخست. تەنیا لێرەدا، لەسەر زەوی باوو باپیرانم، تێگەیشتم گەڕانم بێ سوود نەبووە: من نەك ملوانکەیەکی ئاسایی، بەڵکو خەناوکەیەکی پڕ لەحیکمەت‌و هۆشم وەدەست هێناوە کەدانەکانی بەداوی خۆشەویستی‌یە قووڵەکەم بۆ (سەرمیناز)، هەڵبەستراون. رێگایەك لەهەگبەی بێپایانی هۆشەوە، مرواری گرانبەهای بەنێو ئەم داوەوە تێپەڕاندووە. ملوانکەیەکی وا بۆسەرمینازەکەم لەبەنرخترین هەگبە بەنرخترەو لەهەر دیاری‌یەکیش بەهادارترە کە (عەزیز) هەڵی بژاردبێ، چونکە هیچ جۆرە سامانێك، لەگەڵ سامانی دڵی مرۆ، بەراورد ناکرێ. من بۆ بەشداری زەماوەندی دایکم چووم‌و دڵم پڕ لەشادی بوو: بەزوویی لە (کووباچی)، زەماوەندێکی دیکە بەرپادەکرێ –زەماوەندی من! هەرچەندە، وەك پێشبینیشم دەکرد (جیهاندار) تووڕە ببوو، بەڵام ئەمە نیگەرانی نەدەکردم. هاو گوندەکانم بەگەرمی پێشوازی‌یان لێ کردم‌و لەنزیك مامەوە جێگایان کردمەوەو (پیساخ)ی ساقی جامێکی نیو لیتری پڕ لەشەرابی وەك پاداشت خستە نێو مستم‌و پارچە گۆشتێکی بە شیشکەیەکی دارەوە، پێشکەش کردم. شەرابەکەم خواردەوەو گۆشتەکەشم کردە مەزەی‌و لەدەمارەکانم دا هەستم بەگەرمایی‌یەکی خۆش دەکرد. چۆن دەمتوانی لە زەماوەندی دایکم سەما نەکەم! "خایت" – هاوارم کردو سەرم بەرز کردەوەو چوومە مەیدان. لەگەڵ شادی‌دا، سەمای (ئاشتی)، دەستی چەپم خستە پشتمەوەو دەستی راستم بردە پێش‌و ئەنگوستی گەورەم بەرز کردەوە. لەگەڵ فیتەو چەپڵەلێدانی توندی خەڵك، بەدەوری شاییەکەدا دەسوڕامەوەو سەرم بەرز دەکردەوەو دەمگوت "خایت!" –دوا دووجار سووڕانەوە بەدەوری شایی‌یەکەدا، لەبارێك دا کە چاوم لە (سەرمیناز) هەڵنەدەگرت، لەبەرامبەر کیژەکان دا کەمێك هێواش دەبوومەوە. کیژەکان بەقیژەی پڕ لەشادی، ئەویان بۆ ناوەڕاستی مەیدان پاڵ نا. سیمای (سەرمیناز) سۆر هەڵگەڕا. بەڵام بەئارامی وەك ئەکروباتی سەرگوریس، لەپێشەوە دەڕۆیشت. لەگەڵ بەردەوامی دەهۆڵ‌و چەپڵەی بەردەوام، وەکوو هەڵۆیەکی رەش کە قازێکی سپی سەرادوو نابێ، وەدوای کەوتم. کاتێکی گونجاوم دەست کەوت، زۆری لێ نزیك بوومەوەو بەهێواشی گوتم:

–سەرمیناز سڵاو!

وەرامی نەداوە، تەنیا چاوێکی لێکردم‌و بەڕووم دا گرژی‌یەوە.

–خایت! –بۆ ئەوەی سرنجی گوندییەکان کە تەماشایان دەکردم، رانەکێشم بەهێواشی گوتم:

–دڵم بۆ تۆ تەنگ ببوو. تۆ زۆر جوانی، دەڵێی قازی!

–تۆ قازی، بەگاڵتەوە وەرامی داوەو دووبارە هەروەك رابردوو، سەرسەختانە خۆی لێ بێگانە کردم.

مۆسیقا دەمێك بڕاو من لەشایی هاتمە دەرێ‌و لەگەڵ هاواری ئافەرین! ئافەرین گەڕامەوە جێگاکەم. کۆڕی شادی بەردەوام بوو. پیرەکان خەریکی قسەی بێ کۆتایی‌و پڕ لەحیکمەتەکانیان بوون‌و لاوەکان بەنۆرە خەریکی سەماو هەڵپەڕکێ بوون. تەنیا سەرمیناز بوو کە خۆی لەناو کیژان شاردبۆوەو نەهاتەوە مەیدان. بەڵام ئەمن ئومێدم زۆر بوو کەجارێکی دیکەی لەگەڵدا سەما بکەم‌و بەلایەنی کەمەوە یەك دوو قسە بکەین.

لەمەیدان، مۆسیقا تا رۆژئاوا دەنگی نەبڕا، بەڵام لەگەڵ گەڕانەوەی گاڕان، کۆتایی کەیف‌و شادیش نزیك بۆوە. ئەگەر زەماوەندی لاوان لەسێ شەو و رۆژان کەمتر نی‌یە، هی بێوەژن‌و بێوەمێردان تەنیا یەك رۆژە. وەك دەڵێن: کارێکی ئاسایی‌یەو زوو تێدەپەڕێ.

لەدوایی‌دا مۆسیقاژەن‌و زوڕناژەن‌و دۆڵەنگێو هەستان‌و ئاوازی (ئاسکایلا)یان لێدا کە بەمانای (جووڵانەوەی بەکۆمەڵە). پیاوەکان دوو دوو ڕاوەستاون‌و بە

www.pertwk.com

سەمایەکی ئارام بەدەوری مافوورەکە دەسووڕانەوەو پاشان بەدڵنیاییی بەرەو ماڵی زاوا هەنگاویان نا. ژنەکان، خەریکی هەڵبژاردنو کۆکردنەوەی قاپو قاچاخو مافوور و خواردنو کەلو پەلەکان بوون. دەستەی هاوڕێی زاوا، (دایان – دۆڵدوروم)یان تا ماڵی خۆی کەبووك لەژوورە گەورەکەیدا چاوەڕێ بوو، برد. پاشان هەموویان ڕۆیشتنەوەو وەدوای کارەکانیان کەوتن، کەچی لاوەکان شەرابو خواردنیان هەڵگرتو بەرەو چیمەنەکە ڕۆیشتن، کەلەوێ تا بەیانی لەدەوری ئاگرێکی گەورەدا، دادەنیشتن.

منیش بەشێوەیەك کەس ئاگای لێ نەبێ، جلكو بەرگی کوڕە بێ ویژدانەکەی (لیونید)م هەڵدایەوە هەیوانەکەیانو بەو ڕێگایەی کە تەواوی ڕۆژ گەرم داهاتبوو، خۆم گەیاندە دۆستەکانم.

بۆ سبەینێ لەپەیمانگا، لەپشت دەزگای خۆم دانیشتبووم، بەلاّم نەمدەتوانی کاربکەم. کاتێ بەدوای خۆڵەوە بۆ قاڵبی نەسۆت چوومە خوارێ، لەکارگەی مۆنتاژ دەنگی مامو جیهاندار دەهات. بەوەستاییی گوێم لێ گرتن:

–(دایان – دۆڵدوروم) دوێنێ منت ڕەنجاند!

–دیارە دەتەوێ هەقی تووڕە بوونەکەت لەبرازاکەی من وەرگرییەوە؟

–نا، ئەو بێ خەتایە. بەلاّم خەڵکی خێرەومەند دەڵێن، هەرچۆنێك بێ ناتوانین ببینە خزم: دوژمنایەتیمان هەیە!.

–ئەو خێرمەندانە کێن؟ نەکا لیونیدی پیربێ؟

–ڕەنگە ئەویش بێ. بەلاّم برازای تۆ، یان کوڕەکەت، هەرچییەکی پێ دەڵێی، ناتوانێ داخوازی دڵی کیژەکەی من بێ. بابو باپیرانمان یەکترییان نەفرەت کردووەو ئێمە سووێندمان خواردووەو سوێندی خۆمان ناشکێنن!.

–تۆ دەزانی ئەم ناخۆشییە لەکوێوە هاتووە؟

–نازانم. بەلاّم دەزانم ئەوان هەروا بەخۆڕایی نەفرەتیان لەیەکتری نەکردووە!

–ئەگەر واش بێ؟ ئایا تۆ لەبەر وڕێنەی ڕدێن بەگوێك، خۆشبەختی برازای من دەشێوێنی؟

((ئای مامی خۆم! –بیرم دەکردەوە– لەبەرچاوی خەڵك، دەرهەق بەمن سەختگیرە، بەلاّم وادیارە بێگانە نیم))و بەدڵەڕاوکێوە، گوێم دابووە قسەکانیان. ئەوان ماوەیەکی دیش لەبن دیوارەکە قسەیان کردو لەدواییدا مامم پێشنیاری کرد:

–پێکەوە دەچینەلای (حەسبۆلات)ی تیرەی تەیموور بۆلات. تەنێ ئەو دەتوانێ یارمەتیمان بدا. پیرەمێرد تازە لەلای خزمەکانی هاتۆتەوە.

–دەبێ بەو پیرییە چی وەبیربێ؟ مسۆگەر لەمێژە ئەم ڕووداوەی لەبیرچۆتەوە!.

www.pertwk.com

–لەو باوەڕەدا نیم ڕووداوی وا لەبیربچنەوە. سەرباری ئەوەش، من خۆم دەزانم چۆنی وەبیر دەهێنمەوە؟

(جیهاندار) بەدوودڵی‌یەوە، گوتی:

–خۆ ئێستا واز لەکارەکانمان ناهێنین؟

–قەیدی نی‌یە کار تابەیانی سەبر دەگرێ. وەرە با چەند شایەدێکیش لەگەڵ خۆمان ببەین‌و بچینەلای (حەسبۆلات)

ئەمن گوێم لێ بوو کاتێ جیهاندار کەرستەکانی خۆی کۆکردەوەو پارچە زیوەکانی دەخستە ناو قووتی‌یەك. بەڵێ، ئێستا بۆ دیاریکردنی چارەنووسی من دەڕۆن، بەڵام کەسیان بیر لەوە ناکەنەوە منیش لەگەڵ خۆیان ببەن!قەیدی نی‌یە خۆ منیش ڕێگای ماڵی (حەسبۆلات) پێ دەزانم.

بەخێرایی‌و بەشێوەیەك کەس نەمبینێ لەپەیمانگا وەدەرکەوتم‌و لەکۆڵانە پێچاوپێچەکانەوە بەرەو سەرەوەی گوند هەڕام کرد. لەسەر پەنجەی پێ لەهەیوانەکەوە کە پیرەمێردێکی قەڵەوی ردێن سپی‌و سمێڵ درێژ لەوێ دانیشتبوو، بەرەو سەرەوە هەڵشکان. ئەو، خەریکی چاك کردنەوەی لانکێکی کۆن بوو بۆ دوازدەمین منداڵی نەوەکانی. چاوە لەمۆڵەق وەستاوەکانی لەژێر برۆ ئەستوورەکانی دا، ڕووەو خوارێ بوون. لێوە ئەستوورەکانی، ئەو گۆرانی‌یەیان دەگوتەوە کە بەزۆری لە ژێرزەمینەکەی پیساخ دا، دەبیسترێ:

لێ گەڕێ شەراب کۆنتر بێ!
هەرچەندە کۆن بێ، نرخی زیاترە
بەڵام سروشتی مرۆیان وانی‌یە،
نەوەك یاران پیری پێمانەوە دیاربێ!



من بەپارێزەوە لەپشت حەسبۆلاتەوە ڕەت بووم‌و لەوسەری هەیوان کە پڕی گیای تەڕو تازەبوو، خۆم مات کرد. جێگایەکی ڕاحەت‌و لاپەڕم دۆزیبۆوەو نەدۆزیبۆوە، کەدەنگی ئەو پیاوانەم بیست کە لەماڵەکە نزیك دەبوونەوە.

جیهاندار، مام‌و دووشایەد (هەڵبەتە مامم بۆ شایەدی، بابی هەردوو غەنیمی منی لەگەڵ خۆی هێنابوو، لیونیدو قلیان) بەشانازی‌یەوە لەپاچینەکە وەسەردەکەون. مامم دوو بوتڵە شەرابی بەدەستەوەبوو، جیهانداریش ملی بوتڵی سێیەمی گرتبوو.

پیرەمێرد، بەدیتنی شەراب بەئاشکرا گوڕی وەبەرهاتەوە، لانکەکەی فڕێداو کیژۆڵەیەکی نەوەی بانگ کرد کە خواردن بهێنێ.

سڵاوو چاك‌و خۆشی لەڕوانگەی منەوە زۆری خایاندو لەدوایی‌دا، کاتێ مامم ئەگەری هاتنەکەیانی بۆ ڕوون کردەوە، من هەموو لەشی خۆم کردە گوێ:

–وام زانی– خاوەن ماڵ وشەکانی لێك دەکێشانەوە –منی پیرەمێردتان وەبیر هاتۆتەوەو بۆ سەردانم هاتوون. لەگەڵ هەندێش، وەرن باپێش هەموو شتێك بخۆینەوە: ئەگەر ماوەیەکی زۆر لەشەراب بڕوانم، گوناهە.

ئەوان هەریەکەی پێکێکی هەڵقوڕاند، پیرەمێرد کەوتە ناو فیکرانەوەو پاشان دەستی بەقسان کرد:

–نەخێر وەبیرم نی‌یەو، نازانم دوژمنایەتیتان لەچی‌یەوە دەستی پێکردووە. هەر ئەوەندەم وەبیردێ، پێش دە ساڵ کە بەڕێگای کوێستانێ دا دەڕۆیشتم، یەکێکی خەڵکی (ئورکاراخ) بەعارەبانەکەی کەدوو گا ڕایاندەکێشا، سەفەری دەکرد، گەیشتەوە من‌و پێشنیاری کرد لەگەڵی سوار بم. وێ دەچوو زۆری حەز لەقسان بێ، چونکە هێشتا گایەکان دە هەنگاو نەڕۆیشتبوون کە پرسی:

–ئەرێ (بادیرخان) دەناسی؟

وەرامم نەداوە، ئەو دەم خۆی وەرامی خۆی داوە:

www.pertwk.com

–سەرۆکی کۆمیتەی ڕاپەڕاندنی بەشە! لەخۆمانە!

کەمێکی دی ڕۆیشتین و جارێکی دیکەی ئاوڕداوە:

–هەڵبەتە (میرزاخان) دەناسی؟ بەرپرسی بەشی کشت و کاڵە، جەواهیرە، ئەویش لەخۆمانە، (ئوکاراخی)یە.

بێ دەنگ بووم. دوورتر چووین. سەرلەنوێ گوتی:

–باشە، ناتوانی (خەلیل) نەناسی؟ سەرۆکی ئەنجوومەنی ناوچەیە. بەهۆشترین کەسی کوێستانە! ئەویش لەخۆمانە!.

ئیدی تاقەتم نەماو گوتم:

–ئەگەر یەکێکی دیکەش لەخۆتان بێ، ئەو دەم بزانە ئەم عارەبانەو گایانە دەبنە هی ئێمە!.

کەس قسەی (حەسبۆڵات)ی پیری نەدەبڕی. دەیان زانی بێ سوودە. بەڵام پێش ئەوەی دەست بەگێڕانەوەی داستانێکی دی بکا، (دایان–دۆڵدوروم) جامەکەی پڕ لەشەراب کردەوەو وەك بڵێی بەڕێکەوت وەبیری بێتەوە کە ئەوو میوانەکان بۆچی هاتوونەتە ئێرە. بەڵام (حەسبۆڵات) ئەم قسانەی بەگوێیەك دەبیست و لەوی دیکەی دەردەکردن. پاشان کەوتە گێڕانەوەی چۆنیەتی ناونووسینی خۆی بۆ بەرەکانی شەڕ، ئەمما گێڕابوویانەوەو پێیان گوتبوو: بەبێ تۆش سەرکەوتووین.

وەختێ روون بۆوە پیرەمێرد لەگەڵ هەر جامە شەرابێك دا دەساڵ بۆ دواوە دەگەڕێتەوە، جامەکەیان پڕکردەوەو دیسانیش دەساڵی تری لەقەڵەم ترازا.

–سی ساڵ پێش ئێستا –خاوەن ماڵ قسەی دەست پێ کردەوە–ئەوێ ساڵێ، من سکرتێری ئەنجوومەنی ناوچە بووم و سەرۆکی ئەنجوومەن (کواریڤ) بوو کەهەموو دەیناسن. لەوان ڕۆژدا، ژنی (کولەئیمە)ی بەناوبانگ، شکایەتی کرد، بەڵێ بەڵێ، هەر ئەو کەسەی لەبەر کورتی باڵای لەکاتی بەستنی تەنگەی ئەسپ،



ناچارە خۆی تێ هەڵدا. شکایەتی کرد کە (کولەئیمە) دار کاری کردووە. (کواریڤ)ئەرکی لێکۆڵینەوەی ئەم مەسەلەیەی بەمن سپاردو منیش بەرەو ماڵی (کولەئیمە) وەڕێ کەوتم.

(کولە ئیمە) بەسەری بەستراوەوە لەقوژبنێك ڕاکشابوو، بەڵام کاتێ من چوومە ژوورێ، پاڵی بەدیوارەوەداو کڵاویشی خستەوە سەری. دەستم کرد بەخوێندنەوەی ئامۆژگاری دەربارەی ئاکاری هاوسەری. هەرچەندە باری خاوەن ماڵ خراپ بوو، بەڵام لەپڕ قسەکەی بڕیم و گوتی:

–تکا دەکەم پێم بڵێ چیم بەسەرەوەیە؟

–کڵاو!

–هی کێیە؟

–دەبێ هی خۆت بێ!

–واتە دەتوانم بیخەمە سەر تەوێڵم، سەر گوێم، سەر تەوقی سەرم، وانییە؟

گوتم:

–ڕاستە!

(کولە ئیمە) پرسی:

–ئەگەر بەخواری بیخەمە سەرم؟ –کڵاوەکەی خوارکردەوە. لەبەر ئازار داچاماوە.

من گوتم:

–بەڵێ فەرموو! کڵاوی خۆتەو بەکەیفی خۆشتە!.

پاشان بەشانازییەوە گوتی:

–باشە، ژنەکەشم هەر وایە! ژنی خۆمە، هەر چیم بوێ، وای بەسەردێنم؟

–بەڵام تۆ مافی یەکسانی فەرامۆش دەکەی ...

www.pertwk.com

–ئەمن دەمەوێ فەرامۆشی بکەم؟ – لەپڕ (کولەئیمە) بە بارێکی خەمبارانەوە دەستی بەئاهو ناڵە کرد –ئەمما ئەو بیرم دەهێنێتەوە! من تەنیا دوو قسەم پێ گوت، کەچی ئەو وای بەسەرهێنام، یەك هەفتە ناتوانم بێمە گۆدەکان! –ئیدی ئەو راکشایەوەو کڵاوە کۆنەکەشی لەسەرکەوتە خوار. ژنەکەی بەجامە ئاوێکەوە بەهانایەوە چوو، هەرچەندە دەبوایە لەناو شەراب دا نقوومی بکا.

(جیهاندار) لەجێگای خۆی بەند نەدەبوو. وا هەست دەکرا، کاسەی سەبری پڕبووبێ. (لیونید) ئۆقرەی نەدەگرت، (قلیان)یش کەلەبەر خوادرنەوە دەمی نەدەچووە کالان، هەر هەوڵی دەدا بیری پیرەمێرد بۆ پێشەوە ڕانی، ڕووداوی جۆراو جۆری دوژمنایەتی تیرەییان وەبیر دەخستەوەو تێدەکۆشان مێشکی بێدار بکەنەوە.

تەنێ مامم ئارام بوو، زوو زوو جامی پیرەمێردی پڕدەکردەوە.

دوای جامی چوارەم، (حەسبۆلات) قسەکانی خۆی بەم وشانە دەست پێکرد:

–بەر لەپەنجا ساڵ ... –ڕووی گوێگرەکان گەش بۆوە: لەبەر کاریگەری بوخاری شەراب، رابردوو بەڕوونی لەبیری پیرەمێرددا زیندوو دەبۆوەو درێژەی بە قسەکانی دەدا:

–بەڵێ، پەنجا ساڵ پێش ئێستابوو کەخێزانەکەم ئەمری خوای بەجێ هێنا. ژنێکی باش‌و میهرەبان بوو. ئەو دەمی ژنە دراوسێ کەمان وەك دەربڕینی هاودەردی پێ‌ی گوتم: **"بێچارە، قامچی‌یەکەت بزر کردا!"**. ئەمن وەرامم داوە: **"نەخێر، قامچی نا، بەڵکو ئەسپێکم لەدەست دا کە بەدرێژایی تەمەنم پاڵم پێوە دەدا"** لەوکاتەوە، کەس نەما پێ‌یەکانم کە شەوان بایان وێ دەکەوێ، داپۆشێ‌و رەنگە تووشی باداریش بووبم. چونکە هەست دەکەم –ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خراپتر دەبن.

پیرەمێرد، بالیفێکی دیکەی لەژێر خۆی داناو جێگاکەی راحەت تر کردو پارچە پەنیرێکی خستە دەمی‌یەوەو جامە شەرابەکەی هەڵگرت:

–(دەرخاب!)و دوای خوادرنەوە، گوتی: لەگوندەکەمان، بەپیاوێکی بەئاوەز ناسراوم‌و بەفەیلەسووف ناوم دەبەن. پێش حەفتا ساڵ لەگوندەکەی خۆمان یەکەمین کەس بووم کەلەمم چاندو سۆبەی ئاسنم داهێنا. ڕۆژێکیان کە سواری وڵاغێك ببووم، لەڕێگا تووشی دۆستەکانم بووم: ئەوان بڕیاریان دا فەیلەسووف میوانداری بکەن. یەك دوو پێکم خواردەوەو قسەم نەکرد، بەڵام وەختێ هەستم کرد بەسمە دەستم هەڵگرت. بەڵام ئەوان زۆریان لێ دەکردم: **((نابێ لە خەڵك وەدواکەوی، ئاخر تۆ پیاوێکی ئاسایی نی، فەیلەسووفی!))** تا ئەوان لەمەڕ فەیلەسووف بیرێکی خراپ نەکەنەوە، زۆرم خواردەوە. وا تووندم پێ لێنا، سبەینێ نەمزانی لەکوێ واگا هاتم. وام هەست دەکرد سەرم پڕ لەجیوە بێ‌و لەشم هەنجن هەنجن کرابێ .... ئەو دەمم زۆر لەلا تاڵ‌و ناخۆش بوو. بەزەحمەت سواری وڵاغەکەم بوومەوەو ڕۆیشتم. گەیشتمە ڕووبارێك‌و کەرەکەم خەریکی ئاوخواردنەوە بوو. کەر تێراو بوو، بەڵام من ڕووداوی ڕۆژی رابردووم هێناوەیاد زۆرم لێکرد بخواتەوە. دەستم بەسەرو ملی دا هێنا. گەفم لێکردو سەریم خستەوە ناو ئاو – نەیخواردەوە! من دەڵێم: **"باشە، لەئێستاوە، تۆ فەیلەسووف‌و من کەر!"**.

هەڵبەتە ئەمە کینایەکی جوان بوو کە: ئیدی ناچاری خواردنەوەم مەکەن، بەڵام میوانەکان کات‌و شەرابێکی زۆریان خەرج کردبوو، چاوەڕێ نەبوون بەدەستی بەتاڵ بگەڕێنەوە. ئەوان تکایان کرد پێکێکی دی بخواتەوە، ئەمما ئەو لەسەر بالیفەکە راکشاو پرخە پرخی دەست پێکرد.

(جیهاندار) و (لیونید)و (قلیان) بەتووڕەییەوە لەمامميان دەڕوانی، چونکە ئەوانی لەئیش کردبوو. دیاربوو مامیشم بێ تاقەت بوو. لەدوایی‌دا جورئەتی نارەحەت کردنی پیرەمێردەکەی بەئەستۆوە گرت، واگای هێنا. (حەسبۆلات) چاوی هەڵێنان‌و لەدەوروبەر راماو بەسەرسووڕمانەوە پرسی:

–ئێوە لێرە چ دەکەن؟

www.pertwk.com

مامم بەسەبرو حەوسەڵەی خۆی، ئەگەری هاتنەکەی پێگوت.

ماخۆی ماڵ وەرامی داوە:

–باشە، مادام شەرابتان هێناوە، جامەکان پڕکە!.

مامم جامێکی دیکەی بۆ پڕکرد. پیرەمێرد بینی پێوەناو چۆڕ بڕی کرد. لێوەکانی لستەوەو لەبارێك دا چاوەکانی لەخۆشی‌یان دەچریسکانەوە، گوتی:

–شەرابێکی چاکە –خوێنی زەوی‌یە! ئەمما رووداوەکەی ئێوە، هی سەدو پەنجا ساڵ بەر لەئێستایە. ئەوێ رۆژێ،. بابم منی بۆ شەراب ناردەلای (پیساخ) – ئەو دەم پیساخێکی دیکە بوو– گوتی، داوای لێ بکە لەبەرخاتری میوانە بەڕێزە ئاڤاری‌یەکان شەراب بەجوداو ئەو ئاوەی تێکەڵی دەکا، بەجودا بنێرێ. پارەی هەردووکیشی پێ بدە– هەم پارەی شەراب‌و هەم پارەی ئاو. ئێوە چ دەڵێن "پیساخ" داواکەی باوکمی جێبەجێ کردو گوتی:

–بەبابت بڵێ، پیساخ رێزی هۆش‌و ئاوەزی دەگرێ!. کەواتە رۆژێکی وام لەبیر ناچێتەوە. هەموویان بەبێ سەبری سەریان بۆلای پیرەمێرد خوارکردبۆوە. بەڵام ئەو بێدەنگ بوو: یان هەستی دەهێناو دەبرد، یان تامی لەبێدەنگی گوێگرەکان وەردەگرت.

–رێك لەو سەرودەران، بابم باپیرەکانی ئێوەی بۆنان خواردن بانگ کرد. باپیری تۆ "دایان – دۆڵدوروم" "عبداللە عبدالمطلم "و هی تۆ "جیهاندار" "محمد حاجی" یان پێ دەگوت. دوای نانێکی لەمشە، هەموویان چوونە گۆدەکان‌و لەوێ دەربارەی دروست بوونی بوونەوەرەکان مشتومڕیان کەوتە نێوان. (عبدالمطلبم) دەیگوت زەوی لەسەر پشتی کیسەڵێك راوەستایە. بەڵام ئایا (محەمەد حاجی) کەئەستێرەناسێکی بەناوبانگ بوو، دەیتوانی رەخنە لەم قسەیە نەگرێ؟ ئەو دەیگوت: زەوی لەسەر قۆچی گامێشێکی سپی‌یە، چونکە ئەمە بابەتێکە لەکۆنەوە "منت المحمود" یش وای گوتووە. مشت‌و مڕ وەك مەنجەڵی شوانان لەجۆش‌و کوڵاندا بوو. ((نەخێر عبدالمطلم هەستا سەرپێیان‌و هاواری کرد– لێ ناگەڕێم ئەم درۆزنە، قسە بەجێکەی "هاشم الخاقانی" لەمەڕ جێگیربوونی زەوی لەسەر پشتی کیسەڵی رەش، رەت بکاتەوە. بەڵێ، رەش نە شین، نەسوور، نەقاوەیی‌و نەزەردو نە سپیش!)).

جیهاندار قسەکەی بڕی:

–پاشان چی بوو؟

((دایان – دۆڵدوروم)) دەتگوت لەپێشبڕکێی تۆپانێدایە، دەستەکانی لێك دان‌و گوتی:

–ئاها، ئاها!

–درێژەی مشت‌و مڕ وێدەچوو ئەنجامێکی ناخۆشی لێبوەشێتەوە. بەڵام مەسەلەکە لە پایزێ روویداو ئەو دەمە خەنجەرەکان بۆ مشت‌و ماڵ لەلای وەستابوون. لەگەڵ هەندێش، زمانیان لەخەنجەر کوڵتر نەبوو. کاتێ (محمد حاجی)، باپیری تۆی ((دایان – دۆڵدوروم)) ناو ناکیسەڵی رەش، ئەویش هاواری کرد: ((تەماشای گامێشی سپی کەن!)). ناخۆشی دەستی پێکردو وەك من ئاگام لێ بێ تا ئەمڕۆش بەردەوامە.

(جیهاندار) کە کەوتبووە بارێکی ناخۆشەوە، پرسی:

–هەر ئەوەندە؟ مەگەر قسەیەکی واهیچ‌و پووچ دەتوانێ سەدەیەکی تەواو ڕێگای خزمایەتی بگرێ؟ پیرەمێرد کەهەستی کرد ئەرکی خۆی بەجێگەیاندووە، پاڵی وەبالفیەکان داو گوتی:

–بەڵێ، هەر ئەوەندە بوو!.

مامم دایە قاقای پێکەنین. جیهانداریش پێکەنی‌و هەتا دووشایەدەکەش خۆیان پێ ڕانەگیرا. (حەسبولات) بەڕوو گرژییەوە، پرسی:

www.pertwk.com

–بەچی پێ دەکەنن؟ مامم, کە دوا بوتڵە شەرابی لەجامی پیرەمێرددا خاڵی دەکرد, بەپێکەنینەوە گوتی:

–چۆن پێ نەکەنین (حەسبۆلات)ی بەڕێز! بیری لێ بکەوە, لەبەرخاتری چی دوو تیرە وەك بەران بەربوونەتە گیانی یەکتر. سەت ساڵە.

پیرەمێرد نارەحەت بوو:

–پێکەنینی ناوێمەسەلەی زەوی بەمەسەلەیەکی پووچ دادەنێی؟

–هەڵبەتە!

ماخۆی ماڵ بەگاڵتەپێکردنەوەوە گوتی:

–بۆچی, دەبا ئێمەش بزانین؟

(دایان – دۆڵدوروم) وەرامی داوە:

–(حسبۆلات)ی بەڕێز چونکە زەوی لەسەر هیچ شتێك رانەوەستاوە. ئەوجا نۆرەی پێکەنینی (حەسبۆلات) بوو:

–ها..ها.ها..–وەك مامۆستایەك لەقوتابییە تەمبەڵەکانی بڕوانێ, وای لەمیوانەکان ڕوانی– پیاوی تەواون, بەڵام نازانن! ((لەسەر چی راوەستاوە)).

–قسە لەخۆوە دەردێنن!.

–ئەمن پێشبینی ئەوەم نەکردبوو, لەگەڵ ساویلکان دەدوێم, دەنا نەمدەهێشت بێنە ئێرە!.

جیهاندار بەتووڕەبوونەوە, گوتی:

–لەبەرچی ساویلکەین؟

–چونکە هێشتا نازانن لەسەرچی راوەستاوە؟

میوانەکان سەریان سووڕما:

–لەسەرچی؟



–(دایان–دۆڵدوروم) دەستت بدە. جیهاندار تۆش – پیرەمێرد, دەستی هەردووکیانی لەسەر یەك دانان‌و گوتی:

–توند دەستی یەکتر بگوشن, هەست بەگەرمایی دەکەن؟

هەردووك وەرامیان داوە:

–بەڵێ!

–دەزانن ئەمە چ گەرماییەکە؟

جیهاندار گوتی:

–نازانم– بەڵام مامم بێدەنگ بوو: مسۆگەر بیری دەکردەوە کە ئەم گەرمی‌یە هی خواردنەوەی شەرابە, بەڵام جورئەتی گوتنی نەدەکرد.

–ئەگەر تا ئێستا تێنەگەیشتوون‌و نازانن ئەمە چ گەرمی‌یەکە, زگم پێتان دەسووتێ! ئاخر ئەمە هەمان ئەو گەرمایی‌یەیە کە زەوی‌یەکەمان بەهۆیەوە زیندووە. ئێستاش قسەی خۆم کرد, بڕۆن, دەمەوێ بنووم– بەچاوی خەواڵووەوە گوتی:

لەپەروەردگار – داهێنان

لەوێژەریش – قسە

ئەگەر لەقسە تێنەگەن, ئەی پیرەمێرد خەم مەخۆ

ئەمما هەرگیز لەقسەکانت پاشگەز مەبەوە!.

پیرەمێرد جامەکەی چۆڕبرکردو لار بۆوە. پرخە پرخ دەستی پێکرد, دەتگوت بە یەکجاری پەیوەندی بەدنیاوە بڕیوە!.

میوانە بەڕێزەکان هەستان‌و بەبێ دەنگی, سەریان لەبەرامبەر (حەسبۆلات)ی کوڕی (عەلی بۆلات)ی تیرەی تەیمور بۆلات– کەناوی هەمیشە ئاوێتەی شەرافەت‌و دادپەروەری‌و چاکەیە – دانەواند.

www.pertwk.com

# 6



بۆ رۆژی دوایی کەئاژیر کۆتایی رۆژەکاری راگەیاندو کووباچی‌یەکان لەبەر هەتاو, بەچاوی خەواڵووەوە لەپەیمانگا دەردەچوون, مامم هاتەلام. زۆر بەکەیف بوو.

دوای گەڕانەوەم, هێشتا نەمانتوانییوە وەك پێویست یەکدی ببینین, لەگەڵ یەکتر دانیشین‌و قسان بکەین. منیش لەبەر چەندان هۆ, مگێزی دانیشتنم نەبوو.

پرسی:

–تۆ بۆچی سەرمان لێ نادەی؟ یاڵلا بابچین؟

–کاتێ چووینە ژوورێ, دایکم جلك‌و بەرگی گرانبەهای بووکێنی دانابوو. جلکی ئاسایی دەبەردابوو. لەنك سۆبە خەریکی دروست کردنی پیراشکی دڵ‌و جەرگ بوو. دەتگوت دە ساڵی تەواو گەنجتر بۆتەوە, وەك گیای دوای باران گەش ببۆوە. ئەگەر چاوی بەمن کەوت, شەرم دایگرت. منیش وەکوو ئەو شەرم دایگرتم, ((دایان–دۆڵدوروم)) هەستی کرد, بۆیە منی بردە دیوەخان, کە ژوورێکی گەورەو رووناك بوو. وەك بڵێی هەر ئێستا منی دیبێ, پرسی:

–سەفەرەکەت چۆن بوو؟

–باش بوو.

–هەڵبەتە, ئەسپی وا سێ جاران رێگات کورتتر دەکاتەوە.



ئاها! تەواوی ئەو ماوەیەی گەیشتبوومەوە گوند, بەو ئازارەوە دەتلامەوە کە دەربارەی ئەسپەکە چ بەمامم بڵێم, چونکە بیانوێکم لەزەین دا نەبوو, بۆیە سەرم لەقاند.

–من لێرانە, لەپێناوی تۆ لە چەندان مشت‌و مڕدا سەرکەوتووم!. ئیدی نۆرەی تۆیە ئەشق‌و وەفاداری خۆت بسەلمێنی. مسۆگەر دیاری‌یەکی شایستەشت هێناوەتەوە؟

–لەم سەردەمەدا, لەمە شایستەتر پەیدا نابێ!.

–ئۆهۆو! دەنگی پیاوی راستەقینە دەبیستم. سەرت لێ دەدەم تا ببینم.

–شتێکی وایە تا کاتی خۆی نەگا هەتا بەتۆشی نیشان نادەم.

–وادیارە بڕیارت داوە سەری خەڵکی سووڕ بمێنێ, بەڵام من هەر دەبێ بزانم.

–هەڵبەتە, خەناوکەیە!

–ملوانکەیەکی نائاسایی, وانی‌یە؟

–زۆر نائاسایی!

–هی داغستانە یان دەستکردی بێگانانە؟

–هی خۆمانە, بەڵام تۆ زۆرم پرسیار لێمەکە, هیچت پێناڵێم...

–ئاگاداربە دەستە گوڵێك بەئاوێدا نەدەی, دەنا من لەباتی تۆ تەریق دەبمەوە.

من هێشتا لەبەردەم هیچ کەسێك دا بەسەر خۆمدا نەشکایمەوە. مۆڵەت – یەك هەفتە.

–باشە, مادام یەك هەفتەت داناوە با یەك هەفتە بێ.

–تەماشا کە, لەم سەفەرەدا گۆڕاوی, بێ شەرمیش بووی!

وام هەست دەکرد لەدەرونەوە بەکەمتەرخەمم دادەنێ:

دایکمی زەفت کردووە.

(دایان – دۆڵدوروم) بەبێ متمانە, لێی پرسیم:

www.pertwk.com

–زەماوەندەکەمانت پێ چۆنە؟

–لەقوڵایی دڵمەوە پیرۆزباییت لێ دەکەم!

–بەداخەوە کەمی لەگەڵدا بووم. دووسبەی بۆ هەندێ کاروبار دەچمە (سوکراتلی)، نیگەران مەبە، بۆ رۆژی خوازبێنی دێمەوە.

بەڵام نیگەرانی من لەبەر ئەوەنەبوو کەزۆر لە (سوکراتلی) دەمێنێتەوە.

–برازای خۆشەویستم، سبەینێ ئەسپەکەم بۆ بهێنەوە. –نەمدەزانی چ وەرامێك بدەمەوە.

–بۆچی بێدەنگی؟

–مامە گیان، ئەسپ نەماوە!

–چی؟

–ئەسپ نەماوە!

–چما نەماوە، لەکوێت بزرکرد؟

–بزرم نەکردووە، گورگ ....

لەو دەمەیدا سیما بێزراوەکەی سوداخاریم هێنا بەرچاو کەلەباتی نێرییەکەی (سەڵتەنەتی بالخاری)، ئەسپەکەی مامی سەربڕی بوو.

ئێستا ئێوە بەباشی شارەزای ئاکاری مامن‌و بۆیەش باسی ئەو هەموو نەفرەت‌و جوونانە ناکەم کەئەو بەسەر منی بێچارەی‌دا باراند. ئەگەر لەهیکڕا لەسەرەوەی گوند بانگ‌و هاوار بڵند نەبووبا، مسۆگەر لەگەرداوی بێ کۆتایی جوونان دا نقووم دەبووم. ئەو دەنگە، دەنگی پۆستەچی گوند بوو، کەبەخۆی‌و جانتا شینەکەیەوە، لەجێگایەك راوەستابوو، رایدەگەیاند: پۆستەیەك شت بەناوی (دایان – دۆڵدوروم)ەوە لەئیتالیاوە لەلایەن (پیرو سوریانو)وە هاتووە.

من لەدڵەوە هەزار جار سوپاسی رزگارکەری دوورە دەستی خۆم کرد. هیوادربووم نامەو لەویش باشتر، دیاری یادگاری، مەرگی ئەسپەکە لەبیر ببەنەوە.

بێجگە لەوەش، ئەسپ ئیدی بەکار نایە. ئەمڕۆ دەبێ ترومبێل، ئەویش نە هەر ترومبێلێك بەڵکو ترومبێلی سواری نەرم‌و راحەت بەچیاییەکان بدرێ. بەڵام من مۆڵەتی بەڵگە هێنانەوەم نەبوو. چونکە مامم، بۆ هەیوان دەرپەڕی، چونکە پۆستەچی‌یەکە کە میهرەبانترین ژنی زۆڕەوی نێو تەواوی ئەو زۆڕەوانەیە کە دەیانناسم، بەهەناسە بڕکێوە بەرەوپیری مامم وەسەر پلیکان دەکەوت.

پۆستەچی ئەگەر مامی بینی، لەتەنیشت پاچینەکە راکشاو بەگوڕ وتی:

–ئاه، چۆنم راکرد، چۆنم راکرد! بالم گرت، بەڵام، (دایان – دۆڵدوروم) نەمتوانی زمانی ژنە دوو زمانەکان بگرم. چەندم حەز دەکرد، خۆم ئەو مژدەیەت بۆ بهێنم: ئاخر ئێمە هەموو رۆژێ نامەی وامان بۆ نایێ، بێجگە لەمەش، تۆ زوو زوو دەتپرسی: ((لەئیتالیاوە هیچ شتێکم بۆ نەهاتووە؟)). پاکەتێکی درێژۆکە مۆرێکی (جیهانی) پێوەیە.

من هەتا قیژاندیشم! دەربارەی دۆستایەتی گەلان زۆر قسان دەکەن، بەڵام بەڕای من بنچینەی دۆستایەتییەکی وا– دۆستایەتی نێوان خەڵکی.. مەگەر ((دایان – دۆڵدوروم)) هەقم نی‌یە؟

–ئاه چ زمانێکت هەیە.. پاکەتەکە لەکوێیە؟ نامەکە کوانێ؟

–ئەوەتانێ ... بەڵام با هەناسەیەکی تازە هەڵبکێشم، ئاخر وا هەڵاتم، وام پەلەکرد، هەرچی باڵندەو تەیرو تواریێ هەبوون، هەڵفڕین.

–باشە، کوانێ پاکەتەکە؟

–لێرەیە!

–پۆستەچی زۆر بەئارامی دەستی لەجانتاکەی خۆی دا.

–دە، بیهێنە!

–ئەدی ئەمن چ دەکەم؟ پیاوێکی سەیرو بێ حەوسەڵەی!

www.pertwk.com

بەهەرحاڵ، جانتاکەی کردەوەو مامم پاکەتە باریك‌و درێژۆکەکەی لەدەستی پەیکی خۆش خەبەر فڕاند، هەڵیپچڕی‌و نامەکەی دەرهێنا.

لەناو پاکەتەکەدا، پارچە کاغەزێکی سپی جوانی تێدا بوو، کە چەند دێڕێکی نە بە زمانی ئێمەو نە بەزمانی ڕووسی، بەڵکو بەئیتالی لەسەر نووسرابوو.

لەوکاتەدا، مامم منی بەدوای "تۆپچی پاشا"دا نارد، هەمان کووباچی کەلەشەڕدا دیلکرابوو، پاشان لەڕیزی پارتیزانەکانی بەرەنگاری ئیتالیادا، دژی فاشستەکان جەنگابوو.



(تۆپچی پاشا) پیاوێکی ئازابوو نە تەنیا لەئیتالیا بەڵکو لە فەرەنساش نیشانەو مەدالیای ئازایەتی وەرگرتبوو. لەوانەیە ئێستەش زمانی ئیتالی وەبیر مابێ، هەرچەندە بیست ساڵیشی بەسەردا تێپەڕیووە.

(تۆپچی پاشا) وەگەڵم کەوت. کە هاتین، مامم لەهەیوان نامەکەی دەسووڕاندو پۆستەچیش کەلەبیری چووبوو، دەبێ دووسەد سێ سەد نامەی دی‌و بڵاوکراوە بەسەر گوند دابەشێ، هەر لەشوێنی خۆی دانیشتبوو. وێ دەچوو مامم هەوڵ بدا لەنامەکەدا، بەزمانێکی نادیار، هەواڵێك لەمەڕ ناردنی دیاری یادگاری بخوێنێتەوە.

(تۆپچی پاشا) نامەکەی بەدەستەوە گرت‌و لەمەڕ ئەو لاوە ئیتالییانەی لەگەڵیدا دۆستایەتیان کردووە، دەستی بەقسان کرد: برسی بووین، سەرمامان بوو، ماندوو بووین، جەنگاین.. هەروەها لەمەڕ ئەوان کەچەند ئازاو شادو بەگوڕ بوون، دوا. پاشان ماوەیەکی زۆر لەژێر لووتەوە شتێکی گوت‌و لەدێڕ بەدێڕی نامەکەی ڕوانی، پاشان ڕاست بۆوەو پەیامەکەی وەرگێڕا:

"پیرو سوریانو" لە ئیتالیاوە رادەگەیەنێ، قۆچی بزنە کێوی سیم کوت، کەدیاری بەنرخی مامۆستا ((دایان–دۆڵدوروم)) بوو بۆ ئەو گەیشتووەو نامەکەی بەو گفتە کۆتایی پێ هێناوە کە ((مایسترۆ–ی خۆشەویست، من لەتەواوی تەمەنم دا بەم قۆچە، بەسەلامەتی تۆ دەخۆمەوە!) .



# 7

هەر ئەوێ ڕۆژێ، داوام لەکوڕە مێر منداڵەکەی هاوسێمان کرد: دە دانە دەفتەرو قەڵەم‌و مەرەکەبم بداتێ. نەچوومە سەر کارو کاتێ هاوڕێکانم هاتنە سۆراغم، وام نیشان دا نەخۆشم. دەرگای خانووە کۆنەکەمانم لەسەرخۆ داخست‌و لەپشت دەزگا دانیشتم، کاغەزم لەبەردەمی خۆم دانا، قەڵەمم لەمەرەکەب پڕ کردو دەستم بەنووسین کرد: "مامم–ناوی هەمیشە لەگەڵ چاکەدابێ! – حەز دەکا بڵێ:" **((هەڵبەتە ئێوە هەمووتان پیاوی ئاقڵن، بەڵام وەبیرتان بێ، تەنیا یەك ڕاستی هەیە، ئەویش ئەوەیە کەهیچ شتێك بێ سەرەتا نییەو دەستپێکی هەموو شتێکیش ڕێگایە)).**

بەڵێ، مامم سواری ترومبێل بوو، وەدوای ئیشەکەی خۆی کەوت‌و منیش بۆ نان خواردن، بەتالوکە چوومە خانووە نوێکەی دایکم. دەبێ بڵێم، تەنیا کاتێك ئەو مۆڵەتەم بەخۆم دەدا کەهەستم دەکرد دەستەکانم خەریکن جودا دەبنەوەو تەواوی ئەو پیتانەی لەڕۆژدا نوسیبوومن، بەیەکجاری لەپێش چاوەکانم دا، دەکەوتنە سەما.

سەردەمێك (عومەر)ی سەرۆکی ئەنجومەنی ناوچە، شەوان نەدەخەوت، تا بەرنامەی هەموو زەماوەندەکان لەپایزدا جێ بکاتەوە. لەدواییدا، ئەو ڕۆژە گەیشت کەزۆری چاوەڕێ بووین، تا سەرمینازی جوان لەنێوانماندا شایستەترین

www.pertwk.com

کەس هەڵبژێریٚ. لەبەرپیٚی رۆژێکی وادا، شەو درەنگانێك، من کاری ملوانکەیەکم بۆ خۆشەویستەکەم تەواو کردو ئێستا تەنیا ئەوەندەی مابوو کەجووت‌و بەندی، یان ئەگەر حەز دەکەی دوا ئەڵقەی، دروست بکەم.

مامم گەڕایەوە، لەئەسپەکەشی خۆش بوو. ئێستا لەخەیاڵی کڕینی ترومبێلێك دا بوو. ئەوو دایکم جووتە چاکەت‌و پانتۆڵێکی رەش‌و جووتە پیلاوێکی نووك تیژیان پێشکەش کردم. من کەبە جلك‌و بەرگی نوێوە، لەگەڵ (دایان–دۆڵدوروم)و دایکم دەچووینە ماڵی جیهاندار، تەواوی گیرفانەکانم پڕبوون، لە دەفتەرە نووسراوەکانم. دڵم وەکو دڵی چۆلەکە کەوتبووە دڵەکوتیٚ: ئەگەر مەیلم وەدی نەییٚ، ئەگەر گوندییە بەڕێزەکان، رایەکی باشیان لەمەڕ پێشێلکردنی ڕیٚو رەسمی باب‌و باپیران نەبیٚ، چ دەکریٚ؟ نازانم، لەوانەیە مامیشم هەستی کردبیٚ کە من دەتوانم لەهەرکاتێك دا هەموو شتێك بەجیٚ بهێڵم‌و بۆ دوورترین شوێن هەڵێم، بەڵام لەگەڵ هەندێش شانی لەشانی دەدام‌و لەتەواوی رێگادا هانی دەدام.



لەدیوەخان کەبەڕووناکی کارەبا رۆشن بوو، باشترین وەستاکانی گوندە کوێستانی‌یەکەمان –شارەکانی هونەر کۆببوونەوە. جیهاندار ئێمەی وەکو مێوانانی خۆشەویست بەخێر هێنا. ئەو ، ژوورەکەی تەنیشتی نیشانی دایکم دا کە ژنەکان لەویٚ گفتوگۆیان دەکردو سەرمینازی جوان لەنێو دەستە خوشکە جوان‌و قشتەکانیدا لەسەر کورسیەك دانیشتبوو. ئەگەر ئێمە چووینە ژووریٚ، من لەدرزی دەرگا نیوە کراوەکەوە تەماشایەکم کردو زۆریشی نەمابوو کۆرە بم. پەیمانم بەخۆم دا ئیدی تەماشا نەکەم، بەڵام لەشە نەرم‌و نیانەکەی لەنێو کراسە سەوزە کاڵەکەیدا کە مرواری چن کرابوو، وەك موگناتیس نیگای منی بۆخۆی رادەکێشا.

من‌و مامیان لەپەنا دیوارێك کە سەرتاقچەکەی نایابترین نموونەی هونەری وڵاتی کوێستان– سیرامیك–دار، میتاڵ، هێسك، چەکی کۆن، – دانرابوون، هەر مۆزەخانەیەکیش خۆزگەی پیٚ دەخوازیٚ، جیٚکردەوە. وادەهاتە بەرچاو، ماخۆی ماڵ بپرسیٚ: ((**باشە، ئێستە ئێوە بەچیمان سەر سووڕ دەهێنن؟!**)).

بەبینینی ئەم پێشانگایە دڵم کەوتە تەپە تەپ.

قسەی گوندییە بەڕێزەکان لەبەفرباریینی تەوەری باکوورەوە گەیشتە گەرمای ئەفریقیاو لەژوورێکدا کە سیٚ کەسی (غەنیمی یەکتر) لەگەڵ کەس‌و کاریان دانیشتوون، رکابەری پەرەی دەگرت.



ژنەکان سفرەیان راخست‌و شەراب‌و مەزەیان هێنا. تەنیا دوای خواردن (من، بۆ نمونە، بەناچاری دەمخواردەوە، دەستەکانم دەلەرزین، دەمم هیشك ببوو، بێجگە لەوەش حەزم نەدەکرد کەس پێم بزانیٚ.

(جیهاندار) رووی دەمی تیٚ کردین‌و گوتی:

–شێر کوڕینە، شتەکانتان نیشان نادەن؟ لێگەڕیٚ، ئەوەی بەجورئەتترە پێش هەموان دیاری‌یەکەی نیشان بدا.

بێدەنگی باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشا. لەدوای ئەو (قلیان)ی بابی (عەزین) زمانی کراوە:

–کوڕم بیهێنە!بیٚ ئەگەرە! ئەگەر شەرم بکەین!

باب‌و کوڕ هەگبەکەیان کردەوە لەگەڵ ئەڵڵا ئەڵڵای دانیشتوان مافورێکی رۆشن هاتە سەر دنیا کەهەتا منیش نەمتوانی لەپیا هەڵدانیدا، دابمێنم: ئەمە هەمان (کارچار)ی بەناوبانگی (چاراخی)ی (زوڵفی) هونەرمەند بوو، کەکڵاوی لەسەر نام. واتە (عەزیز ) لەوێدا سەرکەوتووە، بەڵام من سەرنەکەوتم. لەبەر ئافەرینی وەستا بەڕێزەکان غەنیمەکەم دەیتوانی (سەرمیناز) بەهی خۆی بزانیٚ.

جیهاندار پرسی:

–ئەم شتە نایابەت لەکویٚ دەست کەوتووە؟

(عەزین) گرژی‌یەوەو بەشانازی وەرامی داوە:

www.pertwk.com

–(زوڵفی) هونەرمەندی خەڵکی (چاراخ).

(لیونید)، خۆی تێهەڵقورتاند:

–شتێکی بەنرخە، بەچەندت کڕیوە؟

–بەدڵم!

–دەتگوت ئاسمان ڕووخا، هەموویان مات و سەرسووڕماو ئاوڕیان لەعەزیز داوەو ئەویش زەردەیەکی بۆ من کردو درێژەی بەقسەکانیدا:



–بەڵێ، ئەی گوندییە خۆشەویستەکان، من دڵی خۆم لەگرۆی (زوڵفی) جوانکیلەی (چاراخی) دانا. من بەویستی خۆم نەبوو لەململانێی پێناوی (سەرمیناز) کە نەمدەناسی، بەشداریم کرد. بابم ناچاری کردم: ئایا من دەمتوانی بەگوێی نەکەم؟ بەڵام ئێستا کە ئەم مافوورەم وەدەست کەوتووە، لەپێشبڕکێ وە دەرکەوم. سوپاس بۆ تۆ جیهاندار، بۆ تۆ سەرمیناز!، بۆ تۆ بابە گیان– ئەگەر ئێوە نەبان من خۆشبەختی خۆم پەیدا نەدەکرد، با ئەم مافوورەش دیاری من بێ بۆ (سەرمیناز)و شایستەترین لاوێ کەهەڵی دەبژێرێ.

(عەزیز) وێڕای ئەم قسانە مافوورەکەی داناو ڕۆیشت. (قلیان)یش کەهێشتا وەخۆ نەهاتبۆوە، بەدوای ئەودا ڕۆیشت. هەموو کپ بوون و کەس نەیدەزانی چۆن ڕەفتاری هونەرمەندە لاوەکە هەڵسەنگێنێ!.

لەو دەمیدا (موختار) هاتە ناوەندی ژوورەکەو، زەردەخەنەیەکی گاڵتەجاڕانەی لەسەر لێوان بوو، ترسناکترین دوژمن ڕێگای بۆ ئاوەڵا کردبوو! هەڵبەت دەیزانی کە من ناتوانم بێ بەڵگە، بەدز تاوانباری بکەم!.

موختاری دڵ پڕ لەشادی، ئەو هەگبەیەی لەمنی دزیبوو، لەبوخچەکە دەرهێناو هەگبە دەست بەدەست دەگەڕا.

–تەماشاکە! خەتەکان چۆن بەناو یەکدا ڕەت کراون.

–زۆر کۆنە!.

–لەوانەیە هی سێ سەت ساڵ پێشتربێ.

هێواش هێواش لەهەگبەکەیان ڕووانی و ئێستا چاوی هەموان لەمن بوو. منیش وەك بلێی زمانم هیشك بووبێ، هەتا خەیاڵیشم نەدەکرد کەچۆن دەفتەرە پڕ لەنوسینەکانم بەو خەڵکە بەڕێزە نیشان بدەم.

مامم هانی دام:



–تۆش خەناوکەکەت نیشان بدە!.

–ملوانکە! ملوانکە! –دەنگەکان لەژووردا پنگانەوە.

–ملوانکەیەکی نائاسایی.

–زۆر باشە! – حەسبۆلات بەنیشانەی تێگەیشتن سەری لەقاند –ملوانکە نایابەکەت نیشان دە!.

من ، یەك دەستە کاغەزی پێچراوەم خستە سەر مێز.

(دایان–دۆڵدوروم) بەتووڕەیەوە، دەفتەرەکانی هەڵگرت، دەتگوت لەناو کاغەزەکاندا بەدوای ملوانکەدا دەگەڕێ. بەهەڕەشەوە گوتی:

–ئەمە چ جۆرە قەڵەمکاریەکە؟

من بەشەرمەوە دەستم پێکرد:

–پیاوچاکینە! ملوانکەکەم ، هەروەك گوتم نائاسایییەو لەناو ئەم کاغەزانەدایە. کەمێکم مۆڵەت بدەنێ، ئەو دەمی دڵنیا دەبن لەوەی من بەنرخترین شتم بۆ سەرمیناز هێناوە.

چ هەراو هۆریایەك لەژوورەکە بەرپابوو.

وەستا بەڕێزەکان هەوڵیان دەدا چاوێك بەو دەفتەرانەدا بگێڕن کە بەدەست مامەوە ئامادەی دڕان بوون. ئەمنیش تێدەکۆشام بەری زەحمەتەکەم رزگار بکەم. ئەمما (سەرمیناز)ەکەی خۆم بەڕەنگ هەڵبزڕکاویەوە لەسەر تەختێك دانیشتبوو، چاوە ترساوەکانی لێ هەڵنەدەگرتم.

پیرەمێردی بەڕێز، حسبۆلاتی پیر، گوتی:

www.pertwk.com



-با قسان بکا!

-(دایان-دۆڵدوروم) لێ گەڕێ خۆی قسان بکا, ئێمە پەلەمان نییە- ماخۆی ماڵیش پشتی خەڵکەکەی گرت. مامۆکەدەفتەرەکانی وێدامەوە, مستێکیشی لێدام.

ئەمن لەپشت مێزێك دانیشتمو تەواو هێور ببوومەوە. چاکەتەکەم داکەندو جامە شەرابێکم هەڵقوڕاند, نەوەك گەرووم هیشك ببێ. چاوێکیشم بەهەمووواندا گێڕاو دەستم پێکرد: **((خەناوکەیەك بۆ سەرمیناز!))**. لاپەڕە بە لاپەڕەم خوێندەوە. وەختێ بۆ یەکەمین جار جورئەتم کرد سەر لەسەر لاپەڕەکان هەڵگرم , دیتم هەموویان بەوردی گوێیان بۆ شل کردووم. یەکەمین دەنگی پیاهەڵدانو زەردەخەنەی شادی, لەو جێگایەوە بەرز بۆوە کە لەبەرچاوی خۆشمدا جێی پێکەنین بوو. کاتێ بۆ فرە شەرابێك کەمێ وەستام, یەك ڕاست نیگام لەنیگای (سەرمیناز) گیربوو. چاوەکانی بەڕومدا گرژینەوە.

داستانی دوورو درێژی خۆم ئەو دەمە تەواو کرد کە سواری تیژڕەوی زەمان, کەپەنکی رەشی شەوی خۆی بەکراسی سپی رۆژ گۆڕیبۆوەو کەڵەشێرەکان بەرە بەیانیان رادەگەیاند.

من ئەگەر دوا دەفتەرم تەواو کرد, یەکە یەکەی دانیشتوانم بەسەر کردنەوەو وتم:

-گوندی‌یە هێژاکان! ئەمە بوو چیرۆکی من. ئێستاش ئێوە چۆنتان پێ خۆشە وا حوکم بدەن.

مۆڵەتم لەماخۆی ماڵ وەرگرتو وەدەرکەوتم. هێواش هێواش لەگوند دوور کەوتمەوەو لەنزیك کانیەکە لەسەر گیاکان راکشام.

زۆری پێنەچوو, پەیکێکم بەدوادا هاتو مژدەی هێنا کەخۆم بۆ زەماوەند ئامادە بکەم.

تەنیا لەو دەمیدا لێبڕاوانە تێگەیشتم: ئەشق کارێکی جیدی‌یە!.

***



**ئەم رۆمانە لەساڵی 1989 دا کراوە بەکوردی.**

**زنجیرەی بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان لە ساڵی 2004**

| ژ | ناوی کتێب | زمان | نووسەر | بابەت | ساڵی دەرچوون | وەرگێر |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 29 | رۆشنبیرو دەسەلات | عەرەبی | سعدالدين ابراهيم | رۆشنبیری | 2004 | هەڵکەوت عەبدوللا |
| 30 | شانۆ لە چەند وتارێکدا | عەرەبی | عەونی کەڕومی | شانۆیی | 2004 | پەروەر نەجمەدین |
| 31 | ستراتیژیی سەربازیی | فارسی | ریچارد کاگلەر | سیاسی | 2004 | دلێر میرزا |
| 32 | نامەیەك دەربارەی لێکبوردن | فارسی | جۆن لۆك | فەلسەفی | 2004 | شۆڕش جوانڕۆیی- فەرشید شەریفی |
| 33 | مەولاناخلیدو تەریقەتی نەقشبەندی | فارسی | سەید طاهر هاشمی | فیکری | 2004 | دلێر میرزا |
| 34 | سێ شانۆ نامە | عەرەبی | جان کۆکتۆ ئۆین ج. ئارنۆ میشێل دی. ئۆنامۆنۆ | شانۆی | 2004 | هەورامان قانع |
| 35 | را پۆرتی برۆدی | فارسی/ عەرەبی | خۆرخە لویس بۆرخس | چیرۆك | 2004 | یاسین عومەر |
| 36 | بیرەوەرییەکانی هەڵەبجە | کوردی | بەکر حەمە صدیق | مێژووی | 2004 | بەکرحمە صدیق/ کوردی دلێرمیراز/ فارسی م. حسن عبدالکریم ئینگلیزی/ فوئاد تاهیر |
| 37 | رەهەندەکانی ناسیۆنالیزم | فارسی | کۆمەلێ نووسەر | نەتەوەیی | 2004 | ئارام جمال |
| 38 | ریفراندۆم باشترین شێوازی خەباتە | سویدییەوە | تۆم گولبێری | سیاسی | 2004 | ئیدریس ئیبراهیم |
| 39 | شانۆی پانتۆمایم | عەرەبی | بورهان قەرەداخی | شانۆی | 2004 | بورهان قەرەداخی |
| 40 | گوڵەزەر | عەرەبی | جەنگیز ئیمتاتۆف | رۆمان | 2004 | جەوهەر کرماج |
| 41 | پاژنەی ئاسنین | عەرەبی | جاك لەندەن | رۆمان | 2004 | کەمال غەمبار |

[www.pertwk.com](http://www.pertwk.com)

**بەرهەمی داهاتووی خانە بۆ بەردیدی خوێنەرانی ئازیز**

| ژ | ناوی کتێب | ناوی نووسەر | ناوی وەرگێڕ |
|---|---|---|---|
| 1 | مەولانا خالیدو تەریقەتی نەقشبەندی | سید طاهری هاشمی | دلێر میرزا |
| 2 | سەرچاوەکانی زانایو نەزانی | کارل پۆپەر | ناصری سەلاحی |
| 3 | یادەوەریەکانی ئەندامێکی میت | محمدی ئەیموری | ئارام علی عەزیز |
| 4 | کاریگەری هەڵچوونو لەبەرپرسێتی تاواندا | همداد مجید علی | دلێرمیرزا |
| 5 | دەوڵەتو کۆمەڵگەی مەدەنی | گرامش | مامەند رۆژە |
| 6 | ئازارەکانی هونەرمەندێك | یوسف فرانسیس | ئاری بابان |
| 7 | نیوەکەی تری جیهانو چەند جیرۆکێك | چەند نووسەرێك | نوری سەعید قادر |
| 8 | جینۆساید لەباکوری عیراق | رێکخراوی مافی مرۆڤ | محمد حمە سالْح |